

# کۆمەڵێک وتارو دیمانەی نووسەرانی بیانی

## وەرگێڕاوە لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی

## هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور

بەشی دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

## بابەتەکانی ساڵی........ ٢٠٢٠ ...... لاپەڕەی .... ٥

١- بۆچی ئاکادێمیسیەنەکان کۆلۆنیالیزمی ئێران پاشگوێ دەخەن؟.................................... ئەی جەی کاشێتا .....
٢- نووسراوەیەکی خاتوو ڕۆئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە"....................................
٣- ڕژێمی ئێران و حەیاچوونێکی کارەساتبار................................. کالوم لینچ، کیت ژانسۆن، مایکڵ هیرش .....
٤- نەمانی قاسم سولەیمانی و دۆکتورینی مەهدی................................................ برایان شراوگەر .....
٥- کاتی کۆتاییهێنان بە مۆتەکەی دیکتاتۆری دڕندەی ئێران هاتوە...................................... سام فادیس .....
٦- لە وڵاتە یەکگرتووەکان توێژینەوە بۆ تاقیکردنەوەی دەرمانی ڤایروسی کۆرۆنا دەستی پێکرد.......... جاش فانک .....
٧- ڤایرۆسی کۆرۆنا دەتوانێ کۆمەڵگەی ئێران لێک هەڵتەکێنێ.......................................... گرایام وود .....
٨- ڤایرۆسی کۆرۆنا: بۆ دەبێ هەر ئێستا کردەوەت هەبێ............................................ توماس پوویێئۆ .....
٩- ئاخۆ ڕژێمی ئێران دەتوانێ خۆی لە ڤایروسی کۆرۆنا دەرباز بکا؟................................... ئیلان بەرمان .....
١٠- دونیا دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا................................................................ یوڤاڵ نووح هەراری .....
١١- کاتێک کە ڤایرۆسی کۆرۆنا جەستەی مرۆڤ گیرۆدە دەکا، چ دەقەومێ؟............................ سەرچاوە: یاهو .....
١٢- یوسی کۆهەنی سەرۆکی موساد دەچێتە شەڕی ئێران و ڤایرۆسی کۆرۆنا............................ هاڵی مەک کەی .....
١٣- کۆرۆنا، تێرۆریزم و شەڕی ناڕاستەوخۆی ئێرانی نەوەستاندوە.................................... هاڵی مەک کەی .....
١٤- پاراستنی گوشارەکان و پەرەپێدانی لەدژی ئێران.............................................. ئادام کرێدۆ .....
١٥- دوای هەڵە گەورە سەربازییەکانی ئەم دواییانە، تاران دەیهەوێ خۆی بوێر نیشان بدا............. بێن وۆلفگانگ .....
١٦- ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیخوازێ و ئەوەی ڕۆژئاوا خۆ لە دیتنی دەپارێزێ........................... نەویل تێلێر .....
١٧- بۆچی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە شەڕی لێیە؟................ سێت جەی فراتنتزمەن .....
١٨- بەهەڵستداریی پتەو لە لای تاکی چاکبووەوە کە نەخۆشی کۆڤید - ١٩ یان بە سووکی گرتووە یا نیشانەکانی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

نەخۆشییەیان لێ دەرنەکەوتووە..........................................................................
١٩- هەنگاوی داهاتووی سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران.............................................. فرێد فلایتز .....
٢٠- وەرسووڕانی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران............................ دالیا داسا کای و شیرا ئەفرۆن .....
٢١- ڕێگایەک کە سەرهەڵدانی کورد دەتوانێ ببێتە هۆی تێکرمانی تورکیە.................................. مایکل روبین .....
٢٢- بۆچی دەوڵەتی ئەمریکا ددان بە هێرشەکانی بینغازی کە دەستی ئێرانی لە پشتە دانانێ؟.... کینێت ر. تیمێرمەن .....
٢٣- تێکهەڵچوونەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەتوانێ کاریگەریی لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبێ................
........................................................................................ سێت جەی فرانتزمەن .....
٢٥- ساڵی ٢٠٢٠، ساڵێکی زۆر خراپ بووە بۆ ئێران و کۆرەی باکوور.............................. یوناح جێرێمی باب .....

## بابەتی ساڵی ...... ٢٠٢١ ...... لاپەڕەی ..... ١٣١

١- ڕوانگەی تاران: ڕێبازی میلیشیایی ئێران.............................................. سەعید گۆلکار، کەسرا ئەعرابی .....
٢- وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا.............................................................. یوڤال نوح هەراری .....
٣- ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران.......................... ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکان
٤- هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس دژی ئیسرائیل، دەستی ئێرانی لە پشتە............ سێت جەی فرانتزمەن .....
٥- مێژووی دوور و درێژی تێرۆر و شەڕفرۆشیی ئێران.......................................... کێڵی لاکۆ، هیوستۆن کین .....
٦- خامنەیی گرینگترین دەنگدەری ئێرانە و توندڕەویی زۆرتر دەخوازێ نە کەمتر.............................................
.................................................................................... سەعید قاسمی نژاد و بەهمەن بین تالێبلو .....
٧- ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی.......................................... جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس .....
٨- ئێران ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا.................................................. کەریم سەججادپور .....
٩- ئەمریکا چۆن لەگەڵ سەرکۆماری نوێی ئێران هەڵسوکەوت بکا؟.......................................... ڤیکتۆریا کۆتس .....
١٠- براوەکانی ئەفغانستان: قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران.................... سێت جەی فرانتزمەن .....
١١- کابینەی دەوڵەتی نوێی ئێران: تیمێک لە تێرۆریستە داواکراوەکان.............................................................
١٢- ئەفغانستان سەرهێشەیەکی گەورەترە لەوەی ئێران ئاشکرای دەکا........................................ کیڤین لیم .....

بەشی: دووهەم

١٣- بێتوو بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دژی ئێران نەوەستێتەوە، کۆنگرە دەبێ دژی بایدن بوەستێتەوە............................
گابریەل نۆرۆنها، ئاندرێیا سترحکەر، مەتیو زوایگ ..... ...............................................................................................
١٤- گەلۆ هاوپەیمانییەک لە نێوان ئێران و چین هەیە؟............................................ جاناتان سپایەر .....
١٥- بێنێت وەڵامەکانی لە بارەی ئێران لە لایە، بەڵام کەس گوێ ڕادەگرێ؟............................. لەهاڤ هارکۆڤ .....
١٦- بۆچی عێراق دەبێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟.......................................................... بابی گۆش .....
١٧- وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە.......................................................................................
١٨- سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پێویستی بە لاسایی‌کردنەوەی ڕەیگان هەیە..........................
ئامۆتز ئاسایەل ..... ......................................................................................................



## بابەتی ساڵی............. ٢٠٢٠

### بۆچی ئاکادێمیسیەنەکان کۆلۆنیالیزمی ئێران پاشگوێ دەخەن؟

**نەیشناڵ ڕیڤیوو - ئەی جەی کاشێتا**

ئاکادێمیسیەنی ئەو سەردەمە سەرسامی کۆلۆنیالیزە کردن، ئیمپراتوری و هێژمۆنیی کولتووری لەگەڵ سەردەمی دوای کولۆنیالیزم، تویژینەوەی ئەتنیکی و تێکەڵاویی کەرتەکانن. بوورسیەی خوێندن لە زۆر بواردا کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی دژە هێژمۆنیخواز، پشتیوانی دانیشتووە ڕەسەنەکان و دژە ئیمپریالیستانە کە هێرش دەکەنە سەر هەر کەسێک کە لەگەڵیان هاوڕا نییە. کاتێک گۆڤارێک بە ناوی سێ مانگەی جیهانی سێهەم لە ٢٠١٧ وتارێکی لەبارەی سوودەکانی کۆلۆنیالیزم بڵاو کردەوە، دژکردەوەی پرۆفیسۆرانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بووە هۆی لابردنی وتارەکە و ١٥ ئەندامی دەستەی نووسەران دوای هەڕەشە لێکردنیان ناچار بە دەست لە کار کێشانەوە کران.

**کەوابوو ئەگەر زانایانی ئەو بوارە هێندە لەسەر خراپییەکانی کۆلۆنیالیزم پێداگرن، بۆچی ئێران پاشگوێ دەخەن؟**

کاتێک وڵاتانی بەهێز کەلکی خراپ (کە نادادپەروەرانەیە) لە وڵاتانی بێهێزتر وەردەگرن، بایەخ و کولتووری خۆیان دەسەپێنن و دەست لە ئابوورییە ڕەسەنەکان وەردەدەن، ئاکادێمیسیەنەکان دەنگبەرزترین و داهێنەرترین ڕەخنەگرەکانن. تەنانەت بێزەڕترین نگوزی وڵاتێکی بەهێز لە وڵاتێکی لاوازتردا بەرەوڕووی نارەزایەتیی توند دەبێتەوە، بۆیە ماوەیەکی دوور و درێژە کە شتێک بە ناوی «کۆلۆنیالیزمی کۆکاکۆلا» بۆتە وێردی زمان. لەشکری تویژەر - چالاک سەرقاڵی بەڵگە هێنانەوە لە مێژوو بۆ شیکردنەوەی سەردەمی ئێستان، سەردەمی ڕەشی (کۆلۆنیالیزمی) ئورووپایی لەگەڵ هیی ئەمریکایی و ئیسرائیلی بەراورد دەکەن و هەموو کون و قوژبنێک بۆ دیتنەوەی ئاسەواری سەرکوتکەریی ڕۆژئاوایی، ئەمریکایی و ترامپی دەگەڕێن و ئیمپراتۆرییەکی نوێی ئەمریکایی ڕادەگەیەنن. کێشە نییە، بەڵام بۆ ئەوان هەوڵەکانی ئێران بۆ ئەنجامدانی هەمان کار پاشگوێ دەخەن کە لایەنی دیکە بە ئەنجامی ئەو شتانە بەرامبەر بە ئێران تاوانبار دەکەن؟

بەشی: دووهەم

ڕۆژنامەوان و توێژەری وەک جاناتان سپایەر و سێت فراتنتزمەن، چەند ساڵە دەستدرێژییە کۆلۆنیالییەکانی ئێران تۆمار دەکەن.

بەڵام زۆر لە ئاکادێمیسیەنەکان لە بەکار هێنانی تواناییەکانیان دژی ئێران دوو دڵن. زۆر لەوان ئامانجی ساکارتریان پێ باشترە، وەک ئیسرائیل و ئەمریکا، لە سەرەتای مانگی ڕابردوو کومیتەی دژە کۆلۆنیالیزمی نەتەوە یەکگرتووەکان هەشت هەڵوێستی دژی ئیسرائیل لە ئەنجومەنی گشتی، پەسەند کرد و نیشانی دا کە پێشترێتی بە کام شت دەدا.

تەنانەت بەبێ پێشێل کردنی سەربەخۆیی وڵاتانی دیکە، ئێران بۆخۆی ئیمپریالیستییە، کە فارسەکان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر عەرەبەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، ئازەرییەکان، تورکمەنەکان، لۆرەکان، گیلەکەکان و مازەندەرانییەکاندا دەسەپێنن. تەنیا چەند کەس وەک، دانیەل پیپس، ئیلان بەرمەن و شۆشانا برییەن، سەرنجیان داوەتە ئەو ڕاستییە.

شۆڕشی ئیسلامیی خومەینی لە سەرەتاوە پرۆژەیەکی ئیمپریالیستی بوو، کە یەکەم کارەکەی دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات (تەنانەت پێش هەرەسهێنانی دەوڵەتی کاتیی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە نۆڤامبری ١٩٧٩) دامەزراندنی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ بڵاو کردنەوەی ئەو بیرۆکانە بوو. ماوەیەکی کورت دوای ئەو ڕووداوە لە لوبنان کارێکیان کرد، وەک ماتیو لەڤیت دەڵێ: «١٥٠٠ پاسداری ڕاوێژکار بەرێ کران تا لە دۆڵی بیقاع وەک بەشێک لە ئامانجی هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دنیای عەرەب مۆڵگەیەک بکەنەوە.» ئەو ڕاوێژکارانە دەوری سەرەکییان لە درووستکردنی حیزبوڵڵادا هەبوو کە لە خزمەت ئێراندا بووە بۆ بڵاوکردنەوەی دەسترۆیشتوویی ئێران لە دنیادا.

لە ١٩٩٨، قاسم سولەیمانی وەک فەرماندەی نوێی سپای قودس دیاری کرا. سولەیمانی هەوڵە کۆلۆنیالییەکانی ئێرانی، بە کەلکوەرگرتن لە ڕووخاندنی سەدام حوسێن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە ٢٠٠٣، بۆ دەستبەسەر داگرتنی عێراق بە شێوەیەک کە هەرگیز بە تەنیا نەیدەتوانی ئەو کارە بکا، پەرە پێداون. ڕاپەڕینی بەناو بەهاری عەرەبی، دەرفەتی بۆ سولەیمانی ڕەخساند کە لە سووریە بە کەلکوەرگرتن لە حیزبوڵڵا جێ پێی خۆی کردەوە و لە یەمەن لە حوسییە شیعەکان بۆ سەرکەوتن لە گەیشتن بە ئامانجی «هیلالی شیعە» کە لە کەنداو تا دەریای نێوەڕاست دەگرێتەوە، کەلکی وەرگرتووە.

هەموو ساڵێک کتێب لە بارەی ئیمپریالیزمی بریتانیا و ئەمریکا لە ئێران و خۆرهەڵاتی ناڤین چاپ دەکرێن. بابەتەکە بۆتە شتێک کە زۆر کەس بە خستنە ڕووی دێوەزمەی هەڵسوکەوتی بریتانیا و ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناڤین لە بارەگای



سەرچاوە Serchawe

ئێدوارد سەعید چۆک دادەدەن. لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی هیچکام لە ئاکادێمیسیەنەکان شتێک لە بارەی ئاشکراترین و خوێناویترین پرۆژەکانی کۆلۆنیالیزم، تەنانەت کاتێک کە لەبەر چاوی ئەوان دەقەومێ، نانووسن.

بێگومان ریزپەڕ لەو بارەدا هەن. ئیمپریالیزمی ئیسلامی نووسراوەی ئەفرەیم کارش (٢٠٠٦) وەبیر هەموو کەسی هێناوە کە خۆرهەڵاتی ناڤین «شوێنێکە کە دامەزراوەی ئیمپریالیستی نە تەنیا لەوێ دەستی پێکرد... بەڵکوو ئەو شوێنەیە کە هاوشێوەی ئوروپاییەکەی لەوێ درێژەی بە ژیان داوە.»

ڕیزپەڕێکی دیکە تەلحە عبدولڕەززاقە، توێژەرێکی ئەنستیتۆی ستراتیژی و ئاسایشی زانکۆی ئێکزێتەر، بەڵام سەرنجی ناوبراو لەبارەی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی وێدەچێ تەنیا تا عێراق بڕ بکا و، هەڵوێستە دژە ئەمریکایی و دژە ئیسرائیلییەکانی ئەو لە ئەلجەزیرە و میدڵ ئیست ئای دەرخەری نەبوونی مەیلی ناوبراو بۆ باسکردن لەبارەی کۆی ئیمپریالیزمی ئێرانن. ئەو هەڵوێستانە بێگومان بۆ دانی خەڵاتی توێژەری لاو لە لایەن ئەلجەزیرە لە ساڵی ٢٠١٥ بڕیاردەر بوون.

توێژەرانی تینک - تانکەکان لە باس لەبارەی دەستێوەردانی ئێران لە وڵاتانی دیکەدا سڵیان نەکردوە. مایکل ڕوبین لە ئەنستیتۆی ئەمەریکەن ئینترپرایز دەنووسێ «جگە لە ڕووسیە، ئەمڕۆ ئێران ئیمپریالیستیترین وڵاتی جیهانە... جیاوازییەکی زۆر کەم لە نێوان هەڵسوکەوتی ئەو بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی وڵاتانی هەژارتر و جەللادەکانی خۆی لە سەدەی نۆزدەدا هەیە.»

توێژەرانی ئیسرائیلیش بە هەمان شێوە زۆرتر حەزیان لە سەرنجدان بە ئێرانی ئێستا هەیە تا ئەوی ڕابردوو. هیلەل فریش، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان و خۆرهەڵاتی ناڤین لە زانکۆی بار - ئیلان و توێژەری پلەبەرزی توێژینەوەکانی ستراتیژیک لە ناوەندی بەگین - سادات، دەڵێ ئێران «تەنیا وڵاتێکە کە جەخت لەسەر دەستێوەردانی سیاسی، ئابوری و تێرۆریستیی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دژی ئەو دەوڵەتانە دەکا کە هێرشیان نەکردۆتە سەری.»

بەڵام کوا هاواری دژکردەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە بورجی عاجن؟ ئاخۆ سەرجەم دژە ئیمپریالیستەکان سەرقاڵی مەحکووم کردنی ڕۆژئاوان، پێشتریتی بە قوربانی بوون لە بەرامبەر تێکۆشان دەدەن و ڕێگای تازە بۆ بەکار هێنانی «ئەوانی دیکە» وەک کردارن (فعل) (ڕەنگبێ لە ئەنستیتۆی نامۆیی & هاوبەشیی زانکۆی بێرکلی)؟ کوا کۆنفرانس، سەمپۆزیۆم و ژمارەی تایبەتی گۆڤارەکان لەبارەی ئیمپریالیزمی ئێرانی؟ ئەنجومەنی سیاسەتی دەرەوە لە مانگی فێورییە

میوانداری کۆبوونەوەیەک لە بارەی سیاسەتی ئیمپریالیستیی دەرەوەی ئێران بوو، بەڵام ئەگەر هەر ڕووداوێکی لەو چەشنە لە زانکۆیەکی ئەمریکا لە ٢٠١٩ هاتبێتە ئاراوە، بانگەشەی بۆ نەکراوە و بە باشی شاردوویانەتەوە.

سەدەی ٢١ بە لێشاوی سەرکێشی وتار و کتێب کە «ئیمپریالیزمی» نوێی ئەمریکایان لە خۆرهەڵاتی ناوڤین لە دوای یازدەی سێپتامبر (هێرشەکانی ئەلقاعیدە لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠١) مەحکووم دەکرد دەستی پێکرد. بەڵام کتێب لەبارەی مەحکووم کردنی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمی ئێرانی بە دڵۆپەش نەهاتوونە دەر.

## کە وا بوو، بە ڕاستی پسپۆڕانی خۆرهەڵاتی ناڤین خەریکی چین؟

لە دەرەوەی پیشەکە، ئەو شوێنەی کە چالاکان خۆیان مەڵاس داوە، دژە هێرشێک دەستی پێکردوە. لە ٧ی دێسامبر لایەنگرێکی ئێران بە ناوی حەمید دەباشی لە زانکۆی کۆلومبیا شتێکی بە ناوی «نامە دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکا» نووسی و بڵاوی کردەوە و لەوێدا دژی «پرۆژەی ئیمپریالیستیی وڵاتە یەکگرتووەکان» بە یارمەتی ڕێکخراوی دراوی نێونەتەوەیی (IMF) کە «بە تەمای گەڕاندنەوەی دەوڵەتداریی کۆلۆنیالیی نوێ بە شێوەی ڕێژیمی سەربە وڵاتە یەکگرتووەکانە» هەڵوێستی گرتووە. دەباشی بە شێوەیەک ٣٨ ئاکادێمیسیەنی ڕازی کردن (١٢ لە وان لە خوێندنگەی باڵای کالیفۆرنیان) تا لەگەڵ تێکەڵاوێکی ناجۆر لە هونەرمەندان، چالاکان، یاساناسان و بڵاوکەرەوەی پادکەست نامەیەکی سەیروسەمەرە واژۆ بکەن کە بە تەواوی لە سەرهەڵدانەکانی مانگی نۆڤامبر لە ئێران ناحاڵییە.

تەنانەت سۆسیالیستەکانی گۆڤاری نیوو پاڵێتیکس، هەڵەی نامەی دەباشییان «لە باس نەکردن لە نفووزی سەرکوتکەرانە و توندوتیژانەی ئێران لە سووریە، لوبنان و عێراق» دیتووە و ئیدیعای «بیرۆکەی ئیمپریالیزم، کە شێوە ئیمپریالیزمی ئێران ناگرێتەوە و مەحکوومی ناکا» بەبێ بنەما دەزانێ.

پسپۆڕە ئاساییەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین پێیان باشترە وا بنوێنن کە ئیمپریالیزمی ئێرانی هەر نییە، جا «شێوە» بێ یا ئیی دیکە. کاتێک کە سەدان و ڕەنگبێ هەزاران لەوان لە گردبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی توێژینەوەکانی خۆرهەڵاتی ناڤین لە نیووئۆرلینز لە مانگی ڕابردوودا بەشدار بوون، وێدەچوو کە باسەکە لەبیر کرابێ. لە ماوەی چوار ڕۆژ، ٢٠ کۆبوونەوەی ئاکادێمیکی بەڕێوە چوون، کە هەر کامیان باسی ١٨ تا ٢٤ بابەتیان تێدا کردبوو، کە کۆی هەمووان ٣٠٤ دانیشتنی لەخۆ گرت: پانێل، دانیشتن، ئاخاوتنی بابەتییانە، وتار و کۆبوونەوە لە بارەی پرسی هەنووکەیی. لە هەرکام لەو پێشهاتانەدا لانیکەم نیو دەرزەنێک پسپۆڕ تیایدا بەشدار، بەڕێوەبەر یا چاودێر بوون و، تەنانەت تاکە یەک دانەش

**بەشی: دووهەم**

بۆ باس لەسەر نفووزی کۆلۆنیالیستیی ئێران لە لوبنان، عێراق، سووریە و یەمەن تەرخان نەکرابوو. هیچ شتێک لەبارەی سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریی ئێران نەگوترا. بەڵام ئیمپراتۆریی قاجار لە چەند کۆبوونەوەدا باس کرا. هەروەها چەند کۆبوونەوە لە بارەی شوێنێک بە ناوی «فەلەستین - ئیسرائیل» یا «ئیسرائیل - فەلەستین» بەستراوە بە حەزی چاودێری کۆبوونەوەکە پێکهاتن.

پرۆژەی ئیمپریالیستیی ئێران یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی سەردەمە و، هێڵە سەرەکییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندی و باوەڕی قووڵی کۆڕی پرۆفیسۆرەکان (بواری توێژینەوەی خۆرهەڵاتی ناڤین) یەک دەگرێتەوە. بەڵام زۆربەی ئاکادێمیسیەنەکان بە شێوەیەکی جێگای سەرنج لە بارەی کۆلۆنیالیزمی ئێران ناکونجکۆڵن. ئەوەیە بەفیڕۆ دانی هەل.

(لە ژمارەی ٧٦٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٠

---

## خاتوو ڕۆنیا حەکاکیان،

### نووسەری کتێبی "پیاوکوژانی کۆشکی فیرووزە" لە لاپەڕەی فەیسبوکی خۆیدا ئاوای نووسیوە:

**زۆر کەس لەبارەی ئێران و مانای گشت ئەو شتانە (ڕووداوەکانی پەیوەندیدار) پرسیاریان لێکردووم. من ناتوانم ئیددیعا بکەم کە هەموو شتێک لەو پێوەندییەدا دەزانم، بەڵام ئەو چەند خاڵانە بێگومان دەستپێکێکی باشن:**

١- هەرکەس پێی گوتی کە کوشتنی سولایمانی دەبێتە هۆی یەکگرتوویی خەلک دژی ئەمریکا یا گەمژەیە یا ساختەچی یا هەردووکیان. ئەوان خەڵکی وەک ڕانە مەڕ وێنا دەکەن کە دەکرێ بۆ هەر لایەکیان بەری بێ ئەوەی کە بیر بکەنەوە، یا بێ ئەوەی کە بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان بکەنەوە، یا بیر لە ڕووداوەکانی چل ساڵی ڕابردوو یا داهاتووی لێڵی خۆیان بکەنەوە. جگە لەوە، ئەوان لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، هەر کات ئەمریکا هەر هەنگاوێکی بۆ گوشار خستنە سەر ئێران گرتبێتە بەر هەمان شتیان گوتووە و خەڵک ئەو کارەی کرد کە بە لەبەرچاو گرتنی هەلومەرج دەیتوانی بیکا.

٢- هەر کەس پێی گوتی کە ڕیفۆرمیستی وا هەن کە دەتوانن چاکسازیی بکەن یا گەمژەیە یا ساختەچی یا هەردووکیان. خەڵک هەر ئێستا داوای دەستلەکار کێشانەوەی ڕێبەری گەورە دەکەن. سەردەمی "چاکسازیی" ٢٣ ساڵ بەر لە ئێستا دەستی پێکرد و ئێرانییەکان لە دەوری سندووقەکانی دەنگدان کۆبوونە، ناڕەزایەتییان دەربڕی، گفتوگۆیان کرد، زیندانییان دان، و زۆر شتی دیکە. بەڵام هیچ شتێک نەقەوما. ٢٣ ساڵ دەورانێکی بێ کۆتاییە لە ژیانی نەتەوەیەکدا کە تازە لە شەڕی دەساڵە ڕزگاریی ببوو و هەر ئەوکات پێویستی بە چاکبوونەوە هەبوو. بە کورتی ئەو سیستەمە توانایی ئاڵوگۆڕی نییە. ئەگەر هەیبا، دەیتوانی زەمانەتی کەمترین ماف بکا واتە ڕێگا دان بە ژنان کە بە پێی حەزی خۆیان بەرگ بپۆشن. نەیکرد، چونکە ناتوانێ.

٣- بە لەبەر چاو گرتنی خاڵی دووهەم، هەرکەس پێی گوتی کە لە ژێر گوشاری ئەمریکا، توونددئاژۆکان بەهێزتر دەبن و ڕیفۆرمخوازەکان لاواز، گەمژەیە یا ساختەچی و لەوانەیە هەردووکیان بێ. ڕێژیمی ئێران بە بێ لەبەرچاو گرتنی گوشاری دەرەکیی زۆر بە باشی خەڵکی خۆی سەرکوت دەکا. دەبێ بە کەسێکی ئەوتۆ هەمان شت بڵێی کە خەڵکی ئێران لە سەر شەقامەکان بە سەرکوتکەرانی خۆیانی دەڵێن: "ڕێفورمخواز، کۆنەپارێز، ئیتر شانۆگەرییەکە کۆتایی هات!"

٤- هەرکەس پێی گوتی کە بە میلیۆنان هاتنە تازیەی سولەیمانی و بۆیە ڕێژیم خۆشەویستە، گەمژەیە یا ساختەچی. هەر چەوسێنەرێک لە دەستپێکەوە وەستای "هونەری شانۆگەرییە" و دەزانێ چۆن خەڵک بۆ شانۆ بێنێتە دەر، بە هاندان بێ یا بە زۆر. ئەگەر سەرکوتکردن نەبا و ڕێژیم ڕێگای دابا بە خەڵک تا تازیەی ١٧٦ کوژراوەکەی خۆیان بەڕێوە بەرن، بە میلیۆنان لە سەر شەقامەکان کۆ دەبوونەوە.

٥- هەرکەس پێی گوتی کە ئەگەر هەڵوێستەکانی ترامپ بەرامبەر بە ئێرانت بە دڵە، تۆ سەرکەوتنی مانگی نۆڤەمبەر (مەبەست هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییە) پێشکەشی ئەو دەکەی یا گەمژەیە یا ساختەچی. ئەو هێزەی کە ترامپی بە دەسەڵات گەیاند شتێکی عەقڵانیی نەبوو. ئەو ئەمریکاییانەی دەنگیان پێدا، تووڕە بوون و بە تەواوی دژی بەراوردەکانی ڕای گشتیی و پێشبینییەکان هەڵوێستیان گرت. ئەگەر دێموکراتەکان دەیانهەوێ بیبەنەوە، پێویست ناکا لە سەرکەوتنی (خەڵکی) ئێران نیگەران بن، ئەوان پێویستە سەرچاوەی (هەڵوێستی) ناعەقڵانی و تووڕەیی ئەمریکاییەکان ببیننەوە. جگە لەوە، بەرچاوتەنگیی و ترس زۆر تایبەتمەندیی غەیرە ئەمریکاییین. و وەک قەرز کردن لە بلیمەتێک (فرانکلین دی روزوێلت)، تۆ شتێکت نییە کە لێی بترسی مەگەر خودی ترس نەبێ.

٦- هەرکەس پێی گوتی کە ئەمریکا دەبێ لێگەڕێ خۆپیشاندەران بۆخۆیان ڕێژیم بڕووخێنن، یا گەمژەیە یا ساختەچی. ئەو ڕێژیمە بێبەزەیی لە ڕاددەبەدەری بەکار هێناوە و لە داهاتووشدا بەکاری دێنێ. ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان و جیهان، خۆپیشاندەران جێبێڵن، ئەوان قەڵاچۆ دەکرێن.

**ئەگەر ئێمە پێویستە بەیەکەوە ئازار چێشتنی هاوبەشی مرۆڤ وەک گەرمبوونی جیهانیی لەناو بەرین، پێویستە بە یەکەوەش ستەمکاران لەناو بەرین کە زۆر لە ئاگری دارستان خراپتر بەسەر خەڵکی خۆیان دێنن.**

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# ڕێژیمی ئێران و حەیاچوونێکی کارەساتبار

* فارین پالیسی - کالوم لینچ، کیت ژانسۆن، مایکڵ هیرش

هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ نیشاندانی خۆی وەک قوربانیی شەڕەنگێزیی وڵاتە یەکگرتووەکان پاش کوشتنی ژەنراڵ قاسم سولەیمانی بۆتە ئابڕووچوونێکی کارەساتبار لە نێوخۆ و سەرانسەری دونیا دوای ئەوەی کە هەزاران خۆپیشاندەر ڕژاونە سەر شەقامەکان و تووڕەیی خۆیان ئاراستەی درۆیەکانی ڕێژیم دەکەن.

دوای سێ ڕۆژ حاشاکردن، تاران بەرپرسیاریی هێرشی مووشەکی دژی فڕۆکە، کە بووە هۆی بەربوونەوەی فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی ئوکراین لە نزیک فڕۆکەخانەی ناودەوڵەتیی تاران و کوژرانی ١٧٦ کەس، لە ناویاندا شارۆمەندی ئێران، کانادا، ئەڵمان و سوێد. ددان پێدانانەکە کاتێک هاتە ئاراوە کە تێکنیسییەنە ئۆکرایینییەکان لەتکوپەتکی مووشەکیان لە پاڵ پاشماوەی فڕۆکەکەدا دیتبۆوە کە حاشاکردنەکانی کاربەدەستانی ئێرانییان پووچەڵ دەکردەوە. کاربەدەستانی ئێرانی پێیان لەوەنا کە هەڵەکە بە هۆی ئەوە قەوماوە کە هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئێران، دوای هێرشی مووشەکیی بۆ سەر دوو بنکەی سەربازیی لە عێراق لە حەوتووی ڕابردوودا، لە حاڵی ئامادەباشیدا بوو.

بەڵام ئەوە ئەو دوایین فریودانە لە لایەن ڕێژیمی ئێران بوو کە بووە هۆی خۆپیشاندان دژی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی. سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان دۆنالد ترامپ، کە لە دووهەمی ژانوییەدا بڕیاری کوشتنی سولەیمانیی دا، لە هاندانی خۆپیشاندەران خێرا بوو و هۆشیاریی دا بە تاران کە خۆ لە سەرکوت کردنیان ببوێرن. ترامپ سەر لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە لە تویتێکدا بە زمانی فارسی کە وشەکانی بە وشیارییەوە هەڵبژێردرابوون نووسی:

"بۆ ڕێبەرانی ئێران: خۆپیشاندەرەکان مەکوژن. هەر ئێستا هەزاران کەس بە دەست ئێوە کوژراون، و دونیا چاوی لەسەر ئێوەیە. لەوەش گرینگتر، وڵاتە یەکگرتووەکان چاوی لەسەر ئێوەیە. ئینتەرنێت ئاواڵا بکەنەوە و ڕێگا بە هەواڵنێران بدەن کە بە ئازادی بجووڵێن و کاری خۆیان بکەن!" ترامپ لە تویتێکدا نووسی، "دەست لە کوشتنی خەڵکی مەزنی ئێران هەڵگرن!"

بۆ هەندێک چاودێر، خۆپیشاندانە خۆڕسکەکان لە کۆتایی حەوتوودا وەک ئالنگارییەکی کوشندە بۆ ڕێبەرانی ئێران سەیر دەکرێ، ئەگەرچی ڕێژیم لە ڕابردوودا توانیویەتی بێبەزەییانە خۆپیشاندانی لەو چەشنە سەرکوت بکا. بەیانیی ڕۆژی

یەکشەممە، جان بۆڵتۆن، ڕاوێژکاری ئەمنیەتیی نیشتمانیی پێشوو، کە زۆر دەمێکە خوازیاری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، لە تویتێکدا گوتی، "هەست بە ئاڵوگۆڕی ڕێژیم دەکرێ."

بەڵام هەندێکیتر هۆشدارییان دا کە سیاسەتەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ شانسێکی کەمیان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم هەیە کە چل ساڵە لەسەر کارە. حوسێن ئایبیش، توێژەرێکی ئەنستیتۆی دەوڵەتیی خەلیجی عەرەب دەڵێ، "ئەوە ناقەومێ." ئەو دەڵێ کە خۆپیشاندەران تەنیا نوێنەرایەتیی کەرتێکی کۆمەڵگەی ئێران دەکەن. ئایبیش گوتی کەمپەینی ئەوپەڕی زەختی ترامپ زۆر زیاتر لەوەی کە چاوەڕوانیی دەکرا توانی ڕێژیم چاوترسێن بکا و ژانی ئابووری تووشی ڕێژیم بکا، بەڵام مێژوو نموونەی زۆر کەمی لەو شێوە زەختی دەرەکییە هەیە، کە بەبێ دەستێوەردانی سەربازی بووبێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیمێک. بەپێی ئەزموونی ناوبراو، لە ڕابردوودا هەنگاوی لەو شێوەیە بۆتە هۆی بەهێزتر بوونی دەسەڵاتی ڕێبەران لە فیدل کاسترۆی کوباوە بگرە تا کیم یونگ ئونی کۆرەی باکوور.

سەرهەڵدانی لەناکاوی تووڕەیی جەماوەر لە کۆتایی حەوتوودا، بە تەواوی دژی ئەو دیمەنەیە کە یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێرانییەکانی، دوای کوشتنی سولەیمانی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان، نیشان دا کە بە میلیۆنان هاتنە سەر شەقامەکانی ئێران بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی. بە پێچەوانە، خۆپیشاندەرەکان لە چەند زانکۆی جیاواز لە کۆتایی حەوتوودا بە پێی ڕاپۆرتەکان درووشمی "سولەیمانی مرۆڤکوژە، ڕێبەر خیانەتکارە" و "مردن بۆ دیکتاتۆر،" کە مەبەست ڕیبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەییە. خۆپیشاندەری دیکە داوای دەست لەکارکێشانەوەی بەرپرسانی ئەمنییەتی، کە بەرپرسیاری بەردانەوەی فڕۆکەکە بوون و هەوڵی شاردنەوەی ڕاستییەکانیان دابوو، کردوە.

ئەوەی کە بە تایبەتی جێگای سەرنجە، تەنیا چەند ڕۆژ دوای ڕێوڕەسمی ناشتنەکە کە ڕێژیم دارێژەری پلانەکە بوو، ئەوە پاشگوێ خستنێکی ئاشکرای جەماوەر لەمەڕ ڕاسپێردراوەکانی ڕیژیم بوو. ڤیدیۆکان نیشانیان دەدا کە چۆن خوێندکارانی زانکۆی بەهەشتیی تاران خۆ لە ڕۆیشتن بەسەر ئاڵاکانی ئەمریکا و ئیسڕائیل دەبوێرن کە کاربەدەستانی ڕێژیم لەسەر عەرزیان کێشاونەوە. ئابڕووچوونێکی دیکەی ڕێژیم کاتێک بوو کە تەنیا براوەی مەدالیای ئۆلەمپیک، کیمیا عەلیزادە، خۆی لە گەڕانەوە بۆ ئێران بوارد و گوتی ئەو نایهەوێ ببێتە شەریکی "گەندەڵیی و درۆیەکانی" ڕێژیم.

دوایین شەپۆلی نارەزایەتیی خوێندکار و خەڵکی چینی مامناوەند دەگرێتە خۆ، کە لەگەڵ خۆپیشاندەرەکانی کۆتایی ساڵی ڕابردوودا کە هاتنە سەر شەقامەکان و زۆربەیان لە چینی کرێکار پێکهاتبوون جیاوازیی هەیە. قەبارەی بزواندنی

**بەشی: دووهەم**

خوێندکاران ئەو حەوتوویە بە تایبەتی دەتوانن نوخشانەیەکی خراپ بێ بۆ ڕێژیم، بە لەبەر چاوگرتنی دەوری مێژوویی خوێندکاران وەک پێشڕەوانی ئاڵوگۆڕ لە ئێران.

**عەلیرەزا نادر، هاوکارێکی ڕێکخراوی داکۆکی لە دێموکراسییەکان گوتی:** "خوێندکارەکان ئەوانیان هێنایە سەر کار، و خوێندکارەکان دەتوانن بە هەمان شێوە بەشێک لە هاوکێشەی ئەستاندنەوەی دەسەڵات لەوان بن."

نارەزایەتییەکان دوابەدوای خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانە کە مانگێک دژی بەڕێوەبەریی نالێهاتووی ئابووری درێژەیان هەبوو، تەنیا زەختی زیاتر دەخاتە سەر ڕێبەریی ئێران. ئابووری ئێران بەرەو هەڵدێرە و وڵات بەرەورووی زەختی سەرلەنوێی ئابووری لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بۆتەوە. ئێران بەردەوام هەوڵی داوە ئەو وڵاتە ئوروپاییانەی کە ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥یان واژۆ کردووە ڕازی بکا کە هەندێک لە بەڵێنییە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنەکە بەرنە سەر، بەشێک لە ڕێگای دەستپێکردنەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و نزیکتر بوونەوە لە دروست کردنی چەکی ناوکی. بەڵام تاکتیکەکانی ئێران تا ئێستا تەنیا وڵاتانی ئورووپایی زۆرتر بەرەو ویستی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی ڕێککەوتنەکە هانداوە.

تووڕەیی جەماوەریی بە شێوەیەکی بەرچاو هەوڵەکانی کاربەدەستانی ئێران، بە تایبەتی وەزیری کاروباری دەرەوە موحەممەد جەواد زەریف، بۆ نیشاندانی ئێران لە لای هەواڵدەرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک قوربانیی سەرۆک کۆماری بێبەزەیی ئەمریکا و بۆ ئیمتیاز وەرگرتن لە ئوروپاییەکان، پووچەڵ کردەوە. پەیامەکە بە هەمان شێوە بە هۆی دەستبەسەر کردنی کاتیی باڵوێزی بریتانیا لە ئێران، وەک پێشێلکاریی کۆنڤانسیۆنی ڤییەن لە مەڕ پێوەندییە دیپلۆماتیکییەکان، بنکۆڵ کرا.

دیپلۆماتەکە لە پێتەخت هاتبوو سەر شەقام تا لە ڕێوڕەسمێکی ڕێزگرتن دوای کارەساتی فڕۆکەکە بەشداریی بکا، پێش ئەوەی کە ببێتە خۆپیشاندان.

سەرۆکی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئوروپا، ژۆزێف بۆرێل لە تویتەردا نووسی، "زۆر نیگەرانی گیرانی باڵوێزی بریتانیا لە تارانین. ڕێز گرتنی تەواو لە کۆنڤانسیۆنی ڤییەن شتێکی پێویستە."

**جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، سەید عەبباس عێراقچی بەرگریی لە کاری ئێران کرد و جوابی دایەوە:** "ئەو

بەشی: دووهەم

**زیندانی**

نەکرابوو، بەڵام وەک بیانییەکی نەناسراو لە کۆبوونەوەیەکی نایاساییدا دەستبەسەر کرابوو. کاتێک کە پۆلیس منی لە دەستبەسەر کردنی ئەو پیاوە ئاگادار کردەوە کە ئیددیعای کردبوو باڵوێزی بریتانیایە، من گوتم شتی وا نابێ! تەنیا دوای وتووێژی تەلەفۆنیی من لە گەڵیدا بە سەرسوڕمانێکی مەزنەوە، ناسیمەوە کە خۆیەتی. ١٥ خولەک دواتر ئەو ئازاد کرا."

لە هەمان کاتدا، کاربەدەستانی پلەبەرزی دیپلۆماسی و سوپای ئێران ڕۆژی شەممۆیان بە داوای لێبوردن لە سەر تویتەر بردە سەر بۆ ئەوەی کە پێداگرییان کردبوو کە دەوڵەتەکەیان لە بەربوونەوەی فڕۆکەکەدا هەڵەیەکی نەکردوە. بە تایبەتی سەعید بەعیدینژاد، باڵوێزی ئێران لە بریتانیا، کە زۆر پێداگر بوو کە ئیمکانی نییە ئێران بەرپرس بووبێ، زۆر پەشیمان بوو.

**بە عیدینژاد ڕۆژی شەممە لە تویتەردا نووسی:** "لە لێدوانی دوێنێی خۆمدا بۆ میدیای بریتانیا، من زانیاریی فەرمیی کاربەدەستانی بەرپرس لە وڵاتی خۆمم گواستەوە کە مووشەک لەو کاتەدا بەرەو فڕۆکە ئوکراینییەکە نەهاویشتراوە. من داوای لێبوردن دەکەم و لە گواستنەوەی ئەو زانیارییە هەڵەیە پەشیمانم."

بەعیدینژاد و کاربەدەستە پلەبەرزە سیاسییەکانی ئێران دەیانهەویست ڕیبەریی دەوڵەت لە بەرپرسیاریی درۆ کردن لەبارەی دەوری ئێران لە هێرشەکە بپارێزن، و دەیانگوت کە بەرپرسی گشتیی سپای پاسداران ئاکامگیریی کۆتایی خۆی تا شەوی هەینی و دوای حاشا کردنی دەوڵەت لە بەرپرسیاریی، ڕا نەگەیاندبوو.

بەڵام ئەوە بۆ ڕازیکردنی گەلێک لە ئێرانییەکان بەس نەبوو، کە ڕژابوونە سەر شەقامەکان و دروشمیان دەدان کە دەیگوت کە ئەوە وڵاتە یەکگرتووەکان نییە کە زۆرترین بەرپرسیاریی بۆ قەیرانی هەنووکەیی هەیە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە تاران لە سەرەتادا ئیددیعایەکی هەڵەی کرد کە گوایە ٨٠ سەربازی ئەمریکایی لە هێرشێکی تۆڵە ئەستاندنەوەدا کوشتوە. مووشەکەکان دوو بنکەی سەربازیی لە عێراقیان کردە ئامانج کە هێزەکانی ئەمریکایی لێن، بەڵام دوایە ئاشکرا بوو کە هێرشەکە بێکەڵک بووە و هیچ زەرەرێکی گیانیی بەدواوە نەبووە، کە دیسان ئابڕووچوونێکی دیکە بۆ ئێران بوو.

ئەگەرچی ترامپ بەردەوام گوتوویەتی کە بەتەمای گۆڕینی ڕێژیم لە ئێران نییە، تویت کردنە چالاکانەکەی بە پێچەوانەی



سەرچاوە
Serchawe

ئاکارە خۆ بەدوورگرانەی ناوبراو لە کاتی شەپۆلی ناڕەزایەتیی ساڵی ڕابردوویە. ئەوە لە کاتێکدایە کە چەند ڕۆژ پێشتر و دوای مشتومڕی لەگەڵ تاران دوای کوشتنی سولەیمانی هەڕەشەی کردبوو کە دەرزەنێک شوێنەواری کولتووریی ئێرانییەکان لەنێو دەبا.

**ترامپ لە تویتێکدا نووسی؛** "بۆ گەلی بوێر و ئازار چێشتووی ئێران: من لە سەرەتای سەرۆک کۆماریمەوە لایەنی ئێوەم گرتووە و دەوڵەتی من درێژە بە پشتگیریی ئێوە دەدا. ئێمە لە نزیکەوە چاودێریی ناڕەزایەتییەکانی ئێوە دەکەین. بوێریی ئێوە ئیلهامدەرە."

**وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان مایک پۆمپیئۆ پەیامێکی هاوشێوەی ئاراستە کرد. ئەو لە تویتێکدا نووسی؛** "ئەمریکا گوێی لە ئێوەیە. ئەمریکا پشتیوانی ئێوەیە. ئەمریکا لە پەنای ئێوە وێستاوە."

ئەوەی کە ناڕوونە ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان چۆن وتاری پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لەگەڵ چڕتر کردنەوەی هەڵمەتی زەختی ئابووری ڕێک دەخا. ڕۆژی هەینی، لە دوای هێرشی تۆڵەکردنەوەی موشەکیی دژی بنکە عێراقییەکان کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتوەکان لێیان جێگیر بوون، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ ڕایگەیاند کە تاقمێک گەمارۆی نوێ بۆ سەر هەندێک کەرتی ئابووری ئێران، وەک کەرتی کانزاکان، دەسەپێنێ. ئەو گەمارۆیانە دێنە سەر چەندین هەنگاوی ئیفلیجکەری دیکە کە بوونە هۆی وەستانی نزیکەی سەرجەم هەناردەی نەوتی ئێران، کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتن، و هەروەها هەنگاوی دیکە کە کەرتی دارایی و وزەی کردوونە ئامانج.

**نادر گوتی؛** سەرەڕای حەزی بەڕێوەبەرایەتی بۆ پشتیوانیی ئێرانییەکان لە کاتێکدا کە زەخت دەخاتە سەر ڕێژیم، ئەوە زۆر دژوارە کە ئەو کارە بە شێوەیەکی هاوسەنگ ئەنجام بدەی. ئەو گوتی، "بە داخەوە ژانی ڕاستەقینە لە گەمارۆکانەوە دێ کە ئابووری بنکۆڵ دەکا." ئەو هەروەها گوتی، لایەنگرانی کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت پێیان وایە کە گوشاری ئابووری، لە کاتێکدا کە لە کورتخایەندا زەرەر لە خەڵک دەدا، دەبێتە هۆی درووستبوونی قەڵشت لەنێو ڕێژیم و دەتوانی ڕووخانەکەی خێرا بکا.

هاوپەیمانانی ترامپ لە کۆنگرە چەپڵەیان بۆ ناڕەزایەتییەکان لێداوە، کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕەوایی بە بڕیاری سەرۆک کۆمار بۆ کوشتنی سولەیمانی دەدا.

بەشی: دووهەم

سەناتۆری کۆماریخواز لە ئارکانزاس، تام کاتن لە تویتەردا نووسی؛ "چەپی ئەمریکا و میدیاکان بە شێوەی لێبڕاوانە ئاکارەکانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی ئێران دەشارنەوە. بەڵام خەڵکی بوێری ئێران فریو ناخۆن. ئەوان هیچ شک و گومانێکیان لەبارەی ئەو پیاوە شەیتانییانەدا نییە کە حکوومەتیان بەسەردا دەکەن."

بۆڵتۆن لە تویتێکی سەرلێشێواوانەدا نووسی؛ "ڕێژیمی خامنەیی هەرگیز ئاوا لەژێر سترێسدا نەبووە. هەست بە گۆڕانی ڕێژیم دەکرێ. خەڵکی ئێران دەتوانن ببینن. ئەمریکا، ئورووپا، فەڕانسە نابێ داوای وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی نارەوا بکەن."
لە کاتێکدا کە بۆڵتۆن لە پێشداش پێشبینیی گۆڕانی ڕێژیمی کردبوو، هەندێک چاودێر دەڵێن کە تێکەڵاوێک لە بێزاریی چەندین ساڵە، نارەزایەتی ئابووری، و شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ کارەساتی فڕۆکەکە بەیەکەوە دۆخێکی زۆر هەستیاریان بۆ ڕێبەرایەتی ئێران درووست کردووە.

نادر گوتی؛ "من پێموایە کە بۆڵتۆن ڕاست دەکا، گۆڕانی ڕێژیم نزیکە. ئەوە تەنیا نارەزایەتییەکان و مەسەلەی فڕۆکەکە نییە، ئەوە چل ساڵ بێزاریی پەنگ خواردووە کە هەمووی لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا دەرکەوتوە."
ئاییش گوتی؛ کە ئێران لە ڕوانگەی سیاسییەوە وڵاتێکی فرەچەشنە، کە بەشێکی زۆر لە وڵات وەفاداری ڕێژیمن و ئۆپۆزیسیۆنێکی مەزن و خاوەن بڕواشی هەیە.

ئەو گوتی: "لە ئێران زۆر بازنەی هەڵبژاردن و هاوپەیمانیی جیاواز هەن و هیچ سەیر نییە کە دەنگێکی بەهێز دژی کوشتنی سولەیمانی و ئۆپۆزیسیۆنی تووڕە لە دەوڵەت، بە هۆی نارەزایەتیی کۆمەلایەتی - ئابووری لە ساڵانی ڕابردوودا و درۆی بەردەوام و لێنەهاتوویی پێکهاتەیی کە دەبێتە هۆی ڕووداوی وەک خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە کە بووە هۆی کوژرانی گەلێک ئێرانی، بوونی هەبێ."
ئاییش گوتی، "ئێران لە هەلومەرجێکی دژوار دایە: ئەو لە لوبنان لە هەلومەرجێکی دژوار دایە، لە عێراق بە هەمان شێوە، و بێگومان گرژییەکی زۆر لە نێوخۆی وڵاتیشدا هەیە." بەڵام ئەو گیروگرفتانە پێویست ناکا وەک قەیرانێکی کوشندە بۆ ڕێژیم پۆلێن بکرێ.

(لە ژمارەی ٧٦٦ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## نەمانی قاسم سولەیمانی و دۆکتورینی مەهدی

**٭ ئورشەلیم پۆست - برایان شراوگەر**

کاتێک کە لە شەوی پێنجشەممە، ٢ی ژانویە، دیمەشقی بەرەو بەغدا جێهێشت، قاسم سولەیمانی سەری لە فەلەک دەدا. وەک ڕێبەری سەربازی، سەرۆکی ستراتیژیست و ڕوخساری کاریزماتیکی ئەوەی کە ناوبراو وەک ئیمپراتوورییەکی لە حاڵی سەرهەڵدان و مەزنی جیهان سەیری دەکرد، هەموو شتێکی هەبوو: پرێستیژ، دەسەڵات، حزوور. نە تەنیا ئەو فەرماندەی هێزی سەربازیی سەربەخۆی ئیمپراتوورییەکە بوو، بەڵکوو ئەو شتێک کەمتر لە دەنگی ئەڵڵا بۆ ڕێبەرانی ئەو نەتەوانە نەبوو کە بەو زووانە قەرار بوو لەو ئیمپراتوورییەدا بتوێنەوە: عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن و سینا.

ئەگەرچی هیچ کەس هەرگیز بەو شێوەیە باسی نەکرد، بەڵام ئەو، لە ڕاستیدا شازادە نوێکەی پارس بوو و، ئەو چەکوچۆڵەی کە لەبەر دەستیدا بوون! جگە لە جبەخانەی لە ڕادەبەدەری چەکی ئاسایی، ڕێژەی مووشەکی هەنگیو بەرەو زیادبوون بوو، لەشکرێک هاکەری بێبەزەیی گەلێک لێهاتوو، تەنانەت ژێر دەریایی و بەم زووانە نووکە مووشەکی ئەتۆمیش.

لە باکوور و باشووری ڤیزەوەنترین دستدرێژیکەری دنیا، ئەگەرچی هێندە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات نا، سولەیمانی وردە وردە زەختی دەخستە سەر پێکهاتەی زایۆنی، چەقی سەرنجی ڕەوانی و سەربازی بە دنەدانی جیهادییەکان لەنێو سنوورە فرەخوازانەکەیدا، لە چاوەڕوانیی باشترین هەلدا، بەلاڕێدا دەبرد، تا کاتێک کە هۆشی لەخۆی نەما لە باکوورەوە بە جبەخانەی ١٠٠ هەزار مووشەکی دڵی بکاتە ئامانج. لە کاتی خۆیدا، مووشەکی بێتێکنۆلۆژیی پێشکەوتوو قەڵغانی پارێزەری زایۆنی بەخۆیانەوە مەشغووڵ دەکا. ئەو قەڵغانە پێش بە زۆر لەوان دەگرێ بەڵام هەموویان نا. پاشان، لە کاتی گونجاودا، مووشەکی هەنگیو بەڕێ دەکرێن، کە بۆ هەنگاوتنی پێگە سەرەکییە سەربازییەکان و لە هەمووی باشتر، ناوەندە پڕ حەشیمەتەکان میزان کراون. ڕەنگبێ، تەنیا ڕەنگبێ، ئیشەڵڵا، یەکێک لەو مووشەکانە نووکەکەی ئەتۆمی دەبێ. لە کاتێکدا کە زایۆنیستەکان بە ژانەوە لەنێو هەورە کارگێنەکەدا دەمرن، جەهەننەم هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە، تەنانەت هەموو دنیاش. ئەوە سەروبن بوونێکی کارەساتبار بەڵام خراپییەکی پێویستە، چونکە هەر وەک پێشبینی کراوە، ڕزگاریدەری چاوەڕوانکراوی جیهان کە زۆر لەمێژە چاوەڕێین، دوای بزربوونێکی چەندین سەدەیی سەر هەڵدەدا. ئیمام مەهدی دەگەڕێتەوە، تا خەلافەتی جیهانیی ئاشتی بێخەوش، هەڵبەت ئاشتی ئیسلامی، دامەزرێنێ.

**بەشی: دووهەم**

لە ڕۆژی دووهەمی ئەوەی کە لە ڕۆژئاوا پێی دەڵێن ساڵی نوێ، سولەیمانی تازە لە کۆبوونەوەی بەیرووت، لوبنان، لەگەڵ حەسەن نەسرولَّلا، سەرۆکی بێرکابەری حیزبی خودا، حیزبوڵلا و، یەکێک لە گرینگترین ڕەعیەتەکانی گەڕابوّوە. لەو چاوپێکەوتنەدا، کە بە پێی نەریت وێنەی لێ هەڵگیرا، سولەیمانی، بۆ جارێکی دیکە، میوانداربیە خاکەڕاییەکەی "سکرتێری گشتی"ی قەبووڵ کرد. ئەوە بە هەمان شێوە بۆ ژێنراڵی پایەبەرزی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیش جێگای دڵخۆشی بوو.

فڕینەکە لە دیمەشقەوە تەنیا کاتژمێرێک و پێنج خولەک بوو، بەڵام دوا کەوتبوو. بە گوێرەی ڕاپۆرتی "میدڵئیستئای"، فڕۆکەکە کاتژمێر ١٢:٣٢ی بەرەبەیانی بە کاتی بەغدا نیشت. ئەو چاوەڕوانی کۆتایی حەوتوویەکی خۆش لەنێو ناوچەی سەوزی بەغدا بوو. سولەیمانی لە لایەن سەرۆکی هێزی میلیشیای عێراقی، ئەبوو مەهدی موهەندیس کە دەگوترێ "هاوپەیمانێکی لەمێژینە و دۆستی نزیکی بووە" پێشوازیی لێکرا. تەنیا زیاتر لە کاتژمێرێک دواتر، دوای تێپەڕینی کەمتر لە دوو کاتژمێر لە سێهەم ڕۆژی ژانویە، سولەیمانی، موهەندیس و هاوڕێکانیان فڕۆکەخانەی بەغدایان لە دوو ئۆتۆمبێلدا، هیۆندایەکی ستارەکس و تۆیۆتایەکی چواردەرگای ئاڤالۆن، جێهێشت. کاتێک کە گەیشتنە شەقامی دەرەوەی فڕۆکەخانە، هەردوو ئۆتۆمبیل بەهۆی مووشەکی هاوێژراو لە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی ئەمریکاییەوە لە جۆری ڕیپەر (درویّنەکەر)، فڕۆکەیەک کە لە ڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لەلایەن سپای وڵاتە یەکگرتووەکانەوە وەک "ڕاوچی کوشەندە" باسی لێوە دەکرێ، لەت بە لەت کران. مردنی گشت سەرنشینەکانی هەردوو ئۆتۆمبێلەکە دەستبەجێ بوو. پاشماوەی کەلاکەکان بە شێوەیەک هەنجن هەنجن کرابوون کە کوژرانی سولەیمانی بە پەنجە دەستێک کە هێشتا کاری دەکرد و ئەنگوستیلەیەکی زیو بە نەقیمەیەکی گەورەوە لە قامکێکیدا پشتڕاست کرایەوە.

**لە ڕوانگەی ڕۆژئاواییانەوە، ڕووداوەکانی دوای کوژرانی سولەیمانی وەک سیرکێکی هەرزانبایی دەچێ کە هەموو شانۆکارییەکانی تێکچوون.**

دەیڤید وود، لێکدەرەوەیەکی یووتیووب لە بەرنامەی "با هەموو ئەوانە تێکهەڵکێش بکەین"؛ بەو شێوەیە دەدوێ: "لە ٣ی ژانویە، ژێنراڵ قاسم سولەیمانی لە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کوژرا. لە ٧ی ژانویە، ٥٦ ئێرانی کوژران و پتر لە ٢٠٠ کەسی دیکە بریندار بوون کە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی سولەیمانیدا کەوتنە بەر پێیان. لە ٨ی ژانویە، ڕێبەری ئێران وڵامی کوژرانی سولەیمانی بە هێرشی مووشەکی بۆ سەر دوو پێگەی ئەمریکا لە عێراق دایەوە، بەڵام... کەس نەکوژرا. هەروەها ٨ی ژانویە، سپای ئێران فڕۆکەیەکی ئۆکراینی بەردایەوە کە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خومەینی لە تاران هەستابوو، کە کوژرانی ١٧٦ کەسی لێکەوتەوە. لە ١١ی ژانویە، دوای سێ ڕۆژ نکۆڵیکردن لە خستنەخوارەوەی فڕۆکەکە... ئێران ددانی

پێدانا کە فڕۆکەکەی خستۆتەوە خوارەوە."

"کەوابوو، لە وڵامی کوشتنی پیاوێک لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، ئێرانییەکان بە پێشێلکاری و مووشەکی دژە فڕۆکە ۱۳۸ ئێرانی و ۹٤ کەسی دیکەیان کوشت، لە کاتێکدا هیچکامیان ئەمریکایی نەبوون. نازانم ئێوە چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵام من خەریکە بیر لەوە دەکەمەوە کە ئێرانییەکان لەوانەیە لە شەڕدا باشترین نەبن. (بە لاسایی کردنەوەی ڕێبەری ئێران) "ئای، ئەوان (ئەمریکا) ژێنراڵێکیان کوشت. دەبا لە شەقامەکان یەکتر بخەینە ژێر پێ تا یەکتر دەکوژین و بەهەڵەکەوت فڕۆکەیەک بەردەینەوە."

وود دەڵێ: "من پێیان ڕادەبوێرم. چونکە کاربەدەستانی ئێرانی هێندە نالایقن، ئومێدی ئەوە هەیە کە خۆپیشاندەران، کە دەیانهەوێ دەسەڵاتداران بڕووخێنن، بتوانن سەرکەون. وێدەچێ سەردەمی ئایەتوڵڵاکان کۆتایی پێبێ."

ئەوەی کە ڕێبەرانی ئێران قەشمەری بێدەدان بن بۆچوونێکی دڵخۆشکەرە بەڵام هەڵەیە. هیچ نەبێ، کۆماری ئیسلامی لە هەموو کاتێک مەترسیدارترە.

هەر وەک دەستکەوتەکانی سولەیمانی لە دروستکردنی ڕایەڵەیەکی ناوچەیی لە تێرۆریستی بەکرێگیراو دەیسەلمێنێ، بە تێکنۆلۆژیی سووتەمەنی کە بۆ چەکی ئەتۆمی دەبێ، بە سیستمی مووشەکیی پێشکەوتوو و یەکەی شەڕی سایبەری لە ئاستی جیهانیدا، ئێران خاوەنی هەموو ئەوانەیە، کە بە کوژرانی سولەیمانی هیچکامیانی لەکیس نەداوە.

ئێران کە بە ئێعدامی سولەیمانی و گەمارۆ ئابوورییەکانی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان بریندار بووە، هەڕەشەکەی بۆ سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا نەوەک کەم نەبۆتەوە بەڵکوو زیاتر بووە. بێگومان لە وتەکانی ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەری ژێئۆپۆلیتیک جاناتان سپایەر دەردەکەوێ کە دەڵێ: "وا چاوەڕوان دەکرێ کە ئەوان هەر چی لە توانایاندایە و بە هەموو شێوەیەک ڕێژیمەکەیان بپارێزن."

**بۆچی؟ لەبەر سێ هۆی سەرەکی: مەهدی و سەرهەڵدانە پێویستەکەی، مەهدی و ئێران وەک ڕێخۆشکەری دەرکەوتنەوەی دووبارەی، مەهدی و بێزاریی خۆڕسکی تاران بەرامبەر بە ئیسڕائیل.**

لەو ڕۆژەدا کە سولەیمانی کوژرا، ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، لە تویتێکدا نووسی؛ "ئێمە پیرۆزبایی بە

بەشی: دووهەم

مەهدی (عج) و ڕووحی پاکی سولەیمانی دەڵێین و سەرەخۆشی لە نەتەوەی ئێران دەکەین بۆ ئەو شەهادەتە مەزنە."

ئیمام مەهدی کێیە و بۆچی خامنەیی لە ڕۆژی کوژرانی سولەیمانیدا پیرۆزبایی لە ئەو دەکا؟ بەکورتی، ئەو مەسیحی ئیسلامە، ئیمامی دوازدەهەم کە جێگرەوەی محەممەدە. دەڵێن لە ساڵی ٨٧٩ی زایینی لەدایک بووە، لە ڕوانگەی موسڵمانانی شیعەوە ئیمام مەهدی هێشتا زیندووە، بەڵام خۆی لە مرۆڤان شاردۆتەوە، "غەیبەتی کردوە' تا دووبارە لەسەر زەوی دەرکەوێتەوە، تەنیا دەرکەوتنەوەی دووبارەی ئەو دەتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکا، لە ڕاستیدا، پارێزەری سەردەمی ئاشتی جیهانییە، ئاشتیی ئیسلامی، واتە ئاشتییەک کە لەوێدا گشت مرۆڤێک ملکەچی خودا و قورئانە.

ئەوە بۆ کەسێکی ڕۆژئاوایی وەک شتێکی شێتانە دەچێ، ئەو باوەڕە مەسیحاییە، بە گوێرەی دامەزرێنەرانی، هۆی سەرەکیی بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ئەوە بە هەمان شێوە بناغەی سیاسەتی سەربازی و دەرەوەی تارانە و؛ هەرچەندە پێداگری لەسەر ئەو وەفادارییە خۆڕسکەی ڕێژیمی ئێران بەو باوەڕەوە بکەی کەمە. لە گشت کۆبوونەوەیەکی گشتیدا، سیڤیل بێ یا سەربازی، لە ئیمام مەهدی دەپاڕێنەوە. ئەو سەرچاوەی تاقانەی ئیلهامە بۆ گشت سیاسەتێک، گشت تاکتیکێک، سەرجەم مەئمورییەتێک، بێگومان، ئەو تەنیا هۆی بوونی ڕێژیمە و لەبەر ئەوە، تاقە هاندەری بێئەملا و ئەولایە بۆ داهاتووەکەی.

**ئەو ڕاستییانە بۆ ئەو کەسانەی کە پێیان وایە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە نیشانەی ڕووخانی ڕێژیمی مەلاکان بەم زووانەیە، هەواڵی دڵخۆشکەر نین.**

ماڵپەڕی فەرمیی خامنەیی پڕە لە ئامۆژگاری لەبارەی ئیمام مەهدی، لە نێویاندا ڕێبەری گەورە باسی ئەوە دەکا کە بە باوەڕی وی ئیمام مەهدی بەم زووانە دەردەکەوێ. خامنەیی نووسیویەتی؛ "دەرکەوتنی ئیمام مەهدی"(عج) "زۆر نزیکە، چونکە بیروڕاکە ئامادەیە." ئەو (عج) لە کەوانەدا کورتکراوەی ئەوەیە "خودا لە سەرڕژەنڵدانەکەیدا خێرا بکا". خامنەیی شی دەکاتەوە، "هۆشی مرۆڤایەتی ئامادەیە بۆ تێگەیشتن، بۆ فێر بوون، و بۆ ئەوەی کە بزانێ، بێگومان، کە مرۆڤێکی پایەبەرز دێ و ئەوان لەژێر باری ستەم و سەرەڕۆیی ڕزگار دەکا. نەتەوەی ئێران، ئەمڕۆ ئەو شانازییە مەزنەی پێبڕاوە: کەشوهەوای وڵات کەشوهەوای ئیمام مەهدی (عج) ـە." ئەو درێژە دەدا و دەڵێ: "زۆر کەس لە زانایانی ئێمە بۆخۆیان ئەو (ئیمامە) خۆشەویستی دڵانەیان دیتوە، زۆر لەوان وشە دڵگەرم کەرەکانیان بیستوە، زۆر لەوان لەلای ئەووەوە لاوێندراونەوە و زۆری دیکەش میهرەبانی، پێڕاگەیشتن و خۆشەویستیی ئەویان پێ گەیشتوە."

**ئەم (ڕوانگەیە) چۆن ئەمڕۆ لە سیاسەتی دەرەوە و سەربازیی ئێراندا خۆی دەنوێنێ؟**

بەشی: دووهەم

کارەساتی جیهانی پێشمەرجی سەرهەڵدانی مەهدییە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران دنیا وەک هێلانە ژەنگەسوورە دەهاروژێنێ تا گەڕانەوەی مەهدی خێراتر بکا، گەڕانەوەیەک کە زۆر نزیکە. ئاجێندای سەرەکیی ڕێژیم ئەوەیە کە ببێتە هۆی بشێویی جیهانی، بەو شێوەیە ئەو دەیباتەوە. ئاژاوە، مەهدی دەگێڕێتەوە تا ئەویش ئاشتیی جیهانی لەگەڵ خۆیدا بێنێ. ئەمە "دوکتورینی مەهدییە."

ڕێژیمی ئێران لەسەر ئەو بڕوایەیە کە "کەشوهەوایەکی" ئەوتۆی خولقاندوە کە ئاوێنەی بالانوێنی ڕووحی مەهدییە. ڕێبەرە ئایینی، سەربازی و مەدەنییەکانی چاوپێکەوتنی تاکەکەسییان لەگەڵیدا هەبووە. کەوابوو بەکورتی، ئێران منداڵدانێکە کە مەهدی لەوێڕا دووبارە لەدایک دەبێتەوە. بۆیە، ڕێژیم هەموو کارێک دەکا تا خۆی بپارێزێ. بۆیە، ئێمە دەبێ چاوەڕوان بین کە سەرهەڵدانە نێوخۆییەکان، بێبەزەییانە سەرکوت بکرێ. خۆپیشاندەران، بە تایبەتی ڕێکخەرەکان، بێسەروشوێن بکرێن. گشت بەرهەڵستکارییەکی نێوخۆیی و دەرەکیی دژی ڕێژیم مۆرکی شەیتانیبوونیان لێدەدرێ.

ئیسرائیل دەبێ لەنێو بچێ. ئامانجی بێئەملا و ئەولای تاران دروستکردنەوەی ئیمپراتوورییەکی کەونارای پارسییە بە شێوەی خەلافەتی ئیسلامی. ئاستەنگی سەرەکی بۆ گەیشتن بەو مەبەستە ئیسرائیلە، "پێکهاتەی زایۆنی،" ڕوخساری شەیتانە لە دنیای ئەمڕۆدا. جێگای سەرنجە کە تویتەکانی خامەنەیی پڕە لە ڕشانەوەی پڕ لە قین دژی ئیسرائیل. ئەو لە ڕۆژی دلاندا لە ٢٠١٦ نووسیویەتی؛ "ڕێژیمی زایۆنی سەمبولی شەیتانە." و لە پێنجی فێورییەی ٢٠١٩دا ئەوەی زیاد کردووە؛ "ڕێژیمی ڕەگەزپەرست، داگیرکەر، درۆزن و ئاپارتایدی."

کەوابوو چی بکرێ؟ ئەو لە ٢ی مارسی ٢٠١٥دا شی دەکاتەوە؛ "کاتێک کە خەڵکی ڕۆژئاوا لە گیروگرفتەکانیان کە سەرچاوەکەی دەسەڵاتی زایۆنی بەسەر دەوڵەتەکاندایە تێگەیشتن، جووڵانەوەی مەزنی جەماوەری دبێتە هۆی لەدایکبوونی دنیایەکی نوێ. (بۆیە) ڕێژیمی دڕندە، شێوە گورگ و مناڵکوژی ئیسرائیل، کە خۆ لە هیچ تاوانکارییەک نابوێرێ، لەنێو دەچێ."

**وەرگێڕان: کاتێک کە دنیا ئەو کارەی تەواو کرد کە هیتلێر دەستی پێکرد، مەهدی دێ و بەهەشت لەگەڵ خۆیدا دێنێ؛ هەڵبەت بەهەشتی ئیسلامی."**

ئێران کە بە هۆی گەمارۆی ئابووری بریندار و بە هۆی خۆپیشاندانە نێوخۆییەکان شەرمەزار بووە، ئەمڕۆ لە هەمووکات مەترسیدارترە.

بەشی: دووهەم

**بۆچی خامنەیی لە ڕۆژی مردنی سولەیمانیدا پیرۆزبایی لە مەهدی کرد؟ چونکە شازادە ڕاستەقینەکەی پارس چاوترسێن نەکراوە. ئەو هێشتا بەرێوەیە و ئێران هەموو شتێک دەکا تا ڕێگای گەڕانەوەی بۆ خۆش بکا.**

(لە ژمارەی ٧٦٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی فێبویوێری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## کاتی کۆتاییهێنان بە مۆتەکەی دیکتاتۆریی دڕندەی ئێران هاتوە

**واشینگتۆن تایمز - سام فادیس**

لە ١٩٧٩، خوێندکارانی ئێرانی لەگەڵ لایەنگرە ئەمریکاییەکانیان لەسەر شەقامەکانی واشینگتۆن خۆپیشاندانیان دەکرد، ئەوان دژی "سەرکوت" لە وڵاتەکەیان نارەزایەتییان دەردەبڕی و دروشمی "بمرێ شا"یان دەدا. دوای ماوەیەکی کورت، کاتێک سەرۆک کۆمار جیمی کارتێر پشتی لە هاوپەیمانە لەمێژینەکەی ئەمریکا کرد، ئایەتوڵڵا خومەینی لە پاریسڕا گەڕایەوە و دەستی بە لێکهەڵوەشاندنی ئێرانی شا کرد و ڕێژیمێکی ئیسلامیی نوێی دامەزراند.

**ئەوە ڕۆژێکی نوێ بوو. ڕۆژێکی ڕەشی نوێ.**

سیاسەتوانە ڕۆژئاواییەکان تووشی سەرلێشێواوی بوون و دڵنیان کە ئەمریکا خەتاباری هەرچی شتی خراپ لە جیهانە و لەوانەیە هەوڵ بدەن خۆیان ڕازی بکەن کە ڕەنگبێ دیکتاتۆرییە ئایینییەکەی تاران نوێنەری خەڵکی ئێرانە. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە کە ڕێگا بۆ ئایەتوڵڵاکان خۆش بکەن کە بێنە نێو کۆڕی نەتەوە خاوەن شارستانییەکان. ئەوە نابێتە هۆی وەڕاست گەڕانی ئەو بیرۆکەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران دیکتاتۆرییەکی بێبەزەیی سەدەکانی نێوەڕاستە، کە هۆی مانەوەکەی بەکارهێنانی هێزی لە ڕادەبەدەری سەرکوت و دڕندەییە.

ئێران بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی حەشیمەتەکەی پتر لە هەر وڵاتێکی دیکەی ئەم دنیایە خەڵک ئێعدام دەکا. ڕێژەی ئەو کەسانەی کە ساڵانە لە ئێران ئێعدام دەکرێن لە هیی گشت وڵاتێک جگە لە چین، کە ڕێژەی دانیشتووانی حەڤدە هێندەی ئێرانە، زیاترە. حوکمی ئێعدام بەسەر تاوانی بێتوندوتیژی دەسەپێ و بە گوێرەی یاسای سزای ئێران کچی ٩ ساڵە و کوڕی ١٥ ساڵە بۆ ئێعدام کردن دەبن.

بە گوێرەی ئەو حوکمانەی کە لە لایەن سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامییەوە دەدرێن، خەڵک دەتوانن بە تۆمەتی تاوانی ناڕوونی وەک "شەڕ لەدژی خودا" یا ڕەخنە گرتن لە ڕێبەری گەورە ئێعدام بکرێن. ئەوان بە هەمان شێوە لەبەر

هاوڕەگەزخوازی لەوانەیە ئێعدام بکرێن. تەنیا بۆ ئەوەی کە خەڵکی مەحکوومکراو بە ئێعدام لە ئاستی تاوانکارییەکەیان ئاگادار بکەنەوە، پێش ئێعدام کران بە قامچی لێیان دەدرێ. سیستمی سزای ئێران چەندین شێوازی ئێعدام کردنی هەیە وەک هەڵواسین، تیرباران، لە سێدارەدان و بەردباران.

بۆ پووڵ پەیدا کردن لە ڕێژەی بەرز و سامناکی ئێعدامەکان، تاران لەم دواییانەدا یاسایەکی پەسەند کردوە کە ئیجازە بە فرۆشتنی ئەندامی ئەو زیندانییانە دەدا کە ئێعدام دەکرێن. کڕیارەکان ئێستا دەتوانن ئەندامە نوێکانیان ڕێزێرڤ بکەن و دەسبەجێ دوای جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدام وەریگرن.

بەڵام لەکار کردنی هێزی کوشندە تەنیا تایبەتی ئەو ئێعدامانە نییە کە لە لایەن سیستمی دادوەرییەوە بڕیاریان لەسەر دراوە. لە ماوەی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەدا کە ئێرانیان هەژاند، خۆپیشاندەران کە هیچ توندوتیژییەکیان نەنواندبوو لە لایەن تاکتیرهاوێژانی سپای پاسدارانەوە تەقەیان لە سەری کرا کە لە سەربانەکانی نزیک شوێنی خۆپیشاندانەکان خۆیان مەڵاس دابوو. کاتێک کە لەم بارەوە لە وەزیری نێوخۆ، عەبدولڕەزا ڕەحمانی فەزڵی، پرسیار کرا ئەو جوابی داوە: "ئێمە تەقەمان لە لاقانیشیان کرد، تەنیا سەریان نەبوو. ئێمە لاقانیشمان هەنگاوت."

ئاشکرا بووە کە بەکارهێنانی هێزی کوشندە دژی خۆپیشاندەران بە ئەمری ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی بووە. بە گوتەی بەرپرسێکی پلەبەرز لە نۆڤامبری ٢٠١٩، ڕیبەری گەورە گوتوویەتی: "هەرچی پێویستە بیکەن، ئەوە ئەمری منە." لە هەندێک ڕوانگەوە، ئەوانی کە بەدەست مرۆڤکوژەکانی ڕێژیم کوژران ڕەنگبێ لە بەختەوەرەکان بن. ئایەتوڵڵاکان بە هەمان شێوە ئەشکەنجەی سیستماتیک بەکار دێنن بۆ نەهێشتنی ناڕەزایەتییەکان و پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان. زیندانییەکان لە دنیای دەرەوە دادەبڕێن و ڕێگایان پێ نادرێ بنەماڵە و هەڤاڵەکانیان ببینن، لێیان دەدرێ، لە برق دەدرێن، بە قامچییان لێیان دەدەن و بێکۆتایی ئەشکەنجە دەکرێن تا دەدان بە هەموو شتێکدا بنێن تا کۆتایی بە ئازارەکەیان بێنن. ددانپێدانانی لەژێر ئەشکەنجە زۆر جار تەنیا بەڵگەن بۆ مەحکووم کردن.

کاتێک کە حوکم دران، تەنانەت ئەگەر ئێعدامیش نەکرێن زیندانییەکان لەوانەیە بکەونە ژێر بێبەزەییانەترین سزا. لە ئێران بڕینی قامک یا دەست بۆ هەندێک تاوان شتێکی ئاساییە. لە ٢٠١٨، سیستمی دادوەریی ئێران حوکمی بڕینەوەی دەستی بۆ پیاوێکی ٣٤ ساڵە پەسند کرد کە گۆیا مەڕی دزیبوو.

ئەوە ڕوخساری ڕاستەقینەی ڕێژیمی تارانە. ئەوە ئەو شتەیە کە خەڵکی بوێری ئێران لەگەڵی دەجەنگێن. ئێمە زۆر دەمێکە

کە چاوەکانی خۆمان نووقاندوون. کاتی ئەوە هاتوە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەین و ببینە هۆی گۆڕانی ڕێژیم.

مەبەست لەوە دەلیل هێنانەوە بۆ شەڕی ئاسایی و دوژمنکاریی ئاشکرا نییە. مەبەست ڕەچاو کردنی سیاسەتێکە کە ئایەتوڵلاکان و دەستوپێوەندییەکانیان فڕێ بدرێنە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە لایەن سەرۆک کۆمار ترامپ سەپێنرانەوە، خەریکن ئابووریی ئێران لێک هەڵدەتەکێنن،
دەزگای تێرۆری ئایەتوڵلاکان مایەپووچ دەکەن و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی لە نێوخۆ. کاردانەوەیان لە بەیرووت، ئەو شوێنەی کە حیزبوڵلای لێیە، هەستی پێدەکرێ و چیدیکە ناتوانێ خۆ بە پارەی ئێرانەوە ڕانێ و لە حەولی ئەوەدایە خۆی نەجات بدا.

**ئەو ڕێچکەیە بەر مەدە، زەختەکە بپارێزە و بە شێوەیەکی سیستماتیک زەختەکە زیاتر بکە.**

بەرەورووی بەکرێگیراوەکانی ئێران لە سەرانسەری خۆرهەلاتی نێوەڕاست ببەوە. بۆ ئەو کارە پێویست بە کەلکوەرگرتن لە هێزی ئاسایی ئەمریکا ناکا. ئەوە پشتیوانیی ئابووری و دارایی هاوپەیمانەکانمان و هەنگاوی ناوەندە هەواڵگرییەکانمان و هێزەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان دەخوازێ. ئێستا، کە ڕێژیمی ئێران لەژێر زەختی ئابلۆقە ئیفلیجکەرەکاندا نەقەی لێبڕاوە، کاتی تێکشکاندنی حوسییەکان، میلیشیاکانی عێراق و بەکرێگراوەکانی دیکەی ئێران هاتوە.

کەمپەینی سۆشیال مێدیاییمان لە نێوخۆی ئێران پەرە پێبدەن. هەنگاوی ئەو دواییانەی ڕێژیمی ئێران بۆ داخستنی ئینتێرنێت لە نێوخۆی وڵات، نیشانی دەدا کە ئایەتوڵلاکان چەندە لە ڕاستییەکان و لەوە کە خەڵکی خۆیان بزانن کە دنیا پشتیوانی خەباتەکەیانە دەترسن. هەوڵ بدەن تا خەڵکی ئێران بزانێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەلاتی نێوەڕاست پشتیوانیانن و داهاتووی ئەوان داهاتوویەکی ئازاد و دوور لە سەرکوت و ترسە.

حزووری پتەوی هێزی سەبازیی ئاسایی لە خۆرهەلاتی نێوەڕاست، کە لەسەر پێوەندی لەگەڵ هاوپەیمانە سەرەکییەکانمان وەک ئیسرائیل، عەرەبستانی سعوودی، کووەیت و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی دامەزراوە بپارێزن. لەگەڵ ئەوەی کە گەمارۆکان دژی مەلاکان لە تاران توندتر دەبن، خۆتان لەوە دڵنیا بکەن کە ئەوان بە تەواوی لەوە تێدەگەن کە هەر شێوە

ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە لایەن ئەوانەوە دەبێتە هۆی تێکشکانی ئەوان. خۆتان لەوە دڵنیا بکەن کە هاوپەیمانەکانمان تێدەگەن کە ئێمە پێداگرین و ئەگەر ئەوان پێویستییان بە ئێمە بێ؛ ئێمە پشتیوانییان دەکەین.

چل ساڵ لەمە پێش، ئێران، کە سەردەمێک بە شێوەی گشتیی سێکۆلار بوو و یەکێک لە نەتەوەکانی خاوەن شارستانیی مەزن بوو، لە لایەن ئەم دڕندانەوە (ڕێژیمەکەی) ڕووخا، تاکوو بۆ شێوەیەکی سەیروسەمەرەی سەردەمی تاریکی بگەڕێننەوە. لە هەموو ئەو کاتەدا، پتر لە جیلێک، خەڵکی ئێران لەژێر مۆتەکەیەکدا ژیاوە شتی وەها مەترسیداری ئەزموون کردوە کە زۆربەی خەڵکی ئەمریکا ناتوانن تەنانەت بیریشی لێ بکەنەوە. ئێستا کاتێکی گونجاوە. کاتی ئەوە هاتوە کە ئەو مۆتەکەیە کۆتایی پێ بێ.

(لە ژمارەی ٧٦٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## لە وڵاتە یەکگرتووەکان توێژینەوە بۆ تاقیکردنەوەی دەرمانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستی پێکرد

**ئاسۆشییەتد پرێس - جاش فانک**

بە گوتەی بەرپرسان لە ڕۆژی سێ شەممە، یەکەم تاقیکاریی کلینیکی لە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری نەوخۆشی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نێبراسکا دەست پێدەکا و چاوەڕوان دەکرێ کە ٤٠٠ نەخۆش لە سەرانسەری دونیا بگرێتەوە.

نیوەی نەخۆشەکان لەو توێژینەوە ناونەتەوەییەدا قەرارە دەرمانی دژە ڤایرۆسی ڕەمدەسیڤیریان پێ بدرێ و نیوەکەی دیکە پلاسیبۆ (واتە خوادرنێک کە دەرمانی تێدا نییە. ئەوە ڕێکارێکی ئاساییە لە کاتی توێژینەوە لەسەر دەرمان بۆ ئەوەی کە بتوانن کاریگەری دەرمانەکە دەرخەن و.). چەندین توێژینەوەی دیکەش، لەناویاندا یەکیان کە هەمان دەرمان بەکار دێنێ، لە ئاستی ناونەتەوەیی لە ئارا دان.

دوکتور ئاندرێ کالیل، کە سەپەرشتی ئەو توێژینەوەیە لە زانستگای پزیشکی نێبراسکا دەکا گوتی کە تاقیکاریی کلینیکی وەک وەڵامێکی خێرا بە تەشەنە کردنی ئەو نەخۆشییە دەستی پێکرد کە لە چینەوە دەستی پێکرد. ئەو نەخۆشانەی کە تووشی کۆڤید - ١٩، ناوی نەخۆشییەکە، بوون و ئاسوەرەکانیان بە شێوەیەکی مامناوەندی لێ دەرکەوتووە مافی ئەوەیان هەیە کە لەو تاقیکارییەدا بەشدار بن.

کالیک گوتی، "ئامانج لێرەدا ئەوەیە کە یارمەتی ئەو کەسانە بکرێ کە زۆرترین پێویستییان پێیەتی."

چواردە کەس کە لە کەشتییەکی گەشتیاریدا لە کەنارەکانی ژاپۆن بوون لە ناوەندی پزیشکیی نێبەاسکادا تیمار دەکرێن. دوازدە کەس لەوانە نەخۆشی کۆڤید ١٩٠ یان هەبوو.

تا ئێستا هیچ چارسەرێک یا واکسەنێک بۆ ئەو ڤایروسە، کە پتر لە ٨٠ هەزار کەس لە سەرانسەری دونیا گیرۆدەی بوون و پتر لە ٢٧٠٠ کەسی پێی مردوون و زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکی چینن، لەبەر دەستدا نییە.

دوکتورەکان شەلەمەنی و ژانکۆژ بە نەخۆشان دەدەن تا ئاسەوارەکانی نەخۆشییەکە کەم بکەنەوە، کە تا، کۆخە و هەناسەسواریی دەگرنە خۆ. ئەو کەسانەی کە نەخۆشییەکەیان قورسە، دوکتورەکان کەڵک لە هەناسەکێشی دەستکرد بۆ یارمەتی هەناسە هەڵکێشان یا دەزگای کە لەدەرەوەی جەستە ئۆکیژەن تێکەڵی خوێن دەکا، وەر دەگرن تا باری سەر دڵ و سییەکان سووکتر بکەن.

لە چین لانیکەم دوو توێژینەوە بەڕێوەن، لە ناویاندا یەکیان کەڵک لە رەمدەسیڤیر وەردەگرێ کە کۆمپانیای گیلیاد سایەنسز درووستی دەکا و ئەوی دیکە تێکەڵاوێک لە دەرمانی دژی ئێچ ئای ڤی (ئەو ڤایروسەی کە دەبێتە هۆی ئایدز) کە پێکهاتووە لە لۆپیناڤیر و ریتۆناڤیر.

لە پێشەکییەکی توێژینەوەیەکدا کە مانگی ڕابردوو بڵاو بۆوە، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی ڕایگەیاند کە رەمدەسیڤیر "یەکێک لە بەکەڵکترین کاندیدەکانە." ئەو بۆ ماوەیەکی کورت، پێش ڕاگرتنی، لەسەر هەندێک لە نەخۆشەکانی تووشبوو بە ئێبۆلا لە کۆنگۆ کەڵکی لێوەرگیرا. بەڵام ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی بە ئاماژە بە هەندێک توێژینەوەی تاقیگایی گوتی کە ئەو دەرمانە دەتوانێ دژی سارس و مەرس، ئامۆژاکانی ئەو ڤاروسە نوێیەش بەکەڵک بێ.

گیلیاد ئەو دەرمانەی بۆ تاقمێکی سنووردار لە نەخۆشان بەکار هێناوە، لە ناویاندا پیاوێک لە واشینگتۆن کە دوای سەفەر بۆ ووهان، ئەو شارەی چین کە ناوەندی سەرهەڵدانی نەخۆشییەکەیە، نەخۆش کەوت. ئەو چیدیکە لە نەخۆشخانە نییە بەڵام ڕوون نییە کە ئاخۆ رەمدەسیڤیر یارمەتی کردووە یا نا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠٢٠

## ڤایرۆسی کۆرۆنا دەتوانێ کۆمەڵگەی ئێران لێک هەڵتەکێنێ

**ئاتلانتیک - گرایام وود**

بیر لەو شانۆ پیرۆزە بەڵام پیسە بکەوە: زیارەتکەر لە دەرزەنێک وڵاتەوە لە شارێکی بچووک کۆ ببنەوە. لە هوتێلی بەرتەسکدا دەمێننەوە، کەلک لە ئاودەستی هاوبەش وەردەگرن و ژەمەکانیان بەیەکەوە دەخۆن. بۆ ڕێوڕەسمی فەرمی، لەسەر گڵکۆی ژنێک، خوشکی پیاوێکی پیرۆز، کۆ دەبنەوە و لە کاتێکدا کە لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، هەست بە بەرزبوونەوەی پەژارەی مەرگی ناوبراو و کەسوکاری دەکەن. پەژارەکە بڕیارێکی ئایینی لە پشتە: بە گوێرەی نەریتێک، هەر فرمێسکێک لەدوای مردن دەبێتە مرواری و کاتێک کە خاوەنەکەی دەگاتە دەروازەی بەهەشت، فریشتەیەک وەک بەڵگەی خۆبەخت کردنی ناوبراو سەتڵێک مرواریدی پێدەدا. بەڵام ئێستا شلەمەنی دەڕژێ و جاروبار بە دەستی ڕووت دەیانسڕنەوە و حەشیمەتەکە زۆرتر و لێک نزیکتر دەبنەوە. گۆڕەکە لەنێو قەفەزەیەکی ئاسنداپە و زیارەتکەرەکان لەکاتی گریاندا دەستی پێوە دەگرن و قامکان لە چوارچێوەکەی قایم دەکەن و زۆربەیان ڕوخساری لێ دەخشێنن و بە هەناسەیان ئاسنەکە هەڵماوی دەکەن. هەندێک لەوان چەند خولەکیان پێ دەچێ و هەندێکیش چەند چرکە. لە تاکە ڕۆژێکدا بە هەزاران کەس بەو شوێنە بەرتەسکەدا تێپەڕ دەبن، هەمان هەوا هەڵدەمژن و دەست لە هەمان شوێن دەخشێنن و، بەو شێوەیە نەخۆشیی نوێ و نامۆ بۆ یەکتر دەگوازنەوە.

شارەکە ناوی قومە و لە ئێران هەڵکەوتوە و، دوو ڕۆژ لەمەپێش کاربەدەستێکی تەندروستی لە تەلەفزیۆنی ئێران ڕایگەیاند کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوێ بڵاو بۆتەوە. لە ٢٤٥ کەس کە گیرۆدە بوون، ٢٦ کەسیان بە نەخۆشیی ڤایروسی کۆرۆنا (کۆڤید - ١٩) مردوون. هەموو زانیارییەکان دەیسەلمێنن کە قوم ناوەندی بڵاو بوونەوەی پەتاکەیە، بەڵام زۆر کەس گومانیان لە ڕاستیی ڕێژەی گیرۆدەبووانە. کاربەدەستێکی دیکە، ئەندام پارلمانێکی شاری قوم، حەوتووی ڕابردوو گوتی کە ٥٠ کەس لە شاری ناوبراو بە کۆڤید - ١٩ مردوون. ئەو ڕێژەیە، ئەگەر ڕاست بێ، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەگەر کۆڤید - ١٩ لە ئێرانیش وەک شوێنی دیکە ٢ تا ٣ لەسەدی تووشبووەکان دەکوژێ، دەبێ تەنیا لە شاری قوم نزیکەی ٢٠٠٠ کەسی دیکە گیرۆدەی ئەو پەتایە بووبن.

زێدەڕۆیی لە ئاستی کارەساتباری ئەو ژمارانە شتێکی دژوارە، نە تەنیا بۆ ئێران بەڵکوو بۆ گشت شوێنێک. قوم پێگەی فێرکاریی شیعەیە، ناوەندی ئایینیی ئێرانە و، بۆیە دینداران لە چوار گۆشەی دنیا ڕووی تێدەکەن. من لە ٢٠٠٩ بابەتێکم

لەسەر مەلایەکی شێعەی لوبنانی لە پاراگووە لە گۆڤاری ئاتلانتیکدا نووسی کە (پێش هاتن بۆ پاراگووە) لە ناوەندێکی زانستی ئایینی لە قوم ببوو. لە شەقامەکانی قوم تۆ گوێت لە فارسی قسە کردن بە گەلێک زاراوە دەبێ، لە ناویاندا تاجیکی و ئەفغانستانی. لە هەندێک لە ڕێستوورانەکان، خزمەتکارەکان بە عەرەبی دەتدوێنن و پۆستەری محەمەد ئەلسەدر، ئایەتوڵڵایەکی بەناوبانگی عێراقی دەبینی کە لە کاتێکدا کە تۆ کەباب دەخۆی چاوت لێدەکا.

قوم وەک دیزنی لەندی شێعە وایە، پڕە لە شوێنی سەرنجڕاکێشی شیعی (بە خواردەمەنی هەرزانبایی لە گشت کەلێن و قوژبنێک) و، ڕەنگبێ ئەو شوبهاندنە باشترین شت بێ تا ئەمریکاییەکان لە گرنگیی بڵاو بوونەوەی ئەو پەتایە تێبگەن. ئاخۆ هەستی ئێمە چۆن دەبێ ئەگەر بۆمان ئاشکرا بێ کە هەزاران کەس لە دیزنی وۆرڵد هەموویان تووشی نەخۆشییەک بن کە زۆر بە ئاسانی بڵاو دەبێتەوە و کە ئەو نەخۆشییە هەندێک جار کوشندەیە و، بۆمان ئاشکرا بێ کە ئەو خەڵکە چەندین حەوتوو هاتوون و ڕۆیشتوون، گەڕاونەوە شارەکانیان و لەگەڵ خەڵکی دیکە تێکەڵ بوون؟

زەینەب توفکەچی بابەتێکی لەبارەی باشی و خراپیی سیستمی دیکتاتۆر لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەساتی ئەوتۆدا نووسیوە. چین دەتوانێ شارێک داخا، دەیان میلیۆن کەس بخاتە قەرەنتینەوە و لێهاتووترین پسپۆڕەکانی ڕێکخا، ڕێگایان پێ بدا کە هەڵمەتێک دژی ئەو نەخۆشییە بە دەسەڵاتی ڕەهای قەیسەرێکەوە دەست پێ بکەن. بەڵام ناتوانێ کەلک لە سوودەکانی متمانەی جەماوەر وەرگرێ، لە نێویاندا لە ڕێگای ڕاگەیاندنی شەفاف و ڕاستگۆیانەی ئاستی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە و ڕێژەی قوربانییانی. لە ئێران، وێدەچێ کە دەوڵەت هەموو کەمایەسییەکانی کۆمەڵگایەکی نائازادی هەبێ و هیچکام لە لایەنە باشەکانی (سیستمێکی ئەوتۆ). چاو لەو ڤیدیۆیە سەرسوڕهێنەرە بکەن، کە لە لایەک کۆمێدییە و لە لایەکی دیکەوە ترسناک، کە لەوێدا کاربەدەستێکی وەزارەتی تەندروستی ئێران، ئیرەج حەریرچی، جەماوەر دڵنیا دەکاتەوە کە دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵدایە، لە کاتێکدا کە ئارەقەی کردوە و بەسەر هاوکارەکانی و گوێگرانیدا دەکۆخێ، چونکە بۆخۆی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.

ئەو تەنیا بەرپرسی پلەباڵا نییە کە تووش بووبێ: ئەمڕۆ، مەعسوومە ئیبتکار، جێگری سەرۆک کۆماری ئێران و ئەندامی بێبەبەزەیی ئەو تاقمە ئێرانییەی کە لە ١٩٧٩ دیپلۆماتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان بە بارمتە گرت، ڕایگەیاند کە ئەویش تووشی نەخۆشی بووە. بە گوێرەی هەواڵەکان ئیبتکار دوێنێ چاوی بە سەرۆک کۆماری ئێران حەسەن ڕۆحانی و کابینەکەی کەوتوە و، ئەگەری ئەوە هەیە کە سەرجەم بەڕێوەبەریی پلەبەرزی ئێرانی، تووشی نەخۆشییەکە کردبێ.

حەریرچی گوتی کە دەوڵەت لە سەپاندنی قەرەنتینە خۆ دەبوێرێ، چونکە ئەوە شتێکی ناکاریگەر و دواکەوتووانەیە.

محەممەد سەعیدی، بەرپرسی زیارەتگای قوم و نوێنەری "ڕێبەری مەزن" لەوێ، نە تەنیا دژبە قەرەنتینە کردنی قومە بەڵکوو داوای لە خەڵک کرد کە زیارەتی ئەوێ بکەن و گوتی "ئەوێ شوێنی شیفا بەخشینە."

لە ئاستێکدا، ناکارامەیی و بەدخوازیی لێک جیا ناکرێنەوە. هەست پێدەکەم لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند جار لەو ئاستە تێپەڕ بووین و، بە تایبەتی ڕێبەریی ئێران جار لە دوای جار لەو ئاستە تێپەڕ دەبن، وەک چۆن ئوتۆمبیلێکی فۆرمول ١، خولەکان تێپەڕ دەکا. "بە هەڵە خستنە خوارەوەی" فڕۆکەیەکی سیڤیل لە مانگی ڕابردوودا و هەوڵەکانیان بۆ شاردنەوەی، یەکێک لە لایەنەکانی ناکارامەیی کوشندەی ئەوانی نیشان دا. ئێرانییەکان حەقیانە کە بیر بکەنەوە ئاخۆ ئەو کارەساتە بە هەمان چەشنە، تراژێدیایەکی ناکارامەیی بەدخوازانە کە لە توانای دەوڵەتدا نییە کۆنترۆڵی بکا.

ڕێکارەکانی قەرەنتینە کردن کە ئێران ڕەتیان دەکاتەوە بێخەوش نین و، دەتوانن شاری قوم بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە ناوزڕاو بکەن. بەڵام دۆخی هەنووکەیی کە وێدەچێ بڵاو بوونەوەی بێکۆنترۆڵی نەخۆشییەکە بگاتە ئاستی پەتایەکی بەربڵاو و، ئێستا بەنرخترین شت کاتە، کات بۆ کۆ کردنەوەی دەرمان، باشتر کردنی دۆخی دیاریکردنی نەخۆشی و پێڕاگەیشتن و، جیهان فێر بکرێ کە چۆن بەرپەرچی پەتایەک بدرێتەوە کە لەوانەیە بە ملیۆن خەڵک بکوژێ. قەرەنتینەی چین وێدەچێ کە کات بۆ ئێمە بە دیاری بێنێ. ئەو شتەی کە لە ئێران بە فیڕۆ دەدرێ.

قەرەنتینە وشەیەکی لاتینە و بە مانای ٤٠ ە، چونکە لە کاتی پەرە ئەستاندنی پەتای تاعوونی ڕەش، ئەو پاپۆڕانەی کە دەگەیشتنە ڤێنیز دەبوو چل ڕۆژ ڕاوەستن پێش ئەوەی کە مەلەوانەکان و کاڵاکان ڕێگایان پێدرابا کە لە پاپۆڕەکە دابەزن. (ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە پەتای تاعوونی ڕەشیش کە بووە هۆی مردنی یەک لەسەر سێی دانیشتووانی ئورووپا، وەک نەخۆشی کۆڤید - ١٩ بۆ یەکەم جار لە پارێزگای هووبەی چین سەری هەڵدا.) چل ڕۆژ ماوەیەکی دوورودرێژە، دوورودرێژتر لە هەر قەرەنتینەیەک کە ئێستا بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرێ کە لە شوێنی سەرهەڵدانی پەتایەکەوە هاتبن.

بەڵام چاوەڕوانی هەر ئەندازەیەک بێ دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ، تەنانەت لە شوێنی ئەوتۆ کە گەلێک لە ئێران لێهاتووتر بن. لە سەرەتای ئەم مانگە، سەردانی هۆنگ کۆنگم کرد. هەموو کەس دەمامکی بە ڕوخسارەوە بوو. لەنێو جەماوەر، هیچ کەس زۆر لێم نزیک نەدەبۆوە، لەنێو ئوتوبووس یا لە پیادەڕۆیە بەرتەسکەکان. دووکاندارەکان هەر چارەگەی جارێک لە دووکانەکانیان دەهاتنە دەر تا دەستگیرە و زەنگی دەرگاکان خاوێن بکەنەوە، نەوەک مشتەرییەکان ڤایرۆسیان لەوێ جێ

هێشتبێ. لەوێ خەڵک بە گشتی هەستیان دەکرد کە ئەرکی کۆنترۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنایان لەسەر شانە. لە هۆنگ کۆنگ هەستی شوناسی جەماوەری و بەرپرسایەتی بەهێزە، ئەوە تا ئێستا بۆتە هۆی پاراستنی تەندروستیی گشتی. من تەنیا چەند ڕۆژێک توانیم دەمامکەکەم لێ بکەمەوە. تەنیا لە نیوەشەو، کاتێک کە کەس لێم نزیک نەبوو، هەستم بە دڵنیایی دەکرد، کە وەک دەعبایەکی پێشێلکاری نەریتی گشتی نیم و بێدەمامک پیاسەم دەکرد.

ئێرانییەکان هەر ئێستا لە دڵەڕاوکەیەکی زۆر بەرچاودان، بە هۆی زەختی ئابووری، سیاسی و سەربازی. ئەوان متمانە بە دەوڵەت ناکەن. دڵەڕاوکە و نیگەرانیی ڕۆژانە هەرچەند خولەک جارێک بەرۆکیان دەگرێ، چ لەبەر ئەوە بێ کە بەهەڵکەوت دەست بۆ لووتیان دەبەن یا دەرگایەک دەکەنەوە، سەرەڕای هەموو شتێکی دیکە، ئەوە دەبێتە بارێکی زۆر قورس بۆ کۆمەڵگە.

داوای زیارەتی قوم، بە بۆچوونی من، کاردانەوەی دەوڵەتێکە کە لە کۆتاییدا دادانی بە کوموکووڕییەکانی خۆیدا ناوە و باوەشی بۆ ڤایرۆسەکە کردۆتەوە. ئەو کاردانەوە سەرشێتانە ئەگەری ئەوەی زیاد کردوە کە تۆش بەم زووانە لەباوەشی بگری.

(لە ژمارەی ٧٦٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## ڤایرۆسی کۆرۆنا: بۆ دەبێ هەر ئێستا کردەوەت هەبێ

### سیاسەتوانان، ڕێبەرانی کۆمەڵگە، ڕێبەرانی بازرگانی: ئێوە دەبێ چی بکەن و کەنگێ؟

**میدیۆم - توماس پوویۆ**

**بەشی یەکەم**

بە لەبەر چاو گرتنی گشت ئەو شتانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕوو دەدەن، لەوانەیە ئەوڕۆ بڕیاردان لە بارەی ئەوەی کە چی بکەین دژوار بێ. دەبوو چاوەڕوانی زانیاریی زۆرتر بی؟ ئەوڕۆ شتێک بکەی؟ چی؟

**ئەوە ئەو شتانەن کە من بەتەمام لەو وتارەدا، بە یارمەتی گەلێک دیاگرام، زانیاریی و مۆدێل لە زۆر سەرچاوەوە باسیان بکەم:**

چەند کەس لە هەرێمی ئێوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن؟

ئەگەر ئەو شتە وەڕاستی گەڕا چی ڕوو دەدا؟
دەبێ چی بکەی؟
کەنگێ؟

کاتێک کە ئەو وتارەت خوێندەوە، بەو ئاکامە دەگەی:

تووشی ڤایروسی کۆرۆنا دەبی.

ئەو بە خێراییەکی لۆگاریتمی دێت: سەرەتا لەسەرخۆ و پاشان لەناکاو.

ئەوە چەند ڕۆژی پێ دەچێ. ڕەنگبێ یەک یا دوو حەوتوو.

بەشی: دووهەم

کاتێک ئەوە ڕوویدا، سیستەمی خزمەتگوزاریی پزیشکی تۆ لە ڕێژەی نەخۆشاندا نوقم دەبێ.

هاووڵاتییانت لە داڵانی نەخۆشخانەکاندا پێڕاگەیشتنیان بۆ دەکرێ.

کارمەندانی بەشی تەندروستی پشتیان لە ژێر ئەو زەختەدا دەچەمێتەوە. هەندێکیان دەمرن.

ئەوان بڕیار دەدەن کە کام نەخۆش ئۆکسیژێنی پێ بدرێ و کامیان بمرێ.

تەنیا ڕێگای پێشگرتن بەو سێناریۆیە دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتییە ئەمڕۆ، نەوەک سبەینێ. ئەمڕۆ.

ئەوە بەو مانایەیە کە هەرچەند کەس کە بۆیان دەگونجێ ئەو کارە بکەن. هەر ئێستا دەست پێبکەن.

وەک سیاسەتوان، ڕێبەرانی کۆمەڵگەکان و ڕێبەرانی بازرگانی، ئێوە دەسەڵات و بەرپرسیاریی پێشگرتن بەو [سێناریۆیەتان] هەیە.

لەوانەیە ئەمڕۆ ترست هەبێ: ئەگەر بەرپەرچدانەوەکەم لەوەی کە پێویستە زیاتر بێ چی؟ خەڵک پێم پێدەکەنن؟ لێم توورە دەبن؟ من گەمژە دەردەکەوم؟ وا باشتر نییە چاوەڕێ بم تا خەڵکی دیکە یەکەم هەنگاو هەڵێنن؟ ئاخۆ زەرەری زۆر بە ئابووری دەگەیەنم؟

بەڵام ٢ تا ٤ حەوتووی دیکە، کاتێک کە هەموو دونیا داخرا، کاتێک کە چەند ڕۆژی بەنرخی خۆ دوور گرتن لە کۆمەڵگە دەبێتە هۆی ڕزگار کردنی ژیانی چەند کەس، چیدیکە خەڵک ڕەخنەت لێ ناگرن: ئەوان بۆ بڕیاری دروست سوپاست دەکەن.

**کەوابوو با دەست پێ بکەین.**

١- چەند کەس لە هەرێمی ئێوە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن؟

تەشەنە کردنی کۆرۆنا لە وڵاتان

## بەشی دووهەم

که وابوو وڵاتێک چی بکا بۆ ئەوەی کە ئامادە بێ؟

چ زەختێک دەکەوێتە سەر سیستەم؟

نزیکەی ٢٠% ی تووشبووان پێویستییان بە چاودێریی لە خۆشخانەیە، ٥% ی دۆخەکان پێویستییان بە پێڕاگەیشتنی چڕ واتە ICU دەبێ، و ٢،٥% پێویستییان بە یارمەتی یەکجار چڕ دەبێ، بە ئامێری ئۆکسیژەن بەخشی دەرەوەی جەستە ECMO.

موشکیلەکە ئەوەیە کە شتی وەک ئامێری یارمەتیدەری هەناسە کێشان و ئامێری ئۆکسیژەن بەخشی دەرەوەی جەستە بە ئاسانی لە کڕین نایەن. بۆ وێنە چەند ساڵ لەمەوبەر، وڵاتە یەکگرتووەکان لە سەر یەک ٢٥٠ ئامێری ئۆکسیژەن بەخشی دەرەوەی جەستەی هەبوون.

کەوابوو ئەگەر لەناکاو ١٠٠ هەزار کەس گیرۆدە بن، زۆر لەوان دەیانهەوێ پشکنینیان بۆ بکرێ. ٢٠ هەزار کەس پێویستییان بە کەوتن لە نەخۆشخانە دەبێ، ٥ هەزار کەس پێویستییان بە ICU دەبێ و هەزار کەس پێویستییان بە ئامێر دەبێ کە ئێمە ئێستا بە پێی پێویست نیمانن. جا ئەوە تەنیا بۆ ١٠٠ هەزار گیرۆدەبوویە.

ئەوە بێجگە لە حیساب کردنی شتی وەک دەمامکە. وڵاتێکی وەک ئەمریکا تەنیا ١%ی دەمامکی پێویستی بۆ ستافی کەرتی تەندروستی هەیە (١٢ میلیۆن لە جۆری N95 و ٣٠ میلیۆن لە جۆری نەشتەرگەری لە بەرامبەر ٣،٥ میلیارد کە پێویستە). ئەگەر خەڵکێکی زۆر بەسەر یەکەوە گیرۆدە بن، تەنیا بەشی ٢ حەوتوو دەمامک هەیە.

وڵاتانی وەک ژاپۆن، کۆرەی باشوور، هۆنگ کۆنگ یا سینگاپور، و هەروەها ناوچەکانی چین لە دەرەوەی هوبەی، ئامادە بوون و پێڕاگەیشتنی پێویستیان پێشکەش بە نەخۆشەکانیان کردووە.

بەڵام باقی وڵاتانی ڕۆژئاوایی وێدەچێ بەرەو دۆخی هوبەی و ئیتالیا بچن. کەوابوو لەوێ چ دەقەومێ؟



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

سیستەمی تەندروستی نوقم بوو لە نەخۆشاندا چۆنە؟

بەسەرهاتەکانی هوبەی و ئیتالیا بە شێوەیەکی سەیر وەک یەک دەچن. هوبەی دوو نەخۆشخانەی بە ١٠ ڕۆژان درووست کرد، بەڵام تەنانەت ئەو کاتیش، بە تەواوی لە نەخۆشاندا نوقم ببوو.

هەردووکیان سکاڵای ئەوەیان دەکرد کە نەخۆش بە لێشاو ڕوویان لە نەخۆشخانان کردووە. ئەوان لە هەموو شوێنێک پێیان ڕادەگەیشتن، لە هۆڵی چاوەڕوانکردن هتد.

کارمەندانی کەرتی تەندروستی چەند کاتژمێر خەریکی ئامێرێکی پارێزەر بوون، چونکە بە ئەندازەی پێویست نەیانبوون. لە ئاکامدا، ئەوان ناتوانن ناوچە گیرۆدەبووەکان دوای چەندین کاتژمێر بەجێ بێڵن. کاتێک کە ئەو کارە دەکەن، ئەوان وشک هەڵاتوون و بێ هێزن. چی دیکە کاری شیفت نەماوە. خەڵکی خانەنشینکراو داوایان لێدەکرێ بگەڕێنەوە سەر کار چونکە پێویستیان پێن. خەڵکانێک کە هیچ شتێک لەبارەی پەرستارییدا نازانن شەوانە ڕاهێنانیان پێدەکرێ تا ئەرکی ئاستەم بگرنە ئەستۆ. هەموو کەس لە سەر کێشکە، هەمیشە.

هەڵبەت، تا ئەو کاتەی کە نەخۆش دەکەون. شتێک کە زۆر دەقەومێ، چونکە ئەوان بەردەوام لە شوێنێکن کە ڤایروسی لێیە، بێ ئەوەی کە بە پێی پێویست شتی خۆ پاراستنیان هەبێ. کاتێک کە ئەوە دێتە پێش دەبێ ١٤ ڕۆژان خۆیان هاوێر بکەن، کە لەو ماوەیەدا ناتوانن هیچ یارمەتییەک بکەن. لە خراپترین دۆخدا، ئەوان دەمرن.

خراپترین شوێن جێگای پێراگەیشتنی چڕە ICU، کاتێک کە نەخۆشەکان دەبێ ئامێری هەناسە کێشان یا ئامێری ئۆکسیژێن بەخشی دەرەوەی جەستە لەگەڵ یەکتر بەش بکەن. لە ڕاستیدا بەش کردنی ئەوان مەحاڵە، بۆیە ستافی کەرتی تەندروستی دەبێ بڕیار بدەن کە کام نەخۆش کەڵکی لێ وەرگرن. ئەوە بە ڕاستی بەو مانایەیە کە کامیان بژین و کامیان بمرن.

پزیشکی ئیتالیایی، کریستیان سالارۆلی: "پاش چەند ڕۆژان، ئێمە دەبێ هەڵبژێرین (...) هەموو کەس ئامێری هەناسە کێشانی پێ نادرێ، ئێمە بە گوێرەی تەمەن و دۆخی تەندروستی بڕیار دەدەین."

هەموو ئەوانە دەبنە هۆی ئەوە کە سیستەمێک ڕێژەی کوژراوانی بگاتە ٤% لە جیات ٥،٠% ئەگەر دەتهەوێ شارەکەت یا

وڵاتەکەت ڕێژەی کوژراوانی بگاتە ٤%، ئەوڕۆ هیچ مەکە.

٣- دەبێ چ بکەی؟

کەوانەکە پان بکەوە

ئێستا لە دۆخی گشتگر داین. ناتوانی پێشی پێ بگری. بەڵام ئەوەی کە دەتوانین بیکەین ئەوەیە کە ئاسەوارەکەی کەم بکەینەوە.

هەندێک وڵات لەو ڕوانگەوە نموونە بوون. لە هەمووان باشتر تایوانە، کە پێوەندی لە ڕاددەبەدەری لەگەڵ چین هەیە و سەرەڕای ئەوەش کەمتر لە ٥٠ دۆخی هەن. ئەو نووسراوە سەرجەم ڕێگاچارەکانی کە لە سەرەتادا گیرانە بەر شی دەکاتەوە، کە لە بارەی هاوێر کردندایە.

ئەوان توانیویانە کە هاوێری بکەن، بەڵام زۆربەی وڵاتان ئەزموونیان نەبوو و نەیانکرد. ئێستا، کایەیەکی جیاواز دەکەن: سنووردار کردن. ئەوان پێویستیانە توانایی هێرشبەریی ئەو ڤایروسە تا دەکرێ کەم بکەنەوە.

ئەگەر ئێمە بتوانین هەو کردنەکان تا ئەو جێیە کە دەکرێ کەم بکەینەوە، سیستەمی تەندروستی ئێمە دەتوانێ زۆر باشتر بە نەخۆشەکان ڕا بگا، کە دەبێتە هۆی دابەزاندنی ڕێژەی کوژراوان. و ئەگەر ئێمە ئەوەی بە سەر کاتدا دابەش بکەین، ئێمە دەگەینە دۆخێک کە باقی کۆمەڵگە بتوانێ پێکوتە (واکسین) بکرێ، کە کۆی هەرەشەکە لەناو دەبات. کەوابوو ئامانجی ئێمە لەناو بردنی گیرۆدە بوون بە ڤایروسی کۆرۆنا نییە. بەڵکو ئامانج ئەوەیە کە وەدوای بخەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ و ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

## ئاخۆ ڕێژیمی ئێران دەتوانێ خۆی لە ڤایروسی کۆرۆنا دەرباز بکا؟

**نەیشنال ریڤیو - ئیلان بەرمان**

لە ئێران هەڵاوسانی ئابووری لە زیادبوونە. ناڕەزایەتیی جەماوەری و قەیرانێکی ژینگەیی خەریکی پەرەسەندنن. تەنانەت پێش بڵاوبوونەوەی ڤایروسی کۆرۆنا لە چەند حەوتووی ڕابردوودا، ڕێژیمی ئێران لەژێر زەختی گیروگرفتە نێوخۆییەکاندا، کە هەڕەشە لە یەکگرتوویی کۆماری ئیسلامیی دەکەن، چەمابۆوە.

بەڵام بە سەرهەڵدانی نەخۆشی کۆڤید - ١٩، دۆخەکە بۆ کۆماری ئیسلامی زۆر زۆر خراپتر بووە، بە شێوەیەک کە هیچ دوور نییە ڕێژیمی ئێران لەژێر ناتەباییە نێوخۆییەکانی خۆیدا تێکڕووخێ. هۆیەکەی ئەوەیە کە بۆ ئایەتوڵڵاکانی ئێران، ڤایروسی کۆرۆنا دەتوانێ هێمای "قازی ڕەش" بێ (ڕووداوێک کە ئاسەواری گەلێک مەزن و چاوەڕوان نەکراوی هەیە).

ئەو دەستەواژەیە، دوای کەڵکوەرگیرانی لە لایەن نووسەر نەسیم نیکۆلاس تالیب ناوبانگی دەرکرد کە لە پەرتووکێکدا بە هەمان ناو لە ٢٠٠٨، ئاماژە بە ڕووداوی چاوەڕواننەکراو کە ناشێ بە شێوەی عەقڵانی پێشبینی بکەی، بەڵام ئاسەواری گەلێک بەرچاو و تەنانەت کارەساتباری بەدواوەیە. کۆڤید - ١٩ هەمان شتە بۆ ئێران.

گیروگرفتەکە بە ناسەقامگیر بوونی باری تەندروستیی چینی دەسەڵاتداری ئێران دەست پێدەکا. تاقمی سەرووی ڕێبەریی ئێران هێندە بەساڵداچوو و ناسالمە، و ڤایروسی کۆرۆنا بەتایبەتی بۆ ئەو تاقمە کوشندەیە. لە چواری مانگی مارس (چواردەی ڕەشەمە)، ڕۆژنامەی واشینگتۆن پۆست باسی ئەوەی کرد کە "نزیکەی دوو دەرزەن لە ئەندامانی پارلمانی ئێران و لانیکەم ١٥ کەس لە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی پێشوو" تووشی ئەو نەخۆشییە بوون. لەو کاتەوە ئەو ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، بە هەمان شێوە قوربانیانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامیی لە زیاد بوونن. تا ئەمڕۆ، زانراوە کە ڤایروسەکە گیانی موحەممەد موحەممەدی، ڕاوێژکارێکی ڕێبەری گەورە، عەلی خامەنەیی؛ جێگری وەزیری ناوخۆی پێشوو، حوسێن شێخولئیسلامی، نوێنەری پارلمان موحەممەد عەلی ڕەمەزانی دەستەکی گرتوە و فاتیمە ئیبتیکار و لانیکەم سێ کاربەدەستی دیکەش گیرۆدە بوون. چاوەڕوان دەکرێ کە لە ڕۆژانی داهاتوو خەڵکی زۆرتر تێدا بچن.

بەڵام ڤایروسی کۆرۆنا تێچووی لەوەش مەزنتری بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی هەبووە، چونکە ئاشکرای کردوە کە نوخبەی

بەڕێوەبەریی مەلاکان، کەسانێکی ناکارامە و دوورەدەستن. وڵات ئێستا لەنێو گێژاوی مەزنی قەیرانی سیاسی و تەندروستیدایە. ئەوە نەتەنیا ناکارامەیی دەوڵەتی ئێرانی بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسەکە ئاشکرا نەکردوە، بەڵکو تاوانی شاردنەوە و بچووککردنەوەی ئاستی ڕاستەقینەی تەشەنەکردنەکەشی خستۆتە بەر چاوی هاووڵاتیان.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی زانکۆی جان هاپکینز، ئێران سێهەمین وڵاتی دونیا، پاش چین - وڵاتێک کە ڤایروسەکە لەوێوە سەرچاوەی گرت، و ئیتالیا، لە بواری ڕێژەی گیرۆدەبووانی پەتای کۆرۆنایە. بەڵام ڕێژەی تووشبووە ئێرانییەکان کە تا ئێستا ڕاگەیەنراوە (کە لە کاتی نووسینی ئەو وتارەدا دەڵێن ١٠ هەزار کەسە) وێدەچێ زۆر کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینە بێ. بە گوێرەی ئەو زانیارییە کە لەبارەی دۆخەکان لەبەردەست دایە، بە ئەو دۆخانەشەوە کە تووشبوونی سیاسەتوانە ئێرانییەکانیش دەگرێتەوە، چاودێرانی دەرەکی دەڵێن کە ئاماری ڕاستەقینەی تووشبووانی ڤایروسی کۆرۆنا لە ئێران لەوانەیە چەند قات زیاتر بێ.

هەڵبەت ڕێژیمی ئێران، هەموو هەوڵی خۆی لەکار کردوە تا ئاستی ڕاستەقینەی ئەو قەیرانە، کە ئێستا هەموو وڵاتی گرتۆتەوە، کەم نیشان بدا. بەڵام ئەو ڤیدۆیانە کە لە سۆشیال میدیادا لە بارەی ڤایروسی کۆرۆنا بڵاو بوونەوە، نیشان دەدەن کە خەڵکی لە سەرانسەری وڵات لە شەقامەکاندا کەوتوون، و کارمەندانی کەرتی تەندروستی کە داوای یارمەتیی نێونەتەوەیی دەکەن. ڕاست بەدوای هەڵەی بەرچاوی سیاسی، خستنە خوارەوەی فڕۆکە ئوکراینییەکە لە ٨ی ژانوییە (١٨ی بەفرانبار) لە تاران، گزەی دەوڵەتی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڤایروسی کۆرۆنا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ڕێبەرەکانی ئەو ڕێژیمە دوورەدەست، دابڕاو و بەکورتی ناکارامەن.

بەڵام ڤایروسی کۆرۆنا بۆ ئایەتوڵڵاکانی ئێران تەنیا قەیرانێکی سیاسی نییە، ئەوە شکستێکی مەزنیشە بۆ ڕەوایی ئایدیۆلۆژیکی ئەوان. ناوەندە ئایینییەکانی وڵات (وەک شاری پیرۆزی قوم) ناوەندی بڵاو بوونەوەی نەخۆشییەکە بوون و بەکاوەخۆیی لە ڕاددەبەدەری ڕێژیم بۆ وڵامدانەوە بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە لەو شوێنانە، هێندەی دیکەش کەلێن و دابڕانی نێوان دامەزراوە ئایینییەکان و دانیشتووانی ئاشکرا کردوە. مەهدی خەلەجی کە لە ئەنستیتۆی واشینگتۆن کار دەکا، دەڵێ لەو ساڵانەی دواییدا کاربەدەستە ئایینییەکانی ئێران "لێبڕاوانە پزیشکیی مۆدێرنیان ڕەت کردۆتەوە و برەویان بە "پزیشکیی ئیسلامی" وەک زانستی ڕاستەقینەی پشتئەستوور بە زانستی ئیلاهی داوە". ئەمڕۆ، ئەو سیاسەتە ئاسەوارە کارەساتبارەکانی لە سەر تەندروستی وڵات بە گشتیی دەرکەوتوە.

ئاخۆ ڕێژیمی ئێران دەتوانێ خۆی لە قەیرانی هەنووکەیی دەرباز بکا؟ لەوانەیە. بەڵام هیچ بەدوور نییە بیر بکەینەوە کە،



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

پێش کۆتاییهاتنی ئەو پەتایە، ڤایروسی کۆرۆنا ئەو شتە دەستەبەر بکا کە چەندین ساڵە هەڵسوکەوتە ڕۆژئاواییەکان نەیانتوانیوە بیکەن: تێکڕمانی ڕێژیمی مەلایان لە تاران. هیچ نەبێ هەر ئێستا توانیویەتی کە دوایین نیشانەکانی ڕەوایی ڕێژیم لەنێو بەرێ.

(لە ژمارەی ٧٧٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠٢٠

# دونیا دوای ڤایرۆسی کۆرۆنا*

## یوڤال نووح هەراری

ئەو باهۆزە تێدەپەڕێ. بەڵام ئەو بژارەیانەی کە ئێستا هەڵیان دەبژێرین دەتوانێ ژیانەکان بۆ ساڵانی داهاتوو بگۆڕێ.

مرۆڤایەتی ئەمڕۆ تووشی قەیرانێکی جیهانی بووە. ڕەنگبێ مەزنترین قەیرانی جیلی ئێمە. ئەو بڕیارانەی کە خەڵک و دەوڵەتەکان لە چەند حەوتووی داهاتوودا دەیدەن، ڕەنگبێ فۆرمی دونیا بۆ ساڵانی داهاتوو دیاریی بکەن.ئەوان تەنیا شێوەی سیستەمی تەندروستی ئێمە دیاریی ناکەن بەڵکو ئابووری، سیاسەت و کولتوری ئێمەش دیاریدەکەن. ئێمە دەبێ خێرا و یەکلاکەرەوە بجووڵێینەوە. ئێمە بەهەمان شێوە دەبێ ئاسەوارە درێژخایەنەکانی بڕیارەکانیشمان لەبەر چاو بێ. کاتێک لە نێوان بژارەکان هەڵدەبژێرین، دەبێ نە تەنیا لەخۆمان بپرسین کە چۆن بەسەر هەڕەشە هەنووکەییەکەدا زاڵ بین، بەڵکو هەروەها کاتێک کە ئەو باهۆزە تێپەڕی، دەمانهەوێ لە چ جۆرە دونیایەکدا بژین. بەڵێ، باهۆزەکە تێپەڕ دەبێ، مرۆڤایەتی زیندوو دەمینێتەوە، زۆربەی ئێمە هەروا دەژین، بەڵام لە دونیایەکی جیاوازدا دەژین.

گەلێک لە ڕێگاچارە کورتخایەنە نائاساییەکان دەبنە بەشێکی جیانەبۆوە لە ژیان. ئەوە سروشتی شتە نائاساییەکانە. ئەوان پرۆسەی مێژوویی خێرا بەرەو پێشەوە هەڵدەسوڕێنن. ڕیاراتێک کە لە دۆخی ئاساییدا دەتوانن چەندین ساڵ لێوردبوونەوە بخوازن تا پەسەند بکرێن، لە ماوەی چەند کاتژمێردا بڕیاریان لەسەر دەدرێ. تەکنەلۆژی کاڵ و مەترسیدار پاڵیان پێوە دەنرێ بۆ کەڵک لێوەرگیران، چونکە مەترسی بێکردەوەیی مەزنترە. وڵاتان بە تەواوی دەبنە مشکی تاقیگا لە تاقیکردنەوەی زەبەلاحی کۆمەڵایەتیدا. چ دەقەومێ ئەگەر هەموو کەس لەماڵێڕا کار بکەن و تەنیا لەدوورەوە پێوەندی لەگەڵ یەکتر بگرن؟ چ دەقەومێ ئەگەر هەموو قوتابخانە و زانکۆکان بە شێوەی ئانلاین (لەسەر ئینتەرنێت) بەڕێوە بچن؟ لە کاتی ئاساییدا، دەوڵەتان، ناوەندە پیشە سازییەکان و کۆڕی پەروەردە هەرگیز بۆ بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەی ئەوتۆ ڕەزامەندیی نادەن. بەڵام ئێستا کاتێکی ئاسایی نییە.

لە کاتی قەیرانی وەک ئێستادا، ئێمە بەرەوڕووی دوو بژارەی گرینگ دەبینەوە. یەکیان لە نێوان چاودێریی سەرەڕۆیانەیە و خاوەن دەسەلات بوونی شارۆمەندان. ئەوی دیکە لە نێوان تەریک کەوتنەوەی ناسیۆنالیستی و هاوپشتیی جیهانی.

## چاودێریی لەژێر پێستەوە

بۆ وەستاندنی پەتایەکە، پێویستە سەرجەم دانیشتووان ملکەچی هەندێک ڕێنمایی بن. دوو ڕێگا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەن. یەکیان ئەوەیە کە دەوڵەت خەڵک بێنێتە ژێر چاودێریی، و ئەو کەسانە سزا بدا کە یاساشکێنی دەکەن. ئەمڕۆ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا، تەکنەلۆژی ئەو دەرفەتەی ڕەخساندووە کە هەموو کەس لە هەموو کاتدا بکەونە ژێر چاودێریی. پەنجا ساڵ لەوەپێش، کەی جی بی نەیدەتوانی ٢٤٠ میلیۆن شارۆمەندی سۆڤیەت ٢٤ کاتژمێری شەو و ڕۆژ لە ژێر چاودێریی بگرێ، کەی جی بی نەشێدەتوانی هیوادار بێ کە بە شێوەیەکی کاریگەر زانیاریی کۆکراوە وەرد بداتەوە. کەی جی بی پشت ئەستوور بە مرۆڤی سیخوڕ و شیکاریکەرەوە بوو و نەیدەتوانی بۆ هەر شارۆمەندێک مرۆڤێکی سیخوڕ تەرخان بکا. بەڵام ئێستا دەوڵەتان دەتوانن لەجیات جندۆکەی خاوەن گۆشت و خوێن پشت بە تۆمارگەری بێتەل کە لە گشت شوێنێک هەن و ئەلگۆریتمی بەهێز ببەستن.

لە خەباتیان دژی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند دەوڵەت هەر ئێستا کەڵکیان لە ئامرازی نوێ وەرگرتووە. یەکێک لە بەرچاوترینیان لەو بوارەدا چینە. بە چاودێریی موبایلی زیرەکی خەڵک لە نزیکەوە، بە کەڵکوەرگرتن لە سەدان میلیۆن کامێرای ڕوخسارناس، و ناچار کردنی خەڵک بە کۆنترۆڵکردن و ڕاگەیاندنی گەرمای لەشیان و دۆخی تەندروستییان، کاربەدەستانی چینی نەتیا دەتوانن خێرا هەڵگرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەستنیشان بکەن، بەڵکو شوێنپێی هاتووچۆی ئەوان هەڵگرن و ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن کە پێوەندییان پێوە هەبووە. تاقمێک ئاپی موبایل شارۆمەندان لەبارەی نەخۆشی گیرۆدەبوو لە نزیکی ئەوان وریا دەکەنەوە.

ئەو جۆرە تەکنەلۆژییە تەنیا تایبەتی ئاسیا نییە. سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو، لەو دواییانەدا ئیزنی داوە بە دامودەزگای سیخوڕیی ئیسرائیل کە کەڵک لە تەکنەلۆژی چاودێریی بۆ دیتنەوەی نەخۆشانی ڤایرۆسی کۆرۆنا وەرگرێ کە لە دۆخی ئاساییدا بۆ خەبات دژی تەرۆریستان تەرخان کراوە. کاتێک کە کۆمیسیۆنی پارلمانیی پێوەندیدار خۆی لە پەسەند کردنی کەڵکوەرگرتن لەو ڕێکارە بوارد، ناتانیاهو خێرا بە کەڵکوەرگرتن لە "بڕیاری دۆخی نائاسایی" پەسەندی کرد.

لەوانەیە بڵێی هچکام لەوانە شتی تازە نین. لەو چەند ساڵەی دواییدا هەر دوو دەوڵەتان و کۆمپانیاکان کەڵکیان لە تەکنەلۆژی هەرە پێشکەوتوو بۆ شوێنهەڵگرتن، چاودێریی و دەستکاریکردنی خەڵک وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر وریا

نەبین، لەوانەیە پەتایەکە ببێتە هێڵێکی جیاکەرەوە لە مێژووی چاودێرییدا. تەنیا لەبەر ئەوەی نا کە لەوانەیە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازی چاودێریکردنی جەماوەریی لە وڵاتانێک کە ڕەتیان کردۆتەوە ئاسایی بکا، بەڵکو تەنانەت زۆرتر لەبەر ئەوەی کە نیشاندەری گواستنەوەی دراماتیکی چاودێریی "سەر پێست" بۆ چاودێریی "ژێر پێست"ە.

تا ئێستا، کاتێک کە تۆ قامکت لە بەستەرێک لە سەر موبایلە زیرەکەکەت دەدا، دەوڵەتەکەت دەیهەویست بزانێ دەقاودەق قامکت لە سەر چی داوە. بەڵام لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا، خاڵی جێگای سەرنج دەگوازرێتەوە. ئێستا دەوڵەت دەیهەوێ گەرمای قامکت و زەختی خوێنی ژێر پێستەکەی بزانێ.

## محەللەبی بواری نائاسایی

یەکێک لەو گیروگرفتانەی کە لە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڵوێستی ئێمە لە پێوەندیی لەگەڵ چاودێریی بەرەوڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە هیچکام لە ئێمە نازانین کە چۆن چاودێریی دەکرێین، و لە ساڵانی داهاتوودا بەرەوڕووی چی دەبینەوە. تەکنەلۆژی چاودێریی بە خێراییەکی بەرچاو گەشە دەکا، و ئەوەی کە ١٠ ساڵ پێش ئێستا وەک ساینس - فیکشن (چیرۆکی خەیاڵیی) دەهاتە بەرچاو ئەوڕۆ هەواڵی کۆنە. وەک تاقیکردنەوەیەک، بیر لە دەوڵەتێکی گریمانەیی بکەوە کە داوا لە سەرجەم شارۆمەندانی دەکا کە بازنەیەکی بایۆمێتریکی لە دەستی بکەن کە گەرمای جەستە و ڕێژەی لێدانی دڵ ٢٤ کاتژمێری شەو و ڕۆژ بخاتە ژێر چاودێریی. ئاکامی زانیارییەکە لەسەر یەک کەڵەکە دەکرێ و بە ئەلگۆریتمەکانی دەوڵەت لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. ئەلگۆریتمەکان تەنانەت پێش ئەوەی کە بۆخۆت بزانی دەزانن کە ئاخۆ تۆ نەخۆشی یانا، و ئەوان هەروەها دەزانن کە لە کوێ بووی و چاوت بە کێ کەوتووە. زنجیرەی تووشبووەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کورت دەکرێنەوە و تەنانەت بە تەواوی لێک هەڵدەبڕێن. سیستەمی ئەوتۆ دەتوانن بە پێی بەڵگە لە ماوەی چەند ڕۆژدا پەتاکە بوەستێنن. ئەوە گەلێک خۆشە، وانییە؟

هەڵبەت، لایەنی خەراپی ئەو شتە، ئەوەیە کە دەتوانێ ڕەوایی بداتە سیستەمێکی چاودێریکەری ترسناک. بۆ وێنە، ئەگەر تۆ بزانی کە من لە جیات کرتە کردن لەسەر بەستەری "سی ئێن ئێن"، لەسەر بەستەری "فاکس" کرتەم کردووە، ئەوە دەتوانێ شتێک لە سەر ڕوانگەی سیاسی من و ڕەنگبێ تەنانەت کەسایەتی منیش فێری تۆ بکا. بەڵام کاتێک تۆ بتوانی چاودێریی گەرمای جەستەی من، زەختی خوێن و ڕێژەی لێدانی دڵی من، لە کاتێکدا کە چاو لە گرتە ڤیدیۆیەک دەکەم، بکەی، دەتوانی بزانی چ شتێک من وەپێکەنین دەخا، چ شتێک دەمگریێنێ، و چ شتێک من زۆر زۆر تووڕە دەکا.

ئەوە گەلێک گرینگە کە لەبیرت بێ کە تووڕەیی، خۆشی، وەڕەزیی و ئەوین دیاردەی بایۆلۆژیکین هەر وەک تا و کۆخە. ئەو تەکنەلۆژییەی کە کۆخە دەستنیشان بکا دەتوانێ پێکەنینیش دەستنیشان بکا. ئەگەر کۆمپانیاکان و دەوڵەتەکان دەست بە دروێنەی زانیاریی بایۆمێتری بەسەر یەکەوە بکەن، دتوانن ئێمە زۆر لە خۆمان باشتر بناسن، و نە تەنیا دەتوانن پێشبینی هەستەکانمان بکەن بەڵکو دەستکاریی هەستەکانمان بکەن و هەر شتێکی بیانهەوێ پێمانی بفرۆشن، جا بەرهەمێک بێ یا سیاسەتوانێک. چاودێریی بایۆمێتریک، تاکتیکەکانی هاک کردنی زانیاریی لە لایەن کەمبریج ئانالیتیکا* وەک شتێکی سەردەمی چاخی بەردین دەنوێنێ. بێر لە کۆرەی باکوور لە ٢٠٣٠ بکەوە، کاتێک کە هەر شارۆمەندێک ناچارە ٢٤ کاتژمێر لە شەو و ڕۆژدا بازنەی بایۆمێتری لە دەستی بکا. کاتێک کە گوێ لە وتاری ڕێبەری مەزن دەگری و بازنەکە وەک شۆفارە هەموو نیشانەکانی تووڕەیی تۆ بگوێزێتەوە، ئیتر ڕزگاریت نابێ.

هەڵبەت تۆ دەتوانی بڵێی چاودێریی بایۆمێتری وەک ڕێگاچارەیەکی کاتیی لە دۆخی نائاساییدا شتێکی باشە. کاتێک کە دۆخی نائاسایی تێپەڕ بوو ئەویش نامێنێ. بەڵام ڕێگاچارەی کاتیی نەرێتێکی خراپیان هەیە کە پاش دۆخی نائاسایی دەمێننەوە، بەتایبەتی کە هەمیشە دۆخێکی نوێی نائاسایی لە ئاسۆدا خۆی مەڵاس داوە. بۆ وێنە زێدی من ئیسڕائیل، لە کاتی شەڕی سەربەخۆیی لە ١٩٤٨ دۆخی نائاسایی ڕاگەیاند، کە ڕەوایی بە ڕێزێک ڕێگاچارەی کاتی وەک سانسۆڕی چاپەمەنی و داگیرکردنی خاک تا یاسای تایبەتی بۆ دروستکردنی محەلەبی (گاڵتە ناکەم) دا. شەڕی سەربەخۆیی زۆر دەمێکە براوەتەوە، بەڵام ئیسڕائیل هەرگیز کۆتایی دۆخی نائاسایی ڕانەگەیاند و لە کۆتاییهێنان بە زۆر لە ڕێگاچارە "کاتییەکان"ی ١٩٤٨ شکستی هێناوە (بڕیاری دۆخی نائاسایی محەلەبی بە میهرەبانییەوە ٢٠١١ کۆتایی پێهات).

تەنانەت کاتێک کە گیرۆدەبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بگاتە سیفر، هەندێک دەوڵەتی برسی بۆ زانیاریی دەتوانن دەلیل بێننەوە کە پێویستییان بە هێشتنەوەی سیستەمی چاودێری بایۆمێتری هەیە چونکە ئەوان لە شەپۆلی دووهەمی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەترسن، یا چونکە جۆرێکی نوێی ئێبۆلا لە ناوەندی ئەفریقا هەیە، یا چونکە... تۆ دەزانی مەبەسم چییە. شەڕێکی مەزن لەو ساڵانەی دواییدا لەسەر سەروەریی کەسایەتییێمە لە ئارا دابووە. قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەتوانێ خاڵی یەکلاکەرەوەی شەڕەکە بێ. چونکە کاتێک کە خەڵک لەبەرامبەر بژارەی سەروەریی کەسایەتی و تەندروستیدا دەبێ یەکیان هەڵبژێرن، زۆر جار تەندروستی هەڵدەبژێرن.

## پۆلیسی سابوون

داوا لە خەڵک کردن کە لە نێوان سەروەریی کەسایەتی و تەندروستی یەکیان هەڵبژێرن، لە ڕاستیدا، ڕیشەی کێشەکەیە.

چونکە ئەوە هەڵبژاردنێکی ساختەیە. ئێمە دەتوانین و دەبێ خاوەنی هەردوو سەروەریی کەسایەتی و تەندروستی بین. ئێمە دەتوانین هەڵبژێرین کە پارێزگاریی لە تەندروستی خۆمان بکەین و پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بوەستێنین، نە بە دامەزراندنی ڕژێمی سەرەڕۆی چاودێریکەر، بەڵکو بە خاوەن دەسەڵاتکردنی شارۆمەندان. لەو حەوتووانەی دواییدا، هەندێک لە سەرکەوتووترین هەوڵەکان بۆ سنووردار کردنی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە لایەن کۆرەی باشوور، تایوان و سینگاپورەوە بەڕێوە چوون. لە کاتێکدا کە ئەو وڵاتانە تا ڕاددەیەک کەڵکیان لە ئاپی شوێنهەڵگر وەرگرتووە، ئەوان زۆرتر پشتیان بە تاقیکاریی بەرچاو، باسکردنی ڕاستگۆیانە و ویستی هاریکاریکردنی جەماوەرێکی خاوەن زانیاریی بەستووە.

چاودێریکردنی ناوەندگەرا و سزادانی توند تەنیا ڕێگای ناچار کردنی خەڵک بۆ ڕەچاو کردنی ڕێکاری بەسوود نین. کاتێک کە بەڵگەی زانستی پێشکەشی خەڵک بکرێ، و کاتێک خەڵک متمانە بە دامودەزگا حکوومییەکان بکەن کە ئەو زانیارییەیان دەدەنێ، شارۆمەندا دەتوانن تەنانەت بێ چاودێریی براگەورە کاری دروست بکەن. جەماوەرێکی خاوەن ویستی خۆڕسک و پۆشتە بە زانیاریی پێویست، زۆر لە دانیشتووانی نەزان و بە هێزی پۆلیس بەڕێوەچوو بەهێزتر و بە بڕشتترن.

بۆ وێنە، بڕوانە شۆردنی دەست بە سابوون. ئەوە یەکێک لە مەزنترین پێشکەوتنەکانی پاک و خاوێنی مرۆڤ بووە. ئەو کارە ساکارە هەموو ساڵێ گیانی میلیۆنان کەسی ڕزگار کردووە. لە کاتێکدا کە ئێمە بە شتێکی ئاسایی دەزانین، ئەوە تەنیا لە سەدەی ١٩ دابوو کە زانایان گرینگی شۆردنی دەست بە سابوونیان بۆ دەرکەوت. پێشووتر، تەنانەت پزیشک و پەرستاران لە نەشتەگەرییەکەوە دەچوونە سەر نەشتەرگەرییەکی دیکە بێ ئەوەی کە دەستانیان بشۆنەوە. ئەورۆ بە میلیارد خەڵک ڕۆژانە دەستانیان دەشۆن، نە لەبەر ئەوەی کە لە پۆلیسی سابوون بترسن، بەڵکو زۆرتر لەبەر ئەوە کە ئەوان لە ڕاستییەکان تێگەیشتوون. من بۆیە دەستانم بە سابوون دەشۆم چونکە  شتم لە بارەی ڤایرۆس و باکتریدا بیستووە، من تێدەگەم کە ئەو زیندەوەرە ورتکەڵانە دەبنە هۆی نەخۆشی، و دەزانم کە سابوون ئەوان لەناو دەبا.

بەڵام بۆ گەیشتن بە ئەو ڕاددە لە گوێڕایەڵی و هاوکاری، پێویستیت بە متمانەیە. خەڵک پێویستیانە متمانە بە زانست بکەن، متمانە بە دامودەزگا حکوومییەکان بکەن، و متمانە بە ڕاگەیاندنەکان بکەن. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتوانی ناپەرپرس بە ئانقەست متمانە بە زانست، دامودەزگا حکوومییەکان و ڕاگەیاندنەکانیان بنکۆڵ کردووە. ئێستا هەر ئەو سیاسەتوانە نابەرپرسانە لەوانەیە خولیای گرتنە بەری ڕێبازی سەرەڕۆیانە بن، و دەلیل بێننەوە کە ناکرێ متمانە بە جەماوەر بکرێ کە کاری دروست بکات.

ئاساییە کە متمانە کە بە درێژایی چەند ساڵان بنکۆڵ کراوە ناتوانێ بە شەوێک وەدەست بێتەوە. بەڵام ئێستا کاتێکی

ئاسایی نییە. لە کاتی قەیراندا، بۆچوونیش دەتوانێ خێرا بگۆڕدرێ. تۆ دەتوانی چەندین ساڵ لەگەڵ خوشک و برات شەڕە دندووکەی تاڵت هەبێ، بەڵام کاتێک دۆخی نائاسیی دێتە پێش، لەناکاو دەریایەکی شاراوەی متمانە و دۆستایەتیت بۆ دەردەکەوێ و ئێوە بریار دەدەن کە یارمەتی یەکتری بکەن. لەجیاتی دروستکردنی ڕێژیمێکی چاودێریکەر، هێشتا درەنگ نەبووە متمانەی خەڵک بە زانست، بە ناوەندە حکوومییەکان و بە ڕاگەیاندنەکان پتەو بکەنەوە. بێگومان ئێمە دەبێ یارمەتی لە تەکنەلۆژی نوێش وەرگرین، بەڵام ئەو تەکنەلۆژییانە دەبێ شارۆمەندان خاوەن دەسەڵات بکەن. من بە تەواوی لەگەڵ ئەوەم کە چاودێری گەرمای جەستە و زەختی خوێنم بکرێ، بەڵام ئەو زانیارییە نابێ بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فرە بەهێز کەلکی لێوەرگیرێت. لەجیاتان، ئەو زانیارییە دەبێ من وا لێ بکا کە بژارەی پشبەستوو بە زانیاریی زۆرتر هەڵبژێرم، و هەروەها دەوڵەتیش بۆ بڕیارەکانی خۆی بەرپرسیار بکا.

ئەگەر من بتوانم ئاستی بواری تەندروستی خۆم لە ٢٤ کاتژمێری شەو و ڕۆژدا بزانم، نە تەنیا دەزانم کە ئاخۆ بوومە جێگای مەترسی بۆ خەڵکی دیکە، بەڵکو هەروەها ئەوەشم بۆ دەردەکەوێ کە کام نەریتانە یارمەتی بە تەندروستی من دەکەن. و ئەگەر بتوانم دەستم بە ئاماری جێ متمانە لە بارەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕا بگا و بتوانم شەنوکەوی بکەم، دەتوانم بریار بدەم کە ئاخۆ دەوڵەت ڕاستییەکان بە من دەڵێ و ئاخۆ سیاسەتی دروست بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ پەتایەکە دەگرێتە بەر. هەرکات خەڵک باسی چاودێریی دەکەن، لەبیرمان بێ کە هەمان تەکنەلۆژی چاودێریی زۆر جار دەتوانێ نە تەنیا بۆ چاودێریکردنی تاکەکان لە لایەن دەوڵەتەوە کەڵکی لێوەرگیرێت، بەڵکو لە لایەن تاکەکانەوە بۆ چاودێریکردنی دەوڵەتەکان کەڵکی لێوەرگیرێت.

بۆیە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا تاقیکارییەکی مەزنی شارۆمەندانە. لە ڕۆژانی داهاتوودا، هەرکام لە ئێمە دەبێ هەڵبژێرین کە ئاخۆ متمانە بە زانیاریی زانستی و پسپۆڕانی بواری تەندروستی دەکەین یا تیۆرییە بێ بنەماکانی پیلان و سیاسەتوانە خۆویستەکان. ئەگەر ئێمە لە بڕیاردانی دروست شکست بێنین، لەوانەیە بەڵگەی بەخشینی بەنرخترین ئازادییەکانمان واژۆ بکەین، لەو باوەڕەدا کە ئەوە تەنیا ڕێگای پارێزگاریی لە تەندروستیمانە.

### ئێمە پێویستیمان بە پلانێکی جیهانی هەیە

دووهەمین بژارەی گرینگ کە ئێمە بەرەورووی دەبینەوە ئەوەیە کە لە نێوان تەریک کەوتنەوەی ناسیۆنالیستی و هاوپشتی جیهانیی یەکیان هەڵبژێرین. ئەوە یەکێک لە لایەنە باشەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر ڤایرۆساندایە. ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین ناتوانن لەگەڵ ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتە یەکگرتووەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە بارەی چۆنیەتی گیرۆدە کردنی مرۆڤەکان

بکەن. بەڵام چین دەتوانێ زۆر وانەی بەنرخ لە بارەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵیدا فێری وڵاتە یەکگرتووەکان بکا. ئەوەی پزیشکێکی ئیتالیایی لە میلان لە سەرەتای بەیانی بۆی دەردەکوێ لەوانەیە ئێواری ببێتە هۆی ڕزگار کردنی گیان لە تاران. کاتێک کە دەوڵەتی بریتانیا لە نێوان چەند سیاسەتدا بە گومانە، دەتوانێ لە لایەن کۆرەییەکانەوە ڕاوێژی بدرێتێ کە مانگێک پێش ئێستا ڕووبەڕووی هەمان کەلکەڵە بوونەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە ئەو شتە ڕوو بدا، ئێمە پێویستیمان بە ڕووحی جیهانیی هاوکاری و متمانەیە.

وڵاتەکان دەبێ بیانهەوێ بە ئاشکرا زانیاریی لەگەڵ یەکتر بگۆڕنەوە و بە دڵئاوالاییەوە داوای ڕاوێژ لە یەکتر بکەن، و دەبێ بتوانن متمانە بەو زانیاریی و تێگەیشنانە بکەن کە پێیان دەدرێ. ئێمە بەهەمان شێوە پێویستمان بە هەوڵێکی جیهانیی بۆ دروستکردن و بڵاو کردنەوەی کەرەستەی پزیشکی، لە هەمووان گرینگتر ئامێری تاقیکاریی وهەناسە کێشان هەیە. لەجیاتی ئەوەی کە هەر وڵاتە بۆخۆی هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانە بدا کە دەستی پێیان ڕادەگا، هەوڵێکی هاوئاهەنگی جیهانی دەتوانێ بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکاتەوە و دڵنیایی بدات کە ئامێری ڕزگاریدەری گیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بڵاو بکرێنەوە. بە هەمان شێوە کە وڵاتان ناوەندە پیشەسازییە ستراتیژیکییەکان لە کاتی شەردا بە نەتەوەیی دەکەن، شەڕی مرۆڤایەتی دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەوانەیە پێویست بکا کە هێڵی بەرهەمهێنانی (ئامێری) یەکلاکەرەوە "مرۆڤانە" بکرێ. وڵاتێکی دەوڵەمەند کە ڕێژەی تووسبووانی کۆرۆنای کەمە دەبێ خوازیار بێ کە کەرەستەی بەنرخ بۆ وڵاتانی هەژارتر کە خەڵکێکی زۆرتری گیرۆدە بوون بنێرێ، و دڵنیا بێ کە ئەگەر ئەویش پێویستی بە یارمەتی بوو، وڵاتانی دیکە یارمەتی دەکەن.

لەوانەیە ئێمە بەهەمان شێوە بیر لە ستافی کەرتی پزیشکی وەک سامانی جیهانی بکەینەوە. وڵاتانێک کە ئێستا کەمتر گیرۆدەبوون دەتوانن ستافی کەرتی پزیشکی بۆ ئەو ناوچانەی دونیا بنێرن کە بە توندی تووشبوون، هەم بۆ ئەوەی کە ئەوان لە کاتی تەنگانەدا یارمەتی بکەن، و هەر وەها بۆ ئەوەی کە ئەزموونی بەنرخ وەدەست بێنن. ئەگەر پاشان ئاراستەی پەتایەکە گۆڕا بۆ شوێنی دیکە، یارمەتییەکە بگوازرێتەوە بەرەو ئەو ناوچەیە.

هاریکاریی جیهانیی لە بواری ئابووریش گەلێک پێویستە. بەلەبەرچاو گرتنی سروشتی جیهانیی ئابووری و زنجیرەی دابینکردن، ئەگەر هەر وڵاتێک تەنیا لە فکری خۆیدا بێ و بە تەواوی ئەوانی دیکە پاشگوێ بخا، ئاکامەکەی دەبێتە هۆی قووڵتر بوونەوەی قەیران.

پێویستیمان بە پلانێکی کردەوەی جیهانیی هەیە و زۆر خێرا ئەوەمان پێویستە.

## بەشی: دووهەم

پێویستییەکی دیکەش گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی جیهانیی لەبارەی سەفەر دا هەیە. هەڵپەساردنی سەرجەم سەفەرە ناونەتەوەییەکان بۆ چەند مانگ دەبێتە هۆی دۆخێکی گەلێک دژوار، و پێش بە شەڕ دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگرێ. وڵاتان پێویستیان بە هاوکارییە تا لانیکەم ڕێگا بە مسافیرە پێویستەکان بدەن کە لە سنووری وڵاتان تێپەڕ بن: زانایان، پزیشکان، هەوڵنێران، سیاسەتوانان و بازرگانان. ئەوە دەتوانێ بە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی جیهانیی لەبارەی تاقیکاریی پزیشکی مسافیران، پێش سەفەر، لە وڵاتی خۆیان بێتە ئاراوە. ئەگەر بزانی کە تەینا مسافیری باش کۆنترۆڵکراو ڕێگای سواربوونی فڕۆکەیان پێدراوە، تۆ زۆرتر خوازیاری وەرگرتنی ئەوان لە وڵاتی خۆتی.

بەداخەوە، هەنووکە زۆر کەم ئەو کارانە دەکەن. ئفلیجییەکی گشتیی کۆمەڵگەی ناونەتەویی داگرتووە. وێدەچی هیچ گەورە ساڵێک لە ژوورەکەدا نەبێ. مرۆڤ چاوەڕوان بوو کە چەند حەوتوو پێش ئێستا کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە نێوان ڕێبەرانی جیهان بۆ گەیشتن بە پلانێکی هاوبەش بۆ هەڵسوکەوتکردن بەڕیوە چووبا. تەنیا ئەو حەوتوویە بوو کە ڕێبەرانی **G7** توانییان کۆنفرانسێکی ڤیدیۆیی بەڕیوە بەرن، کە نەبووە هۆی پلانێکی ئەوتۆ.

لە قەیرانە جیهانییەکانی پێشوو، وەک قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ و پەتای ئێبۆلا لە ٢٠١٤، وڵاتە یەکگرتووەکان دەوری ڕێبەری جیهانی گرتە ئەستۆ. بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی هەنووکەیی وڵاتە یەکگرتووەکان وازی لە کاری ڕێبەریی هێناوە. ئەو زۆر بە ئاشکرا نیشانی داوە کە مەزنایەتی ئەمریکای گەلێک پێ لە داهاتووی مرۆڤایەتی بەلاوە گرینگترە.

ئەو بەڕیوەبەرایەتییە تەنانەت پشتی لە نزیکترین هاوپەیمانەکانیشی کردووە. کاتێک سەرجەم سەفەرەکانی لە یەکیەتی ئوروپاوە ڕاگرت، تەنانەت خۆی لە وریا کردنەوەی یەکیەتی ئوروپاش بوارد، جا چ بگا بە ڕاوێژ کردن لەگەڵ یەکیەتی ئوروپا لە بارەی گرتنە بەری ڕێگاچارەی کاریگەر. ئەو لە ئاڵمان بۆتە هۆی ئابڕووچون چونکە دەڵێن پێشنیاری دانی ١ میلیارد دۆلاری بە کۆمپانیایەکی دروستکەری دەرمان لەوێ کردووە تا مافی پاوانی پێوکتەیەکی نوێی کۆڤید - ١٩ بکڕێ. تەنانەت ئەگەر ئێستا ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە کۆتاییدا هەڵوێست بگۆڕێ و پلانێکی جیهانیی پێشنیار بکا، کەم کەس وەدوای ڕێبەرێک دەکەون کە هەرگیز بەرپرسیاریی وەئەستۆ ناگرێ، کە هەرگیز پێ لە هەڵەکان نانێ، و کە بەردەوام هەموو شانازییەکان بۆخۆی دەگێڕێتەوە و هەموو تاوانەکان داوێتە ئەستۆی ئەوانی دیکە.

ئەگەر بۆشایی بەجێماو لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە لایەن وڵاتانی دیکە پڕ نەکرێتەوە، نەتەنیا گەلێک دژوارتر دەبێ پێش بە پەتای هەنووکەیی بگیرێت، بەڵکو میراتەکەی دەبێتە هۆی ژاراویکردنی پێوەندییە ناونەتەوەییەکان بۆ

بەشی: دووهەم

ساڵانی داهاتوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر قەیرانێک، دەرفەتێکیشە. ئێمە دەبێ هیوادار بین کە ئەو پەتایە یارمەتی مرۆڤایەتی بکا کە لە مەترسی بەرچاوی ناتەبایی جیهانیی تێبگا.

مرۆڤایەتی پێویستی بە بڕیاردانە. ئاخۆ بە ڕێبازی ناتەباییدا دەڕۆین، یا ڕێگای هاوپشتی جیهانی هەڵدەبژێرین؟ ئەگەر ناتەبایی هەڵبژێرین، ئەوە نەتەنیا قەیرانەکە درێژمەوداتر دەکا، بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی کارەساتی خراپتر لە داهاتوودا. ئەگەر ئێمە هاوپشتی هەڵبژێرین، ئەوە نەتەنیا دەبێتە سەرکەوتن بەسەر ڤایرۆسی کۆرۆنادا، بەڵکو دژی سەرجەم پەتا و قەیرانانەی کە لەوانەیە لە سەدەی بیست و یەکەمدا مرۆڤایەتی گیرۆدەی بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠٢٠

بەشی: دووهەم

## کاتێک کە ڤایرۆسی کۆرۆنا جەستەی مرۆڤ گیرۆدە دەکا، چ دەقەومێ؟

سەرچاوە: یاهو

### ڤایرۆسی کۆرۆنا چییە؟

ڤایرۆس میکرۆبێکی مڵەییە، کەهێندە بچووکن کە میلیۆنان لەوان لەسەر نووکی دەرزی جێگایان دەبێتەوە. ئەو ژێیەکی فەنەریی داپۆشراو بە پێستێکی پرۆتەئینییە کە خانە ساغەکانی جەستەی مرۆڤ داگیر دەکا و بە بارمتەیان دەگرێ و خانە بە بارمتەگیراوەکان بۆ زاوزێی خۆی بەکار دێنێ. ئەوەی کە ئێستا دونیای وە هاژە هێناوە، ناوی تەکنیکییەکەی سارس - کۆڤ - ٢ یە، کە جۆرێک لە ڤایرۆسی کۆرۆنایە، بنەماڵەیەک لە ڤایرۆسان کە دیوی دەرەوەیان بە شتی کە وەک بزماری گرێدار دەچن داپۆشراوە و ئەو بزمارانە بۆ خۆ قایم کردن لە پەردەی دەرەوەی خانەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت (چونکە وەک تاج دەچێ پێی دەڵێن "کۆرۆنا" واتە تاج). گەلێک جۆر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بێ زەرن، وەک ئەوەی کە دەبێتە هۆی هەڵامەتی ئاسایی، بەڵام ئی دیکەش هەن کە کوشندەن: ئەوەی کە دەبێتە هۆی نەخۆشیی مەرس (MERS)، نزیکەی یەک لەسەر سێی خەڵکی گیرۆدەبوو دەکوژێ. سارس - کۆڤ - ٢ ڤایرۆسێکی نوێیە کە پێش ئەمجارە قەت مرۆڤی گیرۆدە نەکردووە، دەگوترێ یەکەم جار لە ووهانی چین لە شەمشەمەکوێرەڕا لە ڕێگای زیندەوەرێکی دیکەوە هەڵبەزیوەتەوە بۆ مرۆڤ، ڕەنگبێ پانگۆلین (زیندەوەرێکە لە ڕیزی شیردەرەکان کە خواردنەکەی مێروو و مۆریانەیە. و.). بۆیە کاتێک لە دونیادا بڵاو بۆوە، هیچ کەس لێی پارێزراو نەبوو.

### ڤایرۆسەکە چۆن خەڵکی گیرۆدە دەکا؟

ئەوانەی کە گیرۆدە دەبن، دەستبەجێ بە هەزاران میلیارد ڤایرۆس لە جەستەیاندا دەبێ، کە لەگەڵ تفەکەیان تێکەڵە. کاتێک کە دەکۆخن، دەپشمن، قسە دەکەن، یا تەنانەت بە توندی هەناسە دەکێشن ورتکە دڵۆپەی تێکەڵ بە ڤایرۆس بڵاو دەکەنەوە، یەک پشمین دەتوانێ ٤٠ هەزار ورتکە دڵۆپە فرێدا. ئەگەر ئەو دڵۆپانە وەکەسێک بکەون، ڤایرۆسەکە دەتوانێ بە چاو، دەم، و زۆر جاران لووتی کەسەکەدا ببێتە هۆی گیرۆدە بوونی. کەسێکی گیرۆدەبوو بە هەمان شێوە دەتوانێ ڕیزێک ڤایرۆس لە سەر دەستگیرەی دەرگا، شاشەی تەلەفۆن یا کۆمپیوتەر و دیوی دەرەوەی شتی دیکە جێهێڵێ. ئەگەر کەسێک دەست

لەو شوێنانە بدا و پاشان دەست لە ڕوخساری خۆی بدا، گیرۆدە دەبێ، بۆیە پێمان دەگوترێ کە زوو زوو دەستانمان بشۆرینەوە. توێژەران پێیان وایە کە ڤایرۆسەکە لە سەر پلاستیک و کانزا تا ٣ ڕۆژ و لەسەر کارتۆن بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر زیندوو دەمێنێتەوە، ئەگەرچی هێزیان لەو ماوەیەدا لاواز دەبێ. کاتێک کە ڤایرۆسەکان دەگەنە ناو زار، بەرەو گەروو (نزیک زمانە چکۆڵە و کونە لووتی پشت مەلاشووی) دەخزێن و خۆ لە خانەی جەستە قایم دەکەن. ئەوە سەرەتای ئەو نەخۆشییەیە کە پێی دەڵێن کۆڤید - ١٩.

## دوایە چی دەبێ؟

کاتێک کە ڤایرۆسەکە خۆی لە خانەیەکی ساغ قایم دەکا، دەستبەکار دەبێ، پەردەی دەرەوەی خۆی لەگەڵ پەردەی دەرەوەی خانەکە تێکەڵ دەکا و لاسکی ئەسید ریبۆ نۆکلەئیدی خۆی (RNA) لە ناو خانەکەدا هەڵدەڕێژێ و دەستدەکا بە زاوزێ. ویلیام شافنەر، پسپۆڕێکی نەخۆشییە تەشەنەکەرەکان لە زانکۆی ڤاندەربیلت، گوتی کە لە ڕاستیدا، مڵەکە بە خانە هەوکراوەکە ئەمر دەکا، "کاری ئاسایی خۆت مەکە. کاری تۆ ئەوەیە کە یارمەتیم بکەی من زاوزێ بکەم." خانەکان ئەوە دەکەن ورده ورده دەمرن. کاریگەرییە دەستپێکەکانی، کە پێنج شەش ڕۆژی پێدەچێ تا ئاشکرا بێ (ئەگەرچی دەتوانێ دوو ڕۆژ تا دوو حەوتوو بخایەنێ)، تا، کۆخەی وشک، و بێ هێزییە. نزیکەی ٨٠% خەڵک بە سووکی دەیگرن، و هەو کردنەکە لە سەرەوەی ئەندامی هەناسە کێشاندا دەمێنێتەوە، چونکە سیستەمی بەرگریی جەستە دژە تەن دروست دەکا و خانەی تی (T-cells) چالاک دەکا تا ڤارۆسەکان بێزەڕ بکەن و لەناویان بەرن، نەخۆشەکە بە دوو حەوتووان چاک دەبێتەوە. لە دۆخی دیکەدا، مڵەکە خۆی دەگەیەنێتە بەشی خوارەوەی ئەندامی هەناسە کێشان، شوێنێک کە دەبێتە هۆی گیروگرفتی جیددی. مارتین هیرش، ئەندامی کۆڕی نەخۆشیی تەشەنەکەر لە نەخۆشخانەی ماساچوسێت گوتی کە "سیپەلکەکان ئامانجی سەرەکین".

## لە سیپەلکەکاندا چی دەقەومێ؟

لەو کاتەدا، ڤایرۆسەکە هێرش دەکاتە سەر ئەو خانانە کە دیوی ژوورەوەی سیپەلکەکانیان داپۆشیوە و دەبنە هۆی هەو کردنی ئەو کیسە بچووکانە کە ئۆکسیژەن دەگەیەننە خوێن و دووهەم ئۆکسیدی کاربۆن لادەبەن. هەناسە کێشان کورتتر و دژوارتر دەبێ. لەگەڵ مردنی خانەکان، سیپەلکەکان بە شلەمەنی و ورتکە شتی دیکە دەگیرێ کە دەتوانێ ببێتە هۆی هەوکردنی زۆرتر کە ئەوە هەو کردنی سیپەلکە. لە دۆخی خراپتردا، نەخۆش پێویستی بە ئامێری هەناسە کێشان دەبێ بۆ ئەوەی کە بتوانێ هەناسە هەڵکێشێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک نەخۆش دەمرن. شێوەی بەرپەرچدانەوەی سیستەمی بەرگریی

بەشی: دووهەم

جەستە وێدەچێ فاکتەرێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ ئەوەی کە دۆخی نەخۆشەکە چەندە خراپ دەبێ. لە خراپترین دۆخەکاندا، بەو هۆیانە کە پزیشکان بە تەواوی تێی ناگەن، بەرپەرچدانەوەی سیستەمی بەرگریی جەستە لە کۆنترۆڵ دەچێتە دەر و شتێک دەکا کە پێی دەڵێن گەردەلولی سیتۆکای

## گەردەلولی سیتۆکاین چییە؟

کاتێک کە پاشماوەی خانەی مردوو، کە نیشانەی دەستپێکی هێرشکران بۆ سەر جەستەیە، دەردەکەون، ماددەی شیمیایی بە ناوی سیتۆکاین وەک نیشانەی وریا کردنەوە لە جەستەدا بڵاو دەبنەوە. ئەوان سیستەمی بەرگریی جەستە هاندەدەن تا دژی داگیرکەر بجەنگێ و وەدەری بنێ. لە کاتی گەردەلولی سیتۆکاین، سیستەمی بەرگریی لە کۆنترۆڵ دەچێتە دەر و دەست دەکا بە هێرش کردنە سەر خانەی ساغ و نەخۆش بەیەکەوە. ئانجێلا راسموسێن، ڤایرۆس ناسێکی زانکۆی کۆلۆمبیا دەڵێ، "لە جیاتی بە تفەنگێک تەقە لە ئامانجەکە بکەی، موشەکێک داوێی." کێموهەوا، شلەمەنی و خانەی مردوو، کیسەکانی سیپەلک پڕ دەکەن، کە بە کردەوە نەخۆشەکە دەخنکێنێ، لە هەمان کاتدا دۆخەکە دەتوانێ سیستەمی گەڕانی خوێن بگرێتەوە و ببێتە هۆی لەکار کەوتنی کۆئەندامی دیکە. ئەوە ئەو شتەیە کە لە زۆر دۆخی کوشندەدا دووپات دەبێتەوە، و ئەو دۆخە مەزندە دەکرێ کە یەک تا سێ لە سەتی گیرۆدەبووان بگرێتەوە. تێگەیشتن لەوە کە بۆ هەندێک لە نەخۆشان تووشی ئەو دۆخە دەبن و چ بکرێ بۆ ئەوەی کە پێشی پێ بگیرێت یەکێک لە سەرەکیترین شتەکانە کە پسپۆڕی دژە پەتا پێوەی سەرقاڵن. ڕاسموسێن دەڵێ: "پێمولیە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ دەخایەنێ تا لە هۆی میکانیکی و بایۆلۆژیکی ئەوەی کە بۆ هەندێک کەس لە خەڵکیتر تووندتر نەخۆش دەکەون بدۆزرێتەوە."

## دەوری تەمەن و ڕەگەز

بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا هەندێک کەس بە سووکی نەخۆش دەکا لە کاتێکدا کە هەندێک نەخۆش تێیدا نوقم دەبن؟ هەندێک فاکتەر ئاشکران، توێژەرانیش خەریکی تێگەیشتن لە بەشێکی دیکەن. یەکێک لە ئاشکراترین فاکتەرەکان تەمەنە، نەخۆشی بەتەمەن زۆرینەی ئەو کەسانە پێک دێنن کە بەو نەخۆشییە دەمرن و نزیکەی ٥ لە سەتی دۆخەکان زۆر جیددی دەبن. هۆیەکەی ئەوەیە کە سیستەمی بەرگریی جەستە بە هەڵکشانی تەمەن بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریی خۆی لە کیس دەدا. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە خەڵکی لاو دوورن لە مەترسی: زانیاریی لەبارەی ئەو کەسانەی کە لەسەرەتادا لە وڵاتە یەکگرتووەکان گیرۆدە بوون دەریخستووە کە ٣٨% لەو نەخۆشانە کە پێویستیان بە مانەوە لە نەخۆشخانە بووە لە ژێر ٥٥ ساڵ تەمەنیان هەبووە. دۆخی تەندروستی گیرۆدەبووان پێش نەخۆش کەوتن دەورێکی ئاشکرای هەیە، ڕێژەی مردن لەناو

**بەشی: دووهەم**

نەخۆشاندا، لە هەر تەمەنێک دابن، ئەگەر زەختی خوێنیان لەسەرەوەیە،شەکرەیان هەیە، نەخۆشیی دڵیان هەیە یا هەر نەخۆشییەکی دیکەیان هەیە زیاترە. جگەرە کێشان دەوری خراپی هەیە چونکە ئەو سیپەلکەکان بێ هێز دەکا، بە هەمان شێوە ڕەگەز دەوری هەیە. لە لێکۆڵینەوە لە ٤٥٠٠٠ نەخۆش لە وڵاتی چین، پیاوەکان ٢,٨ لەسەت و ژنان ١,٧ لەسەتی کوژراوانیان پێکدێنا، ئەگەرچی ئەو ڕاستییە کە ڕێژەی جگەرەکێش لەناو پیاواندا زۆرترە دەبێ بێتە ئەژمار. فاکتەری دیکە دەتوانێ پێوندیی بە ژینگەوە هەبێ، وەک باشیی هەوا، یا ژێنێتیک یا خراپ بوونی بواری سیستەمی بەرگریی جەستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠

## یوسی کۆهەنی سەرۆکی موساد دەچێتە شەڕی ئێران و ڤایرۆسی کۆرۆنا

**ئورشەلیم پۆست - یوناح جێرێمی باب**

کاتێک کە سەرۆک کۆمار بینیامین نەتانیاهو درەنگانێکی شەوی سێشەممە ڕایگەیاند کە سەرۆکی موساد، یوسی کۆهەن بەرپرسایەتی هەوڵەکان بۆ کڕینی کەرەستەی پزیشکی لە دەرەوەی وڵات دەگرێتە ئەستۆ، نەبووە هۆی سەرسوڕمانێکی زۆر.

هەر حەوتووی ڕابردوو، کۆهەن لە هاوردە کردنی ١٠٠ هەزار ئامێری تاقیگەییدا سەرکەوتوو بوو و نزیکەی چوار ملیۆنی دیکە بەڕێوەن.

ئورشەلیم پۆست ئەو کاتی بۆی دەرکەوت کە ئامێرەکان لە وڵاتانێک کراون کە پێوەندیی دیپلۆماتیکیان لەگەڵ ئیسرائیل نییە (دوایە ئەلجەزیرە ئاشکرای کرد کە وڵاتانی عەرەبی میانڕەوی کەنداوی فارسن)، یەکێک لەو هۆیانە بووە کە بۆچی موساد ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردوە.

لەو کاتییەوە، کڕینی سەرسوڕهێنەری دیکەی کەرەستەی پزیشکی لە لایەن کۆهەن و موساد بەڕێوە چوون، چونکە ئەو ڕێکخراوە هەواڵگرییە دەستی بە گشت دونیا ڕادەگا و بەربەستەکان لە هەموو ڕێکخراوەکانی دیکەی ئیسرائیلی باشتر دەبڕێ. هەر بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە نەتانیاهو بۆچی بۆ ئەرکێک کە گرینگییەکی لە ڕاددەبەدەری هەیە ڕوو لە کۆهەن دەکا، چونکە سەرۆکی موساد چەند ساڵە کاری دراماتیک و سەرسوڕهێنەری دژی ئێران بەڕێوە بردوون.

تەنانەت کاتێک کە کۆهەن بەرەورووی ڤەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێتەوە، وێدەچێ ئەو ئامادە بوون بۆ "ڕۆژی دواتر" و پێشهاتەکانی ئەوکاتی پاشگوێ ناخا، چونکە هەموو ئالنگارییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی کە بەرەورووی ئیسرائیل دەبنەوە، بە تایبەتی ئێران، مەترسی جیددین. وا مەزەندە دەکرێ کە ڕوانگەی سەرۆکی موساد ئەوە بێ کە تەنانەت هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە دێنە ئاراوە، زۆربەی ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی هەڵسوڕانی دونیا و ڕکەبەرییە درێژخایەنەکان لە نێوان نەتەوەکاندا بەردەوام دەبن.

شوێنهەڵگرتن و پێشگرتن بە پرۆگرامی ئەتۆمی و چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئێران لە خۆرهەڵاتی ناڤین، هەروا ئامانجە

سەرەکییەکانی کۆهەن دەمێننەوە.

هەنووکە هەڕەشەی کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئیسڕائیل چەندە؟ ژمارەکان و بەروارەکان بۆ ئەو باسە یارمەتیدەرن.

لە ١٤ی ژانوییە، سەرۆکی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسڕائیل، فەرماندەی گشتیی ژەنراڵ ئاڤیڤ کۆچاڤی گوتی کە ئێران تا پێش مانگی دێسامبر ئۆرانیۆمی پیتێنراوی پێویست بۆ موشەکێکی ئەتۆمی (نزیکەی ١٠٠٠ کیلۆ) نابێ، و پێویستی بە ساڵێکی دیکەیە تا بتوانێ موشەکەکە باوێ.

لە ٤ی مارس، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە ڕاپۆرتێکدا باسی لەوە کرد کە ئایەتوڵلاکان هەرئێستا هێندە ئۆرانیۆمی پیتێنراو بە پلەی نزمیان هەیە کە بتوانن ١،٥ بۆمبی ئەتۆمی پێ دروست بکەن، ئەگەر بیانهەوێ ئەو ئۆرانیۆمە بۆ ئاستی چەکی ئەتۆمی بپیتێنن. پێشگۆیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسڕائیل چەندە هەڵە بوو، و بۆ ئیسڕائیل لە ئاست تێپەڕ بوونی ئێران لە هێڵێکی سەرەکیی هێندە بێدەنگە؟

## جوابی ئەو پرسیارە لە چەند بەش پێک هاتوە.

پێشتریش، کۆهەن و بەشێکی دیکە لە کاربەدەستانی ئاسایشی نەتەوەیی باسی ئەوەیان کردووە کە هێزە بەرگریکارەکانی ئیسڕائیل پێی وایە کە ئێران هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام ئێرانی ئەتۆمی کەمتر لە موساد و نەتانیاهو وەک هەڕەشەیەکی دەستبەجێ دەبینێ. ئەوە لەگەڵ وتارە یەک لە دوای یەکەکانی بەرپرسانی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسڕائیل یەک دەگرێتەوە کە حیزبوڵلا وەک مەزنترین هەڕەشە لە کورتخایەندا ناو دەبەن.

لە پێوەندیی لەگەڵ هاوتەریبی لەگەڵ نەتانیاهودا، کۆهەن وێدەچێ زۆر ڕوانگەی سەربەخۆ و تاکەکەسی هەبن، بەڵام وا هەڵکەوتوە کە ئەو و نەتانیاهو لەبارەی هەڕەشەی ئێران بۆچوونی هاوبەشیان هەبێ. کۆهەن لە وتاری گشتییدا گوتویەتی کە ئێران دەیهەوێ کاریگەریی لەسەر دونیا هەبێ و هێژمۆنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە دەستەوە بگرێ، و هەندێک نیشانە هەن کە دەریدەخەن کە کۆهەن پێیوایە لەوانەیە قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا ئەو هەڕەشەیەی وەدوا خستبێ، بەڵام کەمی نەکردۆتەوە.

بەشی: دووهەم

بەشێک لە جیاوازیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل و موساد لە بارەی ئێران لەوە دایە کە موساد، تەنانەت لە کاتێکدا کە ئەرکی جیهانیی هەیە، جەختی سەرەکیی و سامانەکانی بۆ شوێنهەڵگرتن و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی تەرخان کردوە (لە ناویاندا لە سووریە). بە پێچەوانە، سامانەکانی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل لە نێوان حەماس، حیزبوڵڵا، کەرتی خۆرئاوا و هەڕەشەی جۆراجۆری دیکە لە گەڵ ئێران دابەش بوون. بەشێکی دیکە لە جوابی ئەوەی کە بۆچی نە تەنیا هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل لە تێپەڕ کردنی هێڵی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە پلەی نزم لە لایەن ئێران بێدەنگ بوو، بەڵکوو نەتانیاهوش بێدەنگ بوو ئەوەیە کە هیچکام لە دامودەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل پێیان وانییە کە ئێران، تا ئێستا، گەیشتبێتە ئەو بڕیارە کە بەرەو دروستکردنی چەکی ئەتۆمی هەنگاو بنێ.

وێدەچی کۆهەن بڵێ کە بڕیارێکی ئەوتۆ خاڵێکی وەرسووڕانی یەکلاکەرەوە دەبێ بۆ ئیسرائیل، تەنانەت ئەگەر ئێران ئامادەی هاویشتنی موشەکێکی ئەوتۆش نەبێ. بە ڕاستی ئیسرائیل چۆن، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئایەتوڵڵا فێڵبازەکان ئەو شتە بە ئاشکرا ڕاناگەیەنن، دەتوانێ هەڵسەنگاندن بۆ کاتی بڕیاری ئێران بکا؟ وا دێتە بەرچاو کە موساد تەنیا نەڕوانێتە نیشانەیەک.

لەجیاتان، جگە لە چاودێریی و کۆکردنەوەی زانیاری، چەند جۆر فاکتەری دیکەش هەن وەک گۆڕینی ئورانیۆم لە پلەی نەزمی پیتێنران بۆ پلەی بەرزتر، یا وەدەرنانی پشکێنەرانی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و شتی دیکە، کە وێدەچی موساد بگەیەنێتە ئاکامی مەبەستەکانی ئێران.

لە هەندێک ڕوانگەوە، پرسی دەستنیشانکردنی ئەو ساتەوەختە لە وانەیە بۆ کۆهەن کەمتر لە خۆ ئامادە کردنی پێشوەختە گرینگ بێ.

بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە، وێدەچێ ڕوانگەی موساد ئەوە بێ کە بۆ سەرکەوتوویی هێرشێکی پێشگیرانەی ئەوتۆ لە بواری ئۆپەراسیۆنی و سیاسییەوە، لە پێشدا پلاندانانی پێشکەتووی بەربڵاو و ڕاهێنان پێویست بێ. کاتێک کە ئێران بڕیاری کۆتایی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بدا، ئیسرائیل ساڵێکی تەواوی بۆ ڕێکخستنی هەموو شتێک نابێ.

ئەو لەوانەیە ددان بەوە دابنێ کە هەڵوێستی ناوبراو هێرشبەرانەیە، بەڵام ئەو پێت دەڵێ کە هەڕەشەکە لە خەڵکی دیکە ئاشکراتر دەبینێ و وا نانوێنێ کە دۆخەکە سەقامگیرە.

بەشی: دووهەم

کۆهەن پشتگەرمە و هەست بە سەلمێنرانی ئۆپەراسیۆنەکانی پێشووی لە لایەن ڕاپۆرتی مانگی مارسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی دەکا. بەڵگەی ئەو مەسەلە ئەوەیە کە ئاژانسی ئەتۆمی هەموو ئەو زانیارییە سیخوڕییانەیان لەبەرچاو گرتن کە موساد لە ئۆپەراسیۆنی مێژوویی ژانوییەی ۲۰۱۸ لە نێو جەرگەی تاران گەلێک لە نهێنییەکانی ئەتۆمییان وەدەست هێنا. ئۆپەراسیۆنەکە بووە هۆی ئاشکرابوونی ئەوە کە ئێران هەوڵی شاردنەوەی کام لایەنی بەرنامەی مۆشەکی ئەتۆمی لە ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە ئەتۆمی داوە. ئەو بە هەمان شێوە ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامیی کەرەستەی ئەتۆمی لە شوێنێک بە نێوی تورقوزاباد شاردۆتەوە. وێدەچێ کۆهەن ببینێ کە ئەو ئاشکرا کردنانە شتێکی دەست پێکردوە کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و تاران بخاتە سەر ڕێگای پێکدادان. یەکتر تۆمەتبار کردنە ئاشکراکانی ئەو دواییانەی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە و ئێران، دوای خۆبواردنی ئایەتوڵڵاکان لە ڕێگەپێدانی ئاژانس بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەندێک شوێنی جێگەی گومان کە موساد ئاشکرای کردبوون، چڕتر بوونەوە.

لە سێپتامبری ۲۰۱۹، ئورشەلیم پۆست ئاشکرای کرد کە مەزنترین دەستکەوتی موساد لە ئۆپەراسیۆنی ژانوییەی ۲۰۱۸، ئەوە بووە کە نەخشەی ئەو پێگەیانە ئاشکرا بکا کە ئێران ویستوویەتی لەوێدا لایەنەکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بشارێتەوە. لەوانەیە کۆهەن بڵێ کە سەرۆکی نوێی ئاژانسی ناونەتەوەیی وزە، ڕافائێل ماریانۆ گرۆسی، بۆ زەخت خستنە سەر ئێران تا ئەرکە نێونەتەوەییەکانی بەجێ بێنی، زۆرتر لە سەرۆکی پێش خۆی، یوکییا ئامانۆ، شایانی پێزانینە.

گرۆسی ئامادەیە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی بەرپرسیارییەکانی پێشێل بکا، دژکردەوەی هەبێ. بە پێچەوانە، ئامانۆ هەوڵی دەدا خۆ لە کێشە لەگەڵ ئێران لەسەر ڕێککەوتنی بەرجام، تا ئەوکاتەی کە ئێران ڕێگا بە پشکنینەکانی ئاژانس بدا، بپارێزێ. هەرچۆنێک بێ، ئامانۆ بۆخۆی ڕێککەوتنەکەی واژۆ کردبوو.

کۆهەن وا بیر دەکاتەوە کە لەبەر ڤەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێران ناتوانێ بە هەمان خێرایی لە پیتاندنی ئورانیۆم و بەشە پێوەندیدارەکانی دیکەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بەردەوام بێ. ئەو وێدەچێ پێی وابێ کە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە توونددترین شێوە گیرۆدەی ئەو ڤەیرانە بووبێ و هیچ شوێنێکی ئەو وڵاتە و بەڕێوەبەرییەکەی، لە نێویاندا پسپۆڕە ئەتۆمییەکانی ئێران، نییە کە لەوە پارێزراو بن. بە گوێرەی ئەو بیرۆکەیە، تێکەڵاوی ڤەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەگەڵ گەمارۆ بەربڵاوەکان کە پێش سەرهەڵدانی ئەو ڤەیرانە ئێرانیان چەماندبۆوە، توانایی ئەوەی هەیە کە ببێتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر سەقامگیریی ڕێژیم کە تا ئێستا بەرەورووی بۆتەوە. کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئیسڕائیل لەسەر ئەو بڕوایەیە کە ڤەیرانەکە لەوەی خراپترە کە کاربەدەستان باسی دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەوان هەر ئێستا وێنەی مەرگەسات و

گیرۆدەبوونێکی مەترسیداریان باس کردوە. بەڵام، موساد بۆ هەر شێوە هەڕەشەیەکی ئێرانی کە لە قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنادا سەرهەڵدا ئامادەیە.

## کوشتنی سولەیمانی

ناکرێ باسی شتی پێوەندیدار بە ئێران، بێ ئاماژە کردن بە کاریگەریی کوشتنی قاسم سولەیمانی سەرۆکی سپای قودس لە ١٣ی ژانوییە لە لایەن ئەمریکاوە بکەی. بەڵام بۆچی هەر وڵاتە یەکگرتووەکان؟

لە نێوەڕاستی ژانوییە، ئێن بی سی ڕایگەیاند کە ئیسرائیل لە بە ئامانجگرتن و کوشتنی "قاسم سولەیمانی" دا یارمەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی داوە، ڕاپۆرتێک کە ناڕاستەوخۆ لە لایەن وەزیری بەرگریی پێشوو، ئاڤیگدۆر لیبەرمەن، پشتڕاست کرایەوە.

ئورشەلیم پۆست تێدەگا کە زۆر شتی دیکەش، جگە لەوەی کە ئەو ڕاپۆرتانە ئاشکرایان کردوە هەن، بەڵام لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلدایە کە تێوەگلانی خۆی لەو مەسەلەدا کەم نیشان بدا، هەر وەک ئەو کارەی کە نزیکەی ١٠ ساڵ لەبارەی هێرشی خۆی بۆ سەر ڕێیاکتۆرە ئەتۆمییەکەی سووریە کردی. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ ئەوەی کە شتی زیاتر ئاشکرا بکا، نیویۆرک تایمز باسی ئەوەی کردوە کە دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل لە ٢٠١٨ بە وڵاتە یەکگرتووەکانی گوتوە کە سولەیمانی خەریکی کۆکردنەوەی موشەکی دوورهاوێژ و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی کوشندە لە عێراق کۆ کردوونەوە تا بەرەیەکی نوێی بەوەکالەت دژی ئیسرائیل بکاتەوە. ڕاپۆرتەکە ئاشکرای دەکا کە کاربەدەستانی ئیسرائیل لە پێوەندیی لەگەڵ سولەیمانی زۆر پێش ٢٠٢٠ لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریان کردووە.

## سپای پاسداران دوای سولەیمانی

هەڵوێستی ئیسرائیل بەرامبەر بە سوپای قودسی دوای سولەیمانی چییە؟ جێگرەوەی سولەیمانی، ژەنراڵ ئیسماعیل قائانی، وەک ئەستێرەیەک یا هەڕەشەیەکی وەک سولەیمانی سەیر ناکرێ، هەم لەبەر پێشینەی ناوبراو وەک کەسێکی پشت شانۆ و یاریدەدەری سولەیمانی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و لەبەر ئەوە کە شارەزایی کەمتری لەسەر ئیسرائیل و ئۆپەراسیۆنەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. قائانی بەشێکی بەرچاوی تەمەنی کاریی خۆی لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لە پاکستان و ئەفغانستان تێپەڕ کردوە، ئەگەرچی ئەو زۆر سەرقاڵی گواستنەوەی میلیشیا شیعەکانی ئەفغانستان بۆ شەڕی سووریە و

یەمەن بووە. بەپێچەوانە، سەید محەممەد حوسێنزادە حیجازی، کە پلەکەی بۆ جێگرەوەی قائانی بەرز کراویەوە، وەک هەڕەشەیەکی زۆر جیددیتر سەیر دەکرێ. هۆیەکەی هەم ناوبانگی ناوبراو وەک کەسێکی چالاکتر لەناو سپای پاسداراندا و هەر وەها تێوەگلانی قووڵی ناوبراو لە بەرزکردنەوەی ئاستی هەنگێویی موشەکەکانی حیزبوڵڵا بۆ کەڵکوەرگرتن دژی ئیسرائیلە. لەگەڵ ئەوەشدا، سولەیمانی وەک کەسێک سەیر دەکرێ کە کەس ناتوانێ جێگای بگرێتەوە، و بوونی قائانی وەک سەرۆکی نوێ، چاوەڕوان دەکرێ دەسەڵات و توانایی سپای قودس، لە هەلومەرجی مەترسیداردا کەم کردبێتەوە.

## بۆ پشتیوانی لە دانی پارە لەلایەن قەتەر بە حەماس دەکرێ؟

شوێنێکی سەرەکیی دیکەش کە ناوی کۆهەن دێتە بەرباس زانیاریی ئاشکرابوو لە لایەن لیبەرمەن لەبارەی تێوەگلانی کۆهەن لە ڕێکخستنی بەردەوامیی چوونی پارە لە قەتەر بۆ پێشگرتن لە تێکرمانی ئابووری غەززەیە. لەوانەیە کۆهەن بە درکاندنی لیبەرمەن سەرسام نەبووبێ، بەڵام پرسیارەکە لە جێی خۆیدایە کە بۆچی موساد وا ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکان بۆ دابینکردنی پارە بۆ غەززە، کە لە لایەن حەماسەوە بەڕێوە دەچێ، تێوەگلاوە.

سێ وشە بۆ جوابی ئەو پرسیارە هەن: ئیسرائیل بێدەنگیی دەوێ. پارەی قەتەر بۆ ئەوە نییە کە لەگەڵ حەماس وەک هەڕەشەیەکی سەربازی مامەڵە بکرێ. پارەکە پێوەندی بە ئابووری غەززە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر هەیە، تا پێش بەوە بگیرێت کە حەماس هێندە بێ دەرەتان نەبێ کە بە هۆی زەختی ئابووری دەست بە شەڕ بکا، تەنانەت لە کاتێکدا کە شەڕی نەوێ.

سەرۆکی موساد وێدەچێ لایەنگری بۆچوونێک بێ کە پارەی قەتەر بە هەڕەشەی سەربازیی حەماس نەبسترێتەوە، هەڕەشەیەک کە تەنیا بە هێزی سەربازیی ئیسرائیل جێبەجێ نابێ. هەرکەسێک کە ڕوانگەیەکی دیکەی هەبێ لەوانەیە موساد وەک کەسێکی عەوداڵی ئەفسانە سەیری بکا. وێدەچێ کۆهەن لایەنگری درێژەپێدان بە ڕێککەوتنی هێمنی - لەبەرامبەر - هێمنی لەگەڵ حەماس دابێ، کە هەر شێوە توندوتیژییەک لە لایەن ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بە توندی وەڵام بداتەوە، هاوکات تا ئەو کاتەی هێمنی بەردەوامە دەرفەتی ئابووری زیاتر بۆ غەززە بڕەخسێنێ.

## سودان

موساد لە ڕادەبەدەر شانازی بە پێشوەچوونە مێژوویی و سەرسوڕهێنەری پێوەندیی سیاسی نێوان ئیسرائیل و سودان دەکا.

بەشی: دووهەم

ئەگەرچی نەتانیاهو زۆربەی پێزانینە گشتییەکانی بە نسیب بووە و شیاویشیەتی، بەڵام سەرکەوتنەکە بەرهەمی دوو فاکتەری دیکەش بوو. هەوڵی بەردەوامی کۆهەن، کە تا دوایین هەوڵی سەرکەوتوو، بێ ئاکام مابوونەوە و باسیان لێوە نەکرابوو هۆی سەرەکیی بوو. شیاو بوونی کات بۆ لایەنی سودانی هۆیەکی مەزنی دیکە بوو. بەڵام جارێکی دیکە، کۆهەن وەک کلیلەی جێبەجێ کردنی پرسێکی ئاڵۆز بۆ وڵات دەرکەوت.

## کاریگەریی کۆرۆنا لەسەر ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکان

لەو کاتەدا زەختێکی نائاسایی کەوتۆتە سەر دەزگا هەواڵگرییەکان بە موسادیشەوە. چونکە هەموو لێوەشاوەیی و تاکتیکە ژیرانەکانی دونیا ناتوانن لە بەرامبەر هەڕەشە بایۆلۆژیکییەکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پارێزگاریی لە سیخوڕان لە چوار گۆشەی جیهان بکەن. هەڵبەت، سیخوڕ دەبێ زۆرتریش لەبارەی چوونە دەر لەماڵەوە وریا بێ، بەڵام هەندێک چالاکیی سیخوڕیی پێویستە هەڵپەسێردرێن.

لەوانەیە کۆهەن بڵێ کە موساد خۆی وەک هەر دەزگا هەواڵگرییەکی باش لە کاتی دۆخی ئالنگاریکەردا دەگونجێنێ، و لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێ دەوری خۆی ببینێ.

## هاوکاریی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل

موساد لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەو دواییانەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، دوای ئەوەی کە سەرۆک کۆماری ئەو وڵاتە دۆنالد ترامپ، جۆزەف مەکگوایەری لەسەر کار لابرد و ڕیچارد گرەنەلی وەک بەڕێوەبەری کاربەڕێکەری هەواڵگریی نەتەوەیی دەستنیشان کرد، لە کاتێکدا کە جان ڕاتکلیفی وەک جێگرەوەی گرەنەل ناوزەد کرد نیگەران نییە. هەردوو گرەنەل و ڕاتکلیف لە لایەن ڕەخنەگرە ئەمریکاییەکانی ترامپ لە نێو کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکاندا کەوتوونە بەر هێرشی ڕەخنەی وەک لێنەهاتوو، دەستنیشانکراوی سیاسی کە بە ئاشکرا خۆ لە پرۆسە هەواڵگرییەکان هەڵدەقوتێنن کە بە پێی نەریت ئەرکی کاربەدەستە ناسیاسیەکانی دەزگای هەواڵگرین.

بۆ کۆهەن، کە پێوەندیی تاکەکەسی گەلێک باشی لەگەڵ سەرۆکی سی ئای ئەی جینا هاسپەل، وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپیئۆ و تەنانەت خودی ترامپ هەیە، بەو مانایەیە کە بەرژەوەندی هەواڵگریی دوولایەنە لەگەڵ وڵاتە

بەشی: دووهەم

یەکگرتووەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە ناوخۆییە سیاسییەکانی واشینگتۆن دەپارێزرێ. کۆهەن هەروەها لە چەند پلاتفۆرمی جیاوازدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە ئاشکرا گوتوویەتی کە خولیای کاری سیاسی لە داهاتوودا هەیە.

**لە نێوان ئێران، سودان و ئێستا دەوری بەرچاوی لە شەڕ دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کاتێک کە نۆبەی بێ، ئەو کارنامەیەکی دوورودرێژی پێدەبێ بۆ هەر کارێک کە داوای بکا.**

(لە ژمارەی ٧٧١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠٢٠

# کۆرۆنا، تێرۆریزم و شەڕی ناڕاستەوخۆی نەوەستاندوە ئێرانی

**فاکس نیووز - هاڵی مەک کەی**

ڤیرووسی کۆرۆنا لەو مانگانەی دواییدا ئێرانی هەژاندوە و بۆتە هۆی داوای کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە بۆ یارمەتی دانی بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو پەتایە، وڵاتە یەکگرتووەکان ئابلۆقە قورسە ئابوورییەکانی هەڵگرێ. بەڵام بە گوێرەی لێکۆڵەرەوان، تەنانەت ئەو پەتا ئیفلیجکەرەش نەیتوانیوە پێش بە پشتیوانییە بێشەرمانەکەی ئێران لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان و شەڕە ناڕاستەوخۆکانی بگرێ.

جەیسۆن برادسکی، بەرپرسی سیاسیی یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی بە فاکس نیووزی گوت: "لابردنی ئابلۆقە سەرەکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەر ئێران بە هۆی ڤیرووسی کۆرۆنا شتێکی نابەرپرسیارانەیە و نابێتە هۆی جێبەجێ کردنی گیروگرفتە بنچینەییەکە؛ مێژووی بەباشی تۆمارکراوی ڕێژیم لەمەڕ ناکارامەیی و گەندەڵی."

لە کاتێکدا کە مرۆڤ لەوانەیە گریمانەی ئەوە بکا کە قەیرانە بەربڵاوە تەندروستییەکە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێران جەخت لەسەر ئەو شتە بکاتەوە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیدا دەقەومێ، ڕەخنەگران پێیان وایە کە لە کاتێکدا کە زۆربەی دنیا سەرقاڵە، ئەوان ئاکارە ترسناکەکانیان زیاتر کردوە، هێرشەکانی عێراق، شەڕی یەمەن و گوشار خستنە سەر دوایین پێگەی نەیاران لە ئیدلیب وەک پشتیوانی لە بەشار ئەسەد لە سووریە.

جگە لەوە، ڕێکخراوی لێبووردەیی نێونەتەوەیی ڕۆژی پێنجشەممە ڕایگەیاند کە لانیکەم ٣٦ زیندانی کە لە ترسی گیرۆدەبوون بە ڤیرووسی کۆرۆنا، کە لە بەندیخانە کاولبووەکاندا بڵاو بۆتەوە ناڕەزایەتییان نیشان دابوو بە دەست هێزە ئەمنیەتییەکان کوژراون.

هەروەها ڕێکخراوی چاودێری ئەتۆمیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاندوە کە تاران پێش بە هەوڵەکانی ڕوونکردنەوەی چالاکییە پێوەندیدارەکان بە بەرنامەی ئەتۆمیی ئەو وڵاتە دەگرێ. ڕۆژی چوارشەممە، وتەبێژێکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران ڕایگەیاند کە ئێران هەر ئێستا ڕۆژانە ٦٠ سانتریفیووژی پێشکەوتوو دروست دەکا.

**بەشی: دووهەم**

بە گوتەی برادسکی: "ئێران بەردەوامە لە پێشتریتی دان بە مانەوەی خۆی و دابینکردنی دارایی بۆ بەکرێگیراو و هاوبەشەکانی، لە جیات خەڵکی خۆی، تەنانەت لە کاتی ئەو قەیرانە ئابوورییەدا. بە گوێرەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕێبەری گەورەی ئێران تەنیا لە مانگی ڕابردوودا بودجەی سپای پاسدارانی ٣٣% زیاتر لەوەی کە سەرۆک کۆمار ڕۆحانی داوای کردبوو بردۆتە سەر و هیی بەسیجیشی زیاتر لە دوو هێندە زیاد کردوە. کەوابوو، مەترسیی بەلاڕێدا بردنی داهات گەلێک زۆرە."

تا ڕۆژی پێنجشەممە، ئامارە فەرمییەکان لە بارەی ڕێژەی گیرۆدە بووان ٦٦٢٢٠ کەس بوو و ڕێژەی کوژراوان ٤١١٠، لە وڵاتێکی خاوەن ٨١ میلیۆن حەشیمەت. بەڵام ڕێکخراوە نەیارەکان دەڵێن ئاماری ڕاستەقینە حەشار دراوە و زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کەس مردوون. ئا ئێستا ئێران یەکێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤینە کە بە توندترین شێوە تووش بووە.

لە سەرەتاکانی هێرشی ڤیرووسی کۆرۆنا لە مانگی فێوریەدا، سەرۆک کۆمار حەسەن ڕۆحانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە "تێرۆریزمی ئابووری و پزشکی و پێشێلکردنی ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان" تاوانبار کرد و، بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئابلۆقە سەختەکان توانایی ئەوانی لە ڕزگارکردنی گیانی ئێرانییان بە شێوەیەکی شیاو گرتوە.

جان ئالتێرمەن، سەرۆکی بەشی خۆرهەڵاتی ناڤینی ناوەندی توێژینەوەی ستراتیژیک و نێونەتەوەیی گوتی: "ئێران چەند گیروگرفتی گەورەی هەن، لەوانە بڵاو بوونەوەی ئەو نەخۆشییە و بەڕێوەبەریی خراپی ئابووری، بەڵام من شکم لەوەدا نییە کە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان تاوانێکیان لە بەشمەینەتیی ئێرانییان و قەیرانی بەربڵاوی تەندروستییدا نییە."

نزیکەی دوو ساڵ پێش لە ئێستا، ترامپ لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ساڵی ٢٠١٥ کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما واژۆی کردبوو هاتە دەر و ئابلۆقەکانی چەسپاندەوە. لە سەرەتای ئەو حەوتوویەدا، نزیکەی دەرزەنێک لە دیپلۆمات و کاربەدەستە ئەمنیەتییە پێشووەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا، لە نێویاندا وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو مادەلەین ئۆڵبرایت، داوایان لە دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کرد کە لانیکەم بە شێوەی کاتی ئابلۆقەکان سووک کەن تا دەرفەتی پێڕاگەیشتن بە گیرۆدەبووان پێکبێ.

بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، وڵامی داوەتەوە کە ئابلۆقەکان کاریگەرییان لەسەر کەرتی پزشکی نییە و دووپاتی کردۆتەوە کە واشینگتۆن، لە سەرەتاوە، چڵی زەیتوونی ڕاداشتوە تا یارمەتیی ئەو وڵاتە گەمارۆدراو و گیرۆدەبووانەی ئەم

ڤیرووسە بکا. سەرەڕای بانگەشەی بێدەرەتانیی ئابووری، کاربەدەستانی تاران مانگی ڕابردوو خۆیان لە یارمەتیی ڕێکخراوی فەڕانسەویی پزشکانی بێسنوور بوارد و گوتیان بۆخۆیان دۆخەکەیان لەژێر کۆنترۆڵ دایە.

برادسکی ئاماژەی بەوە کرد کە، "هاوینی ڕابردوو، ڕاوێژکاری ئابووریی سەرۆک کۆماری ئێران ئاشکرای کرد کە ١ میلیارد دۆلار کە بۆ هاوردە کردنی شتومەکی بنەڕەتی و دەرمان تەرخان کرابوو ون بووە. با باسی ئەوەش نەکەین کە وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان ساڵی ٢٠١٨ ئاشکرای کرد کە ڕێژیم کەلکی لە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی دەرمان لە ئێران وەرگرتوە تا یارمەتیی سووریە بکەن کە بتوانێ پارەی نەوت بدا."

جگە لەوە، واشینگتۆن جەختی کردۆتەوە کە تاران دەتوانێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ قەیرانی ڤیرووسی کۆرۆنا کەلک لە پاشەکەوتی سامانی نەتەوەیی وەرگرێ، کە ڕۆحانی حەوتووی ڕابردوو ١ میلیارد دۆلاری لێهەڵگرت.

لەگەڵ ئەوەشدا، تاران داوای لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دراو کردوە کە پێنج میلیارد دۆلاریان بە قەرز بداتێ تا بتوانێ بەرنامەی دابینکردنی بواری نائاسایی بەڕێوە بەرێ و، واشینگتۆن ڕایگەیاندوە کە پێش بەو کارە دەگرێ. لە پەیامێکی تێکەڵی دیکەدا، ڕۆحانی ڕایگەیاندوە کە ئەم حەوتووە کەرتە ئابوورییەکان لە حەوتووی دیکەدا دەکرێنەوە، چونکە دژوارترین دۆخی بڵاو بوونەوەی ڤیرووس تێپەڕ بووە.

بنیامی فریدمەن، بەرپرسی سیاسیی ڕێکخراوی دیفێنس پرایۆریتیز گوتی: "ئەوە مومکین نییە کە شێوەی خەرجکردنی پارە لەلایەن ئێران کۆنترۆڵ بکرێ، ئەگەرچی ئەو پێنج میلیارد دۆلارەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی دراو کە بەڕێوەبەرایەتی هەوڵ دەدا پێشی پێ بگرێ، دەکرێ ئاراستەکراو و چاودێریکراو بێ، بەڵام ئێمە دەتوانین پشتیوانیی ئێران بۆ بەکرێگیراوەکانی لە عێراق سنووردار بکەین و عەرەبستانی سعوودی ناچار بکەین کە ئاگربڕی یەمەن بکاتە هەمیشەیی، کە دەتوانێ بیانووی ئێران بۆ یارمەتیی حوسییەکانی یەمەن بنکۆڵ بکا. واشینگتۆن دەتوانێ کارێکی باش بکا و بە هەنگاوێکی خێرا، بە هەڵپەساردنی ئابلۆقەکان ئێران بگەڕێنێتەوە بۆ ملکەچبوون بە بەرجام و بەرنامە ئەتۆمییەکەی سنووردار بکا."

ڕێژیمی ئایینی پێداگر بووە کە پووڵەکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەتاکە سەرف دەکا، بەڵام ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازیان هەیە و پێداگرن کە ئەوە تەنیا کاری ئەوان بۆ دابینکردنی دارایی بۆ چالاکییە دەرەکییەکانیان، لە پشتیوانیی حیزبوڵڵای لوبنان ڕا بگرە تا دەوڵەتی سووریە و بەکرێگیراوەکانی لە عێراق و یەمەن و هەروەها ڕایەڵەکانی مادەی هۆشبەر لە

ڤێنیزۆئێلا، ئاسانتر دەکا.

ئالێکس ڤاتانکا، سەرۆکی بەشی ئێران لە ئەنیستیتۆی خۆرهەڵاتی ناڤین ئەوەی زیاد کرد: "ڕێژیمی ئێران بۆ متمانە پێکردن نابێ. گشت دۆلارەکان دەبێ بخرێنە ژێر چاودێری تا بگاتە دەستی ئەو خەڵکەی کە مەبەستە واتە نەخۆشانی کۆڤید - ١٩. ئەوە تەنیا شەڕە ناڕاستەوخۆکان نین کە پڕتێچوون، بەڵکوو گەندەڵی و دووبەرەکیی نێوخۆییش مەترسیی جیدین بۆ سەر یارمەتیی دارایی نێونەتەوەیی کە بۆ ئێران دەنێردرێن. ڕێژیم بە پێی نەریت شەفاف نییە و مەترسیی کەلکی خراپ وەرگرتن لە قەرز و یارمەتیی دارایی گەلێک بەهێزە."

(لە ژمارەی ٧٧٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٠

# پاراستنی گوشارەکان و پەرەپێدانی لەدژی ئێران

**٭ واشینگتۆن فری بیکن - ئادام کرێدۆ**

(دوای هەڕەشە سەربازییە نوێیەکان بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەڵێن دەدا کە زەختی سەر ئێران بپارێزێ و پەرەی پێ بدا)

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دوای پەرەسەندنی هەڕەشەی سەربازی، لەوانە ناردنی مانگێکی دەستکردی سیخوڕی لەلایەن تاران لە حەوتووی ڕابردوودا، خەریکی کار لەسەر هەوڵی نوێ بۆ "چەسپاندن و پەرەپێدانی" هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت لەسەر ئێرانە.

کاربەدەستێکی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە واشینگتۆن فری بیکنی ڕاگەیاند کە کۆشکی سپی درێژە بە زیاترکردنی زەختی ئابووری بۆ سەر ئێران دەدا تا کاتێک کە بێتە سەر مێزی "وتووێژی هەمەلایەنە"، داوایەک کە تاران لە دوای هاتنە سەر کاری سەرۆک کۆمار ترامپ ڕەتی کردۆتەوە.

کاربەدەستان بیر لە تاقمێک بژاردە، وەک ئابلۆقە لەسەر پشتیوانیی ئێران لە ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی ناوچە لە نێویاندا حیزبوڵڵا، کە لە شوێنە قەیراناوییەکانی عێراق، یەمەن، سووریە و لوبنان چالاکن و تاران چەکۆچۆڵیان بۆ دابین دەکا و ڕێبەرییان دەکا، دەکەنەوە. ئێستا هەوڵی دیکە لە ئارادان وەک لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، شوێنێک کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بناغەی درێژکردنەوەی ئابلۆقە لەسەر کڕینی کەلوپەلی سەربازی لەلایەن ئێران لە وڵاتانی وەک ڕووسیە و چین، دادەڕێژی.

کاربەدەستێکی پایەبەرزی بەڕێوەبەرایەتی بە فری بیکنی گوت، "سەرۆک کۆمار بە ئاشکرا گوتویەتی کە وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوپەڕی زەخت دەچەسپێنێ و پەرەی پێ دەدا تا تێچوو بخاتە سەر ئاکارە بەدخوازانەکانی ئێران بۆ ئەوەی کە ڕێژیم دەست بە وتووێژی هەمەلایەنە بکا."

زەختی زیاتر بۆ سەر ئێران کەمتر لە حەوتوویەک دوای ناردنی سەرکەوتووانەی مانگێکی دەستکرد لەلایەن سپای پاسدارانەوە، بۆ یەکەم جار دێ کە هەنگاوێکی بەرچاو لە بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی ئێرانە، کە بەشێکی دوای

هەڵگیرانی ئابلۆقەی کەلوپەلی سەربازی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕێگەپێدراو دەبێ. ئێران بە هەمان شێوە لەو دواییانەدا چالاکییە شەڕانییەکانی لە کەنداوی فارس زیاتر کردوە و هەڕەشەی کردوە کە هێرش دەکاتە سەر ٤٠٠ پێگەی سەربازیی ئەمریکا لە سەرانسەری دنیا.

چەند مانگە، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەدزی لە نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکە تا ئابلۆقەی کەلوپەلی سەربازیی هەنووکەیی لەسەر ئێران درێژ بکاتەوە کە لە کۆتایی ئەمساڵدا کۆتایی دێ. ئەو هەوڵەکانی لە چەند حەوتووی دواییدا چڕ کردۆتەوە و دەیهەوێ قەناعەت بە وڵاتانی ئەندام بێنێ کە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو دەبێتە هۆی چوونەسەری بەرچاوی هەڕەشەی تێرۆریزم و بڵاوبوونەوەی زانیاریی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی ڕێگەپێنەدراو.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هیچ کارێک نەکا، ئابلۆقەکە کۆتایی پێدێ و ڕێگە بە ئێران دەدرێ کە بە شێوەی یاسایی کەلوپەلی سەربازیی پێشکەوتوو بکڕێ.

ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان نەتوانێ قەناعەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕووسیە و چین بێنێ کە ئابلۆقەکە درێژ بکەنەوە، وێدەچێ کەلک لەوەی کە بە سیاسەتی "پەلەپیتکە" ناسراوە وەرگرێ، کە دەبێتە هۆی سەپاندنەوەی ئابلۆقەی چڕی ئابووری کە دوای ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥ هەڵگیران. هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە ڕێککەوتنەکەیان واژۆ کرد دەتوانن کەلک لە سیاسەتی "پەلەپیتکە" وەرگرن، بە گوێرەی لێدوانێکی یاسایی نێوخۆیی لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵ لەلایەن وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپیئۆ بۆ فری بیکن پشتڕاست کرایەوە.

لە کاتێکدا کە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئێران بڵاو بۆتەوە، دەوڵەتەکەی درێژە بە خەرجکردنی پاشەکەوتی دراوی ئەو وڵاتە بۆ ئۆپەراسیۆنە تێرۆریستییەکانی لە دەرەوەی وڵات و گەشە پێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەدا، لە نێویاندا پیتاندنی ئۆرانیۆم کە بەشی سەرەکیی بۆمبی ئەتۆمە، لە جیاتی ئەوەی کە بیدا بە یارمەتیی پزشکی بۆ هاووڵاتیانی.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ پێداگرە کە هیچ ئابلۆقەیەکی نوێ بۆ ئەوە نییە کە زەرەر بە خەڵکی ئێران بگەیەنێ، بە تایبەتی لە کاتی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە بەتوندی ئێرانی گرتۆتەوە. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژە بە ڕێزپەر دەدا کە ڕێگە بە تاران دەدا تا دەرمان و پێداویستییە مرۆییەکان هاوردە بکا.

کاربەدەستێک بە فری بیکنی گوت: "ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەریی لەسەر یارمەتیی مرۆڤدۆستانە، وەک خواردەمەنی، دەرمان و کەلوپەلی پزشکی نییە. سەرۆک کۆمار پشتیوانی لە گەلی چەوساوەی ئێران دەکا، بۆیە وڵاتە یەکگرتووەکان کاناڵێکی مرۆڤدۆستانەی لە ڕێگەی سویسەوە کردۆتەوە تا یارمەتیی مرۆڤدۆستانە شەفاف بێ."

کاربەدەستەکە گوتی: "بەڵام ڕێژیمی ئێران درێژە بە خۆبواردن لە قبووڵی یارمەتیی پێوەندیدار بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەدا."

کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشووی ئۆباما و هاوپەیمانانیان لە میدیاکان درێژە بە پێداگری لەسەر سووک کردنی ئابلۆقەکان دەدەن و بە درۆ بانگەشە دەکەن کە ئەو ئابلۆقانە پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە یارمەتیی مرۆڤدۆستانە دەگرێ. لە وڵامدا، تاقمێک پێکهاتوو لە ٥٠ کاربەدەستی پلەبەرزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لەم دواییانەدا داوایەکیان ئاراستەی کۆشکی سپی کرد تا درێژە بە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت بدا.

نامەکە، بە دەستپێشخەریی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان، ناوەندێکی توێژینەوە کە پێوەندیی نزیکی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەیە، ڕاشکاوانە گوتیان: "ئێستا کاتی دوو هێندە کردنی هەڵمەتی ئەوپەڕێ زەختە تا مەلاکان ناچار بکرێن کە پارەکەیان سەرفی خەڵکی ئێران بکەن، نەوەک سەرفی خولیای ئەتۆمی، ئیمپەریالیزم و سەرکوتی نێوخۆیی."

ئەو تاقمە لە کاربەدەستانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەوانە سیناتۆر، باڵوێز و کاربەدەستانی ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، "دژایەتیی توندی خۆیان لەگەڵ سووک کردنی ئابلۆقەکانی سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند، تا ئەو کاتەی کە ڕێژیم دەست لە پشتیوانیی تێرۆریزم هەڵدەگرێ، بەرنامەی ئەتۆمی و موشەکییەکەی هەڵدەوەشێنێ، هەموو بارمتە ئەمریکاییەکان ئازاد دەکا، هێزەکانی لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناڤین دەکشێنێتەوە و کۆتایی بە سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی ئێران دێنێ."

مارک دوبۆویتز، سەرۆکی دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسییەکان بە فری بیکنی گوت: "کە ئێستا کاتی سووک کردنی ئابلۆقەکانی سەر ئێران نییە، بە تایبەتی بە لە بەرچاو گرتنی زیاتر بوونی هەڕەشە سەربازییەکان و جارز کردنەکانی پاپۆڕە ئەمریکاییەکان لە ناوچەی کەنداوی فارس."

بەشی: دووهەم

دوبۆویتز گوتی: "ڕێژیمی ئێران دەبێ پێشی پێ بگیرێ کە ڕێگەی نەخۆشان بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی و مووشەکی بالیستیک نەگرێتە بەر و چالاکییە دنەدەرانە و مەترسیدارەکانی پەرە پێ نەدا. ئێستا کاتی ئەوە نییە کە پەتی ژیان لە تویێ چەند ملیارد دۆلار بە سووک کردنی ئابلۆقەکان بدەینە دەسی ڕێژیم، هەروەک هەندێک لە وڵاتانی ئورووپایی و کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی پێشووی ئۆباما پێشنیار دەکەن. بەڵکوو کاتی ئەوەیە کە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەخت دووقات بکەین، وەک بە سیاسەتی پەلەپیتکە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و بە گەڕاندنەوەی ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێش ئەوەی کە تاران کەلک لە دەرفەتە پێوەندیدارەکان بە بەرجام بۆ کڕینی چەکوچۆڵی پێشکەوتوو و پەرە پێدانی بەرنامەی ئەتۆمیی وەرگرێ.

(لە ژمارەی ٧٧٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠٢٠

## دوای هەڵە گەورە سەربازییەکانی ئەم دواییانە، تاران دەیهەوێ خۆی بوێر نیشان بدا

**واشینگتۆن تایمز - بێن وۆلفگانگ**

چەند حەوتوو لەمەوپێش دوای بەڕێکردنی یەکەم مانگی دەستکردی سەبازی، ئێران سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام هێزە سەربازییەکانی هێشتا ئازاری ئەو هەڵە مەزنانە دەچێژن کە هێمای کۆماری ئیسلامی، کە زۆر وشیارانە هەوڵی داوە وەک دەسەڵاتێکی مەزنی ناوچە خۆی بنوێنێ، خەوشدار دەکەن.

کوژرانی ١٩ ئێرانی بە تەقەی مووشەکی خۆیان لە ڕۆژی دووشەممە، دووپاتبوونەوەی هەمان نموونەیە کە هێزی سەربازیی تاران چوار مانگ لەمەپێش شەرمەزارانە فڕۆکەیەکی مەدەنییان خستە خوار و ١٧٦ کەسیان کوشت. ئەو دوو هەڵە کوشندە بەتوندی پێچەوانەی خۆ وەسفکردنی ئێران وەک وڵاتێک کە هاوشانی دژبەرەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودییە، باسی ئەوەش ناکەین کە دەڵێ بەرپەرچی هەر هێرشێکی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەیان دەدەنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ڕێبەرانی ئێران حەز ناکەن ددان بەوەدا بنێن، هەندێک لێکۆڵەر هۆشداری دەدەن کە ئێران لەوانەیە هەوڵ بدا بۆ پەردەپۆش کردنی هەڵە پڕ تێچووە سەربازییەکانی، عەرەبستانی سعوودی یا ئەمریکا تاوانبار بکا. دەستدرێژیی سەربازیی ئێران بە هەمان شێوە دەتوانێ لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە ڕێبەران لە تاران بیانهەوێ ناکارامەیی خۆیان لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی کۆڤید - ١٩ بشارنەوە، چونکە لە سەرانسەی خۆرهەڵاتی ناڤین وڵاتان، ئێرانیان بە بڵاوکردنەوەی ئەو پەتایە تاوانبار کردوە چونکە خەڵکی نەخۆش کە لەوێ ڕایان کردوە نەخۆشییەکەیان لە ئەفغانستان، پاکستان و وڵاتانی نزیکی ئێران بڵاو کردۆتەوە.

**جەیمز فیلیپس، توێژەرێکی پلەبەرزی سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوین لە هەریتەیج فاوندەیشن گوتی:** "ئەوە ڕێژیمێکی زۆر ئیدئۆلۆژیکە، پێموایە ئەگەری زۆرە کە ئێران بیهەوێ کاردانەوەی لەسەر نیشانە ئاشکراکانی ناکارامەیی بە بردنە سەری ئاستی تەبلیغات نیشان بدا تا ئەو بەڵگانەی کە دەریدەخەن کە بەڕاستی ئێران هێندەش خاوەن دەسەڵات و کاریگەر نییە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا."

**ڕێزدار فیلیپس لە وتووێژێکدا لەگەڵ واشینگتۆن تایمز لە ڕۆژی سێشەممە گوتی:** "زۆر وێدەچێ سینگ بێنێتە پێش و

بگەڕێتەوە سەر هەمان قسە پڕوپووچە ئیدئۆلۆژیکەکانی پێشوو. ڕێژیم دەزانێ هێزی سەربازییەکەی لاوازە بەڵام هەوڵ دەدا بە گوتنی ئەوە 'ئێمە زیاتر لە ئێوەی خۆرئاوایی هەستیار ئامادەی قوربانی دانین' تۆڵەی خۆی بکاتەوە."

هەڵە سەربازییە کوشندەکانی ئێران زۆربەیان بە چەکی بەرهەمی نێوخۆیی قەوماون و لە کاتێکدایە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵ دەدا ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ فرۆشتنی چەکوچۆڵی بیانی بە تاران، بە تایبەت لە لایەن ڕووسیە و چینەوە درێژ بکاتەوە. جارێ ماوە ئاشکرا بێ ئاخۆ هەڵەکان دەبنە هۆی بەهێزتر بوونی داوای واشینگتۆن. هێندێک لێکۆڵەر پێیان وایە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە جەخت لەسەر هۆکارهێناوەی بەڕێوەبەرایەتی دەکەن و ئێران نە تەنیا ئەکتەرێکی نابەرپرسیارە، بەڵکوو لە ڕاستییدا تاران ناتوانێ کۆنترۆڵی هێزی سەربازیی خۆیشی بکا.

کاربەدەستانی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ حەوتووی ڕابردوو هۆشدارییان دا بە ڕووسیە، چین یا هەر وڵاتێک کە بیهەوێ پێش بە درێژکرانەوەی ئابلۆقەی سەر چەکوچۆڵ بگرێ، وڵاتە یەکگرتووەکان بەتەمای کاراکردنەوەی "سیاسەتی پەلەپیتکە"یە واتە ئابلۆقەی جیهانی لەسەر ئێران کە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی سەردەمی ئۆباما لەمەڕ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هەڵگیران. سەرۆک کۆمار ترامپ ساڵی ٢٠١٨ لەو ڕێککەوتنە هاتەدەر، ئەگەرچی واژۆکەرانی دیکە، لەنێویاندا هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا لە ئورووپا، هەوڵیان داوە بیپارێزن.

گرژییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، سەرەتای ئەمساڵ تا نزیکی شەڕ چوو، دوای ئەوەی کە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق هێزە ئەمریکاییەکانیان کردە ئامانج و واشینگتۆن بە هێرشێکی ئاسمانی جوابی دایەوە و ژێنێڕاڵی پلەبەرزی ئێرانی قاسم سولەیمانیی کوشت. ئێران بە هێرشی موشەکی بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بنکەی عەینولئەسەد هەوڵی دا تۆڵەی سولەیمانی بکاتەوە. دەرزەنێک هێزی سەربازیی ئەمریکا لە کاتی هێرشەکەدا تووشی شڵەژانی مێشک بوون.

ئەو کات، دەوڵەتی ئێران لانیکەم لە لایەن هاووڵاتییانەوە پشتیوانیی لێ کرا، چونکە زۆر لەوان لە بە ئامانجگیران و کوژرانی سولەیمانی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تووڕە بوون. بەڵام ئەو پشتیوانییە کاتێک ئاشکرا بوو سپای ئێران بە هەڵە فڕۆکەی ئوکراینی، تەنیا چەند کاتژمێر دوای هێرش بۆ سەر هێزە ئەمریکاییەکان لە عێراق، خستبووە خوارێ، خێرا لە نێو چوو. لە کۆتاییدا ڕێبەرانی ئێران دوای نارەزایەتییە پەرەئەستێنە نێوخۆییەکان، داوای لێبووردنیان کرد.

هەڵەی تازە کە ئەم حەوتووە ڕووی دا کوژراوی کەمتری بەدواوە بوو، بەڵام لەوانەیە شەرمەزارییەکی مەزنتر بێ بۆ تاران.

ڕۆژی دووشەممە لە کاتی ڕاهێنان لە کەنداوی عوممان، پاپۆڕی ئێرانی بە هەڵە مووشەکێکی بە پاپۆڕێکی پشتیوانی خۆیانەوە نا.

**تەلەفزیۆنی ئێران لە زمان هێزی دەریایی گوتی:** "ڕووداوەکە لە باشووری ئێران، لە بەندەری جاسک لەسەر کەنداوی عوممان لە کاتێکدا کە هێزی دەریایی ئێران دوانیوەڕۆی یەکشەممە خەریکی ڕاهێنان بوو ڕووی دا، لەو ڕووداوەدا ١٩ مەلەوان کوژران و ١٥ی دیکەش بریندار بوون." هێرشە هەڵەکە بۆ سەر هێزی خۆیان لە کاتێکی هەستیار بۆ تاران ڕووی دا، کە لەم چەند حەوتووی دواییدا جارێکی دیکە بووە هۆی ورووژاندنی وڵاتە یەکگرتووەکان، کاتێک بەلەمەکانی سپای پاسداران مانگی ڕابردوو پاپۆڕە شەڕکەرەکانی ئەمریکایان جاڕز کرد کە خەریکی ڕاهێنان لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا بوون. دۆناڵد ترامپ جوابی ورووژاندنەکانی دایەوە و بڕیاری دا کە: "تەقە لە هەر بەلەمێکی تۆپداری ئێرانی بکەن" وا هەڕەشە لە پاپۆڕەکانی ئەمریکا دەکەن.

**دوای شەڕەنگێزییەکانی پێشووی ئێران، سەرۆک کۆمار ترامپ گوتی:** "ئێران هەڵەی کردوە و ڕەنگبێ توانایی کۆنترۆڵی هێزی سەربازیی خۆی نەبێ." مانگی ژوئەنی ڕابردوو، دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا لە لایەن ئێرانەوە، ڕێزدار ترامپ گوتی: "ئەگەری زۆرە کە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئێران لە تاران فەرمانی ئەو هێرشەیان واژۆ نەکردبێ." ئەو کاتی سەرۆککۆمار گوتی: "بۆم دژوارە باوەڕ بکەم کە ئەوە بە ئانقەست بووە." هێندێک لێکۆڵەر دەڵێن ئەگەری هەڵەی ئەوتۆ هەیە و هێزی سەربازیی ئێران لەگەڵ کەموکووڕیی زۆر بەرەوڕووە.

ئابلۆقە ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئابووریی ئێرانی تێک شکاندوە و هەروەها پەتای ڤیرووسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت هێندەی دیکەش بۆتە بەربەست لە دەسڕاگەیشتنی دەوڵەتی ئێران بە سەرچاوەی دارایی. بە بۆچوونی لێکۆڵەران، ئاکامی ئەو فاکتەرانە بووەتە هۆی تەرخانکردنی پارەی کەمتر لە لایەن تارانەوە بۆ چەکوچۆڵ و ڕاهێنان و بەرزبوونەوەی ئەگەری هەڵەی کوشندە.

**ڕێزدار فیلیپس گوتی:** "هێزی سەربازیی ئاسایی زۆر بەهێز نییە، باش ڕاهێنانی نەکردوە و پۆشتەو پەرداخ نییە. پێموایە ئەوان لە کارەکاندا پەلە دەکەن. بەپەلە کەڵک لە سیستەمی چەکوچۆڵ وەردەگرن بەبێ تاقیکاریی پێویست. بەشێکی زۆر لە مووشەکەکانیان بە باشی کار ناکەن. ڕووداوی نەخوازراوی زۆر لە هێندێک لە بنکە موشەکییەکانیاندا ڕوو دەدەن و خەڵک بە تەقینەوە دەکوژرێن. پێموانییە ئەوان بەو شێوەی لە ناوهێزە سەربازییە خۆرئاواییەکاندا باوە، تا ئەو ئاستە لە

ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەکان ئاگاداربن یا تاقیکاریی بکەن کە."

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران سەلماندوویەتی کە دەتوانێ زیان بگەیەنێ. جگە لە هێرش بۆ سەر بنکەی عەین ئەلئەسەد و خستنە خوارەوەی درۆنە ئەمریکاییەکە لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، عەرەبستان و ئورووپا ئێرانیان بەوە تاوانبار کردوە کە بەرپرسی هێرشی موشەکیی و زیانگەیاندن بە کێڵگەی سەرەکیی نەوت لەناوخۆی عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ٢٠١٩ بووە.

ئێران بەهەمان شێوە نیشانی داوە کە توانایی هەیەڕ پاپۆڕی بازرگانی کە هاتووچۆی کەنارەکانی دەکەن ڕاگرێ. بۆ وێنە، مانگی جولای ڕابردوو، ئێران پاپۆڕێکی نەوتگهەڵگری بریتانیایی ڕاگرت و سەرنشینەکانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بە بارمتە گرتن.

(لە ژمارەی ٧٧٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠٢٠

## ئەوەی کۆماری ئیسلامی دەیخوازێ و ئەوەی ڕۆژئاوا خۆ لە دیتنی دەپارێزێ

**ئورشەلیم پۆست - نەویل تێلێر**

ڕێبەرانی دنیا بە دڵفراوانییەکی زۆرەوە سیاسەتێکیان بەرامبەر ئێران ڕەچاو کردوە کە بێئاکامە. کاتی خۆی ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ بە ڕوونی لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی باسیان کرا، واتە لە نێو بردنی دێموکراسی، شێوەی ژیانی ڕۆژئاوایی و سەپاندنی ئیسلامی شێعە بەسەر دنیادا.

لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ٤١ ساڵەی کۆماری ئیسلامی ڕاستییەکی بەهێز ئاشکرا دەکا، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە هیچکات ئەو ئامانجانەی وەلا نەناون و ئەوان هێشتا پرەنسیپی سەرەکی بۆ هاندانی ڕێژیمن. ئەوە ڕاستییەکە کە ڕۆژئاوا خۆ لە دانپێدانانی دەبوێرێ.

**خومەینی نووسی:** "ئێمە دەبێ شەڕ بکەین، تا گشت گەندەڵی و ملهوڕییەک دژی یاسای ئیسلامی لە نێو دەچێ."

سەرەڕای پەتای جیهانیی ڤیرووسی کۆرۆنا و کاریگەرییەکەی لەسەر ئێران، تەنانەت بە گوێرەی ڕاپۆرتی خۆیشیان کاریگەرییەکی خراپی هەبووە، بەڵام لەوانەیە لە ڕاستییدا لەوەش خراپتر بووبێ، لایەنە توندئاژۆکانی نێو ڕێژیم، هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە ڕاستەقینەکەیان، زەختی خۆیان پاراستوە. لە ١٤ی ئاوریل، پیاوانی چەکدار بۆ ماوەیەکی کورت لە گەرووی هۆرموز دەستیان بەسەر پاپۆڕێکدا گرت کە ئاڵای هۆنگ کۆنگی هەڵدابوو و ستافەکەی چینی بوون.

ڕۆژی دواتر، ١١ بەلەمی سەر بە هێزی دەریاوانیی سپای پاسداران لە پاپۆڕی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان نزیک بوونەوە کە لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا خەریکی ڕاهێنان لەگەڵ هێلیکۆپتەری سەربازی بوون. پاپۆڕەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چەند جار لە ڕێگەی ڕادیۆییەوە هۆشدارییان پێ دان، هۆرنیان بۆ لێدان و بە ئامێری هەرانانەوە، دەنگەدەنگیان ساز کرد. بەلەمە ئێرانییەکان پاش نزیکەی کاتژمێرێک شوێنەکەیان جێ هێشت.

لە ١٩٧٩ بەم لاوە دنیا بەرەورووی گیروگرفتی سەرچاوە گرتوو لە ڕێژیمی ئێران بوونەوە. لە ٤١ ساڵی ڕابردوودا ئێران بەردەوام یا بۆخۆی ڕاستەوخۆ، یا بەدەستی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی وەک حیزبوڵڵا و حوسی، تاقمێک بۆمب دانان، هێرشی

مووشەکی، مرۆڤکوژی و ئاکاری تێرۆریستییان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لە سەرانسەری دنیا بەڕێوە بردوون. دەیان ساڵە، ئێران بەهەمان شێوە هەوڵی لێبڕاوانەی داوە کە وزەی ئەتۆمی بەرهەم بێنێ، بەو ئامانجە، ئەگەرچی بە ئاشکرا ددانی پێدا نەناوە، کە بتوانێ چەکی ئەتۆمی دروست بکات.

وێناچێ ڕێژیمی ئێستا ئەو ئامانجەی وەلا نابێ. لە ٢٠١٥، لە هەوڵێکدا بۆ لە پەلوپۆ خستنی بەرمانە ئەتۆمییەکەی، ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئاڵمان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ئێران واژۆ کرد. بێگومان هەموو بەشدارەکان، لە نێویاندا سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، باراک ئۆباما، باشترین مەبەستیان هەبوو. بەو ڕێککەوتنە، کە بووە هۆی دەسکەوتێکی مەزنی ئابووری بۆ ئێران، ئەوان پێیان وابوو خولیا ئەتۆمییەکانی ڕێژیمیان بۆ لانیکەم ١٥ ساڵ وەستاندوە و دنیایان کردۆتە شوێنێکی ئەمینتر. جگە لەوە ئەوان لەو بڕوایەدا بوون کە هەنگاوێکی گرینگیان بەرەو ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکان و گەڕاندنەوەی ئێران بۆ نێو کۆڕی وڵاتان هەڵگرتوە.

ئەوان هەڵە بوون. با لە زمانی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، کە لە ٨ی ژانویەی ٢٠٢٠ قسەی دەکرد، بگێڕمەوە: "دوای ڕێککەوتنە گەمژانەکەی کە لە ٢٠١٥ واژۆ کرا، و ١٥٠ میلیارد دۆلاریان پێ درا، باسی ئەوەش ناکەم کە ١،٨ میلیارد پارەی نەغد بوو، ئێران دوژمنایەتیی زیاتر بوو. لە جیاتی ئەوەی بە وڵاتە یەکگرتووەکان بڵێن "سپاس"، ئەوان هاواریان کرد "بمرێ ئەمریکا". لە ڕاستییدا ئەوان ئەو ڕۆژەی کە ڕێککەوتنەکە واژۆ کرا هاواریان کرد "بمرێ ئەمریکا". دوایە ئێران دەستی کرد بە تەڕاتێنی تێرۆر، بە پشتیوانیی داراییەک کە لە ڕێککەوتنەکە گیری کەوتبوو، لە یەمەن، سووریە، لوبنان، ئەفغانستان و عێراق جەهەننەمیان دروست کرد. ئەو مووشەکانەی شەوی ڕابردوو بە ئێمە و هاوپەیمانەکانمانییەوە نان، بەو داراییانە کڕابوون کە بەڕێوەبەرایەتیی پێشوو پێیانی گەیاند."

دنیای شارستانی لە کوێ هەڵەی کرد. هەڵەکە هەمان هەڵە بوو کە دنیا بەرامبەر بە ئادۆلف هیتلێر کردی. کاتێک کە، بۆ یەکەم جار لە ١٩٢٥ کتێبی ماین کەمف (خەباتی من، کە هیتلێر نووسیویەتی. و.) چاپ کرا، هیچ کەس نەیخوێندەوە، ئەگەر خوێندیشیانەوە، کەس لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو شتانەی گوتوونی بە مەبەستەوە بوون. بەڵام ئەو فەلسەفەی کە بیری سیاسیی هیتلەر لەسەریان دامەزرابوو لەوێدا باسیان کرابوو، بە عالەم ئاشکرا، چەند ساڵ پێش ئەوەی کە بگاتە پلەیەک تا جێبەجێیان بکا. ئەگەر سیاسەتوانان، یا دروستکەرانی بیروڕا، بە جیدییان وەرگرتبا، نەیاندەهێشت هیتلێر بگاتە ئەوپەڕی دەسەڵات. ئەو هەرگیز نەیدەتوانی ببێتە سەرۆکی ئاڵمان.

ئەو هەڕەشەیەی ئێران لە دنیای خاوەن شارستانیی دەکا بە تەواوی لەگەڵ ڕێژیمی شۆڕشی ئیسلامی دێتەوە کە خەڵکەکەی



سەرچاوە
Serchawe

لە ١٩٧٩ خوازیاری بوون. ئایەتوڵڵا خومەینی، کەسایەتیی سەرەکی بۆ ئاراستەی نوێی ئێران، لە دێسامبری ١٩٧٩ بوو بە ڕێبەری گەورە. فەلسەفەی ناوبراو، کە نەیدەشاردەوە و ٤٠ ساڵ لەمەو پێش لە بارەیدا نووسیبووی، دەیخواست کە یاسای شەریعەت دەستبەجێ لە نێوخۆدا بەڕێوە بچێ و سیاسەتێکی دەرەوە بەڕێوە بچێ کە ئامانجەکەی بڵاو کردنەوەی ئیسلامی شێعە لە سەرانسەری دنیا، بە هەر شێوەیەک کە بکرێ، بوو.

**ئەو ڕای گەیاند:** "ئێمە شۆڕشی خۆمان هەناردەی سەرانسەری دنیا دەکەین. تا هاواری 'لا الە الا اللە' لە هەموو دنیا بڵاو نەبێتەوە، خەبات درێژەی دەبێ." یا دیسان: "دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەرانسەری دنیا مەزنترین ئامانجی شۆڕشە."

هەوڵدان بۆ ئەو ئامانجە بنەڕەتییەی شۆڕشی ئیسلامی، دەوڵەتی سەرقاڵ کردوە یا ڕاستەوخۆ یا بە دەستی میلیشیا بەکرێگیراوەکانی، کە هەلی بۆ ڕەخساندوە تا خۆی لە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی بدزێتەوە، لە زنجیرەی ئاکاری تێرۆریستی، وێرانی و مرۆڤکوژیی کە نە تەنیا بەرەورووی ئامانجی ڕۆژئاوایی کراونەوە، بەڵکوو دژی موسوڵمانانی غەیرە شێعەش بۆتەوە. خومەینی ڕای گەیاند: "کوشتنی کافران، یەکێک لە نایابترین ئەرکەکانە کە خودا بۆ مرۆڤانی تەرخان کردوە."
**ئەو لەبارەی ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم زۆر بە ڕوونی دەدوا:** "ئێمە ئامانجی خۆمان دیاری کردوە کە بڵاو کردنەوەی دەسەڵاتی ئیسلام و سەرکوتی فەرمانڕەوایی داگیرکەرانی دنیایە."

ئەوە دوژمنایەتیی لێبڕاوانەی ئێران دژی عەرەبستانی سعوودی سوننی شی دەکاتەوە. پاشایەتیی عەرەبستان کە دوو لە پیرۆزترین شارەکانی ئیسلام، مەککە و مەدینە، لە نێو سنوورەکانیدا هەڵکەوتوون، خۆی بە ڕێبەری دنیای ئیسلام دەزانێ، ئیدیعایەک کە بە توندی لە لایەن ئێران خستراوەتە ژێر پرسیار. ڕێژیم، عەرەبستانی سعوودی وەک ڕکابەری مەزن لە ڕوانگەی سیاسی و، هەروەها دینی و هێژمۆنیی ناوچە سەیر دەکا. لە ١٩٨٧، ئایەتوڵڵا خومەینی ڕای گەیاند کە مەککە لەدەست "تاقمێک بێدین" دایە.

عەرەبستانی سعوودی بە هەمان شێوە وڵام دەداتەوە. لە ٢٠١٨، شازادەی جێگرەوەی سعوودی، محەممەد بین سەلمان، ڕای گەیاند کە ڕێبەری گەورەی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەیی "ڕووی هیتلێری سپی کردۆتەوە (...) هیتلێر هەوڵی دا ئورووپا داگیر بکا. ڕێبەری گەورە هەوڵ دەدا دنیا داگیر بکا."

بەشی: دووهەم

ترامپ پەیتا پەیتا حاشای کردوە کە مەبەستی گۆڕینی ڕێژیم بێ، ئەو دەڵێ: دەیهەوێ تەنیا پاشەکشە بە چالاکییە تێرۆریستییەکانی ئێران بکا و وتوویژی نوێ لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێی ئەتۆمی ئامانجیەتی. ئەگەر ئەوە لە کۆتاییدا بە ئابلۆقەی چڕ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان بێتە ئاراوە، زۆر شتێکی باش دەبێ. بەڵام سەیر کردنی ڕاستییەکان بە چاوی ئاوەڵا دەری دەخا کە ژیانی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەو ڕێژیمە شتێکی مومکین نییە. ڕێبەرانی دنیا دەیانهەوێ باوەڕی پێ بکەن بەڵام ناتوانن، یا نایانهەوێ ببینن کە ئەوە حاشا کردن لە ئامانجی سەرەکیی ڕیژیمی شۆڕشگێڕی ئێرانە، واتە هۆی سەرەکیی بوونی ئەو ڕێژیمە.

ئەوانە وشەی دامەزرێنەری ڕێژیمن، یەکەم ڕێبەری گەورە، ئایەتوڵڵا خومەینی: "ئێمە دەخوازین ببینە هۆی وشکبوونی ڕیشەی زایۆنیزم، کاپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرانسەر دنیا. ئێمە دەمانهەوێ ئەو کارە بکەین کە خودای پڕتوانا دەخوازێ، ئەویش تێکشکاندنی ئەو سیستمانەیە کە لەسەر ئەو سێ بنەمایە دامەزراون و، برەو بە حکوومەتی ئیسلامیی پێغەمبەر بدەین."

(لە ژمارەی ٧٧٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوونی ٢٠٢٠

---



سەرچاوە Serchawe

## بۆچی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە هەموو شوێنێکی دیکە شەڕی لێیە؟

### نورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن

شەوی ڕابردوو، هێرشی ئاسمانیی تورکیە خەریکی وێران کردنی باکووری عێراق بوو. چەند کاتژمێر پێش هێرشە ئاسمانییەکە، وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشێکی نهێنی بە موشەکی "نینجا" کردە سەر ئوتۆمبێلێک لە باکووری خۆرئاوای سووریە کرد و ئەندامێکی گرووپێکی کوشت کە دەڵێن پێوەندیی بە ئەلقاعیدەوە هەیە. دواتر، نزیکەی هەمان کات کە تورکیە هێرشی ئاسمانیی دەست پێکرد، پشکێنەرانی عێراقی لۆرییەکیان دیتەوە کە کاتیوشای لەسەر دابەسترابوون و بۆ هێرش بۆ سەر شوێنێکی حاوانەوەی سەربازانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نزیک بەغدا کەڵکی لێ وەرگیرابوو. هەروەها ڕۆژی یەک شەممە ٢٥ی جۆزەردان، هەواڵی هێرشی ئاسمانیی ڕووسیە لە ئیدلیب بڵاو بۆوە.

ڕێژەی زۆری هێرشی ئاسمانیی و شەڕ لە خۆرهەڵاتی ناڤین ئەوێی کردۆتە یەکێک لە شەڕلێدراوترین ناوچەکانی دنیا، بە زۆرترین ڕێژەی وڵاتان و زلهێزانی دنیا کە لە ناکۆکییەکان تێوەگلاون. ئەوە کورتکراوەیەکی خێرای ئەو شەڕانەیە کە لە خۆرهەڵاتی ناڤین لە ئارادا:

### میلیشیاکانی ئێران دژی وڵاتە یەکگرتووەکان

میلیشیاکانی ئێران لە عێراق دەرزەنێک جار هێرشیان کردۆتە سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق. چوار ئەندامی هاوپەیمانیی بە ڕێبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کوشتووە، لە ناویاندا قۆنتەراتچییەک. وڵاتە یەکگرتووەکان دوو جار هێرشی ئاسمانیی کردۆتە سەر کەتائیب حیزبوڵڵا، لە دێسامبری ٢٠١٩ و مارسی ٢٠٢٠. وڵاتە یەکگرتووەکان بە هەمان شێوە سەرۆکی سپای قودس، قاسم سولەیمانی و ڕێبەری کەتائیب حیزبوڵڵا، ئەبو مەهدی موهەندیسی لە مانگی ژانویە کوشت. لە جوابدا، ئێران موشەکی بالیستیکی بە بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ناوە. واشینگتۆن سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ناردووە. وڵاتە یەکگرتووەکان هەروەها لە گەڵ ئێران لە کەنداوی فارس کێشەی هەیە، شوێنێک کە کۆماری ئیسلامی مینی بۆ پاپۆڕان داناوە و پاپۆڕە ئەمریکاییەکانی جاڕز کردووە. لە سووریەش گرژیی هەیە و ئێران هەڕەشە لە هێزە ئەمریکاییەکان دەکا. هێزی بەکرێگیراوی ڕووسی کە کار بۆ میلیشیا هاوپەیمانەکانی ئەسەد دەکەن لە مانگی فێوریەی ٢٠١٨ هێرشیان کردە سەر هێزەکانی سووریەی دێموکرات کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریان دەکا.



سەرچاوە
Serchawe

## ئیسرائیل دژی ئێران و حیزبوڵڵا

بە گوێرەی فەرماندەی گشتیی خانەنشینکراوی هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل، گادی ئایزەنکۆت، لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ٢٠١٩،  ئیسرائیل پتر لە ١٠٠٠ هێرشی ئاسمانیی لە سووریە دژی ئامانجە ئێرانییەکان بەڕێوە بردووە. گرژییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران لەبەر خۆ مۆڵدانی ئێرانییەکان لە سووریە لە ئاستێکی بەرز دایە. لەوانەیە ئێران ئێستا خەریکی گواستنەوەی هێزەکانی بێ. ئاگوستی ڕابردوو، ئیسرائیل تیمێکی "فڕۆکەی کوشندەی بێ فڕۆکەوانی" حیزبوڵڵای لە نزیک گولان ئاشکرا کرد. جگە لەوە، ئەندامانی بەناوبانگی حیزبوولا لە سووریە کوژراون و یەکێک لە ئوتۆمبێلەکانیان لە هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەواندا تێکشکاوە کە ئیسرائیل وەک بکەر تاوانبار کراوە. پاییزی ڕابردوو، لە ١ی سێپتامبری ٢٠١٩، حیزبوڵڵا بە مووشەکی دژە تانک هێرشی کردە سەر ئیسرائیل. لە فێورییەی ٢٠١٨ ئێران لە سووریە ڕا فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ناردە سەر ئیسرائیل. ئیسرائیل کەڵکی لە هێزی بەرگریی ئاسمانیی خۆی بۆ خستنە خوارەوەی مووشەک و ڕاکێت، کە لە سووریەڕا، پێوەی نراون وەرگرتووە. لە مانگی مای ٢٠١٨ هێرشێک ئاراستەی ئیسرائیل کرا. لە ئاپریلی ٢٠٢٠، حیزبوڵڵا پەرژینی ئەمنییەتی لە باکووری ئیسرائیل هەڵدڕی.

## لیبیایی پشتگیریکراو لە لایەن تورکیە دژی لیبیایی پشتگیریکراو لە لایەن میسرەوە

تورکیە لە نۆڤامبری ٢٠١٩ دەستێوەردانی لە شەڕی ناوخۆیی نۆ ساڵەی لیبی دا کرد. ئێستا فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی تورکیە چالاکن و فڕۆکە و پاپۆڕەکانی تورکیە لە کەنارەکانی لیبی دەرکەوتوون. تورکیە پشتگیریی لە دەوڵەتی ئاشتی نەتەوەیی لە ترێپولی دژی سوپای نەتەوەیی لیبی بە ڕێبەرایەتی خەلیفە حەفتەر  دەکا. حەفتەر لە لایەن میسر، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، فەڕانسە، ڕووسیە و لایەنی دیکەوە پشتیوانی دەکرێ. سوپای نەتەوەیی لیبی ساڵی ڕابردوو هەوڵی دا ترێپۆلی بگرێ بەڵام تورکیە یارمەتی کرد تا هێرشەکە پاشەکشەی پێ بکرێ. ئێستا ئاشکرا خوازیاری کردنەوەی بنکەی سەربازیی لە لیبییە. میسر خوازیاری ئاگربڕە. فەڕانسە لە تورکیە تووڕەیە چونکە هەوڵ دەدا دەست بە سەر سەرچاوەی وزە لە مەدیتەرانە دابگرێ و چەکوچۆڵ بۆ لیبی بنێرێ. تورکیە داوای کردووە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی لە لیبی  بکا. ڕووسیە فڕۆکەی شەڕکەری ناردوونە لیبی تا دوای نسکۆیەکانی مانگی مای، یارمەتی بووژانەوەی حەفتەر بکا.

## ڕووسیە و ئێران لە سووریە دژی تورکیە و چەکدارانی سوورییەیی لە سووریە

ئێران لە ٢٠١٢ چووە ناو سووریە تا یارمەتی ڕێژیمی ئەسەد دژی بەرهەڵستکارانی سوورییەیی بکا و ڕووسیە لە ٢٠١٥

بەشی: دووهەم

دەستێوەردانی کرد. بە یارمەتی ئەوان، ئەسەد لە ۲۰۱٦ دەستی بەسەر حەڵەب و لە ۲۰۱۸ بەسەر باشووری سووریەدا گرتەوە. پاشان ڕووسیە پشتگیریی لە هێرشی ڕێژیمی ئەسەد بۆ سەر ئیدلیب کرد، لە سێپتامبری ۲۰۱۸ ڕێککەوتنێکی لەگەڵ تورکیە واژۆ کرد و ئاگربڕێکی دیکەی لە مانگی مارسدا ڕاگەیاند. هەروەها ڕووسیە و ڕێژیمی ئەسەد دەستیان بەسەر ئەو ناوچانە داگرت کە دوای داگیرکاریی تورکیە لە ئۆکتۆبری ۲۰۱۹، وڵاتە یەکگرتووەکان چۆڵی کردن. تورکیە لە ۲۰۱٦ بەولاوە دەوری خۆی لە سووریە بەهێز کردووە و ناوچەکانی دەوروبەری جەرابلۆس و پاشان لە ۲۰۱۸ عەفرین و دوایە تەل ئەبیەدی لە ئاپریلی ۲۰۱۹ داگیر کرد. ئێستا هەزاران سەرباز و تانکی ناردۆتە ئیدلیب. ڕووسیە و تورکیە گەشتی هاوبەش لە جادەی سەرەکیی M4 بەڕێوە دەبەن، بەڵام ڕووسیە درێژەی بە بۆمباران کردنی بەرهەڵستکارانی سوورییەیی داوە.

## وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ڕووسیە و ئێران لە سووریە

وڵاتە یەکگرتووەکان دەڵێ دەیهەوێ سووریە بۆ ڕووسیە بکاتە "زەلکاو". بەڕێوەبەرایەتی ترامپ دوو جار هێرشی ئاسمانیی کردۆتە سەر ڕێژیمی سووریە. لە هەمانکاتدا، ڕووسیە و وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی سووریە لە دەوروبەری دێرک و قامیشلی، شوێنێک کە گەشتەکانیان پەیتا پەیتا هەوڵ دەدەن یەکتر لەسەر جادە لاڕێ بکەن، کێشەیانە. دۆخەکە شڵەژاوە. ڕووسیە ئەمریکای بە بکەری تاوانی جۆراجۆر لە سووریە تاوانبار کردووە، و بە زانیاریی ساختە هەوڵ دەدا دەوری وڵاتە یەکگرتوەکان لەوێ لاواز بکا. لە هەمانکاتدا، واشینگتۆن دەڵێ دەیهەوێ ئێران سووریە جێ بهێڵێ و دەوری مۆسکۆی لەو وڵاتەدا شەرمەزار کردووە.

## عەرەبستانی سعودی، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و ئیدیکە دژی ئێران لە یەمەن

لە ۲۰۱٥ بەرهەڵستکارە حوسییەکانی یەمەن دەچوون عەدەن بگرن و کۆنترۆڵی گەرووی بابەلمەندەب بەدەستەوە بگرن. عەرەبستانی سعودی لەگەڵ هاوپەیمانییەکی کەنداو دەستێوەردانیان کرد. لەگەڵ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، شەڕکەری بەکرێگیراو و هی دیکە، پاشەکشەیان بە بەرهەڵستکارانی حوسی کرد. ئێران فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و موشەکی بالیستیکیان بردنە ئەوێندەرێ تا یارمەتی حوسییەکان بکەن و دەستیان کرد بە موشەکبارانی قووڵایی خاکی سعودی. دواتر لە سێپتامبری ۲۰۱۹ هێرشێکی بەربڵاوی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و موشەکی کروزی کردە سەر دامەزراوەکانی سعودی. هاوپەیمانە حوسییەکانی ئێرانیش دەرزەنێک هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانیان کردووەتە سەر عەرەبستان.

## هەموو لایەک دژی داعش

هەموو دنیا بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوپەیمانییەکیان دژی داعش پێکهێنا، ئەو هاوپەیمانییە ٨٢ ئەندامی هەن. هێزەکە لە وڵاتە یەکگرتووەکان، فەڕانسە، بریتانیا و ئەوانی دیکەی ناتۆ پێکهاتووە. ئێران، ڕووسیە و تورکیەش بانگەشەی شەڕی داعش دەکەن. ئەگەرچی هەموو دژی داعش دەجەنگێن، ئەو هێشتا لە عێراق هێندێک چالاکیی دەکا. هێزەکانی سووریەی دێموکڕات کە وڵاتە یەکگرتووەکان پشتگیریی دەکا، ١٠٠٠٠ زیندانیی داعشی لەبەر دەستدایە و شەڕی خانە نوستووەکانی داعش دەکا. هاوپەیمانییەکە ڕاهێنانی بە پتر لە ٢٠٠٠٠٠ سەربازی عێراقی و ٨٠٠٠٠ ئەندامی هێزەکانی سووریەی دێموکڕات کردووە. بەڵام وێدەچێ ئەو ڕێژە زەبەلاحە بەس نەبێ: داعش هێشتا شەڕ دەکا.

## وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئەلقاعیدە

وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا شەڕی ئەلقاعیدە دەکا. لە سووریە، لیبی و یەمەن، هێرشی ئاسمانیی جار لە دوای جار ئەندامانی ئەو گرووپە دەکوژێ. بۆمبێکی "شمشێری نینجا" کە لە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە هاویژرابوو، لەو ساڵانەی دواییدا لە ئیدلیب چەند ئەندامی ئەڤاعیدەی لەت بە لەت کردبوو. ئەو تووندئاژۆیانە لە نزیکی سنووری تورکیە جموجۆڵیانە. وڵاتە یەکگرتووەکان لەوبەر ئەوبەری سنوور چالاکیی دەکا تا ڕاویان بکا.

## ئیسڕائیل دژی جیهادی ئیسلامیی و حەماس

لە دوو ساڵی ڕابردوودا گرژییەکانی نێوان ئیسڕائیل و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین پەرەیان ئەستاندووە. حەماسیش لە ٢٠١٨ دەستی بە "مارشی گەڕانەوە" کرد، بۆ ماوەی ساڵێک نارەزایەتی بەڕێوە بردن. لە نۆڤامبر و دێسامبری ٢٠١٩، ئیسڕائیل و جیهادی ئیسلامیی پێکیان دادا. ڕێبەرانی جیهادی ئیسلامیی و هەروەها شەرکەرەکانیان کوژراون. ئەوان سەدان هێرشی مووشەکییان کردۆتە سەر ئیسڕائیل؛ حەماس خۆی لە بەشداریکردن لە هێندێک لەو شەڕانەدا بواردووە.

## تورکیە دژی پەکەکە

تورکیە تا ٢٠١٥ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان ئاگر بڕی هەبوو. کاتێک ئەو ئاگربڕە کۆتایی هات، تورکیە شەڕێکی

سەختی دژی شارە کوردەکان بەڕێوە برد. ئانکارا بە هێرش بۆ سەر باکووری عێراق و داگیر کردنی بەشێک لە سووریە شەڕەکەی بەربڵاو  کردەوە و بانگەشەی شەڕ دژی لایەنگرانی پەکەکەی کردووە. ئەو لە ژانویەی ٢٠١٨ عەفرینی داگیر کرد و ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاوی لە باکووری عێراق بەڕێوە برد. لە ١٤ی ژوئەن، تورکیە ئۆپەراسیۆنێکی نوێی دژی شاری ئیزەدیی [شنگال} لە عێراق بەڕێوە برد و ئیددیعای کرد کە پەکەکە لەوێ بنکەی هەن. تورکیە بە هەمان شێوە وڵاتە یەکگرتووەکان بەوە تاوانبار دەکا کە ڕاهێنان بە گروپی خاوەن پێوەندیی لەگەڵ پەکەکە دەکات.

## میسر دژی داعش

میسر لە دژی سەرهەڵدەرانی داعش لە بیابانی سینا شەڕی کردووە کە بۆتە هۆی هەزاران کوژراو و بریندار. داعش چەند جینایەتی قیزەونی دژی کریستیان و مزگەوتان بەڕێوە بردوون. میسر هێزی سەربازیی لە بیابانی سینا بڵاوە پێکردووە. بەڵام نەیتوانیوە بەسەر داعشدا زاڵ بێ و شەڕ درێژەی هەیە.

هیچ شوێنێکی دنیا هێندە کێشەی ئاڵۆزی نیە. هەموو ڕۆژێک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هیرشی ئاسمانیی و هەڕەشەی شەڕ و داگیرکاریی هەیە. ناوچەکە شوێنی کیبرکێی زلهێزانی دنیا، وەک ڕووسیە و وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئەوێ بەهەمان شێوە شوێنێکە کە هێزە ناوچەییەکان هەست بە پارێزراویی لە سزادان بۆ گواستنەوەی چەکۆچۆڵ و ناردنی سوپاکانیان بۆ ئەوبەری سنوورەکان دەکەن. لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا هێندە وڵات لەوبەری سنوورەکانەوە خەریکی پشتگیریی دارایی و دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ بەکرێگیراوەکانیان نین.

فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و تێکنۆلۆژی نوێ لە خۆرهەڵاتی ناڤین تاقی و بەڕۆژ دەکرێتەوە. ناوچەکە هێرشی مووشەکی بالیستیک بە مەودای نوێی بەخۆیەوە دیتووە، پۆلی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی بە خۆیەوە بینیوە و سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی وەک گومبەزی ئاسن، ئارۆو ٣ و پاتریوتی تێدا بەکار هێنراوە تا هەڕەشەکان کەم بکەنەوە. خنکێنەری ڕادار و تێکنۆلۆژی نوێ یاریدەدەری تورکیە لە لیبی بووە.

جگە لەوە، شەڕی ناوخۆ لە یەمەن، لیبی و سووریە درێژەیان هەیە. هەروەها ڕکابەرییەتی لێیە، وەک قەتەر دژی عەرەبستانی سعودی، کە دەبێتە هۆی دابینکردنی تێچووی ناکۆکی لە شوێنی دیکە. لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیا F-35، MIG-29s، S-400sو سیستەمی دیکە جێگیر نەکراون بۆ ئەوەی دەرفەتی کەڵک لێوەرگیرانیان بۆ بڕەخسێ. ناوچەکە بەدەست ئالنگاری درێژخایەنی دوای شەڕی سار، دوای شەڕ و تیرۆر دەناڵێنێ.

بەشی: دووهەم

ئەو ناوچەیە چاوەڕێی گەڕانەوەی دەوڵەتی بەهێز پاش بەهاری عەرەبی، ئاژاوە و سەرهەڵدانی تاقمی بەکرێگیراو و شوێنی بێ دەوڵەتە. لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتووەکان دەست بە کشانەوە لە شوێنی وەک سووریە و ئەفغانستان دەکا، ناوچەکە ئێستا وێدەچی ئامادەی فڕکێنە بێ و وڵاتی دیکە وەک ئێران، تورکیە، ڕووسیە و چین ئامادەن بێنە ناو گەمەکەوە. ئەوە دەبێتە هۆی ئافراندنی کێشە، چونکە هەر کام لەو وڵاتانە بە دوای هەژمۆنی زیاتر و داگیر کردنی شوێنی وەک سووریە، لیبی و یەمەنەوەن.

بێجگە لەوە، تاقمی تێرۆریستی، هێزی بەکرێگیراو و میلیشیاکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست چاک پۆشتە و پەرداخ کراون. ئەگەرچی ئەوان لە شوێنی وەک ئەفغانستان و ساحل خەریکی وێرانکارییین، بەڵام لەو ناوچەیە زۆرترین پشتگیریی دارایی، چەکوچۆڵ و دەوڵەتییان لێ دەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢٠

# بەهەڵستداریی پتەو لە لای تاکی چاکبووەوە کە نەخۆشی کۆڤید-١٩ یان بە سووکی گرتووە یا نیشانەکانی ئەو نەخۆشییەیان لێ دەرنەکەوتووە

### دەستەی لێکۆڵینەوەی کۆڤید - ١٩ لە ئەنستیتۆی کارۆلینسکا

### کورتکراوەی لێکۆڵینەوەکە لە ڕستەیەکدا

سارس- کۆڤ - ٢ دەبێتە هۆی ئافراندنی پتەوەی وڵامی خانەی تی* لە لای ئەو تاکانە کە نەخۆشی کۆڤید-١٩یان بە سووکی گرتووە یا نیشانەکانی ئەو نەخۆشیەیان لێ دەرنەکوتووە و دوای پشکنینی خوێن، بوونی دژە تەن نیشان نەدراوە یاخود دژە تەن نیشان دراوە.

(* خانەی تی (T Cell) بەو خانانە دەڵێن کە لە پێشدا لە مۆخی ئێسکدا دروست دەبن، بەڵام پاشان لە لووی تایموس (Thymus) دا کامڵ دەبن. و.)

## پێشەکی

ئاسەواری سارس - کۆڤید -٢ لە خانەکانی تی وێدەچی بیسەلمێنێ کە بۆ بەرهەڵسداریی (مصونیت) درێژخایەن دژی کۆڤید-١٩ یەکلاکەرەوە بێ. ئێمە بە شێوەی سیستەماتیک کارکرد و تایبەتمەندیی وڵامی خانەی تی بە سارس - کۆڤ - ٢ مان لە تاقمێکی بەرچاو لە خەڵکی گیرۆدە نەبوو بە کۆڤید - ١٩ و هەروەها ئەندامانی بنەماڵەی گیرۆدە بوو و تاکی ئەوتۆ کە بە چرِی گرتبوویان یا چاک ببوونەوە دەستنیشان کردووە. خانەکانی تی تایبەتی دۆخی تەنگاوی سارس-کۆڤ-٢، تایبەتمەندیی ژاراویکەری بەرزیان هەبوو کە لەگەڵ نیشانەکانی کلینیکی جۆراجۆری جیددی بوونی نەخۆشییەکە یەکیان دەگرتەوە، لە کاتێکدا خانەکانی تی لە لای خەڵکی چاکبووەوە لە سارس - کۆڤ -٢، هێندێک نیشانە وەک لاسکی لێ دەردەکەون. گرینگییەکە لەوەدایە کە خانەکانی تی تایبەتی سارس - کۆڤ -٢ لە لای ئەندامانی بنەماڵەی کەسێکی گیرۆدە بوو، کە لە پشکنینی خوێندا هەبوونی دژە تەنیان نەسەلماوە و هەروەها ئەو کەسانە کە بە سووکی نەخۆشی کۆڤید-١٩یان گرتووە، دیتراوەتەوە. کۆی زانیاریی بەردەستی ئێمە ئاشکرای دەکەن کە سارس - کۆڤ -٢ دەبێتە هۆی دروستبوونی نیشانە لە خانەکانی تی دا کە وەک هی ئەو دۆخانە دەچێ کە پێکوتەی سەرکەوتوو بەکار هێنراوە، ئەوە بەو مانایەیە کە کەوتنە

ژێر تەوژم یا گیرۆدەبوون دەبێتە هۆی پێشگرتن لە دووبارە گیرۆدە بوونی کۆڤید-١٩ بە شێوەی دژوار، تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانە کە دوای پشکنینی خوێن، دژە تەن نەبینراوەتەوە.

## سەرەتا

لە دیسامبری ٢٠١٩، لەگەڵ سەرهەڵدانی نەخۆشییەکی زوونۆتیک (نەخۆشییەک کە لە ئاژەڵێکەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرێتەوە.و.)، نیشانەی دژواری تەنگاویی کۆئەندامی هەناسە دان بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای ٢ (سارس - کۆڤ -٢) بوو کە دبێتە هۆی نیشانەی جۆراجۆری کلینیکی کە بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ١٩ (کۆڤید -١٩) ناودێر کراوە. ئێستا هیچ پێکوتەیەک دژی سارس - کۆڤ -٢ نییە و هەو کردنە لە ڕاددەبەدەرەکەی کە بە هۆی کۆڤید-١٩ی دژوار دروست دەبێ، دەتوانێ ببێتە هۆی لە کار کەوتنی کۆ ئەندامی هەناسە دان، شۆکی هەو کردن، و لە کۆتاییدا، مردن (گوان و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وۆلفەل و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وو و مەک گووگان، ٢٠٢٠). ڕێژەی گشتی مردن نیو تا سێ و نیو لە سەتی گیرۆدەبووانە (گوان و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وۆلفەل و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وو و مەک گووگان، ٢٠٢٠). بەڵام وێدەچێ زۆرینەی خەڵک بە سووکی بیگرن یا هیچ نیشانەیەکیان لێ دەر نەکەوێ یا تەنیا لە کاتی گیرۆدەبوون بە کۆڤید-١٩ نیشانەکانی بەسووکی دەرکەون (هی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وێی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠، یانگ و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠). بۆیە ئەوە یەکلاکەرەوەیە کە لە ژێر ڕووناکایی پەتای هەنووکەییدا، بزانین ئاخۆ ئەو کەسانەی بە شێوی سووک نەخۆشی کۆڤید-١٩ دەگرن، بەرهەڵستداریی پتەویان دژی سارس - کۆڤ -٢ هەیە؟

ئێستا هەولێ جیهانیی بۆ دەستنیشان کردنی بڕیاردەرانی بوونی بەرهەڵستداریی دژی سارس - کۆڤ -٢ لە ئارا دایە. زانیاریی ئەو دواییانە ئاشکرای کردووە کە هەوکردنی سارس - کۆڤ -٢ دەبێتە هۆی نزیکەی پارێزگاریی تەواو دژی دووبارە تووش بوونەوە لە لای ڕێسوس مەکاک [جۆرێک مەیمونە] (چاندراشێکار و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠)، و بە هەمان شێوە بەڵگەی کەم لەبەر دەستدان کە ئەو خەڵکەی کە سەلمێندراوە پێشدا تووشی کۆڤید -١٩ بوون، دووبارە گیرۆدە ببنەوە (کیرکالدی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠). بۆیە کاری دیکە پێویستە بۆ پێناسە کردنی میکانیزمەکانی پشتڕاست کردنەوەی ئەو بەڵگانە و هەڵسەنگاندنی ماوەی مانەوەی ئەو بەرهەڵستدارییە پارێزەرە کە بە هۆی تووش بوونی سارس - کۆڤ -١٩ دروست دەبێ. زۆربەی توێژینەوە پێوەندیدارەکان بە بەرهەڵستداریی پارێزەر دژی سار - کۆڤ -٢، جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئاخۆ ئەو نەخۆشییە دەبێتە هۆی دروستبوونی دژەتەنی بێزەڕکەر (هۆتێز و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ ڕۆبیانی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠، سەیدوو و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠؛ وانگ و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠). بە هەمان شێوە، توێژینەوەی پێشوو ئاشکرای کردووە کە خانەی بی [ B cell] خاوەن ئاسەوار، دوای هەوکردن بە هۆی سارس - کۆڤ -١، وێدەچی کورتخایەن بێ (چاناپیاناوار و

ئەوانی دیکە، ٢٠١٤، تانگ و ئەوانی دیکە، ٢٠١١). بە پێچەوانە وەڵامی خانەی تی خاوەن ئاسەوار، چەند ساڵ دەمێنێتەوە (نینا لێ بەرت، ٢٠٢٠؛ تانگ و ئەوانی دیکە، ٢٠١١، یانگ و ئەوانی دیکە، ٢٠٠٦) و لە مشکاندا، دژی ئالنگارییە کوشندەکانی سارس - کۆڤ -١، پارێزگاریی دەکا (چاناپپاناوار و ئەوانی دیکە، ٢٠١٤).

خانەکانی تی تایبەتی سار - کۆڤ -٢ لە مرۆڤاندا دەستنیشان کراون (گریفۆنی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠، نایت و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بە ناڕوونی مابۆوە کە ئاخۆ تا چ ئاستێک تایبەتمەندییە جیاوازەکانی وەڵامی بەرهەڵستدارانەی خانەکانی تی، پێوەندییان بە وەڵامەکانی دژە تەن و ئاراستەی کلینیکی دۆخەکانی تەنگاویی و چاکبوونەوەی کۆڤید- ١٩ وە هەیە. بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە زانیارییە، ئێمە خانەکانی تی، لە شێوەکانی سی دی ٤ [CD4] و سی دی ٨ [CD8] تایبەتی سارس - کۆڤ -٢ مان دەستنیشان کردن، کۆی خوێن بەخشان (کۆی گشتی ٢٠٣ کەس) بوون لە سوێد، کە ستراتیژییەکی "ئاوالا"تری ڕەچاو کرد و بەو هۆیەوە لە زۆر وڵاتانی دیکەی ئوروپایی زیاتر بڵاو بوونەوەی مەوداداری کۆڤید -١٩ی ئەزمون کردووە (حەبیب و ئەوانی دیکە، ٢٠٢٠).

تێبینی: ئەو ڕاپۆرتە یەکەمجار لە ٢٩ی جون لە ماڵپەڕی بایۆ ئارکایڤ دا بڵاو بۆوە. من تەنیا بەشێکی ئەو ڕاپۆرتەم وەرگێڕاوە کە بۆ زۆرینەی خوێنەران سەرنجڕاکێشە. بەشەکانی دیکە زۆر تەکنیکی و بە زمانی پزیشکی نووسراون کە وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی بێ سوودە چونکە هەموو ئەو کەسانەی لە بابەتەکە دەگەن، خوێندنەوەی ئینگلیسی وتارەکە بۆیان بە سوودترە و وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی تەنیا کات بە فیڕۆ دانە.

سەرچاوە:

https://www.biorxiv.org/content/10.1101/2020.06.29.174888v1

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٠

## هەنگاوی داهاتووی سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران

(بەشی یەکەم)

نەیشنال ڕیڤیۆ - فرێد فلایتز

بڕیاری سەرۆککۆمار ترامپ لە مەڕ کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لەگەڵ ئێران واژۆی کردبوو وێدەچێ سەرکەوتنێکی بەرچاو بێ. ئەو سەرکەوتنە بە چەند شێوە دەبینرێن: کشانەوە لە بەرجام ئێرانی تەریک خستوەتەوە و پێشی بە داهاتی مەلایان گرتوە کە خەرجی سپاکەیان، گەشە پێدانی مووشەک و بەرنامە ئەتۆمییەکەیان دەکرد. ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ئاکامی کشانەوە لە بەرجام دووبارە چەسپاونەتەوە پێش بە ڕێژیمی ئێران دەگرێ کە پشتگیریی تێرۆریستان و بەکرێگیراوەکانی بکا و، لەوانەیە تاران ناچار بکا کە هێزەکانی لە سووریە بکشێنێتەوە. جگە لەوە، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە ئیزن بە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەدا تا لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێ کە سەرجەم هەڕەشەکانی ئێران دژی خۆرهەڵاتی ناڤین و دنیا بگرێتەوە، وتوویژ بکا. لە کاتێکدا کە ئێران ئێستا خۆ لە وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێ دەبوێرێ، بەڵگەی زیاتر لە بارەی گزەی ئێران لە بەرجام کۆ دەکرێنەوە، جگە لەوە دەورێکی نوێ لە توندوتیژی بە پشتیوانیی ئێران بۆ وروژاندنی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا دەستیان پێکردوەتەوە کە بۆتە پاڵپێوەنانی وڵاتانی ئورووپایی بەرەو نزیک بوونەوە لە هەڵوێستی ترامپ، کە سەردەمێک دڵەڕاوکێیان لەو بارەوە هەبوو.

بە پێچەوانەی بەڵگەکان، ڕەخنەگرانی سەرۆککۆمار پێداگرن کە کشانەوە لە بەرجام شکستی هێناوە. بەڵگەی ئەوان بۆ ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ جووڵانەوەیەک بۆ دەستپێکی وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێکی باشتر دەستی پێ نەکردوە و ڕەفتارە شەڕخوازانەکەی ئێران دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام، خراپتر بووە. زۆر لە ڕەخنەگران، کە پێشتر داوای لێبوردنیان لە مەلایان دەکرد، ئەو کارە بە شێوەی ئاشکراتر دەکەن و، ئیددیعا دەکەن کە ڕێژیم ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بەڕێوە دەبرد و ترامپ بەوە تاوانبار دەکەن کە ئایەتوڵڵاکانی وروژاندوە تا ئەوان دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرنامە ئەتۆمییەکەیان پەرە پێ بدەن. ئیددیعای ملکەچ بوونی ئێران بە ڕێککەوتنی بەرجام هەڵە و ساختەیە. جگە لەوە، کاردانەوەی ڕێژیم، ئاسەواری چاوەڕوانکراوی بڕیاری ترامپە و نابێتە هۆی بێئێعتیبار کردنی کشانەوەکە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

بانگەشەی دۆناڵد ترامپ لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ٢٠١٦، کە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ "خراپترین مامەڵەیە"، ڕەنگدانەوەی دژایەتیی توندی زۆر لە ئەمریکاییەکان، بە تایبەتی کۆماریخوازەکان بوو. لە شێوەی دارشتنەکەوە، نەخشەی ئۆباما ڕێگەی بە ئێران دەدا کە درێژە بە تەواو کردنی بەرنامەی تێکنۆلۆژیی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی، لە ڕێگەی ئاوەڵا هێشتنەوەی دەستی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم، گەشە پێدانی سانتریفیووژی پێشکەوتوو بۆ پیتاندن و درێژە پێدان بە کەلکوەرگرتن لە ڕێئاکتۆری ئاوی قورس، لە کاتی مانەوەی ڕێککەوتنەکە دەدا. ڕەوایی دانی تیمی ئۆباما بۆ ئیزن پێدانی مەلاکان بۆ هێشتنەوەی بەرهەمهێنانی تێکنۆلۆژیی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەوە بوو کە بەرجام گێزەرێکە کە ڕێژیم یەک ساڵ لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دوور دەکاتەوە. بەڵام بنەماکانی پشکنین لە ڕێککەوتنەکەدا هێندە لاواز بوون کە کاری ئێرانیان بۆ گزە کردن ئاسان کردبوو، باسی ئەوەش ناکەین کە زلهێزەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی خۆیان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەبوارد.

بەڕیوەبەرایەتیی ترامپ نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارەی گیروگرفتەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە باس کردبوون. لاوازییەک کە بمانهەوێ وەک دەستپێک باسی بکەین ئەوە بوو کە ڕێککەوتنەکە "کاتی کۆتایی" هەبوو، واتە ڕێگەی دەدا کە بەربەستە سەرەکییەکان لە ماوەی پێنج تا هەشت ساڵ کۆتاییان بێ. کاربەدەستانی ئۆباما ئیددیعایان دەکرد کە ڕێککەوتنەکە بەرنامەی مووشەکیی بالیستیکیی ئێران سنووردار دەکا. بە کردەوە، بەرجام نە وەک هیچ بەربەستێکی بۆ بەرنامەی مووشەکیی بالیستیکی ئێران دیاری نەکردبوو، بەڵکوو بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پشگێریی لە بەرجام کرد، لە ڕاستییدا ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژی بەرنامەی مووشەکیی ئێران لاواز کرد.

جگە لەوە، ڕێککەوتنەکە شتی وای تێدا بوو کە مەلاکانی لە ڕوانگەی داراییەوە خاوەن توانایی دەکرد: سەرۆککۆمار ترامپ زۆر جار هێرشی دەکردە سەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چونکە ١٥٠ میلیارد دۆلاری لە ڕێگەی سووککردنی ئابلۆقەکانەوە و هەروەها ١,٧ میلیارد دۆلار پارەی نەغد کە وڵاتە یەکگرتووەکان دایەوە بە ئێران، کە ڕێبەرانی ئێران ئەو پارەیان بۆ بڕەو پێدان بە بەرنامەی سەربازی، توانایی ئەتۆمی و هەوڵی جیاواز، لە نێویاندا تێرۆریزم بۆ ناسەقامگیرکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خەرج کرد. ڕێککەوتنی ئێران هیچ بەربەستێکی بۆ لەغاو کردنی کرداری شەڕخوازانەی ئێران تێدا نەبوو.

## جووت کردنی ئەوپەڕی زەخت لەگەڵ گونجاندن

جێگرەوەی ترامپ بۆ بەرجام سیاسەتێکە بە ناوی "ئەو پەڕی زەخت"، ستراتیژییەکی توندوتۆڵی ئابلۆقەی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئاکاری شەڕەنگێزانە و تێکدەرانەی ئێران و ناچار کردنی بۆ وتووێژ لە بارەی

ڕێککەوتنێکی نوێ. ستراتیژییەکە هەروەها زیاد کردنی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا و ئامادەیی سەرۆککۆمار بۆ کەلکوەرگرتن لە هێزی سەربازی لە جوابی ورووژاندنەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە.

لە ٢٨ی مانگی مای ٢٠١٨، وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ، لە وتارێکدا لە هەریتێج فاوندەیشن، لیستەی دوازدە داوای وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران پێشکەش کرد کە لە نێویاندا دەکرێ ئاماژە بە دەستهەڵگرتن لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و کۆتاییهێنان بە شەڕەنگێزی و ورووژاندنەکانی ئێران لە ناوچە بکرێ. ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز ئەو داواکارییانەی وەلا نەناون، سەرۆککۆمار لە چەند هەلی جیاواز باسی خۆ گونجاندن لە بارەی وتوویژ لەگەڵ ئێرانی کردوە. ئەوە قەبووڵ کردنی پلانی سەرۆککۆماری فەڕانسە، ئێمانوئێل ماکرۆن، لە پاییزی ٢٠١٩ بۆ وتوویژی دوولایەنە لەگەڵ ئێران، هێندێک سنووردار کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و هەڵگرتنی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەگرێتەوە. نەخشەی ماکرۆن لەبەر پێداگریی ئێران لەسەر هەڵگرتنی ئابلۆقەکان لە لایەن ترامپ پێش دەستپێکردنی وتوویژەکان، شکستی هێنا.

هەموو ڕاوێژکارەکانی ترامپ لە بارەی ئامادەیی ترامپ بۆ سازان لە بارەی دەستپێکی وتوویژ لەگەڵ ئێران بە گوێرەی پلانی ماکرۆن، کەیفخۆش نەبوون. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، جان بۆڵتۆن بە توندی دژی سووککردنی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەو شێوەیە بوو و دەڵێن ئەوە بووە هۆی جیا بوونەوەی بۆڵتۆن لە سێپتامبری ٢٠١٩.

بە گشتی، ستراتیژیی ئەو پەڕی زەخت سەرکەوتوو بووە، ئەگەر چی ئێران لاسارانە خۆ لە بەشداری لە وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێک کە جێگرەوەی بەرجام بێ، دەبوێرێ. ئابووریی ئێران لەژێر زەختی بێوێنەی ئابووری بە هۆی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئازار دەچێژێ کە دەبێتە هۆی نارەزایەتی دژی ڕێژیمی ئێران. نارەزایەتییەکان دژی دەوڵەتی ئێران بە هەمان شێوە لە عێراق، لوبنان و سووریە، کە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆتە هۆی پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتنی تاران بە سەرچاوەی دارایی بۆ پشتگیریی تاران لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی لەو وڵاتانە، بەڕێوە چوون. ئەوە بۆتە هۆی نەگەیشتنی پارە بە ئەندامانی حیزبوڵڵا، بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی ئێران لە لوبنان.

## پشتڕاستکرانەوەی گزەی ئێران

لە کاتێکدا کە دەمێکە ئێران بە گزە کردن لە ڕێککەوتنی بەرجام تاوانبار دەکرا، ئاشکرا کردنەکانی ئیسرائیل لە ٢٠١٨ هیچ گومانێکی لەو بارەوە نەهێشت. گرێ کوێرەی نێوان ڕێژیمی ئێران و کۆمەڵگەی نێوەنەتەوەیی لە بارەی گزەی ڕێژیم،

بەشی: دووهەم

ڕەوایی بە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە لایەن سەرۆککۆمار ترامپ دەدا.

ڕاپۆرتی جێگەی متمانە لە بارەی گزەی ئێران پێش کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشکەش کران. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە دێسامبری ٢٠١٥ پشتڕاستی کردەوە کە ئێران لە پێشکەشکردنی بیلانی ورد و ڕاستگۆیانەی بەرنامەی ئەتۆمی شکستی هێناوە، کە بە گوێرەی بەرجام پێشمەرجێکە بۆ سووککردنی ئابلۆقەکان. ڕێکخراوی هەواڵگریی ئاڵمان چەند ڕاپۆرتی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە بارەی هەوڵی نهێنیی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئامێری ئەتۆمی، کە پێشێلکاریی ڕێککەوتنەکەیە، بڵاو کردۆتەوە. لە جوولای ٢٠١٧، سێناتۆران تێد کرووز، تام کاتن، مارک ڕۆبیۆ و دەیڤید پەردوو نامەیەکیان بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ڕێکس تیلەرسۆن، نووسی و تێیدا ئاماژەیان بە "پێشێلکارییە بەردەوامەکانی ڕێککەوتنەکە" لە لایەن ئێرانەوە کرد.

لایەنگرانی بەرجام ئەو تاوانبار کردنانەیان ڕەت دەکردەوە و باسی ئەوەیان دەکرد کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی جار لە دوای جار ڕایانگەیاندوە کە ئێران بەرجامی جێبەجێ کردوە. بەڵام، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ملکەچیی ئێرانی تەنیا بە گوێرەی بەرنامەی ئەتۆمیی ڕاگەیەنراو لە بنکەکانی کە سەربازی نین و زنجیرەی دابینکەرانی کەلوپەل کە پێشتر ڕاگەیەنرابوو، بەراورد دەکرد. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی هەروەها خۆی لە داوای پشکنینی بنکە سەربازییەکان (کە تاران ڕایگەیاندبوو ئیزنی پشکنینیان نادا) دەبوارد، ئەگەرچی وێدەچێ ئەوان شوێنی کاری نهێنی لەسەر چەکی ئەتۆمی بن.

گزەی ئێران لە بەرجام لە بەهاری ٢٠١٨ بە شێوەی کۆتایی پێهێنەر ئاشکرا کرا، کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ باسی دزینی ڕێژەیەکی زۆر بەڵگە لە بارەی پرۆگرامی نهێنیی چەکی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن سیخوڕانی ئیسرائیلی کرد. بەڵگەکان بە ناوی ئارشیوی ئەتۆمیی ئێران، سەلماندیان کە ئێران لە ٢٠١٥ بەرجامی بە درۆ کردن لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە بارەی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی، پێشێل کردوە. بەڵگەکان ئاشکرایان کرد کە ئێران نەخشەکانی بۆ دروستکردنی پێنج کڵاوی مووشەکی ئەتۆمی لە پێگەیەکی نهێنیی ژێرزەوی لە بنکەی سەربازیی پارچین، شوێنێک کە پارچەکانی چەکی ئەتۆمی پەرە پێ دەدان، لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی شاردۆتەوە.

خۆ بواردنی ئێران لە دانی زانیاری لە بارەی ئاسەواری گەردیلەی ئۆرانیۆم کە لە ئەمبارێکی تاران دۆزرابۆوە، بووە هۆی

بەشی: دووهەم

پەرە گرتنی گرژی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی ئورووپا. لە مانگی مارس، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی داوای لە ئێران کرد تا لە بارەی سەرچاوەی گردیلەکانی ئۆرانیۆم "دەستبەجێ و بە تەواوی هاوکاریی بکا" و ئیزنی دەستڕاگەیشتن بە سێ شوێنی دیکەش بدەن کە لە بەڵگەکانی ئەتۆمیی ئێراندا ئاماژە بە چالاکیی ئەتۆمیی نەدرکاو لەوێ کرابوو. لە ئاوریل، ئێران کۆتایی بە هاوکاری لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانە هێنا کە پێشێلکارییەکی ئاشکرای دیکەی بەرجامە.

(لە ژمارەی ٧٧٨ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠٢٠

## (ئێران لە بەڵێنییەکانی پاشگەز دەبێتەوە)

(بەشی دووەم)

نەیشناڵ ڕیڤیۆ - فرێد فلایتز

لاساریی ئێران بەرانبەر بە لێکۆڵینەوەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لەسەر چالاکییە ئەتومییەکانی تاران تەنیا پێشێلکاریی سنووردانانەکانی بەرجام لە ساڵی ڕابردوودا نەبوو. لە مانگی مای ٢٠١٩، لە یەک ساڵەی کشانەوەی سەرۆککۆمار ترامپ لە بەرجام، ئێران ڕایگەیاند کە هەر ٦٠ ڕۆژ جارێک لە بەڵێنییەکانی لە بەرجام دەکشێتەوە. ڕێبەرانی ئێران هیوادار بوون ئەو هەنگاوانە زەخت بخەنە سەر وڵاتانی ئورووپا تا هاوکاریی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نەکەن و پێش بە ئاسەوارە ئیفلیج کەرەکانی سیاسەتی ترامپ بگرن. کەمێک دوای ئەو ڕاگەیاندنە، ئێران یەکەم هەنگاوی هەڵێنا و ئیجازەی دا کە کۆی ئۆرانیۆمی پیتێنراو و ئاوی قورس لە سنووری دیاریکراو تێپەڕێ. لە ماوەی هەشت مانگی دواتر، ئێران سنوورەکانی سەر ئاستی پیتاندنی ئۆرانیۆمی پێشێل کردوە، بەرهەمهێنانی سانتریفیووژی پێشکەوتووی پەرە پێداوە و دووبارە دەستی بە پیتاندن لە بنکە ژێرزەوییەکەی فۆردۆ کردۆتەوە. لە کۆتاییدا، لە ٤ی ژانوییەی ٢٠٢٠، ئێران ڕایگەیاند کە چیتر بەربەستەکانی دیاریکراو لە بەرجام بە هیچ شێوەیەک نابێتە هۆی سنووردار کردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی.

کشانەوەکانی هەنگاو بە هەنگاوی نەیتوانی وڵاتانی ئورووپا بۆ پاراستنی ئێران لە ئابلۆقەکانی ئەمریکا هان بدا. لە جیاتان، لە ژانوییەی ٢٠٢٠، بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان لەگەڵ کاربەدەستانی یەکیەتیی ئورووپا، پرۆسەیەکی چارەسەری ناکۆکیی بەرجامیان چالاک کرد کە لە تیئۆرییدا دەتوانێ ئابلۆقەی نێونەتەوەیی دژی ئێران چالاک بکاتەوە. بەڵام بە کردەوە، هۆی ئەو هەنگاوەی ڕێبەرانی ئورووپا بۆ ئەوە بوو کە ئێران ناچار بکەن کە بگەڕێتەوە بۆ ڕەچاو کردنی بەرجام.

ژانوییەی ڕابردوو نیشانەیەکی دڵخۆشکەر هەبوو کە لانیکەم ڕێبەرانی ئورووپا دەستیان بەوە کردبوو کە شتەکان وەک ترامپ سەیر بکەن. سەرۆک وەزیرانی بریتانیا، بوریس جانسۆن، پێشنیاری کرد کە بەرجام جێگای خۆی بدا بە "ڕێککەوتنی ترامپ، ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە دەمانهەوێ ببینین [...] با پێکەوە کار بکەین بۆوەی بەرجام وەلا نێین و لەجیاتان ڕێککەوتنی ترامپ جێبەجێ بکەین."

## ورووژاندنەکانی ئێران شکست دێنن

لە مانگی مای ۲۰۱۹، ئێران دەستی بە هەڵمەتێکی دیکە بۆ زەخت خستنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا ئابلۆقەکان کۆتایی پێ بێنێ و، وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپا ناچار بکا کە پشتیوانی لە بەرجام بکەن. ئەمجار ڕێژیم دەستی کرد بە زنجیرەیەک ورووژاندنی توندوتیژانە دژی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و، بە شێوەیەک میزانی کردبوون کە ویستی خۆی لە بەرجام جێبەجێ بکا بێئەوەی کە مەترسیی تۆڵە کردنەوە لە لایەن هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە ببێتە هۆی دەستپێکی شەڕێک. لە نێوان مانگەکانی مای و دێسامبر، ڕێژیم مینی بۆ پاپۆڕی کاڵایان لە گەرووی هۆرموز دانا، ناسەرکەوتووانە هەوڵی دا دەست بەسەر پاپۆڕێکی نەوتهەڵگری بریتانیایی لە کەنداوی فارسدا بگرێ، زەرەر و زیانێکی زۆر بە دامەزراوە نەوتییەکانی عەرەبستانی سعوودی لە هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بگەیەنێ و پشتگیریی میلیشیا شیعەکانی عێراقی کرد کە بە کاتیۆشا هێرشیان کردبووە سەر بنکە ئەمریکاییەکان لە عێراق.
کاتێک کە سەرۆککۆمار ترامپ لە تۆڵەکردنەوەی ئەو ئاکارانە شکستی هێنا، تاران لەوانەیە پێی وا بووبێ کە ستراتیژییەکەی خەریکە سەر دەکەوێ. بەڵام ئەوە هەموو لە کاتێکدا بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان کاری لەسەر وڵامێکی شیاو دەکرد. ڕێبەرانی ئێران هۆی دەستپێکی ئەو وڵامە لە ۲۷ی دێسامبری ۲۰۱۹ بوون، کاتێک کە میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە هێرشێکی مووشەکی لە عێراق، قۆنتەراتچییەکی ئەمریکاییان کوشت. دوو ڕۆژ دواتر، سەرۆککۆمار ترامپ بڕیاری هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر هێزە بەکرێگیراوەکانی ئێراندا. ئێران لە ۳۱ی دێسامبر بە ناردنی هەزاران کەس لە پیاوانی میلیشیا بۆ سەر دەروازەی باڵوێزخانەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەغدا تۆڵەی کردەوە. میلیشیاکان چوونە نێو بینای دەرەوەی باڵوێزخانە و ئەوێیان وێران کرد بەڵام نەیانتوانی لە دیواری باڵوێزخانەکەوە بچنە ژوورەوە.

هێرشی بەکرێگیراوانی ئێران بۆ سەر خاکی سەربەخۆی ئەمریکا ئەو بیانووەی بۆ سەرۆککۆمار ترامپ دەستەبەر کرد کە پێویستی بوو تا بتوانێ بە هەمان ڕێژە گرژییەکە بەرز بکاتەوە. لە هەنگاوێکدا کە ڕێژیمی ئێران و ناوچەکەی شۆک کرد، سەرۆککۆمار لە ٥ی ژانوییە، بڕیاری هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆ کوشتنی قاسم سولەیمانی، ژەنراڵێکی سپای قودس دەرکرد. کوشتنی سولەیمانی، فەرماندەیەکی کاریزماتیک و گەلێک خۆشەویستی میلیشیای شیعە کە بۆ ستراتیژی ناوچەیی ڕێژیم لە لوبنانڕا تا ئەفغانستان یەکلاکەرەوە بوو، ڕیبەریی ئێرانی پەشۆکاند و ئۆپەراسیۆنەکانی لە عێراق، سووریە و شوێنی دیکە ئیفلیج کرد. بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بە ئاماژە بەوەی کە دەستی سولەیمانی لە پشت هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە بەغدا و کوشتنی سەدان ئەمریکایی و هێزی هاوپەیمان لە عێراق، ئەفغانستان بووە و ئاشکرا کردنی ئەوە کە سولەیمانی بە تەمای هێرشی زیاتر بۆ سەر شارۆمەندانی ئەمریکا لە ناوچە بووە، ڕەوایی بە لە نێو بردنی

سولەیمانی دا. ترامپ لە تویتێکدا پاریزگاریی لە بڕیارەکەی کرد و گوتی ئەگەر ئێران هێرشێکی دیکە بکاتە سەر کەسێک یا ئامانجێکی ئەمریکایی، وڵاتە یەکگرتووەکان خێرا وڵام دەداتەوە و "لەوانەیە لە ئاستێکی زۆر ناهاوسەنگدا."

لە ٧ی ژانوییەی ٢٠٢٠، ئێران بەرپەرچی کوژرانی سولەیمانی بە هاویشتنی دوو دەرزەن مووشەک بۆ سەر بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە عێراق دایەوە کە بووە هۆی بریندار بوونی ٦٤ کەس لە هێزەکانی ئەمریکایی. بەڵام لە ترسی ئەوەی کە ترامپی نائاسایی بە هێرشێکی بەربڵاو وڵامی ئێران بداتەوە، ڕێبەرانی ڕێژیم وێدەچێ هەندێک هەنگاویان ڕەچاو کردبێ تا زەرەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان سنووردار بکەن: تاران ٩٠ خولەک پێش هێرشە مووشەکییەکەی دەوڵەتی عێراقی ئاگادار کردبۆوە و زۆربەی مووشەکەکان وێدەچوو بەئانقەست بۆ گەیشتنە ئامانج کورتیان هێنابێ (هێندێک لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە نێویاندا وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپێئۆ، لەگەڵ ئەو لێکدانەوە لە بارەی هێرشە موشەکییەکەی ئێران هاوڕا نین و پێیان وایە ئامانج لە هێرشەکە ئەوە بوو کە زەرەر بە بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بگەیەنن و هێزە ئەمریکاییەکان بکوژن).

سەرۆک کۆمار ترامپ، بە پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە کە ئەمریکایی لە هێرشە مووشەکییەکەدا نەکوژراون هەوڵی دا ئاستی گرژییەکان دابەزێنێ و تەنیا هێرشەکەی ئیدانە کرد و ئابلۆقەی زۆرتری سەپاندن. وڵاتە یەکگرتووەکان تۆڵەی هێرشی مووشەکیی بۆ سەر بنکەیەکی ئەو وڵاتە لە عێراق کە لە ١٢ی مارسی ٢٠٢٠ ڕووی دابوو و سەربازێکی بریتانیایی و دوو دانەی ئەمریکایی کوشتبوون، بە هێرش بۆ سەر پێنج ئەمباری چەکوچۆڵ لە بنکەکانی عێراقی کە لە لایەن میلیشیاکانی سەر بە ئێران بەڕێوە دەچوون، کردەوە و، لە ٢٢ی ئاوریل، دوای ئەوەی کە بەلەمە چەکدارەکانی ئێران پاپۆڕەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە کەنداوی فارس جاڕز کرد، ترامپ ڕایگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەر پاپۆڕێکی ئێرانی کە لە داهاتوودا ئەو کارە بکا "دەکاتە ئامانج و لەنێوی دەبا."

بەڵام لە کۆتایی ئاوریل، ئێران هێندێک هەنگاوی بۆ هێنانە خواری ئاستی گرژییەکان لە بەرچاو گرتن، کە وێدەچێ نیگەرانی ئەوە بن کە ترامپ بەڵێنییەکەی بباتە سەر و جوابێکی سەربازیی ناهاوسەنگ لە جوابی هێرشی ئێران کە ببێتە هۆی کوژرانی سەربازێکی دیکەی ئەمریکا، بداتەوە. ئەو بە بەکرێگیراوەکانی ئەمر کرد کە دەست لە هێرشی مووشەکی بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەڵگرن، پشتگیری لە سەرۆک وەزیرانی تازەی عێراق کە ئەمریکا پشتیوانیی لێ دەکا، کرد و پێشنیاری گۆڕینەوەی زیندانییانی لەگەڵ ئەمریکا کرد. بە گوێرەی کاربەدەستانی ئیسرائیل، ئێران بە هەمان شێوە دەستی بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە سووریە کردوە. کاربەدەستانی ئێران ئەو ئیددیعایەیان ڕەت کردۆتەوە.

بەشی: دووهەم

ئاکارەکانی ڕێژیمی ئێران ڕەوایی بە ستراتیژیی ئەوپەڕی زەخت دەدەن و، بە لە بەرچاو گرتنی دۆخی کارەساتباری ئابووریی ئێران، پەتای کۆرۆنا و ڕێژەی بەربڵاوی ناڕەزایەتی لە نێوخۆ، تاران توانایی شەڕ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و زەرەری بەرچاو لە ژێرخانی ئابووریی نییە.

سەرەڕای هێور کردنەوەی ئاشکرای دۆخەکە لە لایەن ئێران، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە ٢٧ی مەی ڕایگەیاند کە کۆتایی بە دوایین ڕیزپەڕەکانی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران دێنێ. ئەو ڕیزپەڕانە بۆ ئەوە بوون کە ئێرانییەکان هان بدا کە بەرنامە ئەتۆمییەکەیان لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی بگوازنەوە کە دەکرا بۆ چەکی ئەتۆمییش کەلکیان لێ وەربگیرێ.

## هەنگاوەکانی داهاتوو

بە لە بەرچاو گرتنی سەرکەوتوویی ستراتیژیی ئەوپەڕی زەخت، بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەبێ زەختەکە لەسەر تاران بپارێزێ و پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ ئەو سیاسەتە دەستەبەر بکا.

کۆشکی سپی مانگی ڕابردوو ئەو هەوڵەی بە زەخت خستنە سەر ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ درێژ کردنەوەی ئابلۆقەی گواستنەوەی چەکی ئاسایی بۆ ئێران کە مانگی ئۆکتۆبر کۆتایی دێ، دەست پێکرد. ئەگەر ڕووسیە و چین درێژکردنەوەی ئابلۆقەی گواستنەوەی چەکی ئاسایی ڤیتۆ بکەن، کاربەدەستانی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ گوتیان وڵاتە یەکگرتووەکان کەلک لە بڕیاری ژمارە ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ "گەڕاندنەوە"ی سەرجەم ئابلۆقەکانی بەرجام وەردەگرێ چونکە ئێران خۆ لە جێبەجێ کردنی بەڵێنییەکانی بەرجام دەبوێرێ.

وڵاتانی ئورووپایی هێشتا لەسەر ئەوە ناکۆکن ئاخۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ ئابلۆقەکان بگەڕێنێتەوە چونکە لە بەرجام هاتۆتە دەر. سیاسەتوانە ئەمریکاییەکان پێداگرن کە مێکانیزمی گەڕاندنەوە لە بڕیاری ٢٢٣١ی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوە نەوەک لە بەرجامدا و وڵاتە یەکگرتووەکان هێشتا لایەنێکی ئەو بڕیارەیە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو هەوڵەی وڵاتە یەکگرتووەکان شکست بێنێ، وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا ئەگەر ئێران لەبەر تەشە دان بە توندوتیژی لە ساڵی ڕابردوودا و پێشێلکارییەکانی بەرجام وڵامدەر نەکەن، جارێکی دیکە دەکەونە دۆخێکی ناخۆشەوە. ئەو دۆخە ناخۆشە لەوانەیە ڕەوایی بە وڵاتە یەکگرتووەکان بدا تا زەخت بخاتە سەر ئورووپا بۆ هاوکاری کردنی سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و ئابلۆقەی خۆیان بەسەر ئێراندا بسەپێنن.

بەشی: دووهەم

وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەوایی زۆرتری وەدەست هێنا، کاتێک ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە لە ٥ی مانگی ژوئەن نیگەرانیی دەربڕی کە ئێران سەرجەم بەڵێنییەکانی بەرجام پێشێل دەکا و خۆ لە ئیزن دان بە پشکێنەرەکانی ئەو ئاژانسە بۆ سەردانی ئەو بنکانە دەبوێرێ کە لەوانەیە چالاکیی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی لەوێ بەڕێوە چووبن. دوای بڵاو بوونەوەی ئەو ڕاپۆرتە، ترامپ گوتی ئێران دەبێ پەلە بکا بۆ "مامەڵەیەکی مەزن" لە بارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و باسی ئەو ئەگەرەشی کرد کە ئەوان ئەگەر پێش هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی وتوویژ بکەن، مەرجی باشتریان گیر دەکەوێ. ئێران دەسبەجێ ئەو پێشنیارەی ڕەت کردەوە و وێدەچێ ئامادە بێ پێش هەڵێنانی هەنگاوێکی نوێ تا نۆڤامبر ڕاوەستێ.

بەڵام زۆر وێدەچێ ئێران، سەرەڕای ئابلۆقە وێرانکەرەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئابوورییەکەی، کە پەتای کۆرۆنا بێگومان خراپتری کردوە، لاسارانە خۆ لە وتوویژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بپارێزێ و درێژە بە ئاکارە شەڕخوازانە و شێوێنەرەکانی بدا.

سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت باشترین وڵام بۆ ئەو لاسارییە و سەرجەم هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێرانە. لە دەوری دووهەم، سەرۆککۆمار ترامپ دڵنیا دەبێ کە تا ئەو کاتەی ڕێبەرانی ئێران خۆ لە تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆڕی وڵاتانی خاوەن شارستانی ببوێرێ، درێژە بەو ستراتێژییە بدا.

(لە ژمارەی ٧٧٩ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# وەرسووڕانی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران

## ١

**دالیا داسا کای و شیرا ئەفرۆن**

**ئەنستیتۆی نێونەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک:**

نیگەرانییەکان لە بارەی بڵندخوازییە ئەتۆمییەکانی ئێران دەیان ساڵە بڕیاردەرانی ئیسرائیلی سەرقاڵی خۆی کردوە. نیگەرانییەکی مەزنی دیکەی ئیسرائیل دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی سیاسی و سەربازیی ئێران لە ناوچەیە، بە تایبەتی لە لوبنان، سووریە و عێراق. لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، ئێران بە کەلکوەرگرتن لە ناکۆکییە ناوچەییەکان و بۆشایی سیاسی، خەریکی دروستکردنی "پردێکی خاکی"یە کە بە شێوەی سەرەکی لە هێزی دۆستانەی شیعی لە تاران تا مەدیتەرانە پێک هاتوە. بێ لە بەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێران تووشی بەربەستی جیددی لە توانایی بە کردەییکردنی دەسەڵاتە ناوچەییەکەی بووە و بە هۆی چەندین ساڵ ئابلۆقە، بەڕێوەبەریی سەرکوتکەر و ناکارامەیی لە دەوڵەتدارییدا، لە نێوخۆ لە دۆخێکی لەرزۆکدایە. یا ئەوە کە ئیسرائیل بەهێزترین و پۆشتە و پەرداخترین هێزی سەربازیی ناوچە دەمێنێتەوە کە هاوپەیمانە ستراتیژیکەکەی، وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانیی دەکا.

لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، توانایییە مووشەکییە پەرەئەستێنەکەی ئێران و ڕایەڵەی میلیشیا هاوبەشە ناحکوومییەکانی ئەو هەڕەشەیەکی مەزنن. پشتگیریی پێشووی ئێران لە هێرشی تێرۆریستی لە نێوخۆی ئیسرائیل و دژی ئیسرائیلییان لە دەرەوە، لەگەڵ لێدوانە فیتنەگەرانەکەی لە بارەی خولیای 'سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشە'، هەڕەشەی ئێران هێندەی دیکە لە ڕەوانی ئیسرائیلییەکاندا بەرز دەکاتەوە. بەکورتی لە ئیسرائیل، مشتومڕێکی کەم لە بارەی خولیا یا توانایی ئێران بۆ زەرەر گەیاندن هەیە.

بەڵام تا ئەم دواییانە، ڕوانگەکان لەبارەی شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئالنگاریی ئەتۆمیی ئێران جیاوازییان هەبوو. لە ناتەبایی لەنێو دامەزراوە هەواڵگرییەکاندا لە بارەی کەلکوەرگرتن لە بژاردەی سەربازی و ژێریی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران تا نیگەرانییەکانی ڕێبەرانی سیاسی لە بارەی دژایەتیکردنی سەرۆک کۆمارێکی ئەمریکا بەئاشکرا و

بەشی: دووهەم

هەڵوێستەکانی ئیسرائیل لە بارەی سیاسەتی ئێران لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا زۆرتر لەوەی کە خەڵک تێی گەیشتوە ناکۆکییان لە سەر هەبووە. لە کاتێکدا کە هاوڕاییەک لە سەر پێویستیی بەرپەرچدانەوەی ئێران لە سووریە، تەنانەت پێش ڕێککەوتنی بەرجام لە ٢٠١٥، سەری هەڵ دا، ڕوانگەکانی ئیسرائیل لە بارەی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هەر وا لە ژێر پرسیاردا بوون.

بەرچاوترین جیاوازییەکان لە نێوان سیاسەتوانانی ئیسرائیل و کاربەدەستانی هەواڵگری هاتە ئاراوە، کە ئەوی دواتر ڕوانگەیەکی کەمتر هۆشدارییدەریان لە بارەی ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی لە بەروارد لەگەڵ ڕێبەرانی سیاسیی ئیسرائیل، بە تایبەت سەرۆک وەزیران بنیامین نەتانیاهوو، هەبوو. وەک کاربەدەستێکی پلەبەرزی پێشووی هەواڵگری باسی کرد؛ "کاربەدەستانی ئاسایشی ئیسرائیل، ئێرانیان وەک هەڕەشەیەکی جیددی سەیر دەکرد کە دەبێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ. بۆ نەتانیاهو، ترس لە ئێران وەک ئایینێک وایە." ئەو درزانە تا یەکەم ساڵی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ درێژەی هەبوو، کاتێک کە هێشتا ڕوون نەبوو ئاخۆ سەرۆک کۆمارێکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بە ئاشکرا دژی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە بوو، سەرەڕای ئەوە لە ڕێککەوتنەکەدا دەمێنێتەوە؟ ژمارەیەک کاربەدەست و لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگی ئاسایشی ئیسرائیل، تەنانەت ئەوانەی کە لە سەرەتادا دژی بەرجام بوون، لایەنگری مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکەدا بوون و پێیان وابوو ئەو دەبووە هۆی سنووردار کردنی ئالنگاریی ئەتۆمیی ئێران. بە وەدوا خستنی هەڕەشەی ئەتۆمی، بەرجام مەودای دەدا بە ئیسرائیل تا سەرنجی خۆی بداتە یەخانگیریی ڕاستەوخۆ و باو کە ئەو وڵاتە لە لایەن ئێرانەوە بەرەو ڕووی دەبۆوە، واتە دەستڕۆیشتوویی پەرەئەستێنی ئەو وڵاتە لە سووریە.

کاتێک سەرۆک کۆمار ترامپ، لە ٢٠١٨، بڕیاری دا وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام بکشێنێتەوە، مشتومڕی نێوخۆیی لە ئیسرائیل لە بارەی سیاسەتەکان بەرانبەر بە ئێران کۆتاییان هات. هاوڕاییەکی نوێ هاتە ئاراوە بۆ پشتیوانی لە سیاسەتی "ئەوپەڕی زەخت"ی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، کە زۆر ئیسرائیلی هیوادارن ببێتە هۆی داڕمانی کۆماری ئیسلامی. جەختکردنی زیاتری ئیسرائیل لە سەر جێ پێ قایمکردنی ئێران لە سووریە و بڕوای بە دەسەڵات گەیاندنی ئێران لە ناوچە بە هۆی بەرجام، سیاسەتوانان و کۆمەڵگەی هەواڵگریی لێک نزیک کردەوە و جیاوازیی ڕوانگەکانی لە مەڕ شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ هەڕەشەی ئەتۆمی و پێوەندیی لەگەڵ واشینگتۆنی لە ژێر خۆیدا شاردەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کەمینەیەک لە لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیلی کاریگەریی هەڵوێستی ئەوپەڕی زەختی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە ئامانجە دەست نیشانکراوەکان دێننە ژێر پرسیار، گەشبینییەکی بەربڵاو هەیە کە پێیوایە ستراتیژییەکە ئێران و ڕایەڵە

ناوچەییەکانی لاواز دەکا، بە تایبەتی دوای کوشتنی فەرماندەی سپای قودس، قاسم سولەیمانی، لە سەرەتای ژانوییە.
تەنانەت ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە سوودەکانی ئەوپەڕی زەخت دێننە ژێر پرسیار، ستراتیژییەکی جێگرەوە پێشنیار ناکەن.
ڕوانگەی لەرزۆک بوونی ئێران لە دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید - ١٩، کە بە تایبەتی ئێرانی بە هۆی ناکارامەیی لە بەرەو ڕوو بوونەوەی ڕێبەرانی دژی پەتایەکە بە سەختی گیرۆدە کردوە، پەرەی ئەستاندوە. ئیسرائیلییەکان دڵنیان کە زەختی دووانەی پەتایەکە و قەیرانی ئابووری دەبنە هۆی ئەوە کە ئێران هێزەکانی لە سووریە بکشێنێتەوە. دوای هەوڵێکی هێرشی سایبێری ئێران بۆ سەر ژێرخانی ئاوی ئیسرائیل لە بەهاری ٢٠٢٠، هێندێک لێکۆڵەرەوەی ئیسرائیلی پێیانوابوو کە هێرشی سایبێری کە بەتوڵەی ئەوەی ئێران بەڕێوە چوو و بووە هۆی بەستنی بەندەرێکی ئێران، بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ لەرزۆک بوونی ئێران. ئەو ئاکامگیرییانە پشتیوانیی بۆ درێژەدانی زەخت لە لایەن ئیسرائیلەوە بەهێزتر دەکا، سەرەڕای داوای شل کردنی ئابلۆقەکان لە کاتی پەتای کۆرۆنادا.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە لەو ساڵانەی کە بوونە هۆی ڕێککەوتنی بەرجام، بەرهەڵستکارە سەرەکییەکانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، سەرۆکانی دامودەزگای ئاسایشی ئیسرائیل بوون. لە نێویاندا فەرماندەی گشتیی پێشووی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، گادی ئایزەنکۆت، گابی ئەشکەنازی و بێنی گانتز و هەروەها ڕێبەرانی هەواڵگری، وەک سەرۆکانی پێشووی مووساد، مەیر داگان (کە لە ساڵی ٢٠١٦ مرد) و تامیر پاردۆ و سەرۆکی پێشووی شین بێت، یوڤال دیسکین. ئەوان زۆرتر لەوە دەترسان کە هێرشێک بەبێ ڕەزامەندی و هاوئاهەنگیی ئەمریکا نابێتە هۆی دەستەبەر بوونی ئاکامی دڵخواز. ئەمڕۆ، تاکی هاوڕا کە بە تەواوی پشتیوانی لە ڕوانگەکانی نەتانیاهو دەکەن، دەسەڵاتی دامودەزگا بەرگرییەکانیان بە دەستەوەیە. بۆ نموونە، سەرۆکی مووساد یوسی کۆهەنە، جێگەی متمانەی نەتانیاهو و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو. سەرۆکی لێژنەی ئاسایشی نەتەوەیی ئێستا، مەیر بین شابات، بە هەمان شێوە هاوپەیمانێکی نزیکی سەرۆک وەزیرانە. ئەو کە لە شین بێتەوە هاتوە، خاوەنی ئەزموونی پێویست لە بارەی ئێران و هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نییە. بەڵام لە کاتێکدا کە زۆر لە کاربەدەستانی بەرگریی ئیسرائیل پێیانوایە کە ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران باشترین بژاردەیە، ئەوان لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی هەنووکەیی کە ئێستا لەگەڵ نەتانیاهو بەتەواوی هاوتەریبن، لە پێشنیار کردنی ڕوانگەی جێگرەوە دڵسارد دەکرێنەوە. لە کاتێکدا کە وەزیری بەرگریی تازە دیاریکراو، گانتز، لەوانەیە ئەو دیسکۆرسە بگۆڕێ، هێشتا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ ڕوون و ئاشکرا نییە.

ئاکامەکە ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران ئێستا بە شێوەیەکی دەگمەن یەکگرتوون، بێهیچ ڕوانگەیەکی جیاواز لە بارەی ژێریی سیاسەتێک کە بە دڵی نەتانیاهویە. بە بەڕێوەبەرایەتییەکی وڵاتە یەکگرتووەکان کە

**بەشی: دووهەم**

بە تەواوی لایەنگری هاتوهاواری دوژمنانە بەرانبەر ئێران و پشتیوانی بەردەوامیی زەختی ئابووری و سەربازی لەسەر ئەو وڵاتەیە، کاربەدەستانی سیاسی و ئاسایشی ئیسرائیل شتێکی کەمیان بۆ مشتومڕ هەیە. ئیسرائیلییەکان تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕان کە باشترین هەڵوێست ئەوەیە ئیسرائیل درێژە بە لاواز کردنی تواناییەکانی ئێران لە سووریە بدا و هاوکات پشتیوانی لە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران لە ڕێگای ئابلۆقەی ئابووری، هێرشی سەربازی لە عێراق و سووریە و بەردەوامیی شەڕی سایبێری بدا. زۆر کەس لە ئیسرائیل پێیانوایە ستراتیژیی کۆتایی نەتانیاهو ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان هان بدا ئاستی گرژییەکانی لەگەڵ ئێران بەرز بکاتەوە کە ببێتە هۆی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، کە هێندێک ئیسرائیلی پێیان وایە زۆر کاریگەرتر لە هەر هێرشێکی ئیسرائیل دەبێ کە بتوانێ بۆ خۆی بەڕێوەی ببا. بژاردەی سەربازی، لە ٢٠١٣ بەم لاوە وەلا نرابوو، جارێکی دیکە بۆتە بابەتی گفتوگۆی نەتەوەیی.

## ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ئیسرائیل لە ماوەی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ

گومانێکی کەم لەو بارەوە هەیە کە ڕوانگەی دوژمنانەی ترامپ بەرانبەر بە ئێران و ڕێککەوتنی ئەتۆمی هەواڵێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ نەتانیاهو. بە گوێرەی گفتوگۆ لەگەڵ کاربەدەستان و لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیل و، هەروەها هەواڵەکانی ئەو ماوەیە، وێدەچێ نەتانیاهو چالاکانە لۆبیی بۆ کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام دەکرد، ئەگەرچی ناوبراو ئەو کارەی بە ساکاری نەدەکرد. نەتانیاهو و ڕان دەرمەر، باڵوێزی ئیسرائیل لە وڵاتە یەکگرتووەکان، هەڵبژێرانی دۆناڵد ترامپیان وەک دەرفەتێکی چاوەڕواننەکراو بۆ لە بار بردنی ڕێککەوتنەکە و ڕاستکردنەوەی سیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران سەیر دەکرد. بە گوتەی کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگریی ئیسرائیل، هەڵکشانی ترامپ بەرەو کۆشکی سپی، بووە هۆی "ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو"، بە شێوەیەک کە سیستمی سیاسیی ئیسرائیل، هەڵبەت جگە لە توێژی پسپۆڕان، چالاکانە دەستیان کرد بە کار کردن دژی ڕێککەوتنەکە.

کاری ئەوان وەک ئەوە دەچوو کە بیانهەوێ حاجییەک موسوڵمان بکەن. وەک کاربەدەستێکی پێشووی بەرگریی ئیسرائیل گوتی: "یا نەتانیاهو بە ترامپی دەگوت ڕاست دەکەی یا ئەوەی کە هەر دووکیان وەک یەک بیریان دەکردەوە." کاربەدەستێکی پێشووی دیکە سەرنجی دابوو لە کاتێکدا کە نەتانیاهو هۆشیار بوو، دیتی کە ڕێبەرانی عەرەبی خەلیج کاتێک ترامپ هاتە سەر کار، داوای هەڵوێستێکی شەڕەنگێزانەتری دژبە ئێرانیان دەکرد. ئەو چیتر هۆیەکی نەدەهاتە بەرچاو کە خۆی سنووردار بکا، کاتێک دەیدیت ترامپ و ڕاوێژکارەکانی لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانگەکانی بەرانبەر بە ئێران "بە تەواوی هاوڕان". کاربەدەستێکی پێشووی هەواڵگری بە هەمان شێوە دیتبووی کە لە کاتێکدا کە نەتانیاهو دەیهەویست ترامپ لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، ترامپ بۆ خۆی لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دا کە بکشێتەوە و بەو مەبەستەوە دەستی

بە کار کرد. بۆیە، هەر دوو ڕێبەر لە پێشدا "هاوڕا بوون".

ئاشکرا کردنی ئارشیڤی ناوکی لە لایەن ئیسرائیل کە لە ئێران دەستیان کەوتبوو و پێشکەشکاریی دراماتیکی نەتانیاهو لە بەهاری ٢٠١٨، تەنیا چەند ڕۆژ پێش بڕیاری ترامپ بۆ کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە، وێدەچوو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتە یەکگرتووەکان هاواهەنگ کرابێ. لەو کاتیدا، ئیسرائیل چاوەڕوانی ئەوە بوو کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاربەدەستانی ئیسرائیل دیتنەوەی ئارشیڤەکە و ڕاگەیاندنی گشتیی ئەو ڕووداوە بۆ دروستکردنی بیرورا لە ئورووپا و جیهان بە شتێکی گرینگ دەزانی. بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو. لە کاتێکدا کە ئارشیڤەکە ئیددیعای درۆی ئێرانی لە بارەی بەرنامەی ناوکیی خۆی لە ڕابردوودا بەهێز کرد، نەیتوانی بەڵگەی نوێ پێشکەش بکا کە ئێران بەرجامی پێشێل کردوە. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی بە هەمان شێوە چەند ڕاپۆرتی پێشکەش کردن کە تێیاندا ملکەچ بوونی ئێرانی پشتڕاست دەکردەوە، تەنانەت کاتێک کە وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی کشانەوەی لە ڕێککەوتنەکە دەکرد.

لە بۆیە و سەرەڕای هەڵوێستی دژە بەرجامی نەتانیاهو و ڕاوێژکارە نزیکەکانی، هێندێک دەنگی گرینگ لە ئیسرائیل هێشتا لایەنگری مانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە نێو بەرجامدا بوون و بەرپەرچی هەوڵەکانی ڕاوێژکارانی نەتانیاهوویان بۆ دەست هەڵگرتن لە ڕێککەوتنەکە دەدایەوە. کاربەدەستێکی پێشووی بەرگری - هەواڵگری باسی کرد کە پسپۆڕانی ئاسایشی ئیسرائیل بەرجامیان وەک باشترین ڕێگاچارە بۆ گیروگرفتێکی ئاڵۆز سەیر دەکرد، بە تایبەتی کە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران پڕ مەترسی بوو. بە پێچەوانەی نەتانیاهوو، زۆر لە پسپۆڕانی ئاسایشی ئیسرائیل، ئێرانیان وەک ئەکتەرێکی ئەقڵانی سەیر دەکرد کە دەکرا سنووردار بکرێ و، بەرجامیان وەک مێکانیزمێکی بەکەلک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سەیر دەکرد. تەنانەت ڕێبەرانی پێشوو وەک سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پێشووی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، ئێهود باراک، کە سەردەمێک لایەنگری بژاردەی سەربازی بوو، گرینگیی کشانەوەی یەکلایەنەی وڵاتە یەکگرتووەکانی نەدەدی. بە گوتەی ئەو، "تەنانەت ئەگەر ئەمریکا بڕیار بدا لە ڕێککەوتنەکە بکشێتەوە، هیچ لایەنی دیکە وەدوای ناکەوێ، نە چین، نە ڕووسیە و نە تەنانەت ئوروپاییەکان." ئەوە بە قازانجی ئێرانییەکان تەواو دەبێ. بە هەمان شێوە، سەرۆکی پێشووی شین بێت، کارمی گیلۆن دەیگوت "کشانەوە لە ڕێککەوتنەکە بژاردەیەک نییە. ئەوە تەنیا هێندێک شت لەو کەم دەکاتەوە کە بوونیان هەیە، هێندێک دەستکەوت و شتی دیکە کە بەرچاون و لە جیاتان جێی ئەوان بە هیچ پڕ دەکرێتەوە."

بەڵام کاتێک ترامپ لە مەیی ٢٠١٨ بە فەرمی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە بەرجام کشاندەوە، مشتومڕ لە نێوخۆی ئیسرائیل کۆتایی هات. تەنانەت ئەو کاربەدەستانەی کە پێیان وا بوو بەرجام لە بژاردەکانی دیکە باشترە دەستیان بە بیرکردنەوە

بەشی: دووهەم

لە لایەنە گیروگرفت خولقێنەکانی کرد. ئەوانی کە هێشتا پێیان وایە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ باشترین بژاردەیە لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان دڵسارد دەکرێنەوە.

(لە ژمارەی ٧٨٠ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠

# وەرسووڕانی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران

## ٢

### بژاردەی نیزامیی و سیاسەتی هەنووکەیی ئیسرائیل

نیگەرانییە هەنووکەییەکانی ئیسرائیل لەبارەی ورووژاندنە ناوچەییەکانی ئێران بەباشی لەگەڵ سکاڵاکانی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لەبارەی شکستهێنانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە ئاماژە بەو گیروگرفتانە هاوتەریبن. لیستەی سکاڵا ١٢ خاڵەکەی وەزیری کاروباری دەرەوە، مایک پۆمپێئۆ دژی ئێران جەخت دەکاتەوە کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ، پرسی ئەتۆمی و ناوچەیی چیدیکە ناتوانن لێک جیا بکرێنەوە، هەڵوێستێک کە نەتانیاهو دەمێکە هەیەتی. پێوەندی نێوان هەڵمەتی ئیسرائیل لە کاتی شەڕی سووریە و هەڵوێستی ئەوپەڕی زەختی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ دژی ئێران لەو دوو ساڵەی دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام ئاشکراتر بووە.

بێگومان، تا نێوەڕاستی ٢٠١٨، ئیسرائیل ڕاستەوخۆ هێرشی نەدەکردە سەر ئامانجە ئێرانییەکان لە سووریە، و لەجیاتان تا ڕاددەیەکی زۆر جەختی لەسەر هێرشکردنە سەر ئەو چەکوچۆڵە دەکرد کە ئێران بۆ حیزبوڵڵای دەنارد. بەڵام بەو کارە ئیسرائیل دیتی شێوەی هەڵسوکەوتی ئێران لە سووریە گۆڕاوە و لەژێر ڕووناکایی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی ناوکی و ئەوپەڕی زەخت، هێرشەکانی ئیسرائیل بەربڵاوتر بوون تا ڕاستەوخۆ کاربەدەستان و سامانەکانی ئێران لە سووریە بکاتە ئامانج. هەڵوێستی باوی ئیسرائیل لەمەڕ دانپێدانەنانی هێرش لەنێو سووریە بە هەمان شێوە ڕێگای بۆ باس کردن لە هەنگاوی سەربازیی دژی ئێران لەوێ بە شێوەیەکی ئاشکراتر کردەوە. بە ڕووڕاستییەکی دەگمەنەوە، ئایزەنکۆت بە نیویۆرک تایمزی گوت کە تەنیا لە ٢٠١٨، هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل ٢٠٠٠ بۆمبیان لە سووریە بەرداوەتەوە.

لە ٢٠١٨، نەفتالی بێنێت، کە ئەوکاتی وەزیری خوێندنی ئیسرائیل بوو، هەڕەشەی کرد کە ئاڵۆگۆڕ بەڕێوەیە. ئەو بەڵێنی دا کە ئیسرائیل ئیزن نادا سووریە ببێتە بەرەیەکی دیکەی ئێران تا بەکرێگیراوەکانی هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل و ئیددیعای کرد کە ئەوە سەلماوە کە هەلسوکەوتی ئیسرائیل تەنیا بەرانبەر بە بەکرێگیراوەکان کاریگەر نەبووە. بە ئاماژە بە ئێران وەک هەشت پێیەک، بێنێت دەستەواژەی "دۆکترینی هەشت پێی" دروست کرد و گوتی لێرە بەولاوە ئیسرائیل لە

تۆڵەی هێرشی بەکرێگیراوان، هێرش دەکاتە سەر سەری دەعبایەکە. ئەو بە هەمان شێوە مەسەلەی ناوچەیی بە پرسی ناکییەوە گرێ دا.

تا ٢٠١٩، ئیسرائیل لیستەی ئامانجەکەی تا ئەولای سووریە بۆ ئامانجە ئێرانییەکان لە عێراق درێژ کردبۆوە. ئیسرائیل نیگەرانی تەشەنە کردنی دەسەڵاتی ئێران لە عێراق بوو، لە کاتێکدا کە تاران تووشی سنووردارێی زۆرتر لە گۆڕەپانی سووریە بە هۆی زەختی ڕوسیە، هێرەشەکانی ئیسرائیل، و ویستی ئەسەد و حیزبوڵڵا بۆ خۆ پاراستن لە قووڵبوونەوەی گرژییەکان لە گەڵ ئیسرائیل، ببۆوە. لە کاتێکدا کە ئێران چووە نێو عێراق، ئیسرائیلیش هەمان کاری کرد. بە گوێرەی کاربەدەستێکی پێشووی ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان لەسەرەتاکان پێشوازیی لە تەشەنە کردنی هێرشەکانی ئیسرائیل لە عێراق نەکرد، بەڵام کاتێک بەڕێوەبەرایەتی ترامپ گرینگیی کاری هاوتەریبی ئیسرائیلی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران دیت، ڕوانگەکان لە کۆشکی سپی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هات. بە گوتەی کاربەدەستێکی پلەبەرزی بەرگریی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە کاتێکدا کە پێنتاگۆن هێرشەکانی ئیسرائیلیان لە سووریە وەک شان وەبەرنانی قورسایی پاشەکشە بە دەستڕۆیشتوویی ئێران سەیر دەکرد، لە سەرەتادا ناوەندی فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی هێرشەکانی ئیسرائیل لە عێراق بوو، چونکە لەوە دەترسان ئەوان ببنە هۆی لە مەترسی کەوتنی گیانی ئەمریکاییان.

ئەو سیاسەتانە لێک جیاکردنەوەی نێوان ڕێککەوتنی ناوەکی و ناکۆکی ناوچەییان لێڵ کرد، بە تایبەتی کاتێک ئێران بۆخۆی دەستی کرد بە هێرشکردنە سەر ئامانجی ناوچەیی لە کەنداوی فارس و تێچووەکانی کەمپەینی زەختی ئەمریکا و گەڕاندنەوەی ئابلۆقەکانی بەرز کردەوە. لە کاتێکدا کە ئاشکرا نییە تا چ ڕاددەیەک ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان هێرشەکانیان لە سووریە و عێراق دژی ئامانجە ئێرانییەکان هاوئاهەنگ دەکەن، بێگومان تێگەیشتنێکی دوولایەنەی مەزنتر لە بارەی پێوەندی هەڵمەتە سەربازییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی ئێران هەیە. ئەگەرچی یەکێک لە ئامانجە باسکراوەکانی سیاسەتی ئەمریکا بۆ زەختەکەی، هێنانە ئارای ڕێککەوتنێکی نوێیە، ڕوانگەیەک کە نەتانیاهو بە توندی دژایەتیی دەکا. زۆر ئیسرائیلی پێیان وایە کە ئامانجی کۆتایی ئەمریکا گۆڕینی ڕێژیم لە تارانە، و لەو بارەوە هاوکارییەکی نزیک لە نێوان ڕاوێژکارە پلەبەرزەکانی ترامپ (بە تایبەتی پۆمپیئۆ) و ئاڵقەی نزیک لە نەتانیاهو دەبینن. کاربەدەستانی پێشوو پێیان وایە نەتانیاهو بە گۆڕینی ڕێژیم زۆر گەشبینە، و هەر جار لەسەر شەقامەکان خۆپیشاندان دەکرێ ئەو پێی وایە ڕێژیم هەرەس دێنێ، وەک چۆن زۆر کەس لە واشینگتۆن وا بیر دەکەنەوە.

سەرەڕای سەرلێشێواوی لەبارەی ئامانجی سیاسەت و چوونە سەری تێچووی ئەوپەڕی زەخت و قووڵبوونەوەی قەیرانی

ئەمریکا-ئێران، ئیسرائیلی لە هەموو لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی لە هەڵوێستی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران دەکەن. زۆر ئیسرائیلی بڕیاری وڵاتە یەکگرتووەکان لە بارەی کوشتنی سولەیمانیان پێ سەیر بوو، ئەویان بە دیارییەکی چاوەڕواننەکراو دەشوبهاند. لە ڕوانگەی ئیسرائیلییانەوە، ئەوان زۆر نائومێد بوون کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان وەڵامی هێرش بۆ سەر دامەزراوە نەوتییەکانی کۆمپانیای دەوڵەتیی ئارامکۆی عەرەبستانی لە سێپتامبری ٢٠١٩ کە دەگوترا کاری ئێرانە، نەداوە. کاربەدەستانی ئیسرائیلی و لێکۆڵەرەوان لەوە دەترسان ددان بەخۆداگرتنی ئەمریکا کاردانەوەی ویستی کشانەوە لە ناوچە بێ، و هێرش بۆ سەر سولەیمانییان وەک گەڕاندنەوەی ویستی چاوترسێن کردن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە سەیر کرد. سەرەڕای هێندێک نیگەرانی کە کوژرانی ناوبراو لەوانەیە دۆخەکە بۆ پراگماتیستەکان لە ئێران خراپتر بکا و زەختەکان بۆ سەر عێراق بۆ وەدەرنانی وڵاتە یەکگرتووەکان زیاتر بکا، زۆربەی لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیلی پێیان وایە کوشتنی سولەیمانی و هەڵمەتی زەختی بەربڵاوتر، کاریگەرە، لانیکەم تا ئەو جێیە کە تواناییەکانی ئێران لە کورتماوەدا لاواز دەکا.

وەک کاربەدەستێکی پێشووی بەرگریی ئیسرائیل گوتی، هەڵوێستی دوای سولەیمانی لە ئیسرائیل لەبارەی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران ئەوەیە کە "تا ئێستا باش بووە" و "چ شتێکی تێدا کە بەکەیفێی نەبێ؟" لە لێکدانەوەکانی ئیسرائیل، کوژرانی سولەیمانی باوەڕبەخۆبوونی لە ڕادە بەدەری ئێرانی لێک پچڕاند و ئێرانییەکان ناچار دەکا زۆرتر وشیار بن، چونکە چیدیکە ناتوانن پێشبینی وڵامی ئەمریکا بکەن. ستراتێژیی ئیسرائیل ئەوەیە کە "شتان دەست پێ بکا" و ئێران ناچار بکا هەڵوێست بگرێ، وەک دەست پێکردنەوەی بەرنامە ناوەکییەکەی، کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڵوێستی توندوتۆڵتری ئەمریکا دژی ئەو وڵاتە. دوای ترس لە بێ هەڵوێستیی ئەمریکا، هێندێک ئیسرائیلی تەنانەت پێیان وایە کە هەنگاوی ئەقڵانی داهاتووی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانی هێرش بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران بێ.

## بژاردەی نیزامیی و سیاسەتی هەنووکەیی ئیسرائیل

باسەکان لە بارەی بژاردەی سەربازیی ئیسرائیل دژی ئێران لە کۆتاییەکانی ٢٠١٢ لە ئارا دابوون. بە گوێرەی لێکۆڵەرەوەیەکی پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل، تا ئەو کاتی ئەرتەشی ئیسرائیل ئامادەی کردار بوو، کاتێک نەتانیاهو و وەزیری بەرگریی ئەوکاتی ئێهود باراک پشتگیرییان لە هێرشی سەربازیی دژی ئێران دەکرد، ئەگەرچی کاربەدەستە ئاسایشییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دژی بوون. ڕوون نییە ئاخۆ ئەرتەشی ئیسرائیل خەریکی ئامادەکاریی پلانی سەربازیی بوو بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی یا تەنیا بۆ دەسەڵاتی سیاسی بوو؟ کاتێک ئاشکرا بوو کە هێڵی دیپلۆماتیک لەگەڵ ئێران جیددیە، بژاردەی سەربازیی کاڵ بۆوە.

**بەشی: دووهەم**

کاتێک بەرجام لە ٢٠١٥ کۆتایی هات، هەڵوێستی زاڵ لەنێو لێکۆڵەرەوانی ئیسرائیلی ئەوە بوو کە تا ئەو کاتەی ئێران ملکەچی ڕێککەوتنەکە بێ، بژاردەی سەربازی لەسەر مێز نەماوە. وەک ڕۆژنامەنووسێکی بەرگریی گوتی، "ئێستا کە سەرجەم کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پشت ڕێککەوتنەکەیە، وێناچێ تەنانەت تاکە کەسێک لە پلەبەرزەکانی کۆمەڵگەی بەرگریی، لە نێویاندا سەرۆکی موساد، سەرۆکی خزمەتگوزاریی هەواڵگریی، شین بێت و فەرماندەی هێزی ئاسمانی، لایەنگری هێرش بۆ سەر ئێران بێ."

بە کشانەوەی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ لە بەرجام، لە چوارچێوەی گەشبینیی ئیسرائیل لە بارەی زەختی ئەمریکا و ئەو لێکدانەوەیە کە لەرزۆکیی ئێران لە زیادبوونە، بژاردەی سەربازی بۆ چارەسەریی بەرنامەی ناوەکی ئێران جارێکی دیکە قوت بۆتەوە. لە هاوینی ٢٠١٩، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل ئاکۆڤ ئەمیدرۆر لە کۆنفرانسێکی گشتییدا گوتی کە ئیسرائیل هێشتا پێویستی بە نەخشەی لێدانی ئێرانە، و ئیسرائیل ناتوانێ متمانە بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بکا تا پێش بە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکی بگرێ. لە دێسامبری ٢٠١٩، ئیسرائیل کاتز، کە ئەو کاتی وەزیری کاروباری دەرەوە بوو، گوتی هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ سەر ئێران شتێکی مومکینە، و ئیددیعای کرد لە کاتێکدا کە زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان کاریگەرە، هێرشی پێشکەوتوو بۆ سەر ئارامکۆی سعوودی ئاشکرای دەکا ئێران بەهێزە و تەنیا بە هەڕەشەی سەربازی چاوترسێن دەکرێ. هەمان حەوتوو، هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل ڕایگەیاند دوایین 'سیستەمی پاڵپێوەنەری موشەکیی'، کە بەشێک لە موشەکی بالیستیکی زەوی بۆ زەوی جێریکۆیە، مەودای ٤٠٠٠ کیلۆمیتر دەبڕێ و توانایی هەڵگرتنی کلاوی ناوەکی هەیە. تاقیکارییەکە چەند ڕۆژ دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی کەلکوەرگرتنی ئێران لە موشەک لە عێراق و یەمەن بەڕێوە چوو، کە پێشێلکاریی کۆنترۆڵی تەکنەلۆژی موشەکییە [سەپێنراو بەسەر ئێراندا]، و بۆیە وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە تاران هەڵسەنگێندرا.

هەمان مانگ، سەرۆکی گشتی هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل، ئاڤیڤ کۆچاوی ڕایگەیاند کە بەرزبوونەوەی ئاستی گرژییەکان لە نێوان ئیسرائیل و ئێران خۆ لێ لادانی نییە و دەتوانێ ببێتە هۆی جەنگ. لە سەرەتای ٢٠٢٠، بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی سەربازیی هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل هەڵسەنگاندنێکی بڵاو کردەوە کە پێشنیاری دەکرد بۆ کەلکوەرگرتن لە کوژرانی سولەیمانی، هێزە بەرگرییەکانی ئیسرائیل دەبێ هێرشەکانی دژی هێزەکانی ئێرانی لە سووریە زیاتر بکا تا ئەوان لەو وڵاتە وەدەر نێ. هێندێک کەس پێیان وایە کە ستراتێژیی نەتانیاهو پشتیوانی لە بەرزکردنەوەی گرژییەکانە تا ببێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران، لە ناویاندا هێرش بۆ سەر ئامانجە ئەتۆمییەکانی ئێران. چەند لێکۆڵەرەوەی ئیسرائیلی لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئیسرائیل دەتوانێ لەگەڵ بەرزبوونەوەی گرژییەکان بەرانبەر بە ئێران

هەڵسوکەوت بکا و تۆڵەکردنەوەی ئێران قبووڵ بکا ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە هێرش بکاتە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران.

هەواڵەکانی دوویات بوونەوەی مشتومڕ لە نێوان خاوەن دەسەڵاتەکانی سیاسی و بەرگریی لە بارەی باشییەکانی بژاردەی سەربازیی دژی لایەنە ناوکییەکانی ئێران وێدەچێ زێدەڕۆیانە بێ. ئێستا بەرهەڵستکارییەکی زۆر کەمتری بەرگریی و هەواڵگریی لە بەراورد لەگەڵ پێش ٢٠١٢ بە هۆی پشتگیریی گشتی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی هێرشبەرانەی ئیسرائیل لەئارا دایە، کە بە هۆی چالاکییە ناوچەیی و دەستپێکردنەوەی بەرنامە ناوکییەکەی ئێران نیگەرانییەکان قووڵتر بوونەوە و ڕێبەریی ئاسایشی ئیسرائیل هاوڕاییەکی زۆر زیاتری لەگەڵ نەتانیاهو هەیە.

مشتومڕە گشتییەکان لە ئیسرائیل لەبارەی سیاسەت بەرانبەر بە ئێران تا ڕادەیەکی زۆر کۆتاییان پێ هاتوە. کاتێک بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بڕیاری دا لە بەرجام بکشێتەوە و ئەوپەڕی زەخت بەکار بێنێ، ئیسرائیلییەکان گشت دامەزراوە سیاسی و ئاسایشییەکان باوەشیان بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا کردەوە. هەڵمەتی سەربازیی خودی ئیسرائیل لە سووریە و ئەولاتر، زەختەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران زیاتر دەکا و ڕوانگەی ڕێبەرانی سیاسی هەر دوو وڵات لە هەموو کاتێک لێک نزیکترە. لە کاتێکدا کە ئیسرائیل پێی خۆش نییە ترامپ لەگەڵ ئێران لە مەڕ ڕێککەوتنێکی نوێ وتووێژ بکا، ئەوان نایانهەوێ باوەڕ بکەن کە ئەگەری سێناریۆیەکی ئەوتۆ هەیە، و زۆر کەس هێشتا پێیان وایە ئاکامی کۆتایی ئەوپەڕی زەخت گۆڕینی ڕێژیم لە تارانە. بەڵام لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە، ئاکامی ئەوپەڕی زەخت گرینگیی کەمتری لە درێژە کێشانی پرۆسەی سەپاندنی ئەو هەیە.

لە ڕاستیدا، سیاسەتی هەنووکەیی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران زۆرتر لە بیری دەستکەوتی کورتخایەنە و کەمتر سەرنج دەداتە درێژ خایەن. زۆر لە ستراتێژیستە ئیسرائیلییەکان سوودەکانی پلانی کورتخایەن و قازانجەکانی ئەو هەڵمەتانەی کە دۆخی بەرایی لێک هەڵتەکێنن، دەبینن. جگە لەوە، نەتانیاهو لەوانەیە بیهەوێ کەڵک لە کاتی دەسەڵاتداریی ترامپ بۆ 'تێکوەردانی شتەکان' وەرگرێ بەو هیوایە کە شتێکی باشتر سەرهەڵدا، چونکە ئەو دڵنیایە کە ئێستا کاتی خۆ یەکلا کردنەوە لەگەڵ ئێرانە و ئەوە ئەرکی مێژوویی ناوبراوە کە ئەو کارە بکا. لانیکەم بە فەرمیی، وێدەچێ ئیسرائیلیش دڵنیا بێ کە زەختی هەنووکەیی ئێران لاواز دەکا و پێش بە دەستڕۆیشتوویەکەی دەگرێ. قەیرانی کۆڤید-١٩ نە تەنیا باوەڕ بەخۆبوونی ئیسرائیل بەهێز دەکا بەڵکوو ڕێبەرانی ئێران زۆرتر لەرزۆک دەکا.

ئەو ڕاستییە لە جێی خۆیەتی کە ئاکارە نەخوازراوەکانی ئیسرائیل درێژەیان هەبووە. بۆیە، باوەڕ بەخۆیی ئیسرائیل

دەتوانێ مەترسیدار بێ. شێوەی بیرکردنەوەی کاربەدەستانی ئێستای ئیسرائیل، بەبێ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دەنگی نارەزایەتی لە ئیسرائیل یا وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ دەستنیشان کردنی بژاردەی جێگرەوە، لەوانەیە تەنیا ببێتە هۆی هاندانی بەرزکردنەوەی ئاستی سەربازیی و پشتگیریی بۆ کردەی سەربازیی هێرشبەرانەتری وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران، بە ئاکامی نەزانراو یا زۆر کەم بیر لێ کراوەوە.

***

هەڵبەت، کارتی جۆکەر لێرەدا هەڕەشەی هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە واشینگتۆن، لە کۆشکی سپی کۆماریخوازان بە هەڵوێستی شاهین ئاسا بەرانبەر بە ئێران بۆ کەسێک لە ڕێبەرایەتیی دێموکراتەکان و تا ڕاددەیەکی زۆر دامەزراندنی ئەو کەسانە کە لە بەڕێوەبەرایەتییەکدا خزمەتیان دەکرد کە بەرجامی بە ئاکام گەیاند، بێگومان بژاردەکانی ئیسرائیل بۆ وەڕاست گەڕانی پلانەکانی سنووردار دەکا. بۆیە دەوڵەتی نەتانیاهو هێندە خۆ ماندوو دەکا کە ئێستا سوودەکان وەدەست بێنێ، پێش هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتگیریی لە سیاسەتی دژی ئێران دەکا کە لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران دژوارتر بکا، ئەگەر نەڵێین ناومکین، بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە کێ لە کۆشکی سپییە.

لە بەهاری ٢٠٢٠، ئیسرائیل دەوڵەتێکی یەکگرتووی پێک هێنا کە نەتانیاهو لە ١٨ مانگی یەکەمدا سەرۆک وەزیرانە. فەرماندەی گشتی پێشووی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، گانتز و ئەشکەنازی بوونە وەزیری بەرگریی و وەزیری کاروباری دەرەوە. هەردوو دژی هەڵمەتی سەربازی لە ئێران بەبێ هاوئاهەنگیی لەگەڵ واشینگتۆنن. لە سەردەمی نەتانیاهودا، شێوەی سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئێران لە کورتماوە و ماوەی مامناوەند دەبەسترێتەوە بە دۆخی ئاسایی خودی نەتانیاهو، لە کاتێکدا کە ئەو بەرەورووی داداگایی بە هۆی تۆمەتی گەندەڵیی دەبێتەوە، و هەروەها چۆنیەتیی ئاکامی هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان. نەتانیاهو دەتوانێ هەڕەشەکان بەرز بکاتەوە ئەگەر گیرگرفتە یاساییەکانی خەفەتبارانە بن و پێی وابێ بەڕێوەبەرایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشترێتی نادا بە ئێران.

ئەگەر جۆ بایدن ببێتە سەرۆک کۆمار و هەوڵ بدا ئەمریکا بباتەوە نێو ڕێککەوتنی بەرجام و لەوانەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکا، شتێک وەک ئەوەی سەردەمی ئۆباما دووپات دەبێتەوە. نەتانیاهو دەیهەوێ خۆنەویستانە بەرانبەر ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە واشینگتۆن بوەستێتەوە، بە هەمان شێوە کە ئەو لە سەرەتادا بەتووندی دژایەتی سیاسەتەکانی ئۆبامای بەرانبەر بە ئێران دەکرد. زۆر وێدەچێ نەتانیاهو، هەر وەک جاری پێشوو، ڕاستەوخۆ ڕوو لە گرووپە جوولەکەکان و ئەندامە دۆستەکانی کۆنگرە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بکا تا ڕەوتی سووک کردنی ئابلۆقەکان یا هەر چەشنە هەنگاوێک کە

بەشی: دووهەم

وەک پاشەکشە لە بەرانبەر تاران سەیر دەکرێ، هێور بکاتەوە. بە لەبەر چاو گرتنی گرژییە سیاسییەکان، گانتز و ئەشەکانزی لەوانەیە دژی هەنگاوی ئەوتۆ نەوەستنەوە، لانیکەم بە فەرمیی ئەو کارە نەکەن. لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل درێژە بە هەڵمەتە سەربازییەکانی دژی ئێران لە سووریە دەدا، کە لە لایەن واشینگتۆنەوە پێشی پێ ناگیرێ، ئەگەرچی هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لەوانەیە ناچار بن ئاستی زەبر وەشاندنەکانی لە عێراق کەم بکاتەوە. ئەگەر ئەو هەنگاوانە بێ ئاکام بن، دەوڵەتی نەتانیاهو لەوانەیە ئێران بورووژێنێ. کلیلەکەی پاراستنی ئاستی هەڕەشە و لیستەی ئامانجەکان بە شێوەیەک کە کارمەندانی ئەمریکایی نەخاتە مەترسییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا بکا تا وڵاتە یەکگرتووەکان بەرپەرچی بەرز کردنەوەی گرژییەکان لە لایەن ئێرانەوە بداتەوە. ئەوە دەتوانێ هێرشی شاراوەی ئیسرائیل لە نێوخۆی ئێران بێ، لە ناویاندا تەقینەوە لە بنکە هەستیارەکان، کە لەوانەیە ببێتە هۆی وەڵام دانەوەی ئێرانییەکان بەڵام سامانە ئەمریکاییەکان نەخاتە مەترسییەوە.

تەنیا ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەک کە ئیسرائیل بە ئاشکرا بۆ تێکدانی هەوڵەکان بۆ زیندوو کردنەوەی ڕێککەوتنی ناوەکی سزا بدا کە ببێتە هۆی زەرەری دێژخایەن لە پێوەندی دوولایەنە، دەتوانێ ببێتە هۆی سەرهەڵدانەوەی دووبارەی مشتومڕ لەسەر شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئێران. لە دۆخی هەنووکەییدا، سیاسەتی بەرز کردنەوەی ئاستی گرژییەکان وێدەچێ تاکتیکی جێگەی پەسەندی گشت لایەک بێ، کە دەبێتە هۆی تێچوویەکی کەم بۆ ئیسرائیل و میراتی درێژ مەوداترین سەرۆک وەزیرانی مێژووی ئیسرائیل دەپارێزێ. ئەگەر ئیسرائیل نەگاتە ئەو ئاکامە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە کە لە گەڵ ئێران ڕێککەوێ، زۆر وێدەچێ جەختی خۆی لە هەوڵ بۆ بەلارێدا بردنی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ بۆ ڕێککەوتنێک کە ئەوان دارێژەری بن بگوێزێتەوە. ئیسرائیل لەوانەیە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کەنداو کار بۆ زەخت خستنە سەر واشینگتۆن بکا تا سووک کردنی ئابلۆقەکان و پرسە ئەتۆمییەکان بە پاشەکشەی ئێران لە چالاکییە مووشەکی و ناوچەییەکانی گرێ بدا. بە لەبەر چاو گرتنی وەرسووڕانی سیاسەتەکانی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان لە مەڕ ئێران لە دوای بەرجام، بایدن لەوانەیە لە ئۆباما زۆرتر بیهەوێ ئەو شتانە بە یەکەوە گرێ بدا، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە پشتیوانی ئورووپاییەکانیشی بەدواوە بێ. بە هەمان شێوە، ڕێبەریی ئێران لەوانەیە کەمتر بیهەوێ ئەو کارە بکا.

تێبینی: ئەو وتارە کورتکراوەی لێکۆڵینەوەیەکی ٢٤ لاپەڕییە.(وەرگێڕ)

(لە ژمارەی ٧٨١ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## ڕێگایەک کە سەرهەڵدانی کورد دەتوانێ ببێتە هۆی تێکڕمانی تورکیە

### نەیشنال ئینتیرێست - مایکل روبین

تورکیەی ئەمڕۆ نزیکەی ١٠٠ ساڵ لەوەپێش لە چوارچێوەی هەوڵەکانی ئوروپا بۆ دابەشکردنی شێوە دوورگەی ئاناتۆلی سەری هەڵدا. ئەو ڕاستییە پاڵنەری پارانۆیای جەماوەریی تورکیە و دژە بیانیبوونیەتی. مۆتەکەی ئەو وڵاتە جیابوونەوەی کوردە. لە کاتێکدا کە پەکەکە و لقەکانی ئەو ڕێکخراوە زۆر دەمێکە ئەو ئاواتەیان بە قازانجی وەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی وەلا ناوە، حەزی سەرۆک کۆماری تورکیە، ڕەجەب ئەردۆغان، بۆ هەڵایساندنی شەڕ دژی جیرانان و دەوڵەتانی ناوچە لەوانەیە بەو زووانە ترسی تورکیە بکاتە پێشبینییەکی خۆ وەڕاستگێڕ.

گیروگرفتی تورکیە لەگەڵ پرسی کورد تەقریبەن لە تەواوی تەمەنی کۆماری تورکیە لە ئارادا بووە: تەنیا دوو ساڵ دوای دامەزرانی تورکیە لە ١٩٢٣، لە سەرهەڵدانی شێخ سەعید، کورد دژی نەهێشتنی خەلافەت ڕابوون. لە ١٩٢٧، ئیحسان نوری پاشا کۆماری ئاراراتی دامەزراند، دەوڵەتێکی بچووکی کورد لە خۆرهەڵاتی ئاناتۆلی و هاوسنووری ئێران و ئەرمەنستان. مستەفا کەمال ئاتاتورک، یەکەم سەرۆک کۆماری تورکیەی مودێرن، بڕیاری تێکشکاندنی ئەو یەکەیەی دەرکرد. هەردوو سوپای تورکیە و هێزی ئاسمانی بێ بەزەییانە بۆ ماوەی سێ ساڵ دژی جەنگان. لە ١٩٣٦، سەرهەڵدانێکی دیکەی کوردان لە دەرسیم و لە دژی بە تورک کردنی زۆرەملی و ڕاگواستن بۆ شێواندنی دێموگرافیای پێناسە غەیرە تورکییەکان دەستی پێکرد. جارێکی دیکە، سوپای تورک سەرهەڵدانەکەی تێکشکاند. لە هەرکام لەو سەرهەڵدانانەدا، کوردەکان ڕەواییان بە سەرهەڵدانەکەیان بە هۆی نارەزایەتییەک داوە کە لەوپەڕی پێناسەی نەتەوەیی بووە، بەڵام سەرهەڵدانەکان بوونە هۆی گوماندارێی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە هەر شێوە دەربڕینی پێناسەی کوردی.

دوای مردنی ئاتاتورک لە ١٩٣٨، دژایەتی دەوڵەتی تورکیە بەرانبەر بە پێناسەی کوردیی بوو بە شتێکی نەگۆڕ. دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئانکارا، لە کاتێکدا کە ئابووری تورکیەیان مودێڕن کرد، ناوچە کوردییەکانیان پاشگوێ خست. تورکەکان تەنیا کاتێک کوردیان قبووڵ بوو کە دەست لە پێناسەی نەتەوەیی و کولتوریی خۆیان هەڵگرتبا.

لە دەیان ساڵی ڕابردوودا تورکیە لە ناسەقامگیریی سیاسی بێ بەش نەبووە. بەشێک لە کوردان تێیدا بەشدار بوون [قەیرانی سیاسی] بەڵام زۆربەی کاتەکان ئەو ناسەقامگیرییە لە چوارچێوەی توندئاژۆیانی چەپ لە بەرانبەر ڕاستەکان

دابووە. ئەوە لەو پێوەندییە دابوو کە ئەندامی دامەزرێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان [خەباتی سیاسی خۆی] دەستپێکرد. ئەو وردە وردە بووە دژی ژێردەستەیی کوردان لە بە ناو خەباتی چینایەتی و پەکەکەی دامەزراند تا ئەو ژێردەستە بوونە ڕاست بکاتەوە. ئۆجەلان بەفەرمی سەرهەڵدانی پەکەکەی لە ١٩٨٤ دەستپێکرد کە زۆر جار نەیارە کوردەکانی خۆی و هەروەها تورکی دەکردە ئامانج.

وڵاتە یەکگرتووەکان کوێرکوێرانە پشتگیری لە تورکیە لە شەڕ دژی پەکەکە کرد. پەکەکە ڕێکخراوێکی مارکسیستی بوو، و لە چوارچێوەی شەڕی سارددا، ئەو پرسە یەکلاکەرەوە بوو. لە کاتێکدا کە لەوانەیە پەکەکە و لقەکانی ئەو ڕێکخراوە لە سووریە مێژوویان لەبیر کردبێ بەڵام ئەوانیش لە نێوخۆی تورکیە کاری دڕندانە و تێرۆریان کردووە. ئەوەی جێگای سەرنجە پشتگیریی ئەمریکا بۆ تورکیە دەگەڕێتەوە بۆ ١٣ ساڵ بەر لە ئێستا و لە سەردەمی بەڕێوەبەرایەتی کلینتۆن، و بە لەبەر چاو گرتنی فرۆشتنی چەکوچۆڵ بەو وڵاتە بووە و پێش ئەوە بووە کە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ئەو ڕێکخراوە وەک یەکەیەکی تێرۆریست پێناسە بکا. ئەوە کردەوەیەکی دڵسارد کەرەوە و ڕەنگبێ تەنانەت نەزۆکیش بووبێ: نە تەنیا کاتەکەی بۆنی ئەوەی لێ دێ کە پاساوەکە شتێکی جیا لە لێکدانەوەیەکی بێلایەنانە لەسەر تێرۆریزم بووبێ، بەڵکو هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی سارد بە هەمان شێوە پێناسەی ئەو ڕێکخراوەی گۆڕی. لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی تورگوت ئۆزال، دەوڵەتی تورکیە دەستی بە چاکسازیی کرد و چاوەڕوانی مامەڵەیەک بوو. کۆچی دوایی لەناکاوی ئۆزال ئەو هەوڵەی بێ ئاکام کرد، بەڵام گیرانی ئۆجەلان لە ١٩٩٩ ڕێکخراوەکەی ناچار کرد ڕێبازی نوێ بگرێتە بەر. سەرۆک کۆماری تورکیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بۆخۆی بڕیاری پێوەندی نهێنی لەگەڵ پەکەکەی لە ٢٠١٢ دا، بەڵام لە کۆتاییدا دوای ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە کوردان لە جیات دەنگدان بە حیزبی ناوبراو واتە حیزبی گەشە و دادوەریی (ئاکەپە) دەنگیان دا بە پارتی دێموکراتیکی گەل (هەدەپە)، کۆتایی بە وتووێژەکان هێنا. پرۆسەی ئاشتی تورکیە-پەکەکە هێندێک سەرکەوتنی هەوڵەکانی وتووێژکەرەکانی نیشان دان: ڕێککەوتنێکی ناوخۆیی لە بارەی دانانی چەک لە لایەن پەکەکە لە ناوخۆی تورکیە و ڕۆیشتنی بەشێکی زۆر لە گەریلاکان بۆ سووریە.

لەو ساڵانەی دواییدا، وەرسووڕانی ئەو ڕێکخراوە ئاشکرا بووە: ئەو بۆشاییە کە شەڕی ناوخۆی سووریە دروستی کرد دەرفەتی خۆبەڕێوەبەریی بو کوردەکانی سووریە ڕەخساند. ئەوان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتوو بوون؛ لە کاتێکدا کە هێندێک ڕەخنەگر لە تینک-تانکەکانی [ناوەندی لێکۆڵینەوە و داڕێژەری ستراتێژی] واشینگتۆن ئەوان وەک مارکسیستی نەگۆڕ دەناسێنن، وا دیارەئەو زانایانە هەرگیز سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەیان نەکردووە کە دژایەتی دەکەن. خۆبەڕێوەبەریی کوردی ڕەنگبێ زۆر شت بێ، بەڵام مارکسیست نیە.

کوردەکان بە هەمان شێوە مارانگەز بوون: میلیشیاکانی کە زۆرینەیان کوردن تا ڕاددەیەکی زۆر بە سەر تاقمەکانی سەر بە ئەلقاعیدە لە باکووری سووریە سەرکەوتن و ئەوان لە شەڕ دژی داعش لە مەیدانی شەڕدا یەکلاکەرەوە بوون.

**کاربەدەستانی تورکیە زۆر جار داعش و لایەنە کوردییەکان وەک یەک حیساب دەکەن بەڵام ئەوە بە دوو هۆ بێ بنەمایە:**

**یەکەم**، بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەن کە کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیە، هەوالگریی تورکیە و ئەندامانی بنەماڵەی خودی ئەردۆغان پشتیوانییان لە داعش کردووە، کەلوپەلیان پێداون یا خود بارگانییان لەگەڵ کردوون.

**دووهەم**، دوای ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیە زەختی خستە سەر هەوالگریی بەلژیک تا چەند چالاکی کورد بە تاوانی تێرۆریزم بگرن، دادگایەکی بەلژیک بەڵگەی کۆ کردنەوە و دیتی کە خستنی پەکەکە و گروپەکانی پێوەندیدار بەوانەوە لە ناو لیستەی تێرۆریستی هەڵە بووە، بە پێچەوانە دادگا بۆی ئاشکرا بوو کە پەکەکە تەنیا "حیزبێکە کە تووشی کێشەی سەربازیی غەیرە ناونەتەوەیی بۆتەوە."

لە کاتێکدا کە ئابووری تورکیە تووشی قەیران بووە، ئەردۆغان هێندەی دیکەش دژی جیرانەکانی شەڕانگێز بووە. بۆمباران کردنی عێراق، بە تایبەتی ناوچەی شنگال کە زۆرینەی خەڵک لەوێ ئێزەدین، بۆتە ڕووداوێکی پەیتا پەیتا. تورکیە شڕکەرانی داعشی بە فڕۆکە گەیاندووەتە لیبی و ئابلۆقەی چەکوچۆڵ دژی لیبی چەند جار پێشێل کردووە. تورکیە بە بیانووی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام باکوور و خۆرهەڵاتی سووریەی داگیر کردووە بەڵام، لە ڕاستیدا، ئەوێ ئێستا بۆتە ناوچەیەکی پاکتاوی ڕەگەزیی دژی کورد.

ئێستا ئەردۆغان هەڕەشە لە یونان دەکا. ئەردۆغان لە ٧ی سێپتامبر گوتی،: کاتێک ساتەوەختی بڕیار دێت، و من ئەوە بە ئاشکرا دەڵێم، ئەوانەی بە نرخی هەڕەشە لە ئاسایش و خۆشبژیویی هاوولاتیان دژی تورکیەن، تێچوویەکی قورس دەدەن." مەسعود حەققی جاشین، ڕاوێژکارێکی نزیکی ئەردۆغان، هەڕەشەی کرد کە، "فڕۆکەوانەکانمان بەو زووانە پێنج شەش لەوان [فڕۆکەی یونانی] دەخەنە خوارەوە و ئێمە شەڕ دەست پێدەکەین." ئەو پێشنیاری کرد کە تورک، فڕۆکەوانەکان بە چەقوو هەنجن هەنجن بکەن.

تورکیە خۆش شانس بووە کە بە دیان ساڵە، تەنیا هێزێکی دەرەکیی کە یارمەتی بەرچاوی بە پەکەکە کردووە سووریە بووە، ڕەنگبێ بە پشتیوانیی یەکیەتی سۆڤیەت بووبێ و دوای هەرەسهێنانی ئەویش، ڕوسیە. هەنووکە کاربەدەستانی سعودی

بە ئاشکرا سەردانی باکوور و خۆرهەڵاتی سووریە دەکەن. لە کاتێکدا کە چەکوچۆڵی ئەمریکایی کە دراوە بە هێزی بەرگریی سووریە بۆ شەڕی ئەو گروپە دژی سەرهەڵدانەکانی داعشە، ئەگەر سعودی یارمەتی کوردان بکا ئەو مەرجە دیاریی ناکا. یارمەتی میسریش بە هەمان شێوە: قاهیرە دڵنیایە کە ئامانجی ئەردۆغان لە پشتیوانیکردنی دەوڵەتی ئیسلامیستی لیبی لە کۆتاییدا ئەوەیە کە یارمەتیدەری ئیخوان ئەلموسلمین بێ و ئەوە هەڕەشە لە ئاسایشی میسر دەکا. یونانیش بەو تاقمە زیاد بکە، و سەرهەڵدانی کوردان لە تورکیە لەوانەیە دەستی بە وەها چەکوچۆڵێک و داراییەک ڕابگا کە پێشووتر تەنیا خەونی پێوە دەدیت.

پەکەکەش پێویست ناکا تاوانبار بێ؛ ئەو ڕێکخراوە بە ڕاستی وێدەچێ لاپەڕەیەکی نوێی لە پێوەندی لەگەڵ ئامانج و ئاکارەکانی پێشووی خۆی هەڵدابێتەوە. بەڵام هەر وەک زۆر لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ڕابردوو، پەکەکەش لاباڵ و تاقمی جیابۆوەی وەک هەڵۆکانی ئازادیی کوردستان (تاک)ی هەیە کە وەک ئۆجەلان بێدەنگ نەبوون.

نەتەوەپەرستانی تورک لەوانەیە بە بێرێزیی و هەڕەشە وەڵام بدەنەوە، بەڵام ئەوانیش دەبێ ڕێئالیست بن: ئەردۆغان هەڵەیە و بە شێوەیەکی پەرەئەستێن بێباک. شەڕفرۆشییەک خراپە، بەڵام چەند شەڕفرۆشیی هاوکات، گەمژەییە: کاتێک وڵاتانی دیکە تەنانەت بە شاراوە یارمەتی سەرهەڵدانی کوردان لە تورکیە بکەن، هیچ ڕێگایەک بۆ گەڕانەوە نامێنێ. هەر تورکێک هەراوهوریا و شەڕانگێزیی ناوچەیی ئەردۆغان قبووڵ بکا، یارمەتی بە مەزنایەتی تورکیە، وەک لایەنگرانی ئەردۆغان بانگەشەی بۆ دەکەن، ناکا بەڵکو یارمەتی بە لێکهەڵوەشانی یەکجارەکی دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## بۆچی دەوڵەتی ئەمریکا ددان بە هێرشەکانی بینغازی کە دەستی ئێرانی لە پشتە دانانێ؟

**نیویۆرک پۆست - کینێت ر. تیمێرمەن**

هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان خەزێنەیەکی بەرچاوی بەڵگەی بەدەستەوەن کە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران لە هێرشەکانی ١١ی سێپتامبری ٢٠١٢ لە بینغازی، لیبی، کە بوونە هۆی کوژرانی چوار شارۆمەندی ئەمریکا، پشتڕاست دەکەنەوە. بەڵام تا ئێستا، بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی شاراوە ئەو بەڵگانەیان لە ژێر چەند توێژی پۆلێن کردن کە زۆر جار بێ پاساون شاردوونەوە.

من لە ئەفسەرانی سی ئای ئەی، گرێبەستکراوانی سوپا، و سەرچاوەی دیکە لە ناو هێزە تایبەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بۆم دەرکەوتووە کە لانیکەم ٥٠ بەڵگە هەن کە لەبارەی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکانی ئێران لە بینغازی هۆشدارییان داوە. هێندێکیان بە تایبەتی پێشبینی هێرشی ئێران بۆ سەر دیپلۆمات و بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردبوو. ئەو بەڵگانە هەروا بە دەست پێڕانەگەیشتراوی ماونەتەوە، لە ناویاندا بۆ سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژێراوی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی بینغازی، ئەندام کۆنگرەی پێشوو، تێری گاودی.

سی ئای ئەی، ئێن ئێس ئەی و ئەندامانی بەڕێوەبەریی فەرماندەیی هێزە تایبەتییە هاوبەشەکان لە بینغازی و ترێپۆلی چالاکانە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێرانیان لە مانگەکانی پێش هێرشەکە گرتبوو ژێر چاودێریی. بە ڕاستی، بە گوێرەی گرێبەستکراوێکی کۆمپانیایەکی سەربازیی کەرتی تایبەت کە لە بینغازییەوە لە فێورییەی ٢٠١١ پێوەندیی پێوە گرتم گوتی کە ئەندامانی سوپای قودس، لە سەرەتاکانی سەرهەڵدان دژی قەززافی، بە ئاشکرا لە شەقامەکانی بینغازیدا دەسووڕانەوە. لەو کاتیدا، بوونی ئەوان لەوێ شتێکی نهێنی نەبوو.

لە هاوینی ٢٠١٢، هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەفسەرانی ئاسایش لە بینغازی و ترێپۆلی هۆشدارییان دا بە فەرماندەکانی سەرووی خۆیان، لە ناویاندا باڵوێز جەی کریستۆفێر ستیڤێنس، کە ئێرانییەکان خەریکی ئامادەکاریی بۆ هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر کامپی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بینغازین. ئەو ئامادەکارییە پەرەئەستێنانەی ئێران بووە هۆی ئەوە کە بەرپرسی پاراستنی ستیڤێنس، سەرهەنگی کڵاو سەوز ئەندی وود، پەیام بنێرێ بۆ ئەفسەری فەرماندە لە ژوئەنی

٢٠١٢ کە میلیشیای بەکرێگیراوی ئێران، ئەنسار ئەلشەریعە، پارەی لە ئێرانەوە پێ گەیشتووە و ئێستا خەریکی بەڕێکردنی ژن ومنداڵەکانیانن بۆ بینغازی، وەک چۆن لە بابەتی پێشوودا باسم کرد.

تا ئێستا، دەوڵەت تەنیا ژمارەیکی کەم بەڵگەی لە بارەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لە بینغازی بڵاو کردوونەوە کە ئەوانیش تا ڕاددەیەکی زۆر ئێدیت کراون [بەشێک لە زانیارییەکان ڕەش کراونەوە]. لە تەواوی کاتی بەڕێوەبەرایەتی ئۆباما دا، کاربەدەستانی ئاگادار لە بوونی سوپای قودس لە بینغازی، لەناویاندا گرێبەستکراوەکانی ئاسایش کە پارێزگارییان لە بنکەی سی ئای ئەی لە ماوەی ١٣ کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ جیهادییەکان، پەیتا پەیتا هەڕەشەیان لێدەکرا کە ئەگەر ئەوەی دەیزانن بیدرکێنن بەرەو ڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە. یەکێک لەوان، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی هەواڵگری، ژەنڕاڵ مایکڵ فلین بوو.

بەڵام بەڵگەکانی پێشکەشکراو لە لایەن سەرچاوەیەکی ئێرانی لەبارەی دابینکردنی دارایی [بۆ تیرۆریستەکان] کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەکەوتە ژێر هەڵمەتی بە نهێنیکردن، زانیارییەکی گەلێک باشی لەبارەی تێوەگلانی دەوڵەتی ئێران لەو هێرشانەدا تێدابوو.
بەڵگەکان لەناویاندا بەڵگەی گواستنەوەی ١،٩ ملیۆن یورۆ لە ڕێگای بانکەوە بۆ ناوەندێکی پارە شۆردنەوەی سوپای قودس لە مالێزی دەگرێتە خۆ کە هەرگیز پێش ئێستا بە میدیایی نەکراوە. تەنیا لەو دوایییانەدا سەرچاوە ئێرانییەکە ئیزنی پێدام کە ئەو بەڵگانە ئاشکرا بکەم، کە بە ڕوونی ئاشکرای دەکەن ئێران کەڵکی لە سیستەمی دارایی جیهانیی بۆ دابینکردنی پارە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بینغازی وەرگرتووە.

کەسێک کە ئێرانییەکان بۆ ڕاکێشانی ئەندام، ڕاهێنان و چەکدار کردنی میلیشیای ئەنسار ئەلشەریعە کەلکیان لێ وەرگرتووە کەسێکی لوبنانی بە نێوی خەلیل حەرب بووە. ناوبراو فەرماندەیەکی پلە بەرزی حیزبوڵڵا بووە و لە لایەن ئاژانسە هەواڵگرییەکانی خۆرئاوایی زۆر باش ناسراوە. ماوەیکی کورت دوای هێرشەکانی بینغازی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ٥ ملیۆن دۆلاری دەستخۆشانە بۆ دانی زانیارییەک کە ببێتە هۆی گیرانی ناوبراو تەرخان کرد، نەوەک لەبەر دەوری ئەو لە بینغازی، بەڵکو بۆ دەوری ناوبراو لە بە ڕواڵەت ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستیی ئاسایی لە لوبنان.

چونکە ددان پێدانانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە ژێر ڕێبەریی هیلاری کلینتۆن و جان کێری کە ئەو بەکرێگیراوەی ئێران لە هێرشەکانی بینغازیدا بەشدار بووە دەبووە هۆی ئاشکرابوونی فێڵبازییە شاراوە کوشندەکانی ئێران، کە هێشتا لە لایەن



سەرچاوە
Serchawe

دەوڵەتی شاراوە درێژەی هەیە و چەند داواکاریی بە گوێرەی یاسای ئازادی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی (FOIA) لە بارەی ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەکانی ئێران - بینغازییان بێ ئاکام هێشتۆتەوە.

سەرەتا، حەرب دەستی بە دیتنەوە و بە ئەندامکردنی جیهادیی لیبیایی کرد. سەرچاوە ئێرانییەکەی من دەڵێ کە سێ حەوتوو بەر لە هێرشەکان، ئێردراوێک گەیشتە بینغازی بە ۸ ملیۆن دۆلار و ۱۰ ملیۆن کە دراوی کاغەزی ۵۰۰ یورۆیی بوون. پارەکە لە حیسابەکانی سوپای قودس لە مالیزییەوە لە بانکی فیرست ئیسلامیک ئینڤێستمێنت بانک، کە بانکێکی سوپای پاسدارانە و لە لایەن بابەک زەنجانی، میلیاردێرێکی ٤١ ساڵە، کە خۆی بە "بەسیجی دارایی" پێناسە دەکرد، بەڕێوە دەچوو.

لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری ئێرانی و خۆرئاوایی، زەنجانی خۆی هەڵدەنایەوە کە ئەو پارەی نەوتی ڕێژیم دەشواتەوە تا دەستی گەمارۆی دارایی نەگاتە ئەوان. ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خاوەنی ۱۳،۵ میلیارد دۆلارە، و خۆی هەڵدەنایەوە کە نەوتی ئێران لەگەڵ هی عێراق و ئیمارات تێکەڵ دەکا و وەک نەوتێک دەیفرۆشێ کە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوە نیە.

ئەو لە وتووێژێکدا گوتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەویان بە ۲۷۲ جار پێشێلکاریی شۆردنەوەی پارە تاوانبار کردووە، و ناوبراو ئەوانە وەک میدالیای شانازیی سەیر دەکا، و نزیکەی ۲ میلیارد دۆلار پارەی نەغد هی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە کە لەبەر ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان "گیری" کردووە. لە کۆتاییەکانی دێسامبری ۲۰۱۳، ڕێژیمی ئێران ناوبراویان دەستبەسەر کرد بۆ ئەوەی کە پارەکە بگەڕێنێتەوە ناوخۆ و ئەویش بێدەنگ بکا.

یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی سۆرینێت گرووپی ناوبراو، کۆمپانیایەک بوو کە لە کوالالومپور و لابوان، مالیزی، چالاک بوو و نێوی ئینتێرناشنال سەیف ئۆیل (ISO) بوو، تا زەنجانی ئێرانی بوونی ئەو نەوتە بشارێتەوە کە لە بازاڕە جیهانییەکاندا دەیفرۆشت. پێوەندی نابراو لە ISO کەسێکی دیکەی خاوەن دەست و پێوند لە ئێران بە نێوی عەلیرەزا زیبا حالەت مۆنفەرید بوو، کە براکەی جێگری وەزیری هەواڵگریی ئێران بوو.

بە گوتەی هاوبەشێکی بازرگانی پێشووی مۆنفەرید، کە بەڵگەکان و وردەکارییەکانی تێوەگلانی ناوبراو لە ئۆپەراسیۆنی سوپای قودس لە بینغازی پێدام، مونفرید لە ۲۰۰۹ بە بیانووی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی وەبەر هێنان لە کەرتی "توریسم" پارەی سوپای قودسی بۆ باکووری ئەفریقا، مەراکش، گواستەوە. مەنفەرید بە هەمان شێوە پێوندیی لەگەڵ خەلیل حەرب

هەبوو، کە لە مالیزی و پێش ئۆپەراسیۆنەکانی بینغازی سەردانی کردبوو تا بزانێ چۆن پارە بە نهێنی دەگوێزێتەوە.

کاتێک ڕایەڵەی سوپای قودسی مونفەرید و زەنجانی لە ٢٠١١ دەستیان بە گواستنەوەی پارە بۆ بینغازی کرد، کەلکیان لە سیستەمی بانکیی ناونەتەوەیی وەرگرت و پارەکەیان بە بیانووی وەبەرهێنان لە کەرتی مڵک و ماڵ گواستەوە، لە ترۆپکی سەرهەڵدانی دژی قەززافی کاتێک کە زۆربەی وڵات وێران ببوو!

بەڵگەی ناردنی ١،٩ میلیۆن یورۆ، لە بەرواری ١٤ی ئاگوستی ٢٠١١، ئاشکرای دەکا کە ئەو ڕایەڵەیە چۆن کاری کردووە.

سەرچاوەی پارەکە، لە فیرست ئیسلامیک ئینڤێستمێنت بانک لە لابوانی مالیزییە، کە لە ١١ی ئاپریلی ٢٠١١ وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک ناوەندێکی شۆردنەوەی پارەی ئێران پێناسەی کرد.

لە مالیزیاییەوە، لە ژێر چاودێریی یاریدەدەرێکی زەنجانی و مۆنفەرید، پارە بەڕێکرا بۆ بانک ئینتێرناسیۆنال عەرەب لە پاریس. وەرگری کۆتایی، کۆمپانیایەکی بیناسازیی لە بینغازی بوو کە حیسابێکی لە لقی بینغازی بانکی ئەلجەماعە ئەلعرەبییدا هەبوو.

بەڵگەی بەڕێکردنی پارەکە ئاشکرای دەکا کە ئەو پارەیە بۆ ژمارەیەکی تایبەتی قۆنتەراتێک بەڕیکراوە و دەشێ بۆ وێنە بۆ دروستکردنی مۆڵگەی ئەو کەسانە کەڵکی لێوەرگیرابێ کە خەلیل حەرب کردبوونیە ئەندام.

لە کاتێکدا کە پیلانەکانی ئۆپەراسیۆنی بینغازی لە هاوینی ٢٠١٢ خێراتر کران، ئێران بەرپرسێکی پلەبەرزی سوپای پاسداران، سالار مێهدی ڕەببانی لە ژێر ناوی تیمی پزیشکی هیلالی سووری ئیسلامیی نارده بینغازی، وەک چۆن لە کتێبی من لە مانگی مای ٢٠١٤ بە نێوی "هێزە ڕەشەکان: ڕاستییەکان لە بارەی ئەوەی لە بینغازی ڕوویدا." باسکراوە. ئەوان بە هەمان شێوە بە شێوەی فیزیکی دەستیان کرد بە ناردنی پارە بۆ تیمەکانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

لە سلایدێکی ئاگادار کردنەوە لە لایەن فەرماندەیی ئەفریقای وڵاتە یەکگرتووەکان (AFRICOM) لە هاوینی ٢٠١٢ دەردەکەوێ کە پارە و چەکی ئێرانی بە لێشاو دەچێ بۆ میسر و لیبی، بەڵام ئەو و بەڵگەکانی دیکەی AFRICOM لە پێوەندیی لەگەڵ بوونی ئێران لە بینغازی، بە ئانقەست بەرانبەر بە هەواڵنێران و گرووپە دەرەکییەکانی وەک چاودێریی

دادوەریی لە ڕێگای پرۆسەی FOIA حاشایان کراوە.

بەڵگەکان ئێستا دەیسەلمێنن کە هێرشەکانی بینغازی ئاکاری تێرۆریزمی دەوڵەتی دژی ئەمریکا بوون کە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ەبڕیاری لەسەر دراوە و بە فرۆشتنی نەوتی ئێرانی پشتگیریی دارایی لێکراوە کە چەند دامودەزگای دەوڵەتی ئێران و یەکەکانی بازرگانی و بانک لە مالێزی، فەڕانسە و لیبی تێیدا بەشدار بوون.

سەرۆکی هەنووکەیی هەواڵگریی نەتەوەیی، ئەندام کۆنگرەی پێشوو جان راتکلیف، ناوبانگێکی شایستەی لە بارەی ڕاستوێژیی و مافی جەماوەر بۆ زانینی ڕاستییەکان لە بارەی حەشاردانەکانی سیاسییەکانی هەیە.

کاربەدەستانی هەواڵگریی تیۆەگلانی ئێرانیان لە بینغازی لە دەستپێکەوە شاردۆتەوە. بەڕێوەبەر راتکلیف: بەڵگەکانی ئێران - بینغازی بڵاو بکەوە!

(لە ژمارەی ٧٨٢ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

---

# تێکهەڵچوونەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان دەتوانێ کاریگەریی لە سەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەبێ

سێت جەی فرانتزمەن

وێدەچێ تێکهەڵچوونەکانی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان کە ڕۆژی یەکشەممە دەستیان پێ کرد، بەربڵاوتر لە هی جارەکانی پێشوو بن. دوای تێکهەڵچوونی لەو چەشنە لە مانگی جولای، ئاشکرا بووە کە باشووری قەفقاز هەر دێت و گرینگتر دەبێ. دوای دەیان ساڵ کە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی تا ڕادەیەکی زۆر باشووری قەفقازی پاشگوێ خستبوو، ئەوان دیسان هاتوونەوە ژێر دیدی گشتیی. ناکۆکی لەوێ کاردانەوەی بەرچاوی بۆ خۆرهەڵاتی ناڤین دەبێ چونکە تورکیە، ئێران و ڕووسیە گشتیان پۆتانسیەلی دەور دیتنیان هەیە.

دوای تێکڕمانی یەکیەتیی سۆڤیەت، قەفقاز تووشی کێشە بوو. بەشێک لە کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی مانەوە، کە هێندێک جار بە شێوەی جەنگی نوێ سەریان هەڵدایەوە. کێشەی نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان یەکێک لەو کێشانەیە. ئازەربایجان ناوچەیەکی دابڕاوی لە نزیک تورکیە هەیە و ئیدیعا دەکا کە ناگۆرنا - قەرەباغ، ناوچەیەک لە نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان، هی ئەوانە. ئەو ناوچەیە لە نەوەدەکانی زایینیدا سەربەخۆیی خۆی لەژێر ناوی کۆماری ئارتساخ ڕاگەیاند. بە پشتیوانیی ڕووسیە، ئەرمەنستان کۆنترۆڵی ئەوێی پاراستوە.

کەمێک سەرووتر بەرەو باکوور، لە ٢٠٠٨ لە نێوان گورجستان و ڕووسیە تێکهەڵچوون هاتە ئاراوە کە بووە هۆی شکستێکی شەرمەزارانە بۆ گورجستان، چونکە نەیتوانی دەست بەسەر ئوسێتیای باشووردا، کە لە ١٩٩١ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندبوو، بگرێتەوە. بە یارمەتیی ڕووسیە، گورجستان لە دەسەڵات بەسەر ئابخازیا و ئۆسێتیای باشوور بێبەش کرا. ڕوسیە کە لە ژێر دەسەڵاتداریی ڤلادیمیر پوتین خەریکی چاکسازی بوو لە جەنگی ٢٠٠٨ بە گورجستانی نیشان دا کە کێ بەهێزترە. بە هەمان شێوە، پوتین توانی سەرهەڵدانی ئیسلامیی لە باکووری قەفقاز سەرکوت بکا.

کۆتایی تێکهەڵچوونەکان لە ٢٠٠٨ بووە هۆی ماوەیەک ئارامیی ڕێژیی لە قەفقاز. بەڵام سەرجەم ئەو کێشانە بە چارەسەر نەکراویی مانەوە. ئەوانە بە هەمان شێوە بە گرژییەکان لە ئوکراین، کە لە ٢٠١٤ سەری هەڵدا و بووە هۆی جەنگی نێوان

**بەشی: دووهەم**

جیاییخوازانی پشتگیریکراو لە لایەن ڕووسیە و دەوڵەتی ئوکراین، پێوەند درانەوە. ڕووسیە شێوە دوورگەی کەریمەی خستە سەر خاکی خۆی و پشیوانیی لە دوو کۆماری نوێ لە دۆنباس کرد. چەکەکان لە ئوکراین هەرگیز بە تەواوی بێدەنگ نەبوون.

ئەمڕۆ، ڕووسیە پەیتا پەیتا ڕاهێنانی سەربازیی دەکا تا هێزی خۆی نیشان بدا، هەم لە باشووری ڕووسیە، لە قەفقاز و هەروەها لە باڵتیک و بێلاڕوس. دیمەنی گشتی دەرخەری سەرهەڵدانی بنکەی دەسەڵاتی ڕووسیەیە. بۆ وێنە، حەوتووی ڕابردوو ڕاهێنانی برایەتی سلاڤی لەگەڵ سێربستان و بێلاڕوس بەڕێوە چوو. لە سەرەتای سێپتامبریش ڕاهێنانی قەفقاز لەگەڵ چین، ئەرمەنستان، ئێران و میانمار بەڕێوە چوو. لە مانگی جولای پوتین بڕیاری ڕاهێنانێکی سەربازیی بە بەشداریی ۱۵۰۰۰۰ سەرباز بۆ پارێزگاری لە باشووری قەفقاز دەرکرد. پەیامی مۆسکۆ ئاشکرایە. ڕووسیە خەریکی تیژ کردنی چەقۆکەیەتی تا بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە بێ، جا گیروگرفت لە بێلاڕوس بێ یا قەفقاز جیاوازیی نییە.

پوتین ئاشقی مەتەڵۆکەی سەربازییە. چەند ساڵ لەوەپێش لە بارەی پیاوێکدا پرسیاری لێ کرا کە چەقۆی سەربازیی باوکی بە سەعاتێکی نوێ گۆڕیبۆوە، پوتین باسی ئەو پیاوەی کردبوو کە بە کوڕەکەی گوتبوو، "جا کاتێک سبەینێ تالانچی هاتن و سەرجەم بنەماڵەکەتیان کوشت و خوشکە گەورەکەتیان لاقە کرد، تۆ دەتوانی پێیان بڵێی، لە مۆسکۆ سەعات چەندە..." بەشداران کە لە ڕێوڕەسمی وتووێژی ۲۰۱۸ لەگەڵ پوتیندا بەشدار بوون لە قاقای پێکەنینیان دا، بەڵام پەیامەکە ئاشکرا بوو. ڕووسیە هێزی سەربازیی خۆی بەهێز دەکا. ئەو لە ڕێگای بەشداریی لە سووریە و لیبی ئەو پەیامەی گەیاندوە.

هێشتا ڕووسیە لە تێکهەڵچوونەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجاندا بەشداریی نەکردوە، بەڵام بە سەریانەوە هەڵوەستاوە. ڕووسیە ناتوانێ ڕێگا بدا هاوپەیمانەکانی شکست بێنن و ئەرمەنستان هاوپەیمانیەتی. ڕووسیە بەهەمان شێوە پێی باشە کە هاوپەیمانەکانی پێوەی بەستراوە و لاواز بن. بە پێچەوانە، تورکیە خەریکی ڕابواردنی میلیتاریستییە. ئەو باکووری سووریەی داگیر کردوە، عێراقی بۆردومان کردوە و چەند مۆڵگەی سەربازیی لە باکووری عێراق دروست کردوون؛ چەکداری سووریەی بۆ لیبی ناردوە و ڕۆژانە هەڕەشە لە یونان و وڵاتانی دیکە دەکا. تورکیە دەخوازی شانبەشانی ئازەربایجان لە جەنگ دژی ئەرمەنستان بەشدار بێ. لە ڕابردوودا ڕوسیە ویستوویەتی ناتۆ و ڕۆژئاوا لە ڕێگای واژۆکردنی ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیە تووشی شکست بکا. ڕووسیە سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی S400 ی بە تورکیە فرۆشتوە و لە ئیدلیب بە یەکەوە پاسەوانیی دەکەن. بۆ نموونە.

بەشی: دووهەم

ئەگەر تورکیە زۆرتر خۆی لە شەڕ لەگەڵ ئەرمەنستان تێهەڵقوتێنێ، لەوانەیە ڕووسیە بە شێوەیەکی دیکە مامەڵە لەگەڵ تورکیە بکا، بە شێوەیەک کە بڕیاردەری ڕووداوی داهاتوو ڕووسیە دەبێ. ئەوە مودێلی ڕوسیەیە لە ئاستانە، سۆچی و لیبی، کە لەسەر گشت ئەو دۆسیەیانە قسە بکا کە لەگەڵ تورکیە تیایاندا هاوبەشە. ڕووسیە هەم هاوبەشی تورکیەیە و هەم لەگەڵی ناکۆکە. بەڵام ڕووسیە بەتەمایە لە پێشدا هێزە ڕۆژئاواییەکان وەدەر نێ. ئەوە ئامانجی ڕووسیەیە لە ئوکراین، بێلاڕوس و هەروەها لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٨ لە دژی گورجستان. بۆ وێنە ڕووسیە لە دەستێوەردانەکانی ڕۆژئاوا لە باڵتیک تووڕەیە. پوتین دەبێ بڕوانێتە سەرجەم ئەو دۆسیەیانە و بڕیار بدا قورسایی ڕوسیە لە کامیاندا بەکار بێنێ.

لە هەمان کاتدا ئێران بۆ بازرگانی، کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی و فاکتەری دیکە دەڕوانێتە قەفقاز. ئێران هەوڵی داوە پرۆژەیەکی کێشانی هێڵی ئاسن لەگەڵ ئازەربایجان جێبەجێ بکا. لە سەردەمی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا و خولیای دروست کردنی دنیایەکی فرە جەمسەر بۆ یەخانگیریی ئەمریکا، ئامانجی سەرەکیی ئێران پێوەندیی توند و تۆڵتر لەگەڵ چین و ڕوسیەیە. لێرەدا ئامانج ئەوەیە کە تورکیەش تێکەڵی ئەو هەوڵانە بکا، چونکە ئێران و تورکیە پێوەندییەکی گەرموگوڕیان هەیە. کێشەیەک لە سنووری باکووری ئێران لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان لە بەرژەوەندیی ئێران نییە. ئەو پێی باشترە کە ئەو کێشەیە تەشەنە نەکا. ئێران بۆخۆی ڕێژەیەکی زۆر لە شارۆمەندەکانی ئازەری و ناتوانێ پێشبینیی ئەوە بکا کە ناسەقامگیریی چۆنە.

ئەوە بەو مانایەیە کە کێشەی ناگۆرنا - قەرەباغ یا کێشەی دیکە کە تورکیە تێیانەوە گلاوە، دەتوانێ ئاسەواری بەرچاوی لەسەر ڕایەڵەی ڕووسیە - ئێران - تورکیە هەبێ. لەبەر دەستپێشخەریی ڕێگای ئاوریشمی نوێ، چینیش خوازیارە لە دوورەوە بڕوانێ. ئەو خوازیاری سەقامگیریی و بازرگانییە، نەوەک شەڕی زۆرتر. وڵاتە یەکگرتووەکان وێدەچێ چیدیکە وەک نەوەدەکانی زایینی حەزی لە نێوبژیوانی و وەستاندنی شەڕان نەبێ، ئەوە بەو مانایەیە کە موسکۆ، تاران، ئانکارا و وڵاتانی دیکە دەبنە دەمڕاستی خۆش کردنی ئاگری جەنگ یا وەستاندنی تێکهەڵچوونەکان لە قەفقاز. یەکیەتیی ئورووپا چیدیکە دەوری کاریگەر ناگێڕێ و زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە دەزانن کە وڵاتانی ئورووپایی بە گشتی قسە دەکەن و لێدوان بڵاو دەکەنەوە بەڵام هیچ کارێک ناکەن. یەکیەتیی ئورووپا تەنانەت ناتوانێ لەسەر سیاسەتێکی هاوبەش لە بارەی بێلاڕوس یا تورکیە لە خۆرهەڵاتی مەدیتەرانە و سەپاندنی ئابلۆقەی چەکوچۆڵ بە سەر لیبیدا ساغ بێتەوە.

چ شتێکی دیکە لەو کێشەیەدا لەوانەیە ڕوو بدا؟ ڕووسیە و تورکیە و دەوڵەتانی دیکە دەیانهەوێ سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی و سەربازیی تاقی بکەنەوە. هەموو لایەک چاوەڕوانن بزانن ئاخۆ بڕیاری ئازەربایجان بۆ تەرخان کردنی سامانی

بەشی: دووهەم

زەبەلاح بۆ فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان یارمەتیی دەکا ئەو جەنگە بباتەوە. فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان تێچووی گیانی بۆ خاوەنەکانی کەم دەکەنەوە بەڵام هەرگیز لە ڕوانگەی تاکتیکییەوە، لە بردنەوەی جەنگی مەزن سەرکەوتوو نەبوون. ڕووسیە لە سووریە کەڵکی لە سیستەمی مووشەکی پانتسیر و سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی دیکە وەرگرتوە و ئەو سیستەمانە دەفرۆشێ کە لە لیبی کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەو پێی خۆشە بزانێ ئەو سیستەمانە بە کردەوە چەندە کاریگەرن.

لە کۆتاییدا، ئاسەوارەکانی کێشەکە دەتوانێ سووریەش بگرێتەوە. تورکیە گرووپە کوردەکانی بەوە تاوانبار کردوە کە بۆ پشتیوانیی ئەرمەنستان "تێرۆریست" ی ناردوونە ئەوێندەرێ، ئیددیعایەکی خەیاڵی لە لایەن ئانکاراوە. بەڵام، ئانکارا بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیددیعایە شەڕکەری سووریەیی بە ئەندام گرتوە تا لە دەرەوەی سووریە شەڕی بۆ بکەن. لەوانەیە تورکیە بیهەوێ کەڵک لە شەڕکەری سووریە وەرگرێ تا دژی ئەرمەنستان بجەنگێن بۆ ئەوەی ئەوان خەریکی شتی دیکە بکا. ئێستا ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەو کێشەیە پەرە دەستێنێ و بیانووی زیاتر دەداتە دەست تورکیە تا لە سووریە، عێراق و شوێنی دیکە دەستوەردا. تورکیە خوازیاری ئەو تێوەگلانەیە و هیچ شتێکی لەوە پێ خۆشتر نییە کە هێزی سەربازیی لە قەفقاز جێگیر بکا. ئێران و ڕووسیە لەوانەیە دژی ئەو کارە بوەستنەوە. ئەوە ئاشکرای دەکا کە دەسەڵاتدارانی ناوچە لە قەفقاز چەندە گرەوەکانیان لێک جیاوازن.

(لە ژمارەی ٧٨٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە Serchawe

## ساڵی ٢٠٢٠، ساڵێکی زۆر خراپ بووە بۆ ئێران و کۆرەی باکوور

**ئورشەلیم پۆست - یوناح جێرێمی باب**

ڕێزگریی سەربازیی، مووشەک و پڕووشەی کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ لە وێنەدا جوانن، بەڵام تەنانەت دوو مانگ پێش کۆتایی ئەمساڵ، شتێکی ئاشکرایە کە ئێران و کۆرەی باکوور لە ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی زۆر خراپیان بەڕێکردووە.

هەردوو پیونگ یانگ و تاران لە بەربەرەکانی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بە پاشەکشە کراون، و لەبەر ئەو هۆیە ئاسایشی ئیسرائیل کەمێک باشترە.

بڕیاری کیم یونگ ئون، ڕێبەری کۆرەی باکوور، لەمەڕ نیشاندانی مووشەکێک لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، کە وێدەچی مەزنترین مووشەکی ویشکارۆبەزێنی بالیستیکی بێ کە لە ڕێزگریی سەربازییدا نیشان دراوە، شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ. دەکرێ دوو ئاکامگیریی لە ڕێزگرییە سەربازییەکە، لە پێوەندیی لەگەڵ پرسی کۆرەی باکوور - وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئێران - وڵاتە یەکگرتووەکان - ئیسرائیل، بکرێن. هەموویان لە کۆتاییدا دەرخەری لاوازیی ڕێژەیی کۆرەی باکوور و ئێران لە هەلومەرجی ئێستادان.

یەکیان ئەوەیە کە کۆرەی باکوور لە ٢٠١٧ بەولاوە توانایی بە ئامانج گرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە مووشەکێکی خاوەن کڵاوی ناوەکیی هەیە، ئێستا لەوانەیە بتوانێ مووشەکێک باوێ کە چەند کڵاوی ناوەکیی هەن.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هیوادار بوو بتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی THAAD و توانایی دیکەی دژە مووشەکیی هێرشی مووشەکیی لە باکوورەوە بوەستێنێ، لەوانەیە ئێشتا دژوارتر بێ بتوانێ خۆی لە بەرانبەر هێرشێ هاوکاتی چەند مووشەکی خاوەن کڵاوی ناوەکیی بپارێزێ.

بەڵام بە شێوەیەک، تەنانەت ئەوەش شتێکی تازە نیە، چونکە گریمانە دەکرا کە کیم لە ٢٠١٧ بەولاوە چەند دەرزەن چەکی ناوەکیی هەبن.

بەشی: دووهەم

ئەوە بەو مانایەیە کە یەکەم ئاکامگیریی ئەوەیە کە کۆرەی باکوور ئەوپەڕی، سەرکەوتنێکی تاکتیکی بچووکی وەدەستهێناوە. کەوابوو ئەگەر جەنگێکی هەمەلایەنە دەست پێبکا، کۆرەی باکوور لە وەڵامی هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، لە جیات هاویشتنی مووشەکێک و چەکێکی ناوەکیی، لەوانەیە ئەو ڕێژیمە تاوانکارە بتوانێ بە مووشەکێک وەڵام بداتەوە کە چەند چەکی ناوەکیی لێ بار کراون.

ڕەنگبێ کیم، پێش کۆتایی حەوتووی ڕابردوو موشکیلەی هاویشتنی چەند چەکی ناوەکیی لە یەک کاتدا و لەئەگەری کەوتنە بەر هێرشێ ئاسمانیی یا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای هەبووبێ.

ئاکامگیریی دووهەم ئەوەیە کە چ شتێک نەقەوما: هیچ تاقیکارییەکی ناوەکیی نەکرا. نەبوونی ئەو تاقیکارییە کیمەی لاواز نیشاندا، و ئەوە گەلێک گرینگترە. ئەوە بە زەرەری کیم تەواو دەبێ و ئاشکرای دەکا کە چ ساڵێکی خراپ بووە بۆ کۆرەی باکوور.

## بۆچی ئەوە گرینگە؟ بە هۆی ئەو شتەی کە پێش ٢٠٢٠ ڕوویدا.

٢٠٢٠ بە شکستی کیم لە ئاشکرا کردنی سورپرایزێکی ترسێنەر لە کریسمەسی ٢٠١٩، بۆ زەخت خستنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی پێکرد، بە هەمان شێوە هەڕەشە زێدەڕۆیانەکانی لە ژانوییە کە هەرگیز ئاسەوارێکیان لێ نەبینرا.

زۆر کەس پێیان وابوو کیم پەنا بۆ بۆمبێکی ناوەکیی نوێ دەبا تا گوشار بخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتی ترامپ بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی نەرمتر لە دانووستانە ناوەکییەکان بگرێتە بەر. بەڵام وێدەچێ ترس لە تۆڵە کردنەوەی ئەمریکا، هەموو ڕیسەکانی لەو هەڕەشە و گورەشانە لێ کردبنەوە خوری. ئەوە لە کۆتاییدا وا دەکا تا ڕیزگریی و نیشاندانی مووشەکی زەبەلاحی نوێ وەک ڕاسانێکی ڕووکەشیی بێتە بەرچاو.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئاکامگیریی سەبارەت بە ئێران، مێژوویەکی کۆنی هاوبەشیی تەکنەلۆجیای مووشەکی ناوەکیی لە نێوان تاران و پیونگ یانگ بوونی هەیە.

بە کورتی پێش ئەوەی کە جان بۆڵتۆن ببێتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپ، لە ٢٠١٧ لە ئورشەلیم پۆستدا باسی

ئەوەی کرد کە کۆرەی باکوور دەتوانێ هەر کات بیهەوێ مووشەکێکی ناوەکیی ئامادە "بە پارە" بدا بە ئێران. ئەو ئیددیعایە لە مانگی سێپتامبر لە لایەن کاردەبەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە نەیویستووە نێوەکەی ئاشکرا بێ، پشتڕاست کراوەتەوە.

بەڵام، وێدەچێ لێدوانی کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر هەوڵێک بێ بۆ بیروڕای گشتی بۆ پشتیوانیکردنی گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نێوی "مێکانیزمی پەلەپیتکە" بۆ سەر ئێران تا هەڕەشەیەکی سەربازیی ڕاستەقینە.

یەکەم، ئیددیعای کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان هۆشدارییەکی سەیروسەمەرەی لە بارەی دەسپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکیی لە ٢٠٢٠ بڵاو کردەوە، ئەگەرچی هیچ کەس لە کۆمەڵگای هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ئەو هەواڵەی بە جیددی وەرنەگرت.

ئەوە ڕاستە کە ئێران دەتوانێ هێندە ئۆرانیۆم بپیتێنێ کە بۆ چەکێکی ناوەکیی بەس بێ، بەڵام ئەو شتە لە مانگی مارس بەولاوە زانراوە، و ئێران هێشتا پێویستە گیروگرفتی تەقاندن و هاویشتنی چەکێکی ئەوتۆ جێبەجێ بکا. لە کاتێکدا کە پاراستنی ئابلۆقەی چەکوچۆڵ بۆ گوشار خستنە سەر ئێران بە گشتی و سنووردار کردنی چەکوچۆڵی ئاسایی ئەو وڵاتەش پێویستە، ئەوە لە ڕوانگەی چەکی ناوەکییەوە پرسێکی زۆر مەزن نیە.

لەوە زیاتر، کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی گۆمەکە قووڵتر بکا، وشەی "کۆرەی باکووری"یشی زیاد کرد، بێ ئەوەی کە بتوانێ بەڵگەیەک پێشکەش بکا.

لە تیۆریدا، لەوانەیە کۆرەی باکوور بە نهێنی یارمەتی بە تواناییەکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی کڵاوی ناوەکیی بۆ یەکێک لە ژمارەیەکی زۆر لە مووشەکە بالیستیکییەکانی ئەو وڵاتەی کردبێ. بەڵام هەر وەک کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و پسپۆڕانی ناوەکیی دەرەکیی گوتوویانە، ئەو هاوکارییە دوای بڕیاری ئێران بۆ هەڵبژاردنی ڕێبازێکی تەکنیکی جیاواز و هەڵبژاردنی گەشە پێدانی تەکنەلۆجیای ناوخۆیی، کۆتایی پێهات.

ئەو دوو وڵاتە هێشتا پێکەوە هاوکاریی دەکەن، بەڵام ئەو سێناریۆیەی کە کۆرەی باکوور یارمەتی ئێران بکا تا بە

شێوەیەکی چاوڕوان نەکراو تواناییەکانی پەرە پێ بدا، لە لایەن هیچکام لەو کاربەدەستانەوە بە جیددی وەرناگیرێ. ئەوە زۆرتر لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێران دەیهەوێ بۆخۆی وەستای هەموو بڕگەکانی چەکەکان بێ و پێویستی بە یارمەتی کۆرەی باکوور نیە. لە جیاتان، ئەگەری جووڵەی ئێران بەرەو چەکی ناوەکیی بڕیارێکی سیاسییە.

ئەو بێ گومان توانایی پیتاندنی ئۆرایۆمی هەیە و وێدەچێ بەشێک لە پرسە تایبەتییەکانی جێکردنەوەی کڵاوێکی ناوەکیی لە سەر مووشەکێکی بالیستیک بە بێ یارمەتی کۆرەی باکوور چارە سەر بکا.

جگە لەوە، ئێران دەیان ساڵە مووشەکی بالیستیکی هەن کە بتوانن بگەنە ئیسرائیل. کەوابوو تەنیا شتێک کە کۆرەی باکوور بە ڕاستی بتوانێ بیدا بە ئێران، توانایی هەنگاوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئاکامگیرییەکە بۆ ئیسرائیل ئەوەیە کە ئەو مەترسییەی ئێران لە سۆنگەی کار لەگەڵ کۆرەی باکوور دەتوانێ ئاراستەی بکا هەر وەک ئەو مەترسییەیە کە بۆخۆی بە تەنیا دەتوانێ بیکا.

بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک چەکی ناوەکیی ئامادەی نەداوەتێ، ئەگەر چی پاکستان و کۆرەی باکوور دەتوانن هەرکات بیانهەوێ ئەو کارە بکەن.

ئابلۆقەی چەکوچۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران حەوتووی داهاتوو کۆتایی پێدێ، بەڵام هێچ کەس بە جیددی باوەڕ ناکا کە ئابلۆقەیەکی ئەوتۆ توانیبێتی پێش بە پاکستان یا کۆرەی باکوور بگرێ کە تەکنەلۆجیای ناوەکیی بدەن بە کۆماری ئیسلامیی، ئەگەر ئەوان بڕیاریان دابا ئەو کارە بکەن.

تەنیا ڕێگای پێشگرتن بەو کارە هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسرائیل و هاوپەیمانان و توانایی چاودێریی سەربازییە.

بەڵام ئێران بڕیاری هەنگاونان بەرەو دروستکردنی چەکی ناوەکیی لە ٢٠٢٠ نەداوە و هیچ نیشانەیەک نابینرێ کە ئەوان بیانهەوێ کارێکی ئەوتۆ بکەن.

لە ڕاستیدا، لە مانگی مای بەولاوە یا ڕەنگبی مانگی مارس، ئێران گەشە پێدانی بەرەو چەکی ناوەکیی وەستاندووە. ئەو لە

٢٠٢٠ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و هەر وەها لە لایەن ئیسرائیلەوە چاوترسێن کراوە و جگە لەوە ڤایرۆسی پەتای کۆرۆناش کاریگەریی هەبووە.

ساڵی ٢٠٢٠ لە مانگی ژانوییە بە کوشتنی فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەستی پێکرد. سەرچاوەکانی نزیک لە سەرۆکی موساد، یوسی کۆهەن، پێشدا بە گۆڤاری ئورشەلیم پۆستیان گوتووە کە جێگرەوەی سولەیمانی، ژەنراڵ ئیسماعیل قائانی، وەک ئەستێرەیەک یا هەرەشەیەکی مەزن لە ئاستی فەرماندەی پێش خۆی سەیر ناکرێ. قائانی دەیان ساڵ وەک پاشکۆ و کەسێکی پشتیوانی سولەیمانی بووە بەڵام کەمتر شارەزایی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، سەرۆکی لێکۆڵینەوەی سیخوڕیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسرائیل، درور شالۆم، کە قەرارە دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە، بۆ یەهودی ئاخرۆنۆتی پشتڕاست کردەوە کە تەنانەت ١٠ مانگ دوای کوژرانی سولەیمانی، قائانی نەیتوانیوە وەک ناوبراو ببێتە مەترسی.

لەوە زیاتر، ئەگەرچی ئیسرائیل بە توندی کەوتە بەر هێرشی کۆرۆنا، بەڵام ئێران و بەرنامە ناوەکییەوەی خراپتر تووش بوون.

ڕۆژی یەکشەممە، ئێران پشتڕاستی کردەوە کە سەرۆکی ڕێکخراوی ناوەکییەکەی تووشی کۆرۆنا بووە، و تا ئێستا پتر لە نیو میلیۆن کەس لە هاووڵاتییانی گیرۆدە بوون و دەیان هەزار کەسیش بەو پەتایە مردوون، و وێدەچێ ئەو ژمارانە کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینە بن.

هەر لە مانگی مارس، سەرچاوەکانی هەواڵگریی ئیسرائیل بە ئورشەلیم پۆستیان گوت کە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێران ناتوانێ خێرایی پێشووی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و چالاکیەکانی دیکەی پێوەندیدار بە پرۆگرامی ناوەکییەکەی بپارێزێ.

سەرچاوەکان گوتیان ئێران یەکیک لەو وڵاتانەیە کە بە توندترین شێوە کەوتۆتە بەر شاڵاوی ڤەیرانی کۆرۆنا، و هیچ شوێنێکی وڵات یا بەڕێوەبەرایەتییەکەی، لە نێویاندا پسپۆڕانی ناوەکیی ئێران، لەو پەتایە پارێزراو نەبوون.

بەشی: دووهەم

لەبیرمانە تا کاتی کۆرۆنا لە مانگی مارس، لە هەموو ماوەی کەمپەینی ئابلۆقەکانی "ئەوپەڕی زەخت"، ئەگەرچی جێ پێی ئێران لە لوبنان و حیزبوڵڵا لەرزۆکتر ببوو، بەرهەمە ناوەکییەکەی و پێشێلکارییەکانی بە کردەوە زیاتر ببوون.

بە پێچەوانە، کۆرۆنا مەسەلەیەکە کە گوێ ناداتە هەوڵەکان بۆ سنووردار کردنی ئاسەوارەکانی. لە هەموو شوێنێک کە مرۆڤی لێن، و زانستکارانی ناوەکیی هێشتا شاکیلەی گەشە پێدانی پرۆگرامی ناوەکیین، دەشێ گیرۆدەی ئەو پەتایە بن و پرۆگرامەکە خێراییەکەی کەم بێتەوە.

بەڵام تەنانەت دوای مانگی مای ٢٠٢٠، کۆماری ئیسلامیی درێژەی بە پەرەپێدانی کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی پێشکەوتوو دەدا، کە هەمیشە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوون و لەوانە بوو ئیزن بدەنە ئایەتوڵڵاکان کە قەڵەمبازێک بەرەو تێپەڕ بوون لە چوارچێوەی کاتیی چاوەڕوانکراو بۆ پیتاندنی ئورانیۆم بهاوێن.

ئەوسا هاوینی ٢٠٢٠ی کارەساتبار و ئابڕووبەرانەی ئێران، کاتێک کە دەرزەنێک تەقینەوە لە بنکەکانی ئێران، کە وێدەچێ چەند دانە لەوان پێوەندییان بە بەرنامەی ناوەکییەوە هەبێ، گەیشتە جێ. لە ٢ی مانگی جولای، تەقینەوەی نەتەنز پرۆگرامی پێشکەوتووی تاران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی دوو ساڵ وەپاش خست، کە لە لایەن سەرچاوەکانی فەرمیی و ناحکوومیی پشتڕاست کرایەوە.

ئەوە کەرەستەیەکی بەرچاوی ئێرانی بۆ کورتکردنەوەی ماوە بۆ هەنگاونان بەرەو چەکی ناوەکیی، لە چنگ ئەو وڵاتە دەرهێنا.

بێگومان، مووشەکە زەبەلاحەکەی کۆرەی باکوور جێگای نیگەرانییە.

هەوالگریی ئیسڕائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بۆ پێشگرتن بە نزیکتر بوونەوەی ئێران لە چەکی ناوەکیی، چ بە توانایی خۆی یا بە یارمەتی کۆرەی باکوور، یا تەنانەت ئەکتەری تاوانکاری پاکستانی، لە هەموو کات زیاتر لەسەر هەست بن.

بەڵام لە ٢٠٢٠ هەم کۆرەی باکوور و هەم ئێران لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان شکستیان هێناوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

ئەوان هەر دوو وەک، ئەگەر نەڵێین بەبری کاغەزی، وڵاتانێک دەرکەوتن کە زۆرتر نیگەرانی چۆنیەتی کاردانەوەی بەرهەڵستکارەکانیان بەرانبەر قووڵتر بوونەوەی دوژمنایەتیەکان بوون تا وڵاتانێک کە لە ڕێگاکانی قووڵتر کردنەوە دوژمنایەتیەکان بگەڕێن.

هیچ وێنەیەکی ڕیز کردنی مووشەکان ناتوانێ ئەو ڕاستییە بشارێتەوە.

(لە ژمارەی ٧٨٤ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

## بابەتی ساڵی .......... ٢٠٢١

---

# ڕوانگەی تاران: ڕێبازی میلیشیایی ئێران

**ئەنستیتۆی تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانیی - سەعید گۆلکار، کەسرا ئەعرابی**

**بەشی: یەکەم**

(ئەو وتـارە بەشـێکە لە ڕاپـۆرتێکی ٦٢ لاپەڕیـی لەبـارەی سیاسـەتی دەرەوەی ئێـران، دەوری ئـایـدۆلۆژیی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە و دروستکردنی تـاقمی میلیشیا بۆ برەودان بەو ئایدۆلۆژییە. وەرگێڕ)

لە ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠، چەنـد ڕۆژ پـێش کۆتـایی‌هـاتنی ئـابلۆقە ١٣ سـاڵەکەی چەکوچۆڵ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـانەوە دژی ئێـران، فەرمانـدەیەکی پلەبەرزی سـوپای پاسـدارانی شۆڕشـی ئیسـلامی لە لێـدوانێکی خۆهەڵکێشـانەدا باسـی ڕایەڵەی میلیشیـاکانی وەفـاداری خۆیـانی کـرد. موحەممەدڕەزا نەقـدی ڕایگەیانـد کە، " ئەو هێـزەی ئـێمە ڕێکمـان خسـتووە [کە لە سەرانسەری جیهان بە ئەندام گرتوونی] زۆر لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەر هێزێکی سەربازی ترسناکترە چونکە... ئەو خەڵکە بڵاوەی پێکراوە و نەناسراوە". ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە، کاتێک ئەو هێزە نەناسراوانە هێرش دەکەن، "دوژمن نـازانێ کێ هێرشی کـردۆتە سـەریان". قسـەکانی نەقـدی ئەوە پشتڕاست دەکـاتەوە کە مەزنتـرین سـامانی کۆمـاری ئیسـلامیی دژی وڵاتـانی نـاوچە و خۆرئـاوا و هەروەها ماکەی گیروگرفتی بەناو بەکرێگیراوانی ئێران ئەوەیە: ئەگەری حاشاکردن.

نەقدی سەرۆکی ڕایەڵەی شەڕکەرە ڕاهێنراوەکانی ئێران بـوو کە سوپای پاسـدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، سـوپای ئـایـدولۆژیکی ڕێژیمی مەلایان، ماوەی چوار دەیەیە بۆ برەودان بە ئـامانجە ستراتیژیک و ئـایـدۆلۆژیکییەکانی کۆمـاری ئیسـلامی کەڵکی لێ وەرگرتوون. ئەو ئـامانجانە لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراون: هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشـتگیری لە جووڵانەوە ئیسـلامی و دژە ئەمریکاییەکان و لەنێوبردنی ئیسـڕائیل. بـۆ وەدیهێنـانی ئەو ئـامانجـانە، دەوری سـوپـای پاسداران بـۆ پەروەردەکردنـی

توندئاژۆیی لە بەرهەمهێنانی میلیشیای هاوتەریب لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکەی، وەک حیزبوڵلا لە لوبنان، تا پشتیوانی لە تاقمی جەماوەریی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش یان تاکتیکی، لە حەماس ڕا بگرە تا تالیبان دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای پەرەگرتنی هەڕەشەی پشتگیریی ئێران لە تاقمی چەکداری بەرهەڵستکار، دەوڵەتان و داڕێژەرانی سیاسەت نەیانتوانیوە بڕیار بدەن کە ئاخۆ ئەو ئەکتەرە ناحوکومییانە تا چ ڕادەیەک گوێڕایەڵی تارانن و سوپای پاسداران چەندە کۆنترۆڵی بەسەر ئاکارەکانیانەوە هەیە. ئەو بۆشایی زانیارییە ئاسەواری سیاسیی گەلێک بەرچاوی لێ کەوتوونەوە، کە ئێزنیان داوە بە ڕێبەرانی ئێران تا لەو میلیشیایانە بۆ بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی ناوچە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی خۆرئاواییان کەلک وەرگرن و بتوانن خۆ لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی ببوێرن و لەو ڕێگایەوە پێش بە بەرپەرچدانەوەی نێونەتەوەیی بگرن.

نارووننییەکانی ئاشکرا لە پێوەندیی لەگەڵ مەودای دەستڕۆیشتوویی دەرەکیی ئێران هەر جۆرە هەڵسەنگاندنی مەترسیی لە ئەگەری کێشە لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی گەلێک ئاڵۆز کردووە. هەڵسەنگاندنی دەستڕۆیشتوویی جوگرافیای بەناو بەکرێگیراوانی ئێران گەلێک دراماتیکە و لە هەموو دۆخێکدا یان زێدەڕۆیی تێدا کراوە یان زۆر بە کەم گیراوە.

کاتێک خۆرئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی میلیشاکانی سەر بە ئێرانیان داوە، ئەوان لە پێش هەموو شتێکدا لە سۆنگەی ئابلۆقە ئابوورییەکانی دژی تاران ئەو کارەیان کردووە، بەو گریمانەیە کە نەبوونی پارە بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە لە کۆتاییدا پێش بە پشتگیری لە تاقمە میلیشیاکان دەگرێ. بەڵام لە کاتێکدا کە گەمارۆ ئابوورییەکان ئابووریی تەریککەوتووی ئێرانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کردووە، ئەوان نەبوونە هۆی گۆڕینی پێشترییەتیدانەکانی ڕێژیم. ژمارەی میلیشیاکانی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران زیادیان کردووە و هێرشەکانیان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان درێژەی هەبووە.

گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە هەڵوێستی یەک شێوە گەمارۆ بۆ گشت کێشەیەک ئەو ڕاستییە پاشگوێ دەخا کە لە کاتێکدا کە پێوەندیی نێوان ڕێژیمی ئێران و بەشێک لەو تاقمانەی کاریان لەگەڵدا دەکا لەسەر سوودی کەلوپەل و بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزراوە، هێندێک تاقمی دیکە پێوەندییەکی گەلێک قووڵتریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژی، کولتوور و ڕوانگەی جیهانیی هاوبەش. تاقمەکانی دەستەی دواتر نەتەنیا لەلایەن سوپاوە دامەزراون، بەڵکو لێکدانەوەی بەرتەسکی تاران لەمەڕ چەمکی ویلایەتی فەقێی ئیسلامی شیعەیان، پرەنسیپێک کە لەویدا ڕێبەری گەورەی

ئێران ڕێبەری سەرجەم شیعەکانی جیهانە، قەبووڵ کردووە. لە ئاستی جیاجیادا، ئەو تاقمانە ڕێبەرایەتیە ئایدۆلۆژیکیی ڕێبەری گەورە و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییان قەبووڵ کردووە.

تێگەیشتن لە ڕیشەی پێوەندیی نێوان ئێران و ڕایەڵەی میلیشیاکانی، و سروشتی هەنووکەیی ئەو پێوەندییە، دەتوانێ تیشک بخاتە سەر کەمایەسییەکانی ئەو هەڵوێستە کە تەنیا پشتی بە گەمارۆی ئابووری بەستووە. خورئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان، پێویستیان بە هەوڵی مەزنتر و هاوئاهەنگتر بۆ ئاشکرا کردن و پچڕاندنی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەو میلیشیایانە هەیە کە هۆی پێوەندییەکانیان لە بەرژەوەندیی کەلوپەل تێپەڕ دەبن.

کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران، کە بەرپرسی ڕایەڵەی میلیشیاکانی تارانە، لە جانیوەری ٢٠٢٠ نەبووە هۆی کەمبوونەوەی توندئاژۆیی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران. زیاتر لە دوو دەیە، سولەیمانی وەک داڕێژەری مەیدانیی لە پشت خولیای ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بۆ بە میلیشیایی کردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئافراندنی دەوڵەتێکی پان شیعە بە ڕێبەرایەتی خۆی وەک ڕێبەری گەورەی سەرجەم موسڵمانانی شیعە بوو. بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو توندئاژۆیی شیعەی لە سەرانسەری ناوچە و ئەولاتر، بە دروستکردن و پشتیوانیکردنی میلیشیای غەیرە حوکومیی، پەرە پێ دا.

دوای کوژرانی سولەیمانی، ئەو چاودێرانەی گوتیانە کە کۆماری ئیسلامیی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو لاواز بوون و لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە پاشەکشەدان، پەرە ئەستاندنی پێشووی ڕایەڵەی میلیشیاکانی ئێرانیان تەنیا بە هی سولەیمانی دەزانی. بەڵام لە کاتێکدا کە ڕێبەریی سولەیمانی دەورێکی سەرەکیی لە ڕۆچوونی هێزی قودس لە قووڵایی گۆڕەپان، لە ئەفغانستان و عێراق تا سووریە و یەمەن هەبوو، ئەوە ڕێبازی میلیشیایی هەردەم لە گەشەی ئێرانە کە ڕێنوێنیکەری چالاکییەکانی ئەو هێزەیە، و درێژە بەو چالاکییانە دەدا. بە بێ لەبەر چاوگرتنی مردنی سولەیمانی و ئەو گورزە ستراتێژیکییەی لە تاران درا، بەڕێوەبردنی ئەو ڕێبازە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرەکیی ئێران لە دەرەوەی سنوورەکانی دەمێنێتەوە. هیچ نیشانەیەک بۆ گۆڕانی سەرنجی ڕێژیم، سەرەڕای گوشارەکانی ناوخۆیی بەدی ناکرێ.

## لێککردنەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێران

سیاسەتێکی کاریگەر بۆ سنووردارکردنی هەڕەشەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، بە لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران یان بە بچووکتر کردنەوەی سامانەکانی ژێردەستی سوپای پاسداران، پێویستە دوو فاکتەران لەبەر چاو بگرێ. یەکەمیان پلەی خاوەن مافی

تایبەتی سوپای پاسداران و هێزی قودس لە سیاسەتی دەرەوە و دامودەزگا ئەمنییەتییەکان و ڕێژەی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ کە لە ناوەندە دەسەڵاتەکانی نەرم و ڕەقی تاران بۆ وەدیهێنانی ڕێبازی میلیشیایی ئێران پێیان دەدرێ. دووهەم فاکتەر لە پێوەندیی نێوان سوپای پاسداران و خودی میلیشیاکان و سروشتی دەسەڵاتی ئەو پێوەندییە بەسەر ئاکارەکانیاندا.

بۆ لەبەر چاو گرتنی ئەو دوو فاکتەرە، ئەنستیتۆی تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانی بەرنامەیەکی بۆ کارکردن لەسەر سوپای پاسداران و میلیشیا شیعەکان بە ئێوی ئەندامگیریی، ڕادیکاڵ کردن و بەکارهێنان دەست پێ کرد: سوپای پاسداران و بە حیزبوڵلاکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو بەرنامەیە ئاشکرای دەکا کە چۆن سوپا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە چەند شوێن پەرە پێ داوە و چۆن پێشترییەتی بە میلیشیا جیاوازەکان دەدا و پشتیوانییان دەکا. بە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوەی ڕەسەنی سەرەتایی، ئەو پرۆگرامە سروشتی پەیوەندییەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ ژمارەیەک لەو میلیشیایانە ئاشکرا دەکا کە سوپا پشتیوانییان لێ دەکا. بە شێوەیەکی تاقانە، ئەو بەرنامە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە لێنزی سوپای پاسدارانەوە شەنوکەو دەکا تا لە ئامانجەکانی ئێران لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نزیک تێبگا.

ئەوە یەکەم ڕاپۆرت لە ئاڵقەیەکی لێکدانەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێرانە، بناغەی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی کە بەو ڕێبازەوە تاران ویستوویەتی دەستڕۆیشتوویی، نفووز و توانایییە سەربازییەکانی خۆی پەرە پێ بدا. ڕێبازەکە لە پرۆسەی تاقیکاریی و هەڵە لە ١٩٧٩ بەولاوە گەشەی کردووە و بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی جوگرافیای سیاسی و ئەزموونەکانی فەرماندەی سەربازیی جۆراجۆر داڕێژراوە. ڕێبازی میلیشیایی کورتکراوەی هۆگریی درێژمەودای تاران بۆ بە میلیشیاییکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ئامرازێک بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکانی سیاسەتی دەرەوەیە. ڕێبازەکە ژێرخانەکانی سیاسی، ستراتیژیکی، تاکتیکی و بەڕێوەبردن دەگرێتە خۆ کە سوپای پاسداران بۆ پەرە پێدانی دەستڕۆیشتوویی ئێران، پشتگیریی لە توندئاژۆیی و برەودان بە پرسە شۆڕشگێڕانەکەی لە ڕێگای ڕایەڵەی میلیشیا، خانەی پێکهاتوو لە توندئاژۆیان و سیخوڕان، گەشەی پێداون.

تێگەیشتن لە ژێریی ئەو ڕێبازە توانایی ئەوتۆ دەدا بە لێکۆڵەران و داڕێژەرانی سیاسی تا ئاراستەی ڕووداوەکان دەستنیشان بکەن و شێوەی بەڕێوەبەریی کارەکان بدۆزنەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا، ڕێبازەکە ئەرکێکە کە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە و توانیویەتی چوار دەیە بەردەوام بێ و چەند قەیران، ڕووداوی سیاسی و کێشە تێپەڕ بکا.

ڕێبازی میلیشیایی بە دەسەڵاتی ڕەقی ئەکتەرەکانەوە سنووردار نەکراوە، بەڵکوو کەلک لە ڕێکخراوەکانی خاوەن دەسەڵاتی نەرم و چالاکییەکانی تارانیش لە پەنا شەڕاشۆیی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ڕێژیم وەردەگرێ. ئەوە هاوکاریی



سەرچاوە
Serchawe

نێونەتەوەیی لەگەڵ، یان بە ئامراز کردنی، ئاژانسە پەروەردەیی، کولتووری، مرۆڤدۆستانە و سیاسییەکانی تاران دەگرێتەوە کە دەوری سەرەکی لە یارمەتیدان، بە ئەندامگرتن و توندئاژۆ کردنی میلیشیاکان و پشتیوانیکردن لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان دەگێڕن.

ئەو ڕێبازە تارانی گەیاندۆتە ئاستێک کە کەلک لە بۆشاییەکانی دەسەڵات و کێشە وەرگرێ و ڕایەڵەیەکی لەو شوێنانە دروست کردووە کە ئێران بەبێ ئەوان نەیدەتوانی لەوێ بوونی هەبێ. ئەوەی هەستیارە ئەوەیە کە تێکەڵکردنی ڕێبازی میلیشیایی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی، توانایی ئەوەی بەو ڕێژیمە داوە کە کەڵک لە تاقمە میلیشیاکانی دەستەمۆی خۆی وەرگرێ تا هاوکات خولیا ئایدۆلۆژییەکانی برەو پێ بدا و دۆخی ترسێنەریی خۆی بەهێز بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## ڕوانگەی تاران، ڕێبازی میلیشیایی ئێران (ئاکامە گرینگەکان)

**بەشی: دووهەم**

دۆکترینی میلیشیایی ڕێنیشاندەری بەکارهێنانی تاقمی چەکدارە و وەها دارێژراوە کە دوای کۆماری ئیسلامییش هەر بمێنێ. کۆماری ئیسلامیی لەسەر ئایدۆلۆژییەکی مەزنیخوازانە دامەزراوە کە هەوڵ دەدا دەوڵەتێکی پان-شیعی دامەزرێنێ کە لەسەر دەسەڵاتی ڕێبەری گەورەی ئێران بنیات نراوە. بە هۆی دۆکترینی میلیشیایی، ڕێژیمی مەلایان ئەرکدارییەکی لەمێژینەی بۆ کەڵکوەرگرتن لە توندوتیژیی بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی هەیە کە ڕیشەیان لە چەمکی ئیسلامی شیعە، بەناو ئیمام و ئوممەی شیعەدا هەیە. دۆکترینەکە لە لایەن پرەنسیپی ویلایەتی فەقێ پشتگیریی دەکرێ، کە لە لایەن خوداوە نوێنەرایەتیی بە ڕێبەری گەورە دراوە تا دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر ئوممەدا (کۆمەڵگەی موسڵمانانی دنیا) هەبێ، و دەسەڵاتەکەی لە سنوورەکانی ئێران تێدەپەڕێ. ئەو ڕایەڵە و ژێرخانەی سوپای پاسداران بۆ وەدیهێنانی ئەو دۆکترینە دروستی کردوون بە شێوەیەکە کە دوای کۆماری ئیسلامییش هەر دەمێنن. ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر ڕێژیمی مەلایان بڕووخێ، سوپای پاسداران دەتوانێ درێژە بە گەشەپێدانی ئەو دۆکترینە بدا، تەنانەت ئەگەر بە شێوەی شۆڕش و سەرهەڵدانیش بێ.

سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، بە تایبەت هێزی قودسەکەی، جێبەجێکاری سەرەکیی دۆکترینی میلیشیاییە سوپای پاسداران و لقی دەرەکیی ئەو (هێزی قودس) بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی دروست کران تا شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە بسەپێنن. وەک پسپۆڕێکی شەڕی شۆڕشوانانە، سوپای پاسداران کەلک لە توندئاژۆکردن و مێشکشۆردنەوە بۆ پشتگیریی لە ڕایەڵەیەکی خانەی چەکداری و میلیشیایی لە سەرانسەری ناوچە وەر دەگرێ. سوپای پاسداران پشتیوانیی تەواوی لە لایەن دامودەزگای دیپلۆماسیی دەوڵەتی ئێرانی لە پشتە.

دۆکترینی میلیشیایی و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی بە تەواوی لە لایەن دامەزراوەکانی دەسەڵاتی نەرمی ئێران و دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پشتگیری دەکرێن.

ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی نەرمی تاران، دامودەزگاکانی فێرکردن و پەروەردە، کولتووری، مرۆڤایەتی و دیپلۆماتیک، دەوری گەلێک هەستیار لە پشتیوانی لە بە ئەندامگرتن و توندئاژۆکردنی میلیشیاکان، بۆ پەرەپێدان بە دەستڕۆیشتوویی سوپای

پاسداران دەگێڕن. ناوەندە کولتووری، فێرکردن و پەروەردە و ئایینییەکانی تاران گەلێک گرینگن هەم بۆ پاراستنی حزوور لە دەرەوەی وڵات و هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پەسەندکراو. ئەو پەیامانە کۆبەرهەمێک لە پرۆپاگەندای بەردەست پێکدێنن کە هەم لایەنگری ڕێژیمە و دژی ئەمریکا، دژی ئیسرائیل یان هەردووکیانن. هێزی قودس ئەندامی خۆی لەو ڕێکخراوانە خزاندوون کە بۆ ئۆپەراسیۆنی نهێنی و گواستنەوەی چەکوچۆڵ و مووچەخۆرانی کەلکیان لێ وەردەگرێ.

## ڕایەڵەی میلیشیایی ئێران یەکەیەکی هاوچەشن نییە و تەنیا هێندێک لە تاقمەکان بریکارن

میلیشیاکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئێرانەوە تێکەڵاوێکن لە میلیشیای جەماوەریی سەربەخۆ و تاقمی دروستکراو لە لایەن سوپای پاسدارانەوە. ئامانجەکانیان و ئەو شتانەی ئەوان پێشترییەتی پێ دەدەن گەلێک جیاوازن و وەفادارییان بەرانبەر بە ڕێژیم، بەگوێرەی ڕیشە، ڕێبەری و هۆگرییان بۆ ویلایەتی فەقێ، دەتوانێ ئاڵۆز بێ. فرەلایەنیی لایەنگریی ئایدیۆلۆژیکی لە نێوان تاقمە جەماوەرییە سەربەخۆکان و ئەوانی هێزی قودس دروستی کردوون کە کاریگەریی بەهێزی لەسەر وەفاداریی و هەڵسوکەوت و دەسەڵاتی سوپای پاسداران و ئەو میلیشیایانە هەیە کە پشتگیرییان دەکا. سوپای پاسداران پێشترییەتی بەو تاقمانە دەدا کە سوێندی وەفادارییان بۆ ویلایەتی فەقێ و ڕێبەری گەورەی ئێران وەک سەرووترین دەسەڵاتی موسڵمانانی شیعە خواردووە.

تاقمەکانی دروستکراو لە لایەن سوپای پاسداران ئەو لایەنانەی نێو میلیشیاکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئێرانن کە خێراترین گەشەیان هەیە و گەورەترین هەڕەشەن بۆ سەر سەقامگیریی ناوچە ئەو میلیشیایانە کە باوەشیان بۆ ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی شیعەی دیاریکراوی دەوڵەتی ئێران وەک هۆی مانەوە کردۆتەوە، ڕێبەرایەتییەکانیان پەسەند کراون و دەوری ئامرازیی خۆیان بۆ وەڵامدانەوەی سەربازیی ئێران لە، بۆ وێنە سوریە، سەلماندووە. حیزبوڵڵای لوبنان نموونەی بەنرخی ئەو تاقمانەیە کە سوپای پاسداران دروستی کردوون و لە ترسناکترین بریکارەکانی ئێرانە.

حیزبوڵڵای لوبنان بە تەواوی بە خولیای پان شیعیی کۆماری ئیسلامیی و دەسەڵاتی ڕەهای خامنەیی بە سەر شیعەکانی دنیا وەفادارە و دژبەری بەردەوامی ئیسرائیل، خۆرئاوا و هاوپەیمانە خەلیجییەکانیانە. ئەو تاقمە دروستکراوانە بەنرخترین سامانی میلیشیاییەکانی سوپای پاسدارانن و بریکاری ئێرانن.

هێزی قودسی سوپای پاسداران پەیتا پەیتا لەو شوێنانە کە لە ڕوانگەی تاکتیکییەوە بە پێویستی زانیوە، پشتیوانی لە تاقمی وەک تالیبان و ئەلقاعیدە کردووە، ئەگەرچی جیهانبینییەکی ناکۆکی لەگەڵیان هەیە

بەشی: دووهەم

پشتیوانی لەو تاقمانە کۆڵەکەیەکی دۆکترینی میلیشیایی ئێرانە و گواستنەوەی چەکوچۆڵ، ڕاهێنان و پشتگیریی لۆجیستیکی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکتیکی دەگرێتەوە. ئەو تاقمانە بریکاری ئێران نین و سوپای پاسداران دەسەڵاتی بەسەر بڕیارەکانیانەوە نییە. لەگەڵ پەرەگرتنی ناکۆکیی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران لە ٢٠٠٣، هێزی قودس بە هۆی ئامانجی هاوبەشی پاشەکشە کردن بە هێزەکانی هاوپەیمانی وڵاتە یەکگرتووەکان، پشتیوانی لە تاقمە میلیشیاییەکانی عێراقی و ئەفغانستانی کرد، لە ناویاندا ئەوانەی کە لەگەڵ ئەلقاعیدە و تالیبان هاوهەڵوێست بوون. لە کاتێکدا کە پشتیوانی لەو تاقمانە لەنێو هێزی قودسدا پێشوازییەکی کەمی لێ دەکرێ، سوپای پاسداران بژاردەی کار کردن لەگەڵ ئەو جووڵانەوانەی کە وەک دوژمن بۆ گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکانی سەیر دەکا، پاراستەوە و درێژەی پێ دەدا.

ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ و سووککرانی گەمارۆکانی سەر ئێران پێشی بە توندئاژۆیی پشتگیریکراو لە لایەن ئێران نەگرت، میانڕەوی نەکردن یان نەبووە هۆی وەلانانی دۆکترینی میلیشیایی

گریمانەی کەمبوونەوەی ئەرکداریی ئێران بۆ دروستکردن و پشتیوانی لە میلیشیاکان، بە هۆی نەرمتر بوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران دوای ڕێککەوتنی ناوکیی ٢٠١٥ و سووکتربوونی گەمارۆکان لەسەر تاران، هەڵە بوو. ژمارەی ئەو میلیشیایانەی کە سوپای پاسداران دوای ئەو دەورەیە قوتی کردنەوە و حزوری سوپا لەدەرەوە، بە پەرە ئەستاندنی هێزی قودس و ئۆپەراسیۆنەکانی لە عێراق و یەمەن، گەیشتە لوتکە. بە هەڵە لێکدانەوەیەکی باو لە بارەی کەلکوەرگرتنی ئێران لە میلیشیایان وەک بەشێک لە ستراتێژیی چاوترسێن کردن ئەو ڕاستییە پاشگوێ دەخا کە دۆکترینی میلیشیایی ڕێژیم زۆر پێش گەمارۆکانی ناوەتەوەیی و بەرز بوونەوەی گرژییەکان لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل و ئێران هەبوو.

## میلیشیا فەرمییەکانی کە ڕایەڵەی میلیشیا و بریکارەکانی ئێران پێک دێنن تەنیا بەشێکی بچووکی هەڕەشەکەن

سەرچاوەی مانەوەی ڕایەڵەی میلیشیایان لە ڕێکخراوەکانی دەسەڵاتی نەرم پێکهاتووە کە مانەوەی درێژمەودای بیرۆکەکان و جیهانبینییەک کە پشتگیریی لە دۆکترینی میلیشیا و ویلایەتی فەقێ دەکا دەپارێزن. ڕایەڵەی دەسەڵاتی نەرمی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی تواناییەکانیان لە ماوەی دەیان ساڵ پەرە پێداوە. هەڕەشەی ئەوان ئێستا لە هی خودی ڕێژیم زیاترە.
بێ تێگەیشتن لە بناخەکانی دۆکترینی میلیشیایی تاران، مەترسیی ئەوە هەیە کە یەکەی بریکارەکانی ئێران و میلیشیا شیعەکان وەک بلۆکێکی یەک فۆرم سەیر بکرێ و هەروەها لە تێ نەگەیشتن لە فرەلایەنیی وەفادارییەکان و هەڵسوکەوتی

نێوان ڕێژیم و رایەڵەی میلیشیاکانی. ئاکامەکەی ئەوە بووە کە دەستەواژەی 'بریکار' و 'میلیشیای شیعە' بە نۆبە کەلکیان لێ وەرگیراوە و سیاسەتەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانیان و چالاکییە تێکدەرەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر ئیفلیج کردووە.

ئەو ڕاپۆرتە مۆدێلێک پێشکەش دەکا تا سامانە میلیشیاییەکانی ئێران بە گوێرەی وەفاداری ئایدیۆلۆژیکی لەگەڵ ڕێژیم و تایبەتمەندییەکانی دروستبوونیان لێک جیا بکرێنەوە. ئەو مۆدێلە کەمایەسییەکانی دۆکترینی میلیشیایی ئاشکرا دەکا و، ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە، بە ناو تەوەری خۆڕاگریی دێنێتە بەر ڕووناکایی. بە لێک جیاکردنەوەی ئەو تاقمانە کە بەتەواوی گوێڕایەڵی جیهانبینی ئیسلامی شیعەی ئێرانن، دانەرانی سیاسەت دەتوانن باشتر لە پانتایی دەسەڵاتی سوپای پاسداران لەسەر تاقمە جیاوازەکان تێبگەن. ئەوە ڕێگا بە دەوڵەتان دەدا تا بزانن لەکوێ هەڵوێستی دژی تێرۆریزم، دژی توندئاژۆیی و دژی توندوتیژیی لەگەڵ گەمارۆی ئاسایی بۆ بەرپەرچدانەوەی توندوتیژیی شیعە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێویستە.

بۆ لێکهەڵوەشاندنی هەڕەشەی توندوتیژیی شیعە لە ناوچە، هەوڵێکی تەواو بە مێشک و بە دڵ دژی توندوتیژیی پێویستە. ئەوە دەخوازێ، لەگەڵ هەنگاوی دیکە، بەرەیەک لە هاوپەیمانان پێویستە کە لە ئاڵۆزیی هەڵسوکەوتەکانی ناوچە کە ڕێژیمی ئێران بە هۆی ئەوانەوە توانیویەتی وەفاداریی ناوچەیی وەدەست بێنێ، تێبگەن. ئەوە هەر وەها بەو مانایەیە کە هەڵمەتی بەردەوام بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانیی جەماوەریی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئێران لەگەڵ هەولێ هاوئاهەنگ بۆ لێک هەڵوەشاندنی ئەو دامەزراوانە کە ڕێژێم بە هۆی ئەوانەوە لە نێو کۆمەڵگەکاندا ڕۆژانە تەشەنە دەکا، پێویستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

(بەشی یەکەم)

**یوڤال نوح هەراری**

چۆن دەتوانین ساڵی کۆرۆنا لە ڕوانگەیەکی بەرینی مێژووییەوە کورت بکەینەوە؟ زۆر کەس پێیانوایە ئەو ڕێژە ترسناکە قوربانییانەی کۆرۆنا ئەستاندوونی بێدەسەڵاتیی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر سروشت ئاشکرا دەکەن. لە ڕاستیدا، ٢٠٢٠ ئاشکرای کرد کە مرۆڤایەتی گەلێک لە بێدەسەڵاتی دوورە. پەتاکان چیدیکە هێزی کۆنترۆڵنەکراوی سروشت نین. زانست ئەوانی کردووەتە ئالنگارییەک کە دەکرێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ.

**کە وابوو، بۆچی ئەو هەموو مەرگ و ئازار چێشتنە؟ لەبەر بڕیاری سیاسیی هەڵە.**

لە سەردەمانی پێشوو، کاتێک مرۆڤ بەرەوڕووی پەتای وەک تاعوونە ڕەشە بوونەوە، نەیاندەزانی هۆیەکەی چییە و چۆن پێشی پێ دەگیرێ. کاتێک لە ١٩١٨ هەڵامەت بڵاو بۆوە، باشترین زانانی دنیا نەیاندەتوانی ڤایرۆسەکە دەستنیشان بکەن، بەشێکی زۆر لە ڕێگاچارەکانی ڕەچاو کراو بێکەڵک بوون و، هەوڵەکان بۆ دروستکردنی پێکوتەیەکی کاریگەر بێئاکام بوون.

شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆڤید - ١٩ گەلێک جیاواز بوو. یەکەم زەنگەکانی هۆشداریی ئەگەری بڵاو بوونەوەی پەتایەکی نوێ، لە کۆتاییەکانی دێسامبری ٢٠١٩ وەدەنگهاتن. لە ١٠ی ژانوییەی ٢٠٢٠، زانایان نە تەنیا ڤایرۆسەکەیان دەستنیشان کرد، بەڵکو وەردەکاریی دی ئێن ئەیەکەیان دیتبۆوە و زانیارییەکەیان لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کردەوە. دوای چەند مانگی دیکە ئاشکرا بوو کە کام هەنگاوانە دەبنە هۆی هێواش کردنەوە و لێکهەڵتەکاندنی زنجیرەی هەوکردنەکان. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێک چەند پێکوتەی کاریگەر بەشێوەی بەربڵاو بەرهەم هێنران. لە شەڕی نێوان مرۆڤ و ڤایرۆسی نەخۆشکار، هەرگیز مرۆڤەکان هێندە خاوەن هێز نەبوون.



سەرچاوە Serchawe

## ژیان بۆ سەرهێڵ گوازرایەوە

هاوکات لەگەڵ دەسکەوتە تاقانەکانی بایۆتەکنەلۆژی، ساڵی کۆڤید بە هەمان شێوە جەختی لەسەر هێزی تەکنەلۆژی زانیاریش کردەوە. لە سەردەمانی پێشووتر مرۆڤایەتی بە دەگمەن توانای وەستاندنی پەتای هەبووە، چونکە مرۆڤەکان نەیاندەتوانی چاودێریی زنجیرەی هەوکردنەکان لە کاتی ڕوودانیاندا بکەن و، لەبەر تێچووی ئابووریی داخستنی بەردەوام یاساغ بوو. لە ١٩١٨ دەکرا ئەو خەڵکە کەرەنتینە بکەی کە تووشی هەلامەتە مەترسیدارەکە بوون، بەڵام نەتدەوانی جموجۆڵی کەسانی تووشبوو، پێش دەرکەوتنی ئاسەوارەکان یان بێئاسەوارەکان، بخەیە ژێر چاودێرییەوە. ئەگەر داوات لە سەرجەم دانیشتووان کردبا بۆ ماوەی چەند حەوتوو لەماڵەکانیاندا بمێننەوە، دەبووە هۆی تێکرمانی ئابووری، لێکهەڵتەکانی کۆمەڵایەتی و برسیەتیی جەماوەری.

بە پێچەوانە، لە ٢٠٢٠ چاودێریی دیجیتاڵی، دەستنیشانکردن و چاودێریکردنی سەرچاوەکانی نەخۆشی زۆر هاسانتر کردووە، بەو مانایە کە کەرەنتینەکردن دەکرێ بژارکراوتر و کاریگەرتر بێ. شتێک کە تەنانەت گرینگتریشە ئەوەیە کە ئۆتومات کردن و ئینتەرنێت هەلی داخستنی بەربڵاو، لانیکەم لە وڵاتانی گەشە کردووی ڕەخساند. لە کاتێکدا کە لە هێندێک وڵاتی گەشەئەستێن ئەزموونی مرۆڤ هێشتا بیرهێنەرەوەی پەتاکانی سەردەمانی ڕابردوو بوو، لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی گەشەکردوو، شۆڕشی دیجیتاڵی هەموو شتێکی گۆڕی.

بڕوانە کەرتی کشتوکاڵ. هەزاران ساڵ بەرهەمهێنانی خواردەمەنی پشتی بە هێزی کاری مرۆڤ بەستبوو و، نزیکەی ٩٠٪ خەڵک لەو کەرتەدا کاریان دەکرد. ئەمڕۆ چیدیکە لە وڵاتانی گەشەکردوو بەو شێوە نییە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان، تەنیا نزیکەی ١،٥٪ لە خەڵک وەرزێڕن، بەڵام ئەوە نەتەنیا بۆ دابینکردنی خواردەمەنی بۆ سەرجەم دانیشتووانی وڵات بەسە بەڵکو وڵاتە یەکگرتووەکان پێشڕەوی هەناردە کردنی خواردەمەنییە. نزیکەی سەرجەم کاری وەرزێڕی بە مەکینە جێبەجێ دەکرێ، کە تووشی نەخۆشی نابن. بۆیە داخستنەکان تەنیا کاریگەریی سنووردرایان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی هەیە.

بیر لە کێڵگەیەکی گەنم لە هەرەتی تاعوونە ڕەشە بکەوە. ئەگەر لە کاتی دەروێنەدا بە وەرزێران بڵێی لە ماڵەوە بمێننەوە، تووشی قاتی و قڕی دەبنەوە. ئەگەر بە وەرزێران بڵێی وەرن دروێنە بکەن، ئەگەری ئەوە هەیە کە یەکتر نەخۆش بکەن. چارە چییە؟

ئێستا لە ٢٠٢٠ بیر لە هەمان کێڵگە بکەنەوە. کۆمباینێکی تەیارکراو بە جی پی ئێس، دەتوانێ سەرجەم کێڵگەکە بە کاریگەرییەکی زۆرترەوە، بێ مەترسیی گیرۆدە بوون دروێنە بکا. لە کاتێکدا کە لە ١٣٤٩ وەرزێرێک ٥ باقە گەنمی دروێنە دەکرد، لە ٢٠١٤ کۆمباینێک ڕێکوردی دروێنە کردنی ٣٠٠٠٠ باقە گەنمی لە ڕۆژێکدا تۆمار کرد. لە ئاکامدا کۆڤید - ١٩ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕێژەی بەرهەمهێنانی جیهانیی دانەوێڵە ئاساییەکان وەک گەنم، گەنمە شامی و برینج نەبوو.

بۆ تێرکردنی خەڵک تەنیا دروێنەی دانەوێڵە بەس نییە. بە هەمان شێوە پێویستیت بە گواستنەوەیەتی، هێندێک جار زیاتر لە هەزاران کیلۆمیتر. سەردەمانێکی دوورودرێژ، بازرگانی یەکێک لە تاوانکارە سەرەکییەکانی بڵاو بوونەوەی پەتا بوو. ڤایرۆسی کوشندە بە پاپۆڕە بازرگانییەکان و کاروانەکانی ڕێگای دوور بۆ ئەمسەر ئەوسەری دنیا دەگوازرانەوە. بۆ وێنە، تاعوونە ڕەشە لە خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بە جادەی ئاوریشمدا بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گوازرایەوە و، پاپۆڕی بازرگانانی جێنۆڤا [ئیتالیا] هێنایانە ئەورووپا. بازرگانی هەڕەشەیەکی هێندە کوشندە بوو چونکە هەر گالیسکەیەک، گالیسکەوانێکی پێویست بوو، دەیان دەریاوان پێویست بوون تا پاپۆڕێکی بچووکی دەریایی بخەنە گەڕ و پاپۆڕە قەرەباڵغەکان و میوانخانەکان شوێنی سەرهەڵدانی نەخۆشییان بوون.

لە ٢٠٢٠، بازرگانیی جیهانی دەتوانێ کەمتاکورت بێ گیروگرفت بەردەوام بێ، چونکە مرۆڤێکی زۆر کەمتر پێوەی سەرقاڵن. پاپۆڕێکی کانتینەر هەڵگر کە تا ڕادەیەکی زۆر ئۆتوماتە، دەتوانێ باری زۆرتر لە هی سەرجەم کەشتییە بازرگانییەکی پاشایەتییەکی پێشکەوتووی سەردەمانی پێشوو هەڵگرێ. لە ١٥٨٢، کۆی توانایی بارهەڵگریی هێزی بازرگانی دەریایی ئینگلیز ٦٨٠٠٠ تۆن بوو و پێویستی بە ١٦٠٠٠ مەلەوان هەبوو. پاپۆڕی کانتینەر هەڵگری ئۆ ئو سی ئێل هۆنگ کۆنگ، لە ٢٠١٧ یەکەم سەفەری خۆی دەست پێکرد، ئەو دەتوانێ ٢٠٠٠٠٠ تۆن بار هەڵگرێ و تەنیا پێویستی بە ٢٢ سەرنشینە.

ئەوە ڕاستە کە پاپۆڕی گەشتیاری بە سەدان توریستەوە و فڕۆکەی پڕ لە مسافیر دەورێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی کۆڤید - ١٩ دا هەبوو. بەڵام توریسم و سەفەر زۆر بۆ بازرگانی گرینگ نین. توریستەکان دەتوانن لە ماڵەوە بمێننەوە و خەڵکی سەرقاڵی بازرگانی دەتوانن کەڵک لە زووم وەرگرن، لە کاتێکدا پاپۆڕی ئۆتومات و شەمەندەفەری چۆڵ یارمەتیدەری بەردەوامیی ئابووریی جیهانین. لە کاتێکدا کە توریسمی نێونەتەوەیی لە ٢٠٢٠ تێکڕما، ئاستی بازرگانی دەریایی جیهان تەنیا ٤٪ دابەزی.

ئۆتۆماتکردن و بە دیجیتاڵیکردن تەنانەت کاریگەرییەکی بەرچاوتری لەسەر خزمەتگوزارییەکان هەبووە. لە ١٩١٨، کەس بیریشی لەوە نەدەکردەوە کە قاوەخانەکان، قوتابخانەکان، دادگاکان و کڵێساکان بتوانن لەکاتی داخرانی گشتیدا درێژە بە

کارەکانیان بدەن. ئەگەر قوتابییان و مامۆستایان لە ماڵەکانیاندا بمێننەوە، چۆن وانەکان درێژەیان دەبێ؟ ئەورۆ ئێمە جوابی ئەو پرسیارە دەزانین. چوونە سەرهێڵ گەلێک لایەنی نەرێنیی هەن، لانیکەم لە بواری دەروونییەوە تێچوویەکی گەلێک قورسی هەیە. ئەو بە هەمان شێوە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گیروگرفتی ئەوتۆ کە پێشتر بە خەیاڵدا نەدەهاتن، وەک بەشداریی پارێزەران وەکوو پشیلە [ئاماژە بە ڕووداوێکە کە لەویدا پارێزەرێکی ئەمریکایی بە هەڵە فیلتەری پشیلە لە بەرنامەی زوومدا چالاک دەکا و لە کۆبوونەوەیەکی سەرهێڵ لەگەڵ دادوەرێک وەک پشیلە دەر دەکەوێ. و.]. بەڵام ئەو ڕاستییە کە توانرا ئەو کارە بکرێ سەرسوڕ هێنەرە.

لە ١٩١٨ مرۆڤ تەنیا بە شێوەی فیزیکی لە دنیادا دەژیا و، کاتێک ڤایرۆسی کوشندەی هەلامەت بە دنیایەدا بلاو بۆوە، مرۆڤایەتی هیچ شوێنێکی نەبوو بۆی ڕا بکا. ئێستا زۆربەی ئێمە لە دوو دنیادا دەژین، دنیای فیزیکی و مەجازی. لە کاتێکدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە دنیای فیزیکیدا دەخولاوە، خەڵکێکی زۆر بەشێکی بەرچاوی ژیانی خۆیان بۆ دنیای مەجازی گواستەوە، شوێنێک کە ڤایرۆسەکە نەیدەتوانی بۆ ئەوێ وەدوایان بکەوێ.

بێگومان، مرۆڤەکان هێشتا بوونەوەرێکی فیزیکین و، هەموو شتێک ناکرێتە دیجیتاڵی. ساڵی کۆڤید دەوری یەکلاکەرەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پیشە کەم داهاتەکانی بۆ بەردەوامیی شارستانییەتی مرۆڤ ئاشکرا کرد: پاریدەدەرانی نەخۆشان، کرێکارانی بەشی پاقژی، شۆفیری بارهەڵگرەکان، فرۆشیارەکان و ئەوانی خواردەمەنی و کالا دەگەیەننە کڕیاران. زۆر جار دەگوترێ هەر شارستانییەتێک تەنیا سێ ژەم لە دڕندەیی دوورە. لە ٢٠٢٠، ئەو خەڵکانەی خواردەمەنییان دەگەیاندە دەست کڕیاران هێڵی باریکی پاراستنی یەکگرتوویی شارستانییەت بوون. ئەوان بوونە هێڵی هەرە گرینگی ژیانی ئێمە لە دنیای فیزیکیدا.

## ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت

لە کاتێکدا کە مرۆڤایەتی خەریکی ئۆتوماتیککردن، دیجیتاڵکردن و گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ سەر هێڵە، ئەوە ئێمە تووشی مەترسیی نوێ دەکا. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین شتەکانی ساڵی کۆڤید ئەوەیە کە ئینتەرنێت لەکار نەکەوت. کاتێک ئێمە لەناکاو ڕێژەی هاتوچۆی بەسەر پردێکدا زیاد دەکەین، چاوەڕوانی لە جمینکەوتنی ترافیک و تەنانەت تێکڕمانی پردەکە دەکەین. لە ٢٠٢٠، قوتابخانەکان، فەرمانگەکان و کڵێساکان نزیکەی هاوکات گواستیانەوە سەرهێڵ، بەڵام ئینتەرنێت خۆی ڕاگرت.

بەشی: دووهەم

ئێمە هەوڵێستەمان نەکرد تا بیری لێ بکەینەوە، بەڵام دەبوو ئەو کارەمان کردبا. دوای ٢٠٢٠ دەزانین کە ژیان دەتوانێ تەنانەت کاتێک کە هەموو وڵات لە ڕوانگەی فیزیکییەوە دادەخرێ، ژیان بەردەوام دەبێ. ئێستا بیر لەوە بکەنەوە چ دەقەومێ ئەگەر ژێرخانی دیجیتاڵ دارمێ.

تەکنەلۆژیی زانیاری ئێمەی لە بەرانبەر ڤایرۆسی زیندوو خۆڕاگر کردووە، بەڵام بەهەمان شێوە ئێمەی لە بەرانبەر ماڵوێر [بەرنامەی زەرەر گەیەنی کامپیوتێری] و شەڕی سایبەری ناسک و قابیلی زەرەر پێ گەیاندن کردووە. خەڵک زۆر جار دەپرسێ: "کۆڤیدی داهاتوو چییە؟" هێرشێک بۆ سەر ژێرخانی دیجیتاڵێی ئێمە یەکێک لە سەرەکیترین بژارەکانە. ڤایرۆسی کۆرۆنا چەند مانگی پێچوو تا بە دنیادا بڵاو بێتەوە و بە میلیۆنان خەڵک گیرۆدە بکا. ژێرخانی دیجیتاڵی ئێمە لەوانەیە بە تاقە ڕۆژێک دارمێ. لە کاتێکدا کە قوتابخانەکان و فەرمانگەکان دەتوانن خێرا بێنە سەرهێڵ، پێتان وایە چەند کات دەخایەنێ تا لە ئیمەیلەوە بگۆازینەوە بۆ ناردنی نامەی کۆنباو؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠٢١

# وانەکانی ساڵێک لەگەڵ کۆرۆنا

(بەشی دووهەم)

یوڤال نوح هەراری - فاینانشاڵ تایمز

## کام شت گرینگە؟

ساڵی کۆرۆنا سنووردارییەکی گرینگتری دەسەڵاتی زانستی و تەکنەلۆژیکی ئێمەشی ئاشکرا کردووە. زانست ناتوانێ جێگرەوەی سیاسەت بێ. کاتێک ئێمە بڕیار لەسەر سیاسەت دەدەین، دەبێ گەلێک بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەرچاو بگرین و، چونکە هیچ ڕێگایەکی زانستیی بۆ بڕیاردان لەسەر گرینگتربوونی کام بەرژەوەندیی و بایەخ لەبەر دەستدا نییە، هیچ ڕێگایەکی زانستیی نییە کە بڕیار بدا ئێمە دەبێ چی بکەین.

بۆ وێنە، کاتێک بڕیار دەدەین ئاخۆ هەموو شوێنێک داخرێن یا نا، ئەو پرسیارە بەس نییە: "ئەگەر داخستنی گشتی نەسەپێنین چەند کەس تووشی کۆڤید - ١٩ دەبن؟" دەبێ پرسیار بکەین: "ئەگەر داخستنی گشتی بسەپێنین چەند کەس تووشی خەمۆکی دەبن؟ چەند کەس بەهۆی نەبوونی خۆراکی بووژێنەر، ئازار دەبینن؟ چەند کەس ناتوانن بچن بۆ قوتابخانە و کارەکانیان لەکیس دەدەن؟ چەند کەس لە لایەن هاوژینەکانیانەوە لێیان دەدرێ یان دەکوژرێن؟"

تەنانەت ئەگەر سەرجەم زانیارییەکان دروست و جێگای متمانە بن، هەمیشە دەبێ پرسیار بکەین: "چ شتێک گرینگە؟ کێ بڕیار دەدا؟ کام شت گرینگە؟ چۆن ژمارەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکەین؟" ئەوە زۆرتر کارێکی سیاسییە تا زانستی. ئەوە سیاسەتوانانن کە دەبێ لایەنە پزیشکی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هاوسەنگ و سیاسەتێکی گشتگر ڕەچاو بکەن.

بە هەمان شێوە ئەندازیاران پلاتفۆرمی دیجیتاڵی نوێ دروست دەکەن کە یارمەتیمان دەکا لەکاتی داخستنی گشتی کارەکانمان بکەین و، ئامرازی چاودێریکردن بەرهەم دێنن تا بتوانین زنجیرەی گیرۆدەبوونەکان لێک بپچڕین. بەڵام بە دیجیتاڵکردن و چاودێریکردن، سەروەریی کەسایەتیی ئێمە دەخەنە مەترسییەوە و دەروازەی سەرهەڵدانی ڕێژیمی سەرەڕۆی

پێشووتر نەبینراو دەکەنەوە. لە ٢٠٢٠، چاودێریکردنی گشتی ڕەواتر و هەروەها ئاساییتر بوو. بەربەرەکانی لەگەڵ پەتایەکە گرینگە، بەڵام لەوانەیە لە پرۆسەکەدا ئازادیی خۆمان لەنێو بەرین؟ ئەوە لەجیات ئەندازیاران، کاری سیاسەتوانانە کە لەنێوان چاودێریی بەکەڵک و مۆتەکەی ڕێژیمی سەرەڕۆ هاوسەنگیی دروست بیننەوە.

**سێ ڕێسای سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر لە دیکتاتۆریی دیجیتاڵی دەمانپارێزن، تەنانەت لە کاتی پەتا.**

**یەکەم**؛ هەرکات زانیاریی لەسەر خەڵک کۆ دەکەیتەوە، بە تایبەتی لەمەڕ ئەوەی کە لە نێو جەستەی ئەواندا چ دەگوزەرێ، ئەو زانیارییانە دەبێ یارمەتیدەری ئەو خەڵکە بن نەوەک بۆ دەستکاریکردن، کۆنترۆڵکردن و زەرەر پێگەیاندنیان. پزیشکی تایبەتیی من ئاگاداری گەلێک زانیاریی لە ڕادەبەدەری تاکەکەسیی منە. ئەو نابێ ئەو زانیارییە بە هیچ کۆمپانیا یان حیزبی سیاسی بفرۆشێ. ئەوە دەبێ هەموو شێوە "دەسەڵاتی چاودێریی بە هۆی پەتا" بگرێتە خۆ کە ئێمە کەڵکیان لێ وەردەگرین.

**دووهەم**؛ چاودێریی دەبێ هەمیشە دوو لایەنە بێ. ئەگەر چاودێریی هەمیشە لە سەرەوەڕا بۆ خوارەوە بێ، دەبێتە هۆی سەرەڕۆیی. کەوابوو، هەرکات چاودێریی بەسەر تاکەکانەوە زیاد بکرێ، دەبێ لە هەمان کاتدا چاوێریی بەسەر دەوڵەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانەنیشەوە زیاد بکرێ. بۆ وێنە، لە قەیرانی هەنووکەییدا دەوڵەتان پارەیەکی لەڕادەبەدەر بڵاو دەکەنەوە. پرۆسەی تەرخانکردنی پشتگیریی دارایی دەبێ ڕوون و ئاشکرا بێ. وەک شارۆمەند، دەمهەوێ بە هاسانی ببینم کێ چی پێ دەدرێ و، کێ بڕیار دەدا دراوەکە بەرەو کوێ دەچێ. دەمەوێ دڵنیا بم کە دراوەکە دەدرێتە و ئەو بیزنسانە کە بەڕاستی پێویستیان پێیەتی نەوەک کۆمپانیای زەبەلاح کە خاوەنەکانیان هەڤاڵی وەزیرانن. ئەگەر دەوڵەت بڵێ دامەزراندنی سیستەمێکی ئەوتۆی چاودێریی لە هەڕەتی پەتادا دژوارە، بڕوای پێ مەکەن. ئەگەر نەکرێ چاودێریی بکەی چی دەکەی، چاودێریکردنی دەوڵەت کارێکی زۆر ئاڵۆز نییە.

**سێهەم**؛ هەرگیز مەهێڵە ڕێژەیەکی بەرچاو زانیاریی لە تاکە شوێنێکدا کۆ بێتەوە. نە لەکاتی پەتاکەدا و، نە کاتێک کە کۆتایی هات. قۆرخکردنی زانیاریی نوسخەی دیکتاتۆرییەتە. کەوابوو ئەگەر زانیاریی بایۆمەتری خەڵک کۆ دەکەینەوە تا پێش بە پەتاکە بگرین، ئەو کارە دەبێ لەجیات پۆلیس، لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەکی بێلایەنی تەندروستییەوە بەڕێوە بچێ. و دەبێ زانیارییە کۆکراوەکە لە شوێنی کۆکردنەوەی زانیاریی وەزیرانی دەوڵەت و کۆمپانیا مەزنەکان جیا بکرێتەوە. ڕاستە، ئەوە دەبێتە هۆی زیدەبوون و ناکاریگەری، بەڵام ناکاریگەریی خەسڵەتێکە، هەڵە نییە. دەتهەوێ پێش بە سەرهەڵدانی سەرەڕۆیی دیجیتاڵ بگری؟ لانیکەم شتەکان کەمێک ناکاریگەر ڕاگرە.

بەشی: دووهەم

## لەمەڕ سیاسەتوانانەوە

سەرکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیکییە تاقانەکانی ٢٠٢٠، قەیرانی کۆڤید-١٩یان چارەسەر نەکرد. ئەوان پەتاکەیان لە کارەساتێکی سروشتییەوە کردە دووڕیانێکی سیاسی. کاتێک تاعوونە ڕەشە بە میلیۆنان خەڵکی کوشت، هیچ کەس چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە پاشاکان و ئیمپراتورەکان نەبوو. نزیکەی یەک لەسەر سێی سەرجەم خەڵکی ئینگلیز لە یەکەم شەپۆلی تاعونە ڕەشەدا مردن، بەڵام ئەوە نەبووە هۆی لە دەسەڵاتکەوتنی شا ئێدواردی سێهەم. شتێکی ئاشکرا بوو کە ئەوە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانە تا پێش بە پەتاکە بگرن، بۆیە هیچ کەس تاوانی ئەو شکستەیان نەخستە ئەستۆی ئەوانەوە.

بەڵام ئەورۆ مرۆڤایەتی ئامرازی زانستیی بۆ وەستاندنی پەتای کۆڤید-١٩ بەدەستەوەن. چەند وڵات، لە ڤییەتنام تا ئۆسترالیا، سەلماندیان کە تەنانەت بێ پێکوتە، ئامرازەکانی بەردەست دەتوانن پێش بە پەتاکە بگرن. ئەگەرچی ئەو ئامرازانە نرخێکی مەزنی ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە. ئێمە دەتوانین ڤایرۆسەکە شکست بدەین، بەڵام دڵنیا نین کە ئامادەین نرخی سەرکەوتن بدەین. بۆیە دەسکەوتە زانستیەکان بەرپرسیارییەکی گەلێک بەرچاویان خستۆتە سەر شانی سیاسەتوانان.

بەداخەوە بەشێکی زۆر لە سیاسەتوانان لەو بەرپرسیارییەدا شکستیان هێناوە. بۆ وێنە، سەرۆک کۆمارە پۆپۆلیستەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و برازیل ئاستی هەڕەشەکەیان بەکەم گرت، گوێیان نەدایە پسپۆڕان و لەجیاتان باسی تیۆریی پیلانیان کرد. ئەوان پلانێکی هەڵسوکەوتی فیدراڵیی باشیان دانەڕشت و هەوڵەکانی دەوڵەت و شارەوانییەکانیان بۆ وەستاندنی پەتاکە بە لاڕێدا برد. نەزانی و هەست بە بەرپرسایەتی‌نەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ترامپ و بۆلسۆنارۆ بوونە هۆی کوژرانی سەدان هەزار کەس کە دەکرا پێشی پێ بگیردرێ.

لە بریتانیا، وێدەچی دەوڵەت لە سەرەتاکان زۆرتر سەرقاڵی برێکزیت بوو تا کۆڤید-١٩. لەبەر سیاسەتە خۆ تەریکخستنەکانی بەڕێوەبەرایەتیی جانسۆن، لە پاراستنی بریتانیا لە بەرانبەر تەنیا شتێک کە بەڕاستی گرینگ بوو، شکستی هێنا: ڤایرۆسەکە. وڵاتی من ئیسرائیل بە هەمان شێوە لە سیاسەتی خراپ، ئازاری چەشت. هەر وەک تایوان، نیوزیلەند و قوبرس، ئیسرائیل بە کردەوە "وڵاتێکی دوورگەییە"، بە سنووری داخراوەوە کە تەنیا یەک دەروازەی سەرەکیی هەیە، فرۆکەخانەی بن گۆریۆن.

بەڵام، لە ترۆپکی پەتاکەدا دەوڵەتی نەتانیاهوو ڕێگای بە مسافیران دا تا بێ قەرەنتیەکران یان تەنانەت پشکنینی ڕێکوپێک، بێنە ژوورەوە و تەنانەت سیاسەتەکانی داخستنی گشتیی خۆیشی پاشگوێ خست.

لە ئاکامدا هەر دوو ئیسرائیل و بریتانیا پێشڕەوی کوتانی خەڵک بە پێکوتە بوون، بەڵام لێکدانەوە هەڵەکەی سەرەتاکان لەسەریان زۆر گران کەوت. لە بریتانیا، پەتاکە بۆتە هۆی کوژرانی ۱۲۰۰۰۰ کەس کە پلەی شەشەمی ڕێژەی مامناوەندیی کوژراوانی دنیای پێ بەخشیوە. لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل خاوەنی حەوتەمین ڕێژەی مامناوەندیی گیرۆدە بوونە و بۆ بەرپەرچدانەوە، پەنای بۆ "گۆڕینەوەی زانیاریی پێکوتە" لەگەڵ کۆمپانیای ئەمریکایی فایزەر برد. فایزەر ڕەزامەندیی دەربڕی ڕێژەی پێویست پێکوتە بۆ سەرجەم دانیشتووانی ئیسرائیل، لە بەرانبەر ڕێژەیەکی بەرچاوی زانیاری دابین بکا، کە بووە هۆی نیگەرانیی لەمەڕ پاراستنی سەروەریی کەسایەتی و قۆرخکردنی زانیاری و نیشانی دا لە ئێستادا زانیاری لەسەر شارۆمەندان یەکێک لە بەنرخترین سامانەکانی دەوڵەتە.

لە کاتێکدا کە هێندێک وڵات زۆر باشتر جووڵانەوە، مرۆڤایەتی بە گشتی تا ئێستا لە کۆنترۆڵکردنی پەتاکە، یان دارشتنی پلانێکی جیهانی بۆ زاڵبوون بەسەر ڤایرۆسەکەدا شکستی هێناوە. مانگە سەرەتاییەکانی ۲۰۲۰ وەک تەماشای بەریەککەوتنێک بە شێوەی سلۆ مۆشن بوو. ئامرازی پەیوەندیگرتنی سەردەمیانە هەلی بۆ خەڵکی سەرانسەری دنیا ڕەخساند تا کاتی ڕووداوەکان ببینن لە ووهان چ دەگوزەرێ، پاشان لە ئیتالیا، ئەوسا لە وڵاتی زیاتر، بەڵام هیچ ڕێبەرییەکی جیهانی سەری هەڵنەدا تا پێش بە نوقمبوونی دنیا لە کارەساتەکەدا بگرێ. ئامرازەکان لەبەر دەستدا بوون، بەڵام زۆر جار ژیریی سیاسەتوانان بوونی نەبوو.

## خەڵکی بیانی فریا کەوتن

هۆیەک بۆ کەلێنی نێوان سەرکەوتنی زانستی و شکستی سیاسی ئەوەیە کە زانایانی سەرانسەری جیهان هاوکاریی یەکتریان کرد، لە کاتێکدا کە سیاسەتوانان مشتومڕیان بوو. لەژێر سترێس و نادڵنیاییەکی زۆرەوە، زانایانی سەرانسەری دنیا بە ئازادی زانیارییان لەگەڵ یەکتر دەگۆڕییەوە و پشتیان بە دەسکەوت و تێگەیشتنی یەکتر دەبەست. پرۆژەی زانستیی گەلێک گرینگ لە لایەن تیمە نێونەتەوەییەکانەوە بەڕێوە چوون. بۆ وێنە، یەکێک لە توێژینەوە سەرەکییەکان لەبارەی کاریگەریی داخستنە گشتییەکان لە لایەن نۆ ئەنستیتۆوە بەڕێوە چوو، یەکیان لە بریتانیا، سێ لە چین و پێنج لە وڵاتە یەکگرتووەکان.

بەشی: دووهەم

بە پێچەوانە سیاسەتوانان لە دروستکردنی هاوپەیمانیی نێونەتەوەیی دژی ڤایرۆسەکە و ساغ بوونەوە لەسەر پلانێکی جیهانیی شکستیان هێنا. دوو دەسەڵاتە زەبەلاحەکانی دنیا، وڵاتە یەکگرتووەکان و چین، یەکتریان بە شاردنەوەی زانیاریی ژینەکی، بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە و تیۆریی پیلان و تەنانەت بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسەکە بە ئانقەست، تاوانبار کرد. ژمارەیەکی زۆر وڵاتی دیکە بە ئاشکرا لە مەڕ بڵاوبوونەوەی پەتاکە درۆیان کرد یان زانیارییان ڕانەگەیاند.

نەبوونی هاوکاریی جیهانیی نە تەنیا لە شەڕی زانیارییدا دەر دەکەوێ بەڵکوو تەنانەت زۆرتر لە ناکۆکییەکانی پەیوەندیدار بە کەمایەسیی کەرەستەی دەرمانیدا. لە کاتێکدا کە دۆخی هاوکاری و دڵفراوانی بینراون، هیچ هەوڵێکی جیددی بۆ کەڵک لێوەرگرتنی هاوبەش لە سامانە بەردەستەکان، کاریگەرکردنی بەرهەمهێنانی جیهانی و دڵنیابوون لە بڵاوکردنەوەی دادوەرانەی کەرەستەکان نەدراوە. بە تایبەتی "ناسیۆنالیزمی پێکوتەیی" شێوەیەکی نوێ لە نایەکسانیی جیهانیی لە نێوان وەڵاتانی خاوەن توانایی واکسینەکردنی دانیشتووان و وڵاتانێک کە ناتوانن دروست کرد.
جێگای مەراقە ببینی کە زۆر کەس لە ڕاستییەکی ساکار لەبارەی پەتا تێناگەن: تا ئەوکاتە ڤایرۆسەکە لە هەر شوێنێک بڵاو بێتەوە، هیچ وڵاتێک بە تەواوی ئەمین نییە. وای دانێ ئیسرائیل و بریتانیا لە نەهێشتنی ڤایرۆسەکە لەنێو سنوورەکانیاندا سەرکەوتن، بەڵام بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسەکە لە نێو میلیۆنان خەڵکی هیندوستان، برازیل یان ئەفریقای باشوور درێژەی هەیە. شێوەیەکی گۆڕاو لە ڤایرۆسەکە لە شارێکی دووری برازیل لەوانەیە ببێتە هۆی ناکاریگەریی پێکوتە و ببێتە هۆی شەپۆلێکی نوێی گیرۆدە بوون .
لە دۆخی تەنگەتاوی هەنووکەییدا، وێدەچێ خۆنەویستی دژی بەرەژەوەندیی نەتەوەیی نەبێ. بەڵام ئێستا هاوکاریی جیهانیی خۆنەویستی نییە، بەڵکوو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی شتێکی بنەڕەتییە.

## دژە ڤایرۆس بۆ دنیا

**گفتوگۆکان لەمەڕ ئەوەی لە ٢٠٢٠ ڕووی دا تا چەند ساڵ درێژەی دەبێ. بەڵام خەڵکی گشت لایەنە سیاسییەکان دەبێ لانیکەم لەسەرسێ وانە هاوڕا بن.**

**یەکەم**؛ ئێمە پێویستیمان بە پاراستنی ژێرخانی دیجیتاڵیمان هەیە. ئەو لە ماوەی ئەو پەتایەدا ڕزگاریدەرمان بووە، بەڵام بەو زووانە دەتوانێ ببێتە سەرچاوەی کارەساتێکی تەنانەت خراپتر.

**دووهەم**؛ هەر وڵاتێک دەبێ زۆرتر سامان بۆ سیستەمی تەندروستی گشتیی خۆی تەرخان بکا. وێدەچێ ئەوە شتێکی ئاشکرا بێ، بەڵام سیاسەتوانان و دەنگدەران هێندێک جار ئاشکراترین وانەکان پاشگوێ دەخەن.

**سێهەم**؛ دەبێ سیستەمی چاودێریی بەهێزی جیهانیی دامەزرێنین و پێش بە پەتایان بگرین. لە شەڕی کەونارای نێوان مرۆڤ و زیندەوەری نەخۆشکار، هێڵی بەرەی شەڕ لە جەستەی هەر مرۆڤێک تێپەڕ دەبێ. ئەگەر ئەو هێڵە لە هەر شوێنێکی ئەو هەسارەیە بشکێ، سەرجەم ئێمە دەخاتە مەترسییەوە. تەنانەت دەوڵەمەندترین خەڵکی پێشکەوتووترین وڵات ناچارە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی هەژارترین خەڵکی گەشە نەکردووترین وڵات بکا. ئەگەر ڤایرۆسێکی دیکە لە شەمشەمە کوێرەوە لە گوندێکی هەژاری دارستانێکی دوور باز داتە مرۆڤ، دوای چەند ڕۆژ ئەو ڤایرۆسە لە شەقامی واڵ ستریت دەسووڕێتەوە.

چوارچێوەی سیستەمێکی دژە پەتای جیهانی هەر ئێستا بە شێوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و چەند دامەزراوەی دیکە بوونی هەیە. بەڵام بودجەکانی تەرخانکراو بۆ ئەو سیستەمە کەمە و، هیچ تواناییەکی سیاسی نییە. پێویستە ئێمە کەمێک دەسەڵاتی سیاسی و پارەیەکی گەلێک زۆرتری پێ بدەین تا بە تەواوی وابەستەی هەوەسی سیاستەوانی خۆویست نەبن. وەک پێشدا ئاماژەی پێ کرا، پێم وانییە پسپۆڕی هەڵنەبژێردراو ئەرکی بڕیاردان لەسەر شێوەی هەڵسوکەوتیان بەدەستەوە بێ. ئەوە دەبێ لەدەست سیاسەتوانی اندا بمێنێتەوە. بەڵام شێوەیەک لە دامەزراوەی سەربەخۆی تەندروستی جیهانیی پلاتفۆرمێکی دڵخوازە بۆ ئامادەکردنی زانیاریی پزیشکیی، چاودێریی مەترسییەکان، وشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی توێژینەوە و گەشەپێدان.

زۆر کەس لەوە دەترسن کە کۆڤید - ١٩ دەستپێکی شەپۆلی نوێی پەتایان بێ. بەڵام ئەگەر وانەکانی سەرەوە جێبەجێ بکرێن، شۆکی کۆڤید-١٩ لەوانەیە بە کردەوە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی پەتا. مرۆڤایەتی ناتوانێ پێش بە زیندەوەری نەخۆشکار بگرێ. ئەوە پرۆسەیەکی گەشەکردنی سروشتییە کە ملیاردها ساڵە درێژەی هەبووە و وێدەچێ لە داهاتووشدا درێژەی هەبێ. بەڵام ئەوڕۆ مرۆڤ زانیاریی و کەرەستەی پێویستی بۆ بەرگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشکاری نوێ و بوونیان بە پەتا لەبەر دەستدایە.

**ئەگەر کۆڤید - ١٩ لەگەڵ ئەوەشدا لە ٢٠٢١ درێژە بە بڵاو بوونەوە بدا و بە ملیۆنان مرۆڤ بکوژێ، یان ئەگەر تەنانەت پەتایەکی کوشندەتر لە ٢٠٣٠ بەرەوڕووی مرۆڤ ببێتەوە، ئەو نە کارەساتێکی کۆنترۆڵنەکراو دەبێ و نە سزایەک لە لایەن خوداوە. ئەو شکستێکی مرۆڤ و بە واتایەکی دروستتر، شکستێکی سیاسییە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢١

# ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران

## هەڵسەنگاندنی ساڵانەی هەڕەشە بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان

## (ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران)

## * ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتیی هەواڵگریی نیشتمانی وڵاتە یەکگرتووەکان

### پێشەکی

ئەو ڕاپۆرتە ساڵانەیەی هەڕەشەکانی سەرانسەری دنیا بەرانبەر بە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە گوێرەی بەشی ژمارە ٦١٧ لە یاسای مۆڵەتنامەی هەواڵگریی FY21 بەڕێوە چووە. ئەو ڕاپۆرتە ڕەنگدانەوەی زانیاریی گشتی کۆمەڵگەی هەواڵگرییە کە هەموو ڕۆژەکانی خۆیان بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی فرەلایەنە، سەربەخۆ و دەستکاری نەکراوە کە بڕیاردەرانی سیاسی، جەنگاوەران و کارمەندانی بەشی بەربەرەکانی لەگەڵ تاوانکاریی لە نێوخۆ بۆ پاراستنی گیانی ئەمریکاییان و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە هەر شوێنێکی دنیا پێویستییان پێیەتی.

ئەو هەڵسانگاندنە جەخت لەسەر هەڕەشە هەرە جیددی و ڕاستەوخۆکان بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەی ساڵی داهاتوودا دەکاتەوە. شێوەی ڕیزکردنی بابەتەکانی پێشکەشکراو لەو هەڵسەنگاندنەدا بە مانای ئاستی گرینگی یان پلەی هەڕەشەکان لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی هەواڵگرییەوە نییە. هەموویان پێویستیان بە بەرپەرچدانەوەی پتەوە، لە نێویاندا لەو شوێنانە کە جەخت کردنەوە لەسەریان لە داهاتوویەکی نزیکدا لەوانەیە پێش بە هەڕەشەی مەزنتر لە داهاتووی دوورتر بکا، وەک ئاڵوگۆڕی کەشوهەوا و خراپتربوونی بواری ژینگە.

هەر وەک یاسا دەخوازێ، ئەو ڕاپۆرتە پێشکەشی کۆمیسیۆنی هەواڵگریی کۆنگرە و هەروەها کۆمیسیۆنی هێزە چەکدارەکانی کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران بکرێ.

زانیاریی بەردەست تا ٩ی ئاپریلی ٢٠٢١ بۆ ئامادە کردنی ئەو هەڵسانگاندنە کەڵکی لێ وەرگیراوە.

## ئاکارە شەڕانشۆیەکانی ئێران

ئێـران هەڕەشـەیەکی بەردەوامە بـۆ سـەر بەرژەوەنـدییەکانی ولاتە یەکگرتووەکـان لە نـاوچە و هەوڵ دەدا دەسـەڵاتی ولاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکا و پشتگیری لە دانیشتووانی شیعە لە دەرەوە بکا، لە دەوڵەتانی جیراندا نفوزی خۆی پتەو بکـا و دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ، زەختی نێونەتەوەیی لەسەر خۆی کەم بکـاتەوە و هەڕەشەکانی بـۆ سەر سەقامگیریی ڕێـژیمەکەی بگەیەنێتە نزمترین ئاست.ئەگەرچی خراپتربوونی ئـابووری ئێران و ناوبـانگە خراپەکەی لە نـاوچەدا تەگەرە دەخەنە سەر ئامانجەکانی، بەڵام تاران بۆ برەودان بە ئامانجەکانی هەوڵ دەدا کەڵک لە زنجیرەیەک ئـامراز وەرگرێ، وەک دیپلۆماسی، پەرەپێدانی بەرنـامە ئەتـۆمییەکەی، کـڕین و فرۆشی کەرەسـتەی سـەربازی و هێرشـی بەکرێگیـراو و هاوبەشـەکانی. ئـێمە چـاوەڕوان دەکەیـن کە ئێـران لە سـاڵانی داهـاتوودا ڕیسکی ئەوتـۆ بکـا کە بتـوانێ گرژییەکـان پەرە پـێ بـدا و هەڕەشـە لە بەرژەوەندییەکانی ولاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی بکا.

- ئێران خۆی لە خەبـاتێک لە دژی ولاتە یەکگرتووەکان و هاپەیمانە ناوچەییەکانیدا دەبینـێ، کە لە ڕوانگەی ئەو ولاتەوە جەخت لەسەر سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ژێئۆپۆلیتیکی ئێران دەکەنەوە و ئامانجیان گۆڕینی ڕێژیمە.

- ئاکارەکـانی تـاران ڕەنگـدانەوەی ڕوانـگەی ئەو ولاتەیە لەمەڕ دوژمنـایەتیی ولاتە یەکگرتووەکـان، ئیسـڕائیل و ولاتـانی کەنداو، توانایی نواندنی دەسەڵات بە چەکوچۆڵەی ئاسایی و هێزە بەکرێگیراوەکانی و خولیاکەی بۆ ئەستاندنی دەسکەوتی سیاسی و ئابووری لە کۆمەڵگەی ناونەتەوەیی.

- بە تـایبەتی لە پێوەنـدی لەگەڵ بەرژەوەنـدییەکانی ولاتە یەکگرتووەکـان، ویسـتی ئێـران بـۆ هێـرش بەسـتراوەتەوە بـۆ لێکدانەوەی ویستی ولاتە یەکگرتووەکان بۆ بەرپەرچدانەوە، تواناییەکانی بۆ بەرێوەبردنی هێرش بێ هەڵایساندنی نـاکۆکیی ڕاستەوخۆ و ئەگەری خستنە مەترسی سووککرانی گەمارۆکانی ولاتە یەکگرتووەکان.

- وێدەچێ ڕێبەرانـی ڕێـژیم لە تێـوەگلان لە وتـووێژی سیاسـی لەگەڵ ولاتە یەکگرتووەکـان لە داهـاتویەکی نزیکدا، بە بـێ سووک کرانی گەمارۆکان یان یارمەتی مرۆیی یـان گەڕانەوەی ولاتە یەکگرتووەکـان بـۆ بەرجـام، دوودڵ بـن. ئێـران درێـژە بە بەرپەرچدانەوەی زەختی ولاتە یەکگرتووەکان دەدا، ئەگەرچی تـاران وریایە کە خۆی لە تێوەگلان لە نـاکۆکیی تەواو [لەگەڵ ئەمریکا] ببوێرێ.

## ئێران سوورە لە سەر پاراستنی دەستڕۆیشتوویی لە سووریە

- لەگەڵ دامرکانی ناکۆکییەکان لە سووریە، ئێران بەتەمای حزووری سەربازیی هەمیشەیی و مامەڵەی ئابووری لەگەڵ ئەو وڵاتەیە. بێگومان تاران ئەو شتانەی بۆ پەرەپێدانی دەستڕۆیشتوویی ناوچەیی، پشتیوانی لە حیزبوڵڵا و هەڕەشە لە ئیسرائیل دەوێن.

- ئێران وەک هێزێکی تێکدەری سەقامگیری لە یەمەن دەمێنێتەوە، چونکە پشتیوانیی تاران بۆ حوسییەکان، لە نیویاندا بە دابینکردنی مووشەکی بالیستیک و دەریایی و هەروەها سیستەمی بێ سەرنشین، هەڕەشەن بۆ سەر هاوبەشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و بەرژەوەندییەکانیان، بە تایبەتی بە هێرشەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعودی.

- تاران وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئیسرائیل دەمینێتەوە، هەم ڕاستەوخۆ بە هێزە مووشەکییەکەی و هەروەها ناڕاستەوخۆ بە پشتگیریی لە حیزبوڵلا و تاقمی تێرۆریستیی دیکە.

- ئێران وەبەرهێنانەکانی لە ئەفغانستان دەپارێزی و ئاکارەکانی لەوانەیە هەڕەشە لە سەقامگیریی بکەن. ئێران بە ئاشکرا پشتیوانی لە وتووێژی ئاشتی لە ئەفغانستان دەکا، بەڵام لە بارەی مانەوەی درێژخایەنی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیگەرانە. لە ئاکامدا، ئێران خەریکی پتەوکردنی پێوەندییەکانی هەم لەگەڵ دەوڵەت لە کابول و هەروەها تالیبانە تا بتوانێ سوود لە هەر ئاکامێکی سیاسی وەرگرێ.

## توانایە سەربازییەکانی ئێران

توانایە فرەلایەنە سەربازییەکانی ئێران و هەڵوێستە تێکەڵاوەکەی لەمەڕ شەڕ، بە کەڵکوەرگرتن لە توانایی ئاسایی و نائاسایی، تا داهاتوویەکی دوورودرێژ بە بەردەوامی هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە ناوچە دەکەن.

- ئێران ستراتیژییە ئاساییە سەربازیەکانی خۆی نیشان داوە، کە بە شێوەی سەرەکی لەسەر چاوترسێن کردن و توانایی تۆڵەکردنەوە لە هێرشبەران دامەزراوە، بۆ وێنە هاویشتنی چەند مووشەکی بالیستیک دژی بنکەی هێزەکانی وڵاتە



سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتووەکان لە عێراق لە کاردانەوە بە کوژرانی فەرماندەی هێزی قودس، قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠. ئێران مەزنترین هێزی مووشەکیی بالیستیکی لە ناوچەدا هەیە و، سەرەڕای ئالنگارییە ئابوورییەکان، تاران هەوڵ دەدا چەکوچۆڵە ناباوەکانی گەشە پێ بدا و هی نوێش وەدەست بێنێ.

- ئۆپەراسیۆنە شەڕە نائاساییەکانی ئێران و ڕایەڵەی هاوبەشی میلیشیایی و بەکرێگیراوانی، توانایی بە تاران دەبەخشن کە برەو بە بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەدا بدا، قووڵایی ستراتیژیکی خۆی بپارێزێ و بژارە نارێکەکانی تۆڵەکردنەوە دابین بکا.

- هێزی قودسی سپای پاسداران و بەکرێگیراوەکانی دەوری سەرەکیی لە دەسەڵاتی سەربازیی ئێراندا دەگێڕن.

## هێرش بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و نێوخۆی وڵات

لێکدانەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران درێژە بە خولیای پەرەپێدانی ڕایەڵەکانی لە ناوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بدا، ئامانجێک کە زیاتر لە دە ساڵە هەیەتی، بەڵام مەزنترین مەترسی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دەرەوەی وڵاتن، بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا.

- ئێران هەڕەشەی کردووە تۆڵەی کوژرانی قاسم سولەیمانی لە ژانوییەی ٢٠٢٠، لە کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان بکاتەوە و پێشووتر هەوڵی داوە هێرشی کوشندە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە ببا.

- لە چەند ساڵی ڕابردوودا، پۆلیسی وڵاتە یەکگرتووەکان ژمارەیەک کەسی پێوەندیدار بە ئێرانی گرتووە کە سیخوڕ بوون و هەوڵیان داوە کاریگەرییان لەسەر بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ، یان زانیارییان لەسەر کۆ بکەنەوە و هێزە ئەمنییەتییەکانی ئێران دەستیان لە کوشتن و ڕفاندن لە ئەورووپا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا هەبووە.

- ئێران وێدەچێ بۆ بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و باشووری ئاسیا گەلێک ئامادە بێ، چونکە کەلوپەل و بەکرێگیراوی لەو ناوچانە هەن کە دەستیان بە چەک و تەقەمەنی ڕادەگا.



سەرچاوە Serchawe

## بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی

ئێمە بەردەوامین لەو لێکدانەوەمان کە ئێران ئێستا خەریکی چالاکیی گەشەپێدانی ئەو بەشە سەرەکییانەی چەکی ئەتۆمی نییە کە پێمانوایە بۆ دروستکردنی ئامێرێکی ئەتۆمی پێویستن. بەڵام، دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنی بەرجام لە مانگی مای ٢٠١٨، کاربەدەستانی ئێرانی وازیان لە بەڵێنییەکانیان هێناوە و دەستیان کردۆتەوە بە چالاکیی ئەتۆمی کە سنوورەکانی دیاریکراو لە بەرجامیان تێپەڕاندووە. ئەگەر گەمارۆکانی سەر ئێران سووک نەکرێن، لەوانەیە کاربەدەستانی ئێرانی بیر لە زنجیرەیەک بژارە بکەنەوە، لە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٦٠ تا داڕشتن و دروست کردنی ڕیئاکتۆرێکی ٤٠ مێگا تۆنی ئاوی قورس.

- ئێران بەردەوام باسی دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی وەک جوابی کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجامی کردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێنییەکانی لە چوارچێوەی بەرجامدا ڕەچاو بکا، ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاو گرتنی بەڵێنییەکانی خۆی.

لە ژووەنی ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران قەبارەی پیتاندنی ئۆرانیۆمی خۆی بۆ ئەوبەری سنووری دیاریکراو لە بەرجامدا زیاد کردووە. لە سێپتامبری ٢٠١٩ بەولاوە، ئێران سنوورەکانی دیاریکراو لەمەڕ توێژینەوە و گەشە پێدانی سانتریفیوژی پێشکەوتووی پاشگوێ خستووە و دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە بنکەی فۆردۆ لە ژێر زەوی کردۆتەوە. لە ژانوییە، ئێران دەستی بە پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ٪٢٠ کرد و توێژینەوە و گەشەپێدانی بۆ بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم بۆ سووتەمەنی ڕیئاکتۆرێکی توێژینەوە دەست پێکرد و لە مانگی فێوریە، لە ئەزموونێکی تاقیگەییدا، گرامێک کانزای ئۆرانیۆمی سروشتی بەرهەم هێنا.

## دەستێوەردانی سایبەری، هەواڵگری، کارتێکەریی و هەڵبژاردن

لێهاتوویی و ویستی ئێران بۆ بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆنی هێرشبەرانەی سایبەری ئەو وڵاتە دەکاتە هەڕەشەیەکی مەزن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان و ڕایەڵەکان و زانیاریی هاوپەیمانان. ئێران توانایی هێرشکردنە سەر ژێرخانی هەستیار و هەروەها چالاکی کارتێکەریی و هەوڵگریی هەیە.

**بەشی: دووهەم**

- ئێران لە نێوان ئاپریل تا جولای ٢٠٢٠ بەرپرسی چەند هێرشی سایبەریی بۆ سەر دامەزراوەکانی ئاوی ئیسرائیل بووە کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی مێدیاکان بوونە ئاسەواری کورتخایەن کە وردەکارییەکانی بڵاو نەکراونەوە.

- ئێران بە شێوەی پەرەئەستێن لە کەڵک وەرگرتن لە دنیای سایبەری بۆ ئۆپەراسیۆنی کارتێکەریی، لەنێویاندا ئۆپەراسیۆنی شەڕانشۆیانەی کارتێکەریی لەسەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٢٠، بەردەوام بوو و ئێمە چاوەڕوانین کە تاران جەخت لە سەر ئۆپەراسیۆنی نهێنی کارتێکەریی بکا، وەک بڵاو کردنەوە زانیاریی هەڵە لە بارەی هەڕەشەی ساختە یان ژێرخانی دەستکاریکراوی هەڵبژاردن و بڵاو کردنەوەی ناوەرۆکی دژە ئەمریکایی.

- ئێران هەوڵ دەدا کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٢٠ی سەرۆک کۆماریی وڵاتە یەکگرتووەکان بە ناردنی پەیامی هەڕەشەدار بۆ دەنگدەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان هەبێ و ئەکتەرە سایبەرییەکانی ئێران لە دێسامبری ٢٠٢٠ زانیارییان لەسەر کاربەدەستانی هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بڵاو کردەوە تا هەوڵ بدەن متمانە بە هەڵبژاردنی وڵاتە یەکگرتووەکان بنکۆڵ بکەن.

**تێبینی:**

**ئەو ڕاپۆرتە ٢٧ لاپەڕەیە و باسی زۆر ناچە و وڵاتی دیکەی تێدا کراوە، بەڵام تەنیا بەشی پێوەندیدار بە ئێران وەرگێڕدراوەتەوە سەر کوردی.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١

## هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس دژی ئیسڕائیل، دەستی ئێرانی لە پشتە

**ئورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن**

ئیسڕائیل بە شێوەی پەرەئەستێن ناچار بووە لەگەڵ هەڕەشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی حەماس هەڵسوکەوت بکا و ڕۆژی پێنجشەممە گوتی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی خستووەتە خوارەوە کە لە غەززەوە هاتبووە نێو خاکی ئیسڕائیل.

ئەو هەڕەشە نوێیە لە لایەن حەماسیشەوە لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی کە لەسەر ئینتەرنێت دەستاودەستی پێ دەکرێ و لەوێدا ئەوە ئاشکرا دەکرێ کە ئەو تاقمە تێرۆریستییە فەلەستینییە لە غەززە چەند فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بە قەبارەی مامناوەندی لەبەر دەست دان. حەماس دەڵێ ناوی ئەو فڕۆکە نوێیانە "شەهاب" ـە.

پسپۆڕانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک نیک واتەرز و ئەوانی دیکە ئاماژەیان بە پێوەندیی نزیکی نێوان "شەهاب" ـی حەماس و ئەبابیلی ئێران کردووە.

هێزەکانی بەرگریی ئیسڕائیل گرتەیەکی ڤیدیۆییان بڵاو کردۆتەوە کە لەویدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە دەفڕێ و لەلایەن ئەوانەوە دەخرێتە خوارەوە. وێدەچێ ئەو فڕۆکانە لە ڕووی فڕۆکەی ئەبابیلی ئێرانی دروست کرابن، مودێلێک کە نموونەکەی بۆ حوسییەکانی یەمەنیش هەنارده کراوە و، حوسییەکان دروستیان کردوون و دژی عەرەبستانی سعوودی کەڵکی لێ وەردەگرن. وڵاتە یەکگرتووەکان چەند ساڵە لەمەڕ هەڕەشەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئێران هۆشداریی داوە، لە نێویاندا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی لە واشینگتۆن پیشان دراون. ڕۆژی چوارشەممە هێزەکانی بەرگریی ئیسڕائیل (IDF) ڕایگەیاند کە "هێرشی کردۆتە سەر تاقمێک تێرۆریست کە خەریکی کار کردن لە شوێنی بەڕێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆتەقێنەری ڕێکخراوی تێرۆریستیی حەماس لە غەززە بوون. ئەو تاقمە لە کاتێکدا کەوتنە بەر هێرش کە خەریکی ئامادە کردنی بەڕێکردنی ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوان بۆ نێو خاکی ئیسڕائیل بوون".

ئیسڕائیل بە هەمان شێوە ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە سیستەمی پارێزگاریی ئاسمانیی "گومبەزی ئاسن"، ئامێرێکی ئاسمانیی بێفڕۆکەوانی حەماسی دیت کە لە غەززەوە بەرەو خاکی ئیسڕائیل دەهات. وەزارەتی بەرگریی ئیسڕائیل گوتوویەتی کە سیستەمی گومبەزی ئاسن توانایی نوێی هەن، کە لە ماوەی چەند ساڵ گەشەیان پێدراوە و کەڵکیان لێ


سەرچاوە
Serchawe

وەردەگیرێ، کە دژی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاریگەرن.

بۆچی هەڕەشەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گرینگە؟ چونکە ئەوان دەتوانن تەقەمەنی هەڵگرن و لەسەرخۆ بڕۆن و مانۆڕ بدەن. زۆربەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە شێوەی ئێرانی، کە پێیان دەگوترێ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی "هەڵگری تەقەمەنی" یان "کامیکازە"، بە شێوەیەک کار دەکەن کە بەرەو مەنزڵێک دەفڕن و پاشان بە سەر شوێنەکەدا بەردەدرێنەوە.

ئەوان لەسەر هێڵێکی ئاسنەوە بەڕێ دەکرێن و دەکرێ بە لۆری یان تەنانەت بە بەلەمێک بگوازرێنەوە و بەو شێوە بخرێنە کار. ئەوان موتۆڕێکی پانکەداریان لە پشتەوە هەیە و، تێکنەلۆژیی جایرۆسکۆپی کەڵک لێوەرگیراو لەو فڕۆکانەدا بۆ ڕێنوێنی کردن، بەڵگەی هەناردەکرانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە لایەن ئێرانن کە بۆ یەمەن، عێراق، سووریە و تەنانەت بە گوێرەی هێندێک ڕاپۆرت، بۆ ئەولاتریش بۆ کەڵک لێ وەرگرتن لە شوێنی وەک سوودان، ئەفغانستان و ڤێنێزوئێلا نێردراون.

ئێران لە سێپتامبری ٢٠١٩ کەڵکی لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوەی پاڵاوتنی نەوتی ئەبقەیق وەرگرت کە وێدەچوو هۆشدارییەک بێ بە ئیسرائیل. ئێران هەروەها لە ٢٠١٨ کەڵکی لە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بۆ هێرش کردنە سەر ئیسرائیل وەرگرت کە لە بنکەی T-4 ـەوە فڕیبوو. ئەو فڕۆکەیە هاتە ئاسمانی ئیسرائیل و بە هێلیکۆپتەر خرایە خوارەوە. ئێران بە هەمان شێوە ئامۆژگاریی حیزبوڵڵای کردبوو تا تیمێکی "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کوشندە" بنێرێتە ناوچەیەک لە نزیکی بەرزاییەکانی گۆلان لە ٢٠١٩، کە دیارە ئیسرائیل هێرشی کردە سەر تیمەکە.

چەند ڕووداوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە سنووری لوبنان قەوماون و، هەروەها چەند دانەیەک لە سنووری سووریە. جگە لەوە، دوژمنانی ئیسرائیل هەوڵیان داوە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئیسرائیل بخەنە خوارەوە. لە مانگی مارس، هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل ڕایگەیاند "لە چالاکییەکی ڕۆتینی ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوان لە سەر لوبنان، بە مووشەکی دژی ئاسمانی تەقە لە ئامێرەکە کرابوو. فڕۆکەکە نەپێکرا و درێژەی بە ئەرکە پلان بۆ داندراوەکەی دابوو." مانگی ڕابردوو ئیسرائیل گوتی کە هێزەکانی ئەو وڵاتە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیان خستووەتە خوارەوە و یەکی دیکەیان دیتووە کە "هی ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای لوبنان بوون کە لە لوبنانەوە هاتبوونە نێو ئاسمانی ئیسرائیل".

هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لە مانگی ژانوییە فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانیان خستە خوارەوە کە لە لوبنانەوە هاتبوو و یەکی دیکەش کە هەر لەوێوە هاتبوو لە مانگی نۆڤەمبەر خرایە خوارەوە. جگە لەوە لە مانگەکانی جولای و ئاگوست فڕۆکەی بێ

فڕۆکەوان دزەیان کردبووە نێو ئاسمانی ئیسرائیل. هەروەها، ئیسرائیل گوتی کە لە مانگی سێپتامبر هێرشی کردۆتە سەر بنکەیەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە هی حەماس بوو. لە سێپتامبری ٢٠١٩ ئیسرائیل ڕایگەیاند کە "فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان لە غەززەوە خۆی خزاندۆتە ئاسمانی ئیسرائیل و بۆمبێکی خستۆتە سەر ئوتۆمبێلێکی سەربازیی".

سەرجەم ئەوانە ئاماژە بە پەرەگرتنی تواناییەکانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی حەماس دەکەن و، کێشەی ئەم حەوتوویە چەند ئاماژەی بە ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوانی حەماسی تێدان.

ئیسرائیل کەڵک لە چەند دەستەواژە بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەردەگرێ، زۆرجار کوادکۆپتەری بچووک بە ڕاخفانیم ناو دەبا و، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەزنتر دەڵێ مالاتیم، بە مانای ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوانە.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی حەماس کە وەک ئەبابیل دەچن وێدەچێ کڵاوی جەنگییان لە پێشەوە هەبێ و شێوە سیستەمێک بۆ ڕێنوێنیکردن. ئەوان دوو جوت باڵیان هەن، جووتێکیان بەرەو دواوە و جووتێکی بچووکتر لە پێشەوە، وەک ماسیی باڵدار دەچێ. ئەوان لە کەسێکی ئاسایی کەمێک درێژترن.

وێدەچێ دیزاینەکە بۆ دروستکردن کەمێک ساکار بێ چونکە حوسییەکان تێیدا بوونە پسپۆڕن و کەڵک لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەردەگرن تا هێرشی تێرۆریستی بکەنە سەر عەرەبستانی سعوودی. هێندێک لەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە هەر دێتوو مەودایەکی زۆرتر بڕ دەکەن. نیگەرانییەکان لە ژانوییە کاتێک پەرەیان گرت کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی نوێی حوسییەکانی یەمەن توانی ٢٠٠٠ کیلۆمیتر مەودا ببڕێ، کە دەگاتە ئەیلات.

ئێران دەمێکە خۆ ڕادەنێتەوە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەن کە هەزاران کیلۆمیتر دەبڕن و، گوتوویەتی تەقەمەنییەکی زۆرتر لەو فڕۆکانە بار دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران سوپایەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هەیە کە تەقەمەنیی زیرەک وەک هی مووشەکی دەریاییان لێ بار دەکا. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەکرێ بە پۆل بخرێنە کار.

ئێران بە هەمان شێوە هەوڵی داوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکایی لە جۆری پرێداتۆر و سەنتینەل کۆپی بکا، و هەر وەک ڕیپەری ئەمریکایی ڕێژەی تەقەمەنییەکانی زیاد بکا. بەڵام ئێران لەوەدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە. ئەو هەروەها لە دابینکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ حوسییەکان، حەماس، حیزبوڵڵا و میلیشیا عێراقییەکان کە توانایی ناردنی ڤیدیۆی

**بەشی: دووهەم**

فڕینەکە و گەڕانەوەیان بۆ بنکەکانیان هەبێ، سەرکەوتوو نەبووە. ئەوە بەو مانایەیە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران هێشتا گەلێک دواکەوتوون و هاوپەیمانەکانی وەک حەماس فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەوتۆیان هەن کە تواناییەکانیان بەڕۆژ نین.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی حەماس بۆیە هەڕەشەن چونکە دەتوانن مانۆڕ بدەن و بە شێوەی نەوی بفڕن، بەڵام هێشتا تێکەڵاوێکن لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی V-1 ی ئیسرائیلی هی هەشتاکانی زایینی و مووشەکی دەریایی. بەڵام، گومان لەوەدا نییە کە ئێران تەکنەلۆژییەکەی هەناردە دەکا. ئێران یەکەمجار لە هەشتاکانی زاییندا دژی عێراق لە شەڕی ئێران-عێراق کەڵکی لە ئەبابیل وەرگرت. ئەوان لە کارخانەی فڕۆکەسازیی ئێران لە ڕووی مودێلێک دروست کران کە هی کۆمپانیای تێکستڕۆن بوو، کە پێش ١٩٧٩ هێلی کۆپتەری Bell 214 ی دروست دەکرد.

ئەمڕۆ سوپای پاسداران زۆر جار کەڵک لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەبابیل وەردەگرێ و ئەوە ڕێی تێدەچێ چونکە سپای قودس لەدەرەوە پشتیوانی لە حەماس، حیزبوڵلا و حوسییەکان دەکا. گریمانەی ئەوە دەکرێ کە میلیشیاکانی عێراقی سەر بە ئێران چەند جار کەڵکیان لە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە دژی بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لەو وڵاتە وەرگرتووە.

**ئەوە ئاماژەیەکە بە شەڕێکی بەربڵاوتری فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە لایەن ئێرانەوە دژی ئیسرائیل، عەرەبستانی سعودی و وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوانی دیکە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی دوور و درێژی تێرۆر و شەڕفرۆشیی ئێران

**فاکس نیوز - کێڵی لاکۆ، هیوستۆن کین**

ئاکـارە شەڕفرۆشـانەکانی ئەو دواییـانەی ئێـران دژی وڵاتە یەکگرتووەکـان و هاوپەیمانەکـانی درێـژەی مێژوویەکـی دوور و درێژی ئەو دەوڵەتەیە، لەنێویانـدا نـوێکردنەوەی تـاکتیکـان کە هـاککردنی سـایبەری و کەمپەینـی بڵاوکردنەوەی زانیـاریی هەڵە دەگرێتەوە. وێنەی تـازە بڵاوکراوەی ڕۆژی سێ شەممە لەلایەن هێزی دەریـایی وڵاتە یەکگرتووەکـان، بەلەمی سوپای پاسـدارانی شۆڕشـی ئیسـلامیی ئێـران نیشـان دەدەن کە خەریکـی مـانۆڕی "مەترسـیدار و کاڵفامـانە" لە دەوری پـاپۆڕە ئەمریکاییەکان لە کەنداوی فارسن.

ئەوە دووهەم ورووژانـدن لەلایەن ئێـران، دووهەمـین وڵاتـی خـۆرهەڵاتی نێوەڕاسـت لە ڕوانـگەی قەوارەوە، بـوو، ئەوە لە کاتێـکدایە کە ئەو وڵاتە خـۆی بـۆ وتـووێژ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکـان و ڕێبەرانـی دیـکەی دنیـا لە بـارەی ڕێککەوتنـی ئەتۆمیی ٢٠١٥ی ئێران ئامادە دەکا.

لەو کـاتییەوە کە ڕێژیمـی ئەو وڵاتە لە ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتـاوی) بـوو بە کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران، ئەو وڵاتە مێژوویەکـی دوور و درێژی لە تێرۆر و ئاکاری شەڕفرۆشانەی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی هەیە. ئەم ڕێـژیمە ٤٢ سـاڵە، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و خاوەن دەسەڵاتانی دیکەی دنیا وەک سەرەکیترین پشـتیوانی تێرۆریـزم لە سەرانسـەری دنیـا ناسراوە. ئەو ڕێژیمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پشتگیریی لە ڕێکخراوی تێرۆریستیی، وەک تـالیبان و حیزبوڵڵا، دەکا.

## مێژووی تێرۆر

بەر لە شۆڕشـی ئێـران، ئەو وڵاتە لە لایەن مـوحەممەد ڕەزا پەهـلەوی بەڕێـوە دەچـوو، کە بنەمـاڵەکەی لە ١٩٢٥ (١٣٠٤ی هەتـاوی) بەو لاوە دەسـەڵاتیان بەدەستەوە بـوو. بەڵام، لە پەنجاکـانی زایینـی بەولاوە حکومەتی ڕەزا شـا، بە پشـتیوانیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەر دەهات و زۆرتر بەرەو دیکتاتۆریی دەچوو. شا هەوڵی دا ئێران وەک وڵاتێکی ڕۆژئاوایی لێ بکـا و دەرفەتـی زۆرتـری بـۆ شـارۆمەندانی ئێـران ڕەخسـاند تـا لە بازرگـانی و خوێندنـدا سـەرکەون. بەڵام، لە ١٩٧٩ (١٣٥٧)، دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پەهلەوی بووە هۆی شۆڕش کە ئاکامەکەی وەلانانی ناوبراو لەسەر دەسەڵات بوو.



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

ئـایەتوڵڵا ڕوحـوڵڵا خومەینی و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، لقێکی [سـەربازیی] دەوڵـەتـی ئێـران کە دەیـان سـاڵ خەریکی چالاکیی تێرۆریستی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بووە، جێگای پەهلەوییان گرتەوە. حەوت مانگ دوای ئەو ڕووداوە ئێـران بە فەرمـی بـوو بە کۆمـاری ئیسلامی و، ڕێبـازی تێرۆریزمـی وەک تاکتیکێک بـۆ دەسـتەبەر کردنـی ئامانجە سیاسییەکانی و ترساندنی دوژمنانی دەست پێ کرد.

لە ٤ی نۆڤامبری ١٩٧٩ (١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨) تاقمێک خوێندکاری توندئاژۆی ئێرانی هێرشیان کردە سەر باڵوێزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە تـاران. پەنجـا شـارۆمەندی وڵاتە یەکگرتووەکـان بە بـارمتە گیـران. خوێنـدکارەکان داوایـان لە سەرۆککۆماری ئەوکـاتی ئەمریکـا، کـارتێر، کـرد شـا کە لە وڵاتـی خـۆی ڕای کردبـوو، ڕادەسـتی ئێران بکـاتەوە تـا دادگـایی بکرێ. خـومەینی هەر ئەوکـات فەرمـانی دابـوو کە دەوڵەت لە سـەرجەم کاربەدەستی لایەنگری شـا پـاک بکـاتەوە، کە ئەو بڕیارە بووە هۆی ئیعدامی هەزاران کەس.

کـارتێر خـۆی لە ڕادەستکردنەوەی شـا بـوارد. بارمتەکـان ٤٤٤ ڕۆژ ڕاگیـران و بـوونە هـۆی دۆڕانـدنی کـارتێر لە هەڵبژاردنـی سەرکۆماریی ١٩٨٠ لە بەرانبەر ڕۆناڵـد ڕەیگـان. بەڵام ئێـران بنـاغە تێرۆریستییەکەی خـۆی پـتەو کردبـوو. بە پشـتیوانیی ئێران، تـاقمی تێرۆریستیی حیزبوڵڵا لە نێوان ١٩٨٢ تـا ١٩٩٢ (١٣٦١- ١٣٧١)دا نـزیکەی ١٠٠ شـارۆمەندی بیـانیی لە لوبنـان بە بارمتە گرتن، لە نێویاندا ژمارەیەکی زۆر ئەمریکایی. هێنـدێک لە ئەمریکـاییە بە بارمتەگیراوەکـان چەنـد سـاڵ زینـدانی بوون لە کاتێکدا هی دیکە، لە نێویاندا بەرپرسی بنکەی سی ئای ئەی ویلیام باکلی، لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژران.

حیزبوڵڵا، کە حیزبێکی ئیسلامیی شیعە و گرووپێکی چەکدارە لە لوبنـان، لە ١٩٨٣ (١٣٦٢ی هەتـاویـدا) باڵوێزخـانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی لە بەیرووت تەقاندەوە کە بووە هۆی کوژرانی ٦٣ کەس، لە نێویاندا "سەرجەم ئەنـدامانی سی ئـای ئەی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست".

ئێـران هەروەهـا پشـتگیریی لە تەقانـدنەوەی بـنکەی سـەربازانی هێـزی دەریـایی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە فڕۆکەخـانەی نێونەتەوەیی بەیروت کرد کە بـووە هـۆی کـوژرانی نـزیکەی ٢٥٠ کەس لە هێـزی مـارینز و ١٠٠ کەسـی دیکەش بریـندار بـوون. ئێران بە هەمان شێوە لە پشت تەقـاندنەوەی باڵوێزخانەکـانی وڵاتە یەکگرتووەکـان لە کوەیت لە لایەن حیزبـوڵڵاوە بـوو. هەروەها ئێران دەستی لە کوشتنی چەندین کەس، لە نێویاندا زۆر بەرهەڵستکاری سیاسی هەبـووە. شـاپور بەختیـار، دواییـن سەرۆکوەزیرانی ئێران پێش شۆڕش و ڕێبەری جووڵانەوەی بەرخۆدانی نەتەوەیی ئێـران لە تـاراوگە لە فەڕانسە بـوو. لە

گەڕەکێکی قەراخ شاری پاریس لە ١٩٩١ (١٣٧٠ی هەتاوی) بە دەست مرۆڤکوژانی ئێران کوژرا. کاتێک یەکێک لە بکووژەکان دوای ٢٠ ساڵ ئازاد کرا، لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە وەک قارەمانێک پێشوازیی لێکرا.

ئێران هەروەها لە ١٩٧٩ (١٣٥٨ی هەتاوی) بەولاوە، پێوەندییەکی پڕ لە کەند و کۆسپی لەگەڵ دراوسێی خۆی ئەفغانستان هەبووە. ئەنستیتۆی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ڕایگەیاندووە کە ئێران "هاوکات پشتیوانیی لە دەوڵەتی ئەفغانستان و تالیبان کردووە بەو هیوایە کە بتوانێ ئەوان لێک دابڕێ و کاریگەریی بخاتە سەر ڕووداوە سیاسییەکان دوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان." لە ئاکامدا، لە درێژەی هەوڵەکانی بۆ لاوازکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا، ئێران چەکوچۆڵ و یارمەتیت داراییی گەیاندۆتە تالیبان تا لە ئەو گرووپە دژی هێزەکانی هاوپەیمان بە ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان کەڵک وەرگرێ.

ئیسرائیل یەکێک لە نزیکترین هاوپەیمانانی وڵاتە یەکگرتووەکان، بە هەمان شێوە ئامانجێکی ئاسایی تێرۆریزمی ئاراستەکراو لە لایەن ئێرانەوە بووە. ئێران بەردەوام هەوڵی بنکۆڵکردنی پێگەی ئیسرائیل لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە پشتگیریی لە توندوتیژی داوە تا پێش بە ئاشتی لە ناوچە بگرێ.

تاکتیکە تێرۆریستییەکانی ئێران لە چاو ١٩٧٩ (١٣٥٧ی هەتاوی) ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە و ئێستا لە توندوتیژیی فیزیکی، بڵاوکردنەوەی چەکوچۆڵ و تەقاندنەوەی بۆمب و هەروەها شێوازە مودێرنەکانی تێرۆر کە بتوانێ حاشایان لێ بکا، تێپەڕ بووە.

## نوێکردنەوەی تاکتیکەکانی تێرۆر

لەو ساڵانەی دواییدا، توانایی ئێران بۆ بەڕێوە بردنی تێرۆر و نانەوەی ترس لە دەوری دنیا ورسووڕانی بەخۆیەوە بینیوە و تەنیا هێرشی فیزیکی لەخۆ ناگرن، بەڵکوو ڕێژەیەکی بەرچاو لە هێرشی سایبەری تا کەمپەینی بڵاوکردنەوە هەواڵی درۆ و دزینی زانیاریی دەگرنە خۆ.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا، شارۆمەندانی ئێرانی کە کار بۆ دەوڵەتی ئێران دەکەن دەستیان لە کەمپەینی ئاراستەکراوی هێرشی سایبەری دژی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانیدا هەبووە. لە ٢٠١٦ (١٣٩٥ی هەتاوی)، حەوت ئێرانیی داواکراو، هەوڵی سابۆتاژی دامەزراوە داراییەکانی ئەمریکا لە ڕێگای بەدەستەوە گرتنی کۆنترۆڵی بەنداوێکی نیویۆرکیان دا.

هاککەرەکان کاریان بۆ سوپای پاسداران دەکرد.

دوو ساڵ دواتر، وەزارەتی دادوەری ئەمریکا ڕایگەیاند کە نۆ داواکراو، کە ئەوانیش کاریان بۆ دەوڵەت و سوپای پاسداران دەکرد، سیستەمی کامپیوتێریی ٣٢٠ زانکۆ و ٢٢ وڵاتیان هاک کردبوو و توێژینەوەی تایبەتیان دزی کە نرخی دەگەیشتە چەند ملیارد دۆلار.

لە سێپتامبری ڕابردوودا، سێ هاککەری دیکەی ئێرانی لەبەر دزینی زانیاریی تەکنەلۆژی پیشەسازیی فڕۆکە و ساتەلایتی وڵاتە یەکگرتووەکان، دادگایی کران. ئەوان زۆر کۆمپانیایان لە نێوخۆی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەرەوە کردە ئامانج و بە سەرکەوتوویییەوە دەستیان بە ڕایەڵەکان ڕاگەیشت و زانیاریی هەستیاریان دزین.

جگە لەوە، دەستی تاقمە ئێرانییەکان لە بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە لە نزیک سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ٢٠٢٠ ئاشکرا بوو. وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان هەر وەها ئابلۆقەی نوێی خستوونە سەر سوپای پاسداران، سوپای قودس و ئەنستیتۆی بەیان رەسانە گوستەر، لەبەر ئەوە کە ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ یان بە شێوەی دیکە لە دەستێوەردانی دەرەکی" لە هەڵبژاردنەکەدا دەستیان هەبووە.

هەڕەشەی دزەکردنی سایبەری بە پشتیوانیی دەوڵەت، بەردەوام ئالنگارییە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە سەرانسەری دنیا.

## بەڕێوەبەرایەتیی بایدن و ئێران

سەرەڕای مێژووی دوور و درێژی ئێران لە تێرۆریزمی فیزیکی و سایبەری، سەرۆککۆمار بایدن ڕایگەیاندووە کە بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەڵوێستێکی کراوەتر بەرەو دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتە دەگرێتە بەر، لە نێویاندا ئەگەری هەڵگرتنی ئابلۆقەکان و گەڕانەوەی فەرمی بۆ ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران هەن.

بە پێچەوانە، بەڕێوەبەرایەتیی سەرۆککۆماری پێشوو ترامپ "کەمپەینی ئەوپەڕی زەختی" دژی ئێران دەست پێ کرد، لەنێویاندا بە پەسەندکردنی ١٥٠٠ ئابلۆقە بۆ سەر ئەو وڵاتە و لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران هاتە دەر.

**بەشی: دووهەم**

ئەندامانی نیگەرانی کۆماریخواز لە کۆنگرە هەر ئێستا ڕێکاری ئەوتۆیان گرتوونە بەر تا دڵنیا بن کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن نەتوانێ لە بەرانبەر داواکانی ئێران خۆ بەدەستەوە بدا.

مانگی ڕابردوو، ئەندامی دیاری کۆمیتەی کارو بارەی دەرەوەی کۆنگرە لە حیزبی کۆماریخواز لە تێکزاس، مایکل مەککاڵ، لەگەڵ ٢٠ ئەندامی کۆماریخوازی کۆمیتەکە، یاسای ٢٠٢١ی پێداچوونەوە بە سووککردنی ئابلۆقەکانی ئێرانیان پێشکەش کرد. پێشنیاری یاساکە بە دەستپێشخەری سێناتۆر بیل هاگێرتی، کۆماریخواز لە ویلایەتی تێنێسی، پێشکەش کرد تا پەسەند بکرێ، کە ئەگەر پەسەند بکرێ دەسەڵات دەداتە کۆنگرە تا هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بایدن بۆ هەڵگرتنی ئابلۆقە لەسەر ڕێژیمی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە.

**جگە لەوە، وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو، مایک پۆمێئۆ، حەوتووی ڕابردوو بووە هاودەنگی شەش نوێنەری کۆنگرە لە حیزبی کۆماریخواز بۆ ئاشکراکردنی یاسای ئەوپەڕی زەخت، یاسایەکی نوێ کە کەمپەینی ئەوپەڕی زەخت وەها قفڵ دەکا کە بۆ بایدن تەقریبەن نامومکین دەبێ بتوانێ ئابلۆقەکانی سەر ئێران سووک بکا.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی جوونی ٢٠٢١

## خامنەیی گرینگترین دەنگدەری ئێرانە و توندڕەویی زۆرتر دەخوازێ نە کەمتر

ئەلعەرەبیە نیوز- سەعید قاسمی نژاد و بەهمەن بین تالێبلو

هەڵبژاردنـان دەرئەنجامیـان هەن، تەنـانەت لە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـرانیش. هـیچ کەس ئەوە لە ڕێـبەری گەورە، عەلـی خـامنەیی، خـاوەن دەسـەڵاتترین کەسـی وڵات و گرینگتـرین "دەنگـدەر"، باشـتر نـازانێ. بە هـۆی نـوێنەرانی لە بیرۆکراتـی بیـزانتییەکەی ئێرانـدا، خـامنەیی بەتەمـایە ئەوپەڕی هەوڵـی خـۆی بـدا تـا کەڵـک لە هەڵبژاردنـی سـەرۆککۆماریی بـۆ پتەوکردنی میراتە کۆنەپارێزەکەی و بەردەوام بە سیاسەتی توندڕەوانە، تەنانەت دوای مردنی خۆیشی، وەرگرێ.

خامنەیی لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٠ی ئێرانی لە مانگی مارس بەو کەسانەی گوت کە دەیانهەوێ خۆیـان بەربژێر بکەن، "ئێمە ئەو چاوەڕوانییەمـان لە ئێـوە هەیە کە هەست بە قورسایی ئەو کـارە بکەن و بـزانن دەتـانەوێ چ بەرپرسـیارییەکی قـورس بگـرنە ئەسـتۆی خۆتـان." لەو کـاتەوە، شـورای نیگابـان، یەکەیەکـی ١٢ کەسـی کە لە بەربژێـران دەکـۆڵێتەوە و گـوێڕایەڵی خـامنەییە، شیـاویی تەنیـا حەوت بەربژێـری لە نێـو ٥٩٢ کەس پەسـەند کـردووە. سـەرەڕای پەسـەندکردنی کەسێکی بەنـاو تەکنۆکرات و ڕێفۆرمخوازێکی لاواز، ئەنجومەنەکە چەند توندڕەویشی، لەو بەپرسیـارییە کە لەسـەر کـاغەز دووهەمین پلەی خاوەن دەسەڵاتی وڵاتە، نزیک کردۆتەوە.

ئەگەرچی ڕیزکردنی بەربژێران و وەلانـانی لایەنگرانی ڕێـژیم لە پرۆسەی بە توندی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردن لە ئێران، شـتێکی نـوێ نییە، بڕیـاری پێشـگرتن بە پڕاگماتیسـتان و ئەنـدامی لەمێـژینەی لایەنـی لیسـتی کۆنەپـارێزان، لە سـێ دەرفەتانەوە سەرچاوە دەگرێ، یان بە واتایەکی دیکە، ئەرکی قورس، لەو هەڵبژاردنەدا دەکەوێتە سەر شانی خامنەیی.
یەکەمیان دەرفەتی سوود بینین لە حەزی واشینگتۆن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی نـاوکیی ٢٠١٥ کە بە "بەرجـام" ناسراوە، بـۆ وەلانـانی چڵە زەیتـوونەکەی میـانەڕەوییە کە سـەرۆککۆمارە پراگماتیسـتەکانی پێشـوو ڕایـان داشـتبوو. ئەگەر سـووککردنی ئابلۆقەکان بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوە کە کێ جڵەوی بەدەستەوەیە لە سەر مێز بێ، ئەوسا خامنەیی لەوانەیە هەست پێ بکا کە بووکەڵەی ڕازاوە وەلانێ. دووهەمیان درێژەدان بە لاوازیی فرە چەشنیی سیاسییە، لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆرتـر تاکی بنئاژۆخواز بێنێتە نێو ڕەوتی ئاسایی. بە لەکۆڵخۆکردنەوە و وەلانـانی ڕێفۆرمخوازەکـان، پراگماتیستەکان و تەنـانەت بەشێک لە کۆنەپارێزان، خامنەیی دەتوانێ لە لایەنی توندڕەوتری "فازی دووهەمی" شۆڕشی ئیسلامی دڵنیـا بـێ. سێهەمیان پرسی جێگرەوە و تایبەتمەنـدیی دەوڵەتـی کۆمـاری ئیسـلامیی دوای خـامنەییە. نـوخبەیەکی یەکدەسـتتر و توندڕەوتر کە


سەرچاوە Serchawe

جڵەوی دیاریکردنی پلەکانی بەدەستەوە بێ، بە تایبەتی سەرۆککۆمار، زەمانەتی هێشتنەوەی ئێران لەسەر ڕێبازی شۆڕشگێڕیی تەنانەت دوای مردنی ڕێبەری گەورە مسۆگەر دەکا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە، خامنەیی پێویستیی بە کەسێکی شیاوە.

لەنێو بەربژێرەکانی پەسەندکراودا، سێ دانەیەن پێشووتر بەشداری هەڵبژاردن بوون و دۆڕاندوویانە. دوو کەس لەوانە، سەعید جەلیلی و موحسین ڕەزایی، پێوەندییان بە سوپای بەدناوی پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە هەیە، و ئەوی دیکە ئیبراهیم ڕەئیسی، پێوەندیی بە چینی مەلایانەوە هەیە. ئەوانە دەگەڵ عەلیڕەزا زاکانی و ئەمیر حوسێن قازیزادە هاشمی، نوێنەرایەتیی زۆرینەیەکی ئەوپەڕی بنئاژۆخوازیی لەو هەڵبژاردنەدا دەکەن.

لە نێو ئەو پێنجانە، گریمانە دەکرێ ڕەئیسی، بەرپرسی بەشی دادوەریی ئێران کە پێشدا بەڕێوەبەری دامەزراوەی چەند میلیارد دۆلاریی پێوەندیدار بە خامنەییەوە بووە، لە پێش ئەوانی دیکەوە بێ. ڕەئیسی لە لایەن چەند سەرداری پێشووی سوپای پاسدارانەوە پشتگیری کرا کە هەوڵەکانیان بۆ خۆ بەربژێر کردن وەستاند، یان سنووردارێان کرد تا بەرەی توندڕەو بەهێزتر بکەن؛ یان چونکە دەیانزانی ئامانجەکان بەرەو کام ئاقاردا دەڕۆن. هەرچۆنێک بێ، پشتیوانیی کەسایەتییەکانی سوپای پاسداران لە ڕەئیسی دەرخەری دوو دیاردەیە: سوپای پاسدارن لە بەڕێوەبەریی وڵات بێ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاری ڕازییە (نزیکەی سەرجەم سەرۆک کۆمارەکانی پێشوو مەلا بوون، نەوەک کەسێکی سەربازی)، و خاوەن ئەزموونەکانی سوپا و مەلای توندڕەو وەک چۆن دەتوانن لەگەڵ یەکتر کێبڕکێ بکەن، ئەوەندەش دەتوانن هاوکاریی بکەن.
جگە لە کەوتنە بەر ئابلۆقەی واشینگتۆن لە ١٣٩٨، بە هۆی دەستنیشان کران لە لایەن خامنەییەوە وەک بەڕێوەبەری بەشی دادوەری کە مناڵان ئیعدام دەکا، ڕەئیسی زۆرتر بەوە ناسراوە کە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتە چوار کەسییە بووە کە لە ١٣٦٧ چاودێریی ئیعدامکرانی لانیکەم ٥٠٠٠ زیندانیی سیاسی کردووە. لێکۆڵەروان پێشتر ڕایان وا بووە کە ڕەئیسی لەوانەیە ڕێبەری گەورەی داهاتوو بێ، بەڵام کاتێک لە ١٣٩٦ بۆ یەکەم جار پێی نایە نێو گۆڕەپانی سیاسییەوە تا ببێتە سەرۆککۆمار بە حەسەن ڕوحانیی دۆڕاند کە دەورەی پێشووتریش سەرۆککۆمار بوو. هێشتا سەرەڕای نەبوونی کاریزما و پێگەی سیاسی پتەو لەنێو دەنگدەراندا، ڕەئیسی هەمدیسان کەوتۆتە نێو جەرگەی سەرنج لە لایەن مێدیای ئێرانی و نێونەتەوەیی، کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەو وەک براوەی کێبڕکێیەکە دەستنیشان دەکەن.

بۆ زانیاریی زیاتر، سێ بەربژێر بەشدارن کە لە ڕەئیسی توندڕەوترن، قازیزادە، زاکانی و جەلیلی. بۆ وێنە جەلیلی، پێشووتر لە سەردەمی سەرۆککۆماریی مەحموود ئەحمەدینژاد دانوستانکاری وتوێژی ناوکی بووە. بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان،



سەرچاوە Serchawe

سەرۆک کۆماریی ئێران بە ڕێبەریی هەرکام لەو پیاوانە بە مانای ئەوەیە کە دیپلۆماسیی ناوکی دژوارتر دەبێ، بەڵام هێشتا نامومکین نییە چونکە ئەوە خامنەییە کە بڕیاردەری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە.

پەسەندکردنی سەرۆککۆمارێکی لەڕادەبەدەر کۆنەپارێز لە لایەن خامنەییەوە ئەو پەیامە دەگەیەنێ کە سەرەڕای ئابلۆقەکان، ئەو هەست پێ ناکا، یان لانیکەم نایهەوێ وا بنوێنێ، کە پێویستیی بە سووککردنی زەختی ئابووری بە هۆی ئاڵوگۆڕی سیاسییەوە هەیە، تەنانەت بە شێوەی ڕواڵەتیی و لە لایەن سەرۆککۆمارێک کە نەرمکێشتر بێ. لەبەر ئەو هۆیە، شێلگیریی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەدوای بەرجامدا و ویستی سووککردنی تەنانەت ئابلۆقەکانی ناپێوەندیدار بە پرسی ناوکییەوە، لەوانەیە بێ ئانقەست بە دەستەبەرکردنی ئەگەرێکی ئەوتۆ بەبێ تێچوو، ببێتە هۆی بەرتەسک بوونەوەی سیاسەتی ئێران.

لە کاتێکدا هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ خامنەیی دوای هەڵبژاردن، گەڕانەوەیەکی خێرا بۆ نێو بەرجام بخوازێ یان بە چڕ کردنەوەی هەوڵە ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر ناچار بکا زۆرتر پاشەکشە بکا، ئەوە شتێکە کە بە خێرایی خەریکە ئاشکرا دەبێ. خامنەیی بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکا کە وێدەچێ چیدیکە پێویستی بە تواناییەکانی دەسەڵاتی نەرم، پێوەندی یان فرتوفێڵەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە موحەممەد جەواد زەریف نییە تا ناکۆکییەکانی دەگەڵ ڕۆژئاوا چارەسەر بکا. وەک چۆن شرۆڤەکارێکی سیاسیی نێوخۆ ئاشکرای کردووە، توندڕەوکان تەنانەت دەتوانن لەگەڵ ئەمریکا ئاڵوگۆڕی سیاسی بکەن بەو مەرجە ئەوان شانازیی لابردنی ئابلۆقەکانیان بەنسیب بێ.

### خامنەیی گۆڕەپانەکە پاک دەکاتەوە

کاردانەوەیەکی دیکەی بەرتەسککردنەوەی پانتایی سیاسی لە لایەن خامنەییەوە ئەوەیە کە کێبڕکێی نێو ڕێژیم بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە، لایەنێکی هەستیار لە "دیکتاتۆرییەتی خاوەن کێبڕکێ" کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ئێران لە ڕابردوودا دیتراوە. سەرەڕای ئەو هەموو لایەنانەی کە خوازیاری بەردەوامیی کۆماری ئیسلامیین و گوێڕایەڵی ئایدیۆلۆژی شۆڕشگێڕانەی "ویلایەتی فەقێ" -ی ڕێژیمن، خامنەیی داوای زۆرتری کردووە. بە تایبەتی، خامنەیی وردە وردە جووڵانەوەی ڕیفۆرمی پەراوێز خستووە، لە کاتێکدا کە تاکی فرە توندڕەوی هێناونەتە نێو گۆڕەپانی سیاسی.

بۆ وێنە، لە ١٣٨٨، خامنەیی لقی ڕیفۆرمخوازی هەرە نزیک لە سەرۆککۆماری پێشووتر موحەممەد خاتەمیی لەنێو برد، کە بە نۆرەی خۆی ڕیفۆرمخوازان، و هەروەها ئەو لایەنانەی دەیانەویست دەنگی ناڕەزایەتی بدەن بە "کەم خراپترین بژاردە"

ناچار بوون پشتیوانی لە سەرۆک وەزیرانی پێشووتر میرحوسێن موسەوی و سەرۆکی پێشووتری پارلمان، مێهدی کەڕرووبی بکەن. هەڵبژاردنەکە لە کۆتاییدا بە قازانجی دەوری دووهەم بۆ کەسی فرە توندڕەو، مەحموود ئەحمەدینژاد، کۆتایی پێ هێنرا.

لە هەڵبژاردنەکانی ١٣٩٢، خامنەیی سەرجەم بەرەی ڕیفۆرمخوازی لەنێو برد و تەنانەت سەرۆککۆماری پێشوو، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، کە نوێنەرایەتیی پراگماتیستەکانی دەکرد، پەسەند نەکرا تا ببێتە بەربژێری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری. لە ئاکامدا، ڕیفۆرمخواز و پراگماتیستەکان ناچار کران هاوپەیمانییەک دروست بکەن و پشتیوانی لە حەسەن ڕوحانی، بیرۆکرات و دانوستانکاری ناوکیی خاوەن پێوەندی قووڵ دەگەڵ بەشی ئەمنیەتی ئێران، بکەن.

لە ساڵی ١٤٠٠، خامنەیی نە تەنیا جێگری یەکەمی سەرۆککۆماری هەنووکەیی، ئیسحاق جەهانگیری، وەلا نا بەڵکوو هەنگاوێکیش بەولاوە چوو و ئەندامی پێشووی پارلمان سەر بە لیستی کۆنەپارێز، عەلی موتەههەری و سەرۆکی کۆنەپارێزی پێشووی پارلمان عەلی لاریجانی، کە پێوەندی بە هەردوو سوپای پاسداران و تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانەوە هەبووە، لە بەربژێربوون بێبەش کرد.

لە وێژمانی جەماوەریی فارسیدا فرە چەشنیی سیاسیی ئێرانی شۆڕشگێڕ وەک شەمەندەفەرێکی لە حاڵی ڕۆیشتندا باس کراوە کە بە گوێرەی کات مسافیرەکانی لەکیس دەدا. بەڵام ئەوەی سێ دەیە ڕێبەرایەتیی خامنەیی سەلماندوویەتی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی شەمەندەفەرێکە کە لە چەند ئوتومبێلان پێکهاتووە کە هەر کامیان نوێنەرایەتیی بەشێکی جیاواز دەکا. لە کاتێکدا کە ئەو لایەنانە بە شۆڕش و ڕێبەری گەورە وەفادارن، لەگەڵ ئەوەشدا خامنەیی لە درێژایی سەفەر ئوتومبێلان هەڵدەبژێرێ و لە شەمەندەفەرەکەیان جیا دەکاتەوە. لەگەڵ جیاکردنەوەی ئوتومبێلان، شەمەندەفەرەکە خێراتر بەرەو ئامانج دەڕوا، بەڵام ئامانجێک کە کۆماری ئیسلامی ناکاتە دلۆڤانتر و نەرم و نیانتر، تەنانەت دوای مردنی خامنەییش.
لە دەیەی هەشتەمی ژیانیدا، خامنەیی بێگومان ناتوانێ ئەوە لەبەر چاو نەگرێ، بە تایبەتی ئەگەر نیگەرانی پاراستنی میراتەکەی بێ. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە زۆربەی سەرۆککۆمارانی ئێران دوو دەورە خزمەت دەکەن، کاتێک سەرۆککۆماری ئەمجارە ماوەکەی کۆتایی دێ، خامنەیی تەمەنی ٩٠ ساڵە. لە کاتێکدا کە ڕوون نییە ئاخۆ تا ئەوکات زیندوو بێ تا ئەو ڕۆژە جەژن بگرێ، ئەوەی کە ڕوونە ئەوەیە کە پرسی جێنشین هەر لەئێستاوە لە ئارادایە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ئاخۆ ڕەئیسی جێنشینی خامنەییە یان نا، سەرۆککۆماری داهاتوو لەوانەیە دەرفەتی کاریگەریدانان لەسەر ڕووداوەکانی دوای مردنی خامنەیی لە کورسیی دەسەڵاتەوە هەبێ. بۆیە خامنەیی پێداگرە کە

بەربژێرەکان دەبێ لە قوماشی دروستی شۆڕشگێڕی! بن.

هەنووکە خامنەیی هیچ جێنشینێکی دیاریکراوی نییە. لە کاتێکدا مەجلیسی پسپۆڕان - کە هەموویان مەلان- بە گوێرەی یاسا ئەرکیان دیاریکردنی ڕێبەری داهاتوو دوای مردنی خامنەییە، پێش ئەو کارە لەوانەیە "ئەنجومەنێکی ڕێبەری" دامەزرێنن کە بەپێی برگەی ١١١ی یاسای بنەڕەتی، لە سەرۆککۆمار، سەرۆکی بەشی دادوەری و ئەندامێکی شورای نیگابان پێک دێ کە لە لایەن یەکەیەکی سیاسیی دیکە بە ناوی ئەنجومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام دەستنیشان دەکرێ.

لە سێناریۆیەکی ئەوتۆدا، خامنەیی پێویستی بە هەرچی وەفادارە تا ڕێبازی شۆڕشگێڕی، کە کەسی پێش خۆی، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، داڕێژەری بووە و ئەو پاراستوویەتی، درێژەی هەبێ. ڕەئیسی یان توندڕەوێکی دیکە دەتوانێ ڕێک ئەو جۆرە کەسە بێ بۆ کارکردن لەگەڵی، لە جیات پشکدارەکانی دیکە وەک سوپای پاسداران و هەر هێزیکی دیکەی نێوخۆیی سەرکوت بکەن کە هەوڵی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ بدەن.

## ئەگەر خامنەیی بیباتەوە خەڵکی ئێران دەدۆڕێ

سەرەڕای ئەو سێ دەرفەتەی بەر دەمی خامنەیی بەو سوورە سیاسییەوە، هێزێک هەیە کە ئەو بە هاندان بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردندا وروژاندوونی: خەڵکی ئێران. دەگەڵ قەیرانە هەنووکەییەکانی سیاسی، تەندروستی گشتی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و قەیرانی دیکە لە ئێران، بەر تەسک بوونەوەی گۆڕەپانی سیاسی و بەشداریی زیاتری لایەنی فرە توندڕەو وەک هێزێکی ئاسایی، وێدەچێ ببێتە هۆی یەکێک لە کەم بەشدارترین هەڵبژاردنەکان لە مێژووی کۆماری ئیسلامییدا.

ئەوە گاڵتەجارییە، لە کاتێکدا کە خامنەیی کەڵکی لە بەشداریی ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگدەران وەک قەڵغانێک دژی زەختی دەرەکیی وەرگرتووە، وای نواندووە کە ئەوە دەرخەری ڕەوایی کۆماری ئیسلامییە؛ بەڵام دەزانێ ئەو ڕەواییەی نییە. بە تایبەتی، خامنەیی دەنگدانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە کێ بەربژێرە، "وەک دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی" وەسف کردووە، و لە شوێنێکی دیکە دەنگدانی، بە تایبەتی لە هەڵبژاردنی پارلمان وەک "ئەرکێکی ئایینی" نرخاندووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵبژاردنی پارلمانی لە فێورییەی ڕابردوودا، کە کەمترین ڕێژەی بەشداریی تێدا تۆمار کرا، لەوانەیە فووی چێشتێ بێ. ئەو هەڵبژاردنانەی پاش ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە سێ ساڵی ڕابردوودا بەڕێوە چوون، پێشبینیی

**بەشی: دووهەم**

**شۆڕشێک دژی سیستەم، نەوەک چاکسازیی لەنێو سیستەمی سیاسی ئێران، دەکەن. بەو داوا، ویست و پێداویستییانەی کە هێشتا بێ وەڵام ماونەوە، ئێرانییەکان ئاشکراتر باسی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان دەکەن.**

**بۆیە ئەندازیاریی ئەو جارەی هەڵبژاردن لە لایەن خامنەییەوە، کەمتر لە بارەی ئەوەدایە کە وا بنوێنێ خەلک پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامیی دەکا تا دووبارە دارشتنەوەی نوخبەی سیاسی و ئامادە کاریی بۆ داهاتوو.**

**بە گوێرەی ئەو بەرنامەیە، وێدەچێ ئامانجی خامنەیی کەڵکوەرگرتن لەو سوورە بۆ جیاکردنەوەی ئوتومبێلێکی دیکە لە شەمەندەفەری سیاسی کۆماری ئسیلامیی بێ، بەڵام بەو کارە، ئەو خۆی لە ئەگەری بەلاڕێچووندا دڵنیا دەکاتەوە. هەرچۆنێک بێ، تا ئەو کاتەی بەربژێری پەسەندکراو لە لایەن خامنەییەوە بیباتەوە، ئەوە خەڵکی ئێرانە کە دەدۆڕێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠٢١**

## ئەوەی گرفتە ئێرانە، نەوەک ڕێککەوتنی ئەتۆمی

**ئاتلانتیک - جەیمز جێفری و دێنیس ڕاس**

هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆمار جێگای سەرسووڕمان نەبوو. هەموو ئەوانی کە لەوانەبوو بۆ هەڵبژێرانی ئەو هەڕەشە بن وەلا نرابوون. ئەو هەڵبژێراوی سەرۆکی گەورە، عەلی خامنەیی بوو و ئەوە شتێکی سەیر نییە: کەم کەس دەتوانێ باشتر لە ناوبراو ڕوخساری ئایدیۆلۆژی کۆماری ئیسلامیی بێ. ئەو ئێران بەرەوڕووی دنیای دەرەوە ناکاتەوە و بێگومان بە هیچ شێوەیەک بە تەمای ئاسانکاریی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان نییە. لە پێوەندیی لەگەڵ ڕەفتاری ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەو بە ئاشکرا گوتوویەتی "بۆ وتوویژ نابێ".

کێشەی ئیسرائیل - حەماس لە مانگی ڕابردوو، ئەوەی بیر خستینەوە کە هەموو شتێک لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیی بەیەکەوە هەیە و کاتێک ئێمە لە سەر مووشەکەکانی حەماس، کارەساتی هەنووکەیی لە یەمەن یان ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران بدوێین، دەوری ناسەقامگیرکەری تاران هۆکارێکی هاوبەشە.

ئێمە تێدەگەین بۆچی سەرکۆمار بایدن هەوڵ دەدا بگەڕێتەوە نێو بەرجام. وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران بگەڕێنێتەوە دواوە و پاشان کەڵک لە کاتی بەردەست، پێش کۆتایی کاتی دیاریکراو وەرگرێ تا، یان بگاتە ڕێککەوتنێکی دوورودرێژتر و بەهێزتر کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمایە، یان هێزی چاوترسێنکردنی خۆمان بەهێزتر بکەین بە شێوەیەک کە تاران تێ بگا کە وڵاتە یەکگرتووەکان پێش بە ئێران دەگرێ بۆوەی نەبێتە وڵاتێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی.

بەڵام ئەگەرچی ئێمە لە بایەخی سنووردار کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تێدەگەین، بەڵام ئەوە بەس نییە. پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرپەرچی هەوڵەکانی ئێران بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کێشەکان لە ناوچە بداتەوە: بەڵام سووککردنی ئابلۆقەکان کە ئاکامی گەڕانەوە بۆ بەرجامە، سامانەکانی گێرەشێوێنیی تاران زیاد دەکەن. کەمپەینی "ئەوپەڕی زەخت"ی دۆناڵد ترامپ سامانەکانی ئێرانی کە دەگەیشتنە دەست تاقمە میلیشیاکان وەک حیزبوڵڵای لوبنان، میلیشیا شیعەکانی عێراق و ڕێکخراوە فەلەستینییەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامیی، سنوردار کرد، بەڵام هەرگیز هەوڵەکانی ئێرانی بۆ ڕاهێنان، پڕچەککردن و یارمەتیی دیکەی کەرەسەیی و تەکنیکی نەوەستاند.



سەرچاوە
Serchawe

پاش کێشەی ئەو دواییانە دەگەڵ ئیسرائیل، ڕێبەرانی حەماس گەلێک سپاسی تارانیان کرد بۆ ئەو شتانەی پێی دابوون و ئێمە لە فایلە دەنگییە دزەپێکراوەکەوە دەزانین کە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، محەممەد جەواد زەریف لە سوپای قودس تووڕە بوو کە بەردەوام ئەو ئامانجانەی بێ ئاکام دەکردن کە ناوبراو بە تەما بوو بە هۆی دیپلۆماسییەوە دەستەبەریان بکا. جگە لەوە، خامنەیی دەیهەوێ نیشانی بدا کە گەڕانەوە بۆ بەرجام بەو مانایە نییە کە ئەو دەست لە ئایدیۆلۆژی بەرخۆدان هەڵدەگرێ، کەوابوو ئێمە دەبێ چاوەڕوانی پەرەئەستاندنی ئێران لە یەمەن، عێراق، سووریە و لوبنان و هەروەها هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ بین.

ئەو ترسە لە بەرنامەی ناوچەیی ئێران بەشێکی زۆر لە دژایەتی بەرانبەر بە بەرجام شی دەکاتەوە، هەم ئەو کاتی کە واژۆ کرا و هەروەها بە درێژایی ئەو سالانە تا ئەوڕۆ. ژمارەیەکی زۆر لە کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ڕێبەرانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئەوکاتی نیگەران بوون، هەر وەک چۆن ئێستا نیگەرانن، کە بەڕێوەبەرایەتی و هاوبەشانی ئەورووپایی بە هەڵە لە پرسی ئێران وەک پرسێکی "داخراو" دەڕوانن، چونکە ئەوان بە شێوەیەکی بەرتەسک دەڕوانن هەڕەشەی ئێران و تەنیا لە پرسی ئەتۆمیدا کورتی دەکەنەوە. بەڵام ڕەخنەگرانی ناوچە، ڕابردوو وەک فووی چێشتێ سەیر دەکەن: هەر وەک چۆن ئێران دوای ڕێککەوتنی بەرجام گەلێک چالاکتر و شەڕانشۆتر بوو، ئێستاش کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران بگەڕێنەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، چاوەڕوانی ئاکارە مەترسیدارەکانین. دروست یان نا، بەشێکی بەرچاو لە ناوچە دڵنیان کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لەبەر نیگەرانیی لە مەترسیکەوتنی جێبەجێ کرانی ڕێککەوتنەکە، شەڕانشۆیی ئێرانی پاشگوێ خست.

ڕوانگەی ناوچەیی لەبارەی ئێران ئاکامی ئەزموونی ئەو ڕێبەرانە دەگەڵ کۆماری ئیسلامییە. بۆ ئەوان، پرسی سەرەکی لە ئێران، وەک هێنری کیسینجێر گوتەنی، ئەوەی کە ئاخۆ وڵاتێکە یان پرسێک. بەڵگە بۆ ئەوەی دواتر بەهێزە و ڕەگی قووڵی داکوتاوە: ئێرانی شۆڕشگێڕ کەڵک لە وێژمانی ئیسلامیی شیعە و دژی کۆلۆنیالی بۆ ڕەواییدان بە بەرنامە دەستدرێژیکارانە و ناسیۆنالیستییەکەی وەردەگرێ. دەسبەجێ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، ئێعدامکردنی هەزاران بەرهەڵستکاری ڕاستەقینە و خەیاڵیی ڕێژیم دەستی پێ کرد و پشتیوانی لە تاقمە تێرۆریستییەکان لە سەرانسەری ناوچە، هەڕەشەی نەگۆڕ لە بوونی ئیسرائیل، دژە هێرشی مەترسیدار بۆ نێو عێراق لە هەشتاکانی زایینی، هێرشی ١٩٨٣ بۆ سەر وڵاتە یەکگرتووەکان لە لوبنان و شەڕی نەوتهەڵگران دەگەڵ ئەمریکا، هەموو ئەوانە سروشت و هەڕەشەی ئێرانیان ئاشکرا کرد.

کاتێک، لە ٢٠٠٥، بەرنامەی گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمیی ئێران ئاشکرا بوو، لە پێشدا وەک کەرەسەیەکی ئەگەرچی

مەترسیداری ئێران لە سیاسەت بۆ دەسەڵات سەیر کرا. لەبەر ئەو هۆیە، بەڕێوەبەرایەتیی بوش و ئۆباما ڕایانگەیاند کە وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پێشگرتن بە ئێران بۆ گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمی، کەڵک لە هێز وەردەگرن، هەڕەشەیەک کە بەرەوڕووی ئەفریقای باشوور، لیبی، هیندوستان یان پاکستان نەکرا کە هەرکام لەوانە لە کاتی جیاجیادا چەکی ئەتۆمییان بەرهەم هێنابوو. لە ڕوانگەی خۆرئاواوە ئەوە پرسێکی مەترسیدار بوو، ئێران وەک پەلاماردەرێکی خۆڕسک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا.

بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەحەق نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەگەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران نەکرێ بە شێوەی دیپلۆماتیک پێشی پێ بگیرێ، ببێتە هۆی کێشەیەکی بەربڵاوتر، یان بە دەستپێشخەریی ئیسرائیل، کاتێک هەست بە هەڕەشە لە بوونی خۆی بکا، یان وڵاتە یەکگرتووەکان، کە دەزانێ کێبڕکێی وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست چ مەترسییەکی مەزنە، کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن. پەنا بردن بۆ دیپلۆماسی وەک ئامرازی گۆڕینی ئاکاری ئێران نە تەنیا بە هۆی لۆژیکی بەڵکوو بە زۆر هۆ ڕێبازێکی پێویستە کە دەبێ ڕەچاو بکرێ. بێگومان، ئەوە بەو مانایە دەبوو کە ئێران ئیتر پرسێک نییە بەڵکو وڵاتێکە، کە خولیا ئەتۆمییەکانی، و ڕەنگبێ بەولاوەتر، هەڕەشە ناوچەییەکەی، دەکرێ بە دیپلۆماسی کۆنباوی گێزەر و قامچی، دەستەمۆ بکرێن.

هێندێک کەس لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لایان وابوو بەرجام دەتوانێ سیگناڵی سیاسیی "گۆڕینی ڕێژیم" بێ. چاوەڕوانی دەکرا بە دیتنی ڕێز و متمانەی خۆرئاوا، ئێران باوەشی بۆ دنیای بە جیهانیبووی دەسکردی ئەمریکا بکاتەوە. ئەگەر گرەوەکە ئەوە بوو، ئاکامێکی ئەوتۆی نەبوو. لە ٢٠١٣، کاتێک وتووێژی جیددی لە گەڵ دەوڵەتی ئێران دەستی پێ کرد، تا ٢٠١٨، کاتێک ترامپ ڕێککەوتنەکەی جێ هێشت، ئێران ئاکاری میانڕەوانەی ڕەچاو نەکرد. لە جیاتیان، دەستدرێژییە ناوچەییەکانی پەرە پێدا، کەڵکی لە ناسەقامگیریی دوای بەهاری عەرەبی و هەروەها سەرهەڵدانی داعش، بۆ پەرە پێدانی دەسەڵاتی خۆی وەرگرت. بۆ زۆر لایەنی ناوچە، وانەکە ئاشکرا بوو: ئێران بۆ متمانەپێکردن نابێ، چونکە بەرنامەی ئەو وڵاتە زاڵبوون بەسەر خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە.

بە بێ لەبەر چاو گرتنی ڕوانگەی ئیسرائیلییەکان، سعودییەکان، ئیماڕاتییەکان و ئەوانی دیکە لە بارەی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما، هەڵوێستی بایدن بەرانبەر بە ئێران بە ئاشکرا لە هی ئۆباما جیایە. بۆ وێنە بڕوانە ئەو نیشانانە کە تیمی بایدن بەرانبەر هەڕەشەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئێران دەستەوەستان نابن: هێرش بۆ سەر ئەمبەر ئەوبەری سنووری عێراق - سووریە، لە جوابی هێرشی مووشەکیی میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران دژی بنکەیەکی عێراقیی کە هێزەکانی وڵاتە


سەرچاوە
Serchawe

یەکگرتووەکان لێی جێگیر بوون؛ پێشگرتن بەو بەلەمانە کە چەکوچۆڵی ئێرانی دەبەن بۆ یەمەن؛ سەرەڕای زەخت، پشتیوانیی لێبڕاوانە لە مافی ئیسرائیل بۆ داکۆکی لە خۆی لە بەرانبەر مووشەکەکانی حەماس. لە هەمان کاتدا، کاربەدەستانی ئەمریکایی لە وتووێژی ئاشکرا بەڵێنی بە هاوپەیمانانی ناوچە دەدەن کە ئیزن نادەن پرسی ئەتۆمی ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەوشتانەدا بێنێ کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمریکا لە ئێرانیان قەبووڵ دەکا.

ئالنگارییەکە ئەوە دەبێ کە درێژە بەو هەنگاوە سەرەتاییانە بدرێ و، کاتێک هەردوو لایەن گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەرجام، کە ئێمە هەردووکمان لەسەر ئەو بڕوایەین ئەوساڵ دەقەومێ، نیشان بدرێ کە بەڕیوەبەرایەتیی بایدن دەگەڵ هاوپەیمانانمان کار دەکا و کاتێک ئێران ڕاستەوخۆ یان بە یارمەتیی بەکرێگیراوانییەوە هەوڵی پەرە پێدانی دەسەڵات و هەڕەشە لە لایەنەکانی دیکە بکا، دژی بوەستێتەوە. گاڵتەجارییەکە ئەوەیە، بۆ ئەوەی دیپلۆماسی کاریگەر بێ، چ لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی بێ یان پرسە ناوچەییەکانی دیکە، تاران دەبێ بزانێ ئەو هەڵوێستە هێزی لە پشتە. ئەگەر زەخت نەبوایە، بەرجام نەدەهاتە ئاراوە و ئەگەر بمانهەوێ پێش بە ئاکارە خراپەکانی ئێران بگرین، دەبێ بتوانین بە ڕێبەرانیان بسەلمێنین کە ئەوان دەبێ تێچووەکەی بدەن.

ئێستا کە ئیسرائیل دەگەڵ باقی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بەشێکە لە ناوچەی ژێر بەرپرسیاریی فەرماندەیی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دەبوو هاوبەشە عەرەبەکانمان لێک کۆ بکاتەوە تا بژارەی دیاریکراو دەسنیشان بکەن و پلانی ئامادەیان بۆ هەڵسوکەتکردن دەگەڵ هەڕەشەکانی میلیشیا شیعەکان هەبێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدێن دەبێ بە هەمان شێوە دەوڵەتانی کەنداو هان بدا تا باشتر پشتیوانی لە دەوڵەتی عێراق بکەن؛ کەڵک لە سامانە هاوبەشەکانمان وەرگرین تا زەختی زۆرتر بخەینە سەر هەناردەکردنی چەکوچۆڵ لە لایەن ئێرانەوە بۆ بەکرێگیراوانی و پشتیوانی لە بەردەوامیی هێرشەکانی ئیسرائیل دژی هەوڵەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ژێرخانی سەربازیی و گەشەپێدانی توانایی مووشەکی ڕێنوێنیکراو بۆ میلیشیاکانی سوورییەیی و حیزبوڵڵا بکەین.

لە ماوەی بەڕێوەبەرایەتی ترامپ، واشینگتۆن کەڵکی لە ڕێکاری جیاواز، لە وڵاتانی جیا جیا لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەردەگرت، بەڵام بە گشتی زەختی سەربازیی، ئابووری و سیاسی دەخستە سەر ئەو وڵاتە تا پێش بە بەرەوپێشچوونی ئێران بگرێ. ئاکارەکانی لە لایەن هاوپەیمانانی ناوچەیی پشتگیریی دەکرا کە لە کۆتاییدا بووە هۆی پەیمانی ئیبراهیم. پەرە پێدانی ئەو ڕێککەوتنانە نە تەنیا لە ڕوانگەی نزیک بوونەوەی عەرەب لە ئیسرائیل بۆ هاندانی ئەو وڵاتە تا بۆ ئاشتی دەگەڵ فەلەستینییان هەنگاو بنێ شتێکی عەقڵانییە، بەڵکوو لە ڕوانگەی بەهێزتر کردنی



سەرچاوە
Serchawe

هاوپەیمانییەک کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئێران پۆشتە کراوە.

بۆ سەرکەوتن، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پێویستی بە کارکردن دەگەڵ هاوبەشە عەرەب، ئیسرائیلی و تورکەکان لە پێوەندی دەگەڵ پرسە ناوچەییەکانی ئێران و پاراستنی زەخت بۆ سەر تاران و ئەو دەوڵەتانە هەیە کە وەسوەسەی ملکەچ بوون بۆ ئێرانیان هەیە. هەڵوێستێکی ئەوتۆ دیپلۆماسی وەلا نانێ؛ بە پێچەوانە، بڕەوی پێ دەدا. بە ڕاستی، ئەگەر بە شێوەی دروست جێبەجێ بکرێ، لەوانەیە ئێمە ببینە هۆی ویستی ئێران بۆ وتووێژ.

لە کۆتاییدا، ئەگەر وتووێژە ناوچەییەکان دەگەڵ تاران شانسی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ناوچە و لاواز کردنی پۆتانسیەلی کێشە و شێواندنیان هەبێ، دەبێ ببنە هۆی وەها پاشەکشە پێکردنێک لە ناوچە کە بیانوویەک بدەنە ئێران تا بە ڕەفتاری خۆیدا بچێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٢١

## ئێران ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا

**دیفێنس وان - کەریم سەججادپور**

زۆرجار خاڵی وەرسووڕانی بەختی ڕێژیمە لێڵ و سەرەڕۆکان دیاری کراوە، بەڵام هەرگیز ناکرێ پێشبینی بکرێ. "هەڵبژاردن"ی ساختەی ئیبراهیم ڕەئیسی، مەلایەکی ناکاریزماتیکی توندڕەوی تەمەن٦٠ ساڵە، وەک سەرکۆماری داهاتوو ئەگەری بوون بە ساتەوەختێکی ئەوتۆی هەیە، ئەگەرچی گرینگیی ئەو ڕووداوە لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێ. ئاخۆ دەسنیشانکردنی ڕەئیسی وەک مێژووناسێک باسی کرد، زێدەڕۆیی ئاشکرای سیستەمێکی دیکتاتۆر دێنێتەوە یاد کە پاشماوەی ڕەوایی کۆماری ئیسلامی لەنێو برد و بووە هۆی تێکڕمانی؟ یان تەنیا دەبێتە قۆناخێکی نوێ لە تەمەنی حکوومەتی مەلایانە کە دژی پێشبینییەکانی چاکسازی و هەرەسهێنان وێستاوە و ڕێگا بەرەو بوون بە جێگرەوەی پارێزەرەکەی، ئایەتوڵڵا خامنەیی ٨٢ ساڵە، وەک ڕێبەری داهاتووی ئێران دەبڕێ؟

هەڵبژێرانی ڕەئیسی، بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ڕوانگەی وتووێژە ئەتۆمییەکانی دەگەڵ ئێران، هەستی تەنگەتاوبوونی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ کۆتاییهێنان بە مامەڵەکە پێش دەسبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی توندئاژۆتر لە ئێران پێش ٨ی مانگی ئووت بەرچاوتر دەکا. ئەگەرچی دەسەڵاتی ئێران لە دەستی سەرۆکی گەورە و سوپای پاسدارانداندا دەمێنێتەوە، سەرکۆماریی ڕەئیسی گەیشتن بە ئامانجی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ دانوستان، واتە مامەڵەیەکی "درێژ مەوداتر و بەهێزتر" دەگەڵ تاران ئاڵۆزتر دەکا.

بەڵام، بۆ زۆر کەس لە حەشیمەتی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، هەڵبژێرانی ڕەئیسی لە بەر هۆی جیا لە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران گرینگە. دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبری ٢٠١١، زانایان و داڕێژەرانی سیاسەت لەبارەی ئەوە کە ڕێگای ئاشتی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئورشەلیم یان لە بەغداوە تێدەپەڕێ مشتومڕیان بوو. ئەمڕۆ بۆ زۆر لە لیبراڵەکان لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست ئاشکرایە کە سیاسەتی تاران لە سیاسەتی بەیرووت، دیمەشق، بەغدا، سەنعا و بەولاوەتر لێک جیا ناکرێنەوە. ئەگەرچی دژوارییەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەلێک باوکی هەن، تا ئەوکاتە ئێران، یەکێک لە مەزنترین و دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی ناوچە، لەژێر ڕێبەرایەتیی حکوومەتی مەلایان دایە کە چالاکانە بەشێکی بەرچاوی داهاتی وزەی خۆی بۆ پشتگیری و ڕاهێنانی میلیشیای چەکدار کە ملکەچی ئایدیۆلۆژییە بەرچاوتەنگ و شۆڕشگێرانەکەیەتی تەرخان دەکا، ناوچەیەکی سەقامگیرتر، دڵفراوانتر و خۆشبژێوتر وەک خەونێکی دوورەدەست دەمێنێتەوە.

کەسایەتیی خەمۆک و ڕابردووی تاوانکارانەی ڕەئیسی، بیرهێنەرەوەی ئەو بۆچوونەی هانا ئارێنت لەبارەی سروشتی هیچ و پوچی بەدخوازییە. ئەو لە ٢٠١٧ بەولاوە بۆتە کەسێکی ناسیاو لە ئێران، کاتێک کە لە بەرانبەر ڕوحانی لە هەڵبژاردنی سەرکۆمارییدا خۆی بەربژێر کرد و یەک لەسەر سێی دەنگەکانی ڕوحانیی هێناوە و شکستی خوارد. ئەگەرچی مێدیای دەوڵەتی بەبێ بەڵگە پلەی ناوبراویان بۆ ئایەتوڵڵا بەرز کردۆتەوە، گرینگترین لێهاتووییەکەی ناوبراو ئەوەیە کە مورێدێکی جێگای متمانەی خامنەییە، کە ئەوی وەک سەرۆکی مەزنترین دامەزراوەی ئایینیی ئێران و پاشان سەرۆکی دادوەری دیاری کرد.

بۆ گەلێک لە ئێرانییەکان، ڕەئیسی زۆرتر لەبەر ئاکارەکانی وەک یەکێک لەو چوار دادوەرانە ناسراوە کە سەرپەرستیی پرۆسەی ئەشکەنجە و ئێعدامی بەکۆمەڵی نزیکەی ٥٠٠٠ ئەندامی بەندکراوی گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی، - لە ناویاندا ژن و منداڵ - لە هاوینی ١٩٨٨یان دەکرد. وەک ئەندامی تاقمێکی تاوانکار کە پلەکانی پێشکەوتن بە نیشاندانی توندوتیژیی بێبەزەییانە وەدەست دەهێنێ، ڕەئیسی، دادوەرێکی ئێعدامکار لە تەمەنی ٢٨ ساڵییەوە، بناغەی ئیعتیباری شۆڕشگێڕییەکەی پتەو کردووە.

ڕەئیسی دەڵێ کە ئەو تەنیا مەئموور بووە و فەرمانی جێبەجێ کردوون و وێدەچێ بۆ کارەساتە جەرگبڕەکانی نە پەژیوانە و نە لەبیری ماون. دایک و باوکێکی بەساڵداچوو کە چەند ساڵ لەوەپێش وتووێژم لەگەڵ کردن بە چاوی گریانەوە بۆیان گێڕامەوە کە چۆن ناچار کرابوون پارەی گوللەکانی کە کچەکەیان -خوێندکارێکی ٢١ ساڵەی پزیشکی - پێ کوشتبوون بدەن تا تەرمەکەی بۆ ناشتنێکی شیاو وەرگرنەوە. (ئەو شێوە "تێچووی گوللە"یە لەو ساڵانەی دواییدا گەیشتۆتە ٣٠٠٠ دۆلار.)
بە پێچەوانەی هەڵبژاردنەکانی پێشوو، لە کاتی نیشاندانی ڕێوڕەسمی بەتوندی کۆنترۆڵکراوی هەڵبژاردنەکانی ئێران بە مێدیای جیهانی، چەند ڕۆژنامەوانی بیانی کە سەردانی تارانیان کردبوو ئەو جار باسی تێکەڵاوێک لە بێهەستی و تووڕەییان کرد. ڕەنگبێ ڕاستەقینەترین دەربڕینی تووڕەیی جەماوەریی ئێرانییەکان، کە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ئێران ژیاون ئاشنایە، بێ ئانقەست لە لایەن ڕادیۆی نەتەوەیی هەمووانی (NPR) بڵاو بۆوە، کە هەواڵنێرەکەی لە پارکێکی تاران پرسیاری لە پیاوێکی بەساڵداچوو کرد کە ئاخۆ لایەنگری کام بەربژێرە. وەرگێڕی (NPR) جوابەکەی کەمێک نەرم کردەوە و ئیدیعای کرد کە گوتویەتی مەلاکان "بچنە جەهەننەم." ئەوانەی فارسی دەزانن گوێیان لە شتێکی گەلێک بێ ئەدەبانەتر بوو: "ئەو مەلایانە دەگێم. ئەوان ٤٠ ساڵە درۆیانمان لەگەڵ دەکەن! من دەنگ بە کیری خۆم دەدەم".

سەرەڕای هەراوهوریای مێدیا لەبارەی هەڵبژاردنی ئێران، ڕەئیسی، وەک سەرجەم سەرکۆمارەکانی ئێران، دەورێکی گەلێک کەمی لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتدا دەبێ. بە ڕێبەریی خامنەیی، شوناسی کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە دژایەتی

ئەمریکا و ئیسرائیل دا کورت دەکرێتەوە و تاران درێژە بە دابینکردنی چەکوچۆڵ و دارایی بۆ بەکرێگیراوان و هاوپەیمانەکانی لە وڵاتە شکستخواردووەکان، لە نێویاندا سووریە، لوبنان، یەمەن، عێراق و ڤێنێزوێلا، دەدا کە بە ڕواڵەت تەوەری بەرخۆدان پێکدێنن.

گەورەترین سوودوەرگران لە هەڵبژێرانی ڕەئیسی، دژبەرە دەرەکییەکانی ڕێژیمی ئێران و ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێرانن، بەرچاوترینیان پارتی کۆماری و دەوڵەتی ئیسرائیل. دەلیلەکان ئاشکران. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئیسرائیل، یایر لاپید، لە تویتێکدا نووسی: "سەرکۆماری نوێی ئێران، کە بە قەسابی تاران ناسراوە، توندئاژۆیەکە کە بەرپرسیاری کوژرانی هەزاران ئێرانییە. ئەو بە خولیا ئەتۆمییەکانی ڕێژیم و کەمپەینی تێرۆرە جیهانییەکەی وەفادارە".

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژێرانی ڕەئیسی وێناچێ توانایی بەرێوەبەرایەتیی بایدن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی ٢٠١٥، کە دۆناڵد ترامپ لە ٢٠١٨ جێی هێشت، بخاتە مەترسییەوە. چونکە خراپیی دۆخی ئابووری ئێران بێ هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چارەسەر نابێ. ڕێی تێدەچێ، ئەگەرچی مسۆگەر نییە، کە تاران پێش دەسبەکار بوونی ڕەئیسی لە ٨ی ئووت ڕێککەوتنەکە زیندوو بکاتەوە. ئەوە ڕێگا بە ڕێژیم دەدا تا کەمایەسییەکانی ڕێککەوتنەکە بخاتە ئەستۆی سەرکۆماری دەستلەکارکێشەرەوە، ڕوحانی، لە کاتێکدا کە ئێزن بە ڕەئیسی دەدا تا قازانجە ئابوورییەکانی هەڵگیرانی ئابلۆقەکان وەدەست بێنێ.

بەڵام، جگە لە گەڕانەوەی ڕێککەوتنی ٢٠١٥، هەڵبژێرانی ڕەئیسی دەرخەری خۆڕاگریی ئێران بەرانبەر بە حەزی بەرێوەبەرایەتیی بایدن بۆ ڕێککەوتنێکی دیکە لەمەڕ بەرنامەی مووشەکی و خولیا ناوچەییەکانی تارانە. ئەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهێشە بۆ بایدن: ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان بیهەوێ ئابلۆقەی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ، تاران دەتوانێ بە دەستپێکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکان و هێرشی بەکرێگیراونی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەڵام بداتەوە، چونکە دەزانێ کە بەرێوەبەرایەتیی بایدن بەتەمای کەمکردنەوەی حزووری ناوچەیی ئەمریکایە.

باوەڕبەخۆبوونی زێدەڕۆیانە، پاژنەی ئاشیلی سەرجەم دیکتاتۆرانە؛ ئەو ویستە پۆڵایینەی کە سەردەمێک سووتەمەنی ڕێژیمە سەرەڕۆکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتیان بوو، بێ ئەملا و ئەولا دەبێتە هۆی چاوبرسیەتی و خۆ بە خاوەن ماف زانین. ئەگەرچی ویستی خامنەیی بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا بەهێز دەمێنێتەوە، ئەو تووشی تێکەڵاوێک لە نادڵنیا بوون و دڵنیایی

**بەشی: دووهەم**

لەڕادەبەدەر بووە: ئەو هێندە وریا بوو تا بزانێ کە جێگرەوەکەی شانسی بردنەوەی هەڵبژاردنێکی خاوەن کێبڕکێی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هێندە بڕوابەخۆ بوو تا پێی وابێ لەژێر بەرپرسیاریی سەرکەوتنێکی دەسکرد دەر دەچێ.

ساخڵەمیی خامنەیی .ئەو ٨٢ ساڵی تەمەنە و زۆر کەس دەزانێ شێرپەنجەی پرۆستاتی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لە هێندێک لەو پیاوە لاوترانە کە گریمانە دەکرا جێنشینی بن زۆرتر ژیاوە. ئەگەرچی لەوانەیە خامنەیی بیهەوێ ڕەئیسی جێگرەوەی بێ، دەستاودەستی دەسەڵات لە وڵاتانی دیکتاتۆردا لەخۆیدا شتێکی پێشبینی نەکراوە. نزمیی ئاستی خۆشەویستیی ڕەئیسی، کە لە کەمترین ڕێژەی بەشدارانی دەنگدانڕا دیارە، وێدەچێ کاتێک دەسبەکاربێ و وەک بەرپرسی ئابوورییەکی هەرەسهێناو بناسرێ کە ناتوانێ چارەسەری بکا و سەرکوتی کۆمەڵگەش چڕتر دەکا، لەوەش نزمتر بێ.

یەکێک لە هۆ سەرەکییەکانی مانەوەی خامنەیی، کە لە ١٩٨٩ بەولاوە دەسەڵاتی بەدەستەوە بووە، توانایی ناوبراو لە کەڵکوەرگرتن لە بنیاتە هەڵنەبژێردراوەکانی ئێران بۆ گەشەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و هاوکات کەڵکوەرگرتن لە دامەزراوە "هەڵبژێردراوەکانی" ئێران بۆ دەرباز بوون لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی بووە. ئەو دەتوانێ سەرکوتی سیاسی و قەڵاچۆکردن بە سوپای پاسداران بسپێرێ لە کاتێکدا کە سەرکۆماری ئێران وەک بەرپرسی شکستی ئابووری ئێران دەناسێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەندازیاریی هەڵبژێرانی قوتابیی خۆی، ڕەئیسی، کاری خامنەیی بۆ  خستنە ئەستۆی شکستەکانی خۆی بۆ سەرکۆمار دژوار دەکا.

مەتەڵۆکێکی دیکە ئەوەیە کە ئاخۆ سوپای پاسداران، کە دەمێکە وەک بەهێزترین دامەزراوەی ئێران وە پێش مەلایان کەوتووە، درێژە بە ملکەچ بوون لە بەرانبەر مەلای بەساڵداچوو وەک فەرماندەرانی خۆی دەدا، یان هەوڵ دەدا بەئاشکرا کۆنترۆڵ بگرێتە دەست؟ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی دەسەڵاتداریی لاوتر و کەمتر ئایینی، نموونەیەکی ئێرانیی ڤلادیمیر پوتین، کاربەدەستێکی سەربازیی یان هەواڵگریی کە ناسیۆنالیزمی فارسی بکاتە جێگرەوەی ناسیۆنالیزمی شیعی، زۆرتر وێدەچێ دەسەڵاتی جیلەکانی داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرێ تا پیرە مەلایەک. جۆرج ئۆروێل لە ڕۆمانی ١٩٨٤دا نووسیویەتی، "کاکڵەی دەسەڵاتی ئۆلیگارشی، خۆڕاگریی لە بەرانبەر ڕوانگەیەکی تایبەتی لەمەڕ دنیا و شێوەیەکی تایبەتی ژیانە کە مردووان بەسەر زیندووواندا سەپاندوویانە. تاقمێکی دەسەڵاتدار تا ئەو کاتە دەسەڵاتدارە کە بتوانێ جێگرەوکانی خۆی دەنیشان بکا." ئێرانییەکانی هەنووکەیی لەنێو ئەزموونی تێئۆکراتیکی ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، باوکی شۆڕشی ١٩٧٩،دا دەژین کە پێی وابوو ئیسلام دەرمانی هەموو دەردانە و ئابووری "هی گوێدرێژانە." هەر وەک چۆن خامنەیی هەڵبژێردرا تا پارێزەری خەیاڵی خومەینی بێ، ئەویش ڕەئیسی وەک موریدێکی متمانەپێکراو دەبینێ کە عەبای خومەینی

دەپۆشێ.

هەر دە ساڵ جارێک، جیلێکی نوێی بێهیوای ئێرانی دەگەنە ئەو ئاکامە کە کۆماری ئیسلامی ناکرێ بە سندووقی دەنگدان چاکسازیی تێدا بکرێ. لەجیاتی بمێننەوە و ژیانی خۆیان وەک بەرهەڵستکار بخەنە مەترسییەوە، ئەوانەی دەستڕۆیشتووییان هەیە وڵات جێدەهێڵن. وەزیری پێشووی زانست و تەکنەلۆژی جارێک بەراوردی کرد کە ڕاکردنی مێشکەکان ساڵانە زەرەری ١٥٠ ملیارد دۆلاری لە وڵات دەدا کە زیاتر لە داهاتی نەوتە. هەڵبژێرانی ڕەئیسی بیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە خولیای ئێرانییان بۆ ژیانێکی باشتر لەگەڵ ڕێژیمێک کە ئێستا وێدەچی قابیلی چاکسازیی و تێکشکان نەبێ یەک ناگرنەوە.

**تا ئەو کاتەی هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران یەکگرتوو بمێننەوە و ئامادە بن خەڵک کۆمەڵکوژ بکەن و کۆمەڵگەی ئێران نایەکگرتوو بێ و نەیهەوێ بە کۆمەڵ گیان بەخت بکا، خاڵە وەرسووڕانەکان بەردەوام بەقازانجی ڕێژیم دەبن.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## ئەمریکا چۆن لەگەڵ سەرکۆماری نوێی ئێران هەڵسوکەوت بکا؟

**نایشناڵ ریڤیو - ڤیکتۆریا کۆتس**

بە پێڕەوکردنی سیاسەتی "بێدەنگیی ستراتیژیک"-ی سەردەمی ئۆباما لە دوای هەڵبژێرانی ئیبراهیم ڕەئیسی وەک سەرکۆماری ئێران لە لایەن سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لە بێدەنگیدا چاوەڕێی دەستبەکار بوونیەتی، ڕەنگبێ بەو هیوایە کە قەناعەتی پێ بێنێ تا دوای سوێندخواردنی فەرمی لە مانگی ئاگوست، بگەڕێتەوە ڕێککەوتنی بەرجام. بەڵام، ناڕەزایەتییە پەرەئەستێنەکان لە سەرانسەری ئێران ئەوە دەگەیەنن کە گەڕانەوەی "بێدەنگیی ستراتیژیک" لەو کاتە هەستیارەی ئەم هاوینەدا دەتوانێ ببێتە هۆی لەکیس چوونی دەرفەتێک، وەک چۆن دوازدە ساڵ لەوە پێش بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما بەئانقەست مەزنترین هەڕەشە بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە دوای سەرەتاکەی لە ١٩٧٩، پاشگوێ خست. ڕەنگبێ سیاسەتێکی بەرهەمدارتر بۆ تێوەگلانی چالاکانە لەگەڵ خەڵکی ئێران ئەوە بێ کە چاوێک بە سیاسەتی سەرکەوتووی سەردەمی شەڕی ساردا بخشێنێ، کە دەکرێ بە وشەی "هاوپشتی" کورت بکرێتەوە.

لە مانگی جوونی ٢٠٠٩، کاتێک دەیان هەزار ئێرانیی بوێر ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دژی دووبارە هەڵبژێرانەوەی مەحموود ئەحمەدینەژاد دەربڕی، جان کێری، سەرۆکی کۆمیتەی پێوەندیی دەرەوەی ئەنجومەنی پیران، لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا هۆشداریی دا بە "کۆنەپارێزە نوێیەکان" کە "لە پێش ئاخاوتن لە بارەی ڕووداوەکانی ئێران، بیر بکەنەوە". کێری لە درێژەی وتارەکەیدا نووسی، لە کاتێکدا کە خۆپێشاندەرەکان بوونە هۆی "ئیلهامی" ناوبراو و "هاوهەستی"ی لەگەڵ خولیاکانیان هەیە، پشتیوانیی بەهێز لەوان دەبێتە هۆی بەهێزتر کردنی توندئاژۆکان. لەلایەکی دیکەوە، سەرکۆمار ئۆباما، بە بێدەنگیی خۆی و "پێشنیاری وتووێژ و ئاشتبوونەوە بە تاران"، "توندئاژۆکانی ناچار بە بەرگریی" کردبوو. ئاکامی ئەو بێدەنگییە ڕێککەوتنی بەرجام یان مامەڵەی ئەتۆمیی ئێران لە ٢٠١٥ی لێ کەوتەوە.

دوای هەڵبژاردنە گەندەڵ و نادێموکراتیکەکەی ڕەئیسی وەک سەرکۆمار، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، هەڵسوکەتی بێدەنگیی هەڵبژاردۆتەوە، تەنانەت خۆ لە لێدوانێکی بێ لایەنانەش لەمەڕ ئەو شانۆ گاڵتەجاڕانەی دێمۆکراسی لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە دەبوێرێ جا چ بگا بە خودی سەرکۆمار بایدن. ئەو پاشگوێ خستنە ئاشکرایە هێندە سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشان کە وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوە خۆی ناچار دیت جوابی لێکدانەوەکان لە چاوپێکەوتنی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژنامەنوسان بداتەوە کە بە لەبەرچاوگرتنی نەریتی کاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە لەمەڕ لێداون لە بارەی

هەڵبژاردنان، مەزن و بچووک، لە سەرانسەری دنیا ڕەچاوی دەکەن، شتێکی گاڵتەجاڕانە بوو. بڕیاری سەرکۆنە نەکردنی هەڵبژاردنەکان بەئاشکرا دیارە نرخی وتوێژەکانی ڤیيەنە کە ئێستا لە ئارا دان و پێویست بە گوتن ناکا.

بەڵام بە دوو هۆ بەڕێوەبەرایەتیی بایدن لەوانەیە بیهەوێ پێداچوونەوە بە بڕیارەکەی بۆ سەرکۆنە نەکردنی "هەڵبژاردنەکانی" ئێران بکا. یەکەم، ڕەئیسی بە تایبەتی تێکەڵاوێکی مەترسیدارە لە جەردە و مەلا. دووهەم، خەڵکی ئێران ڕەنگبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە هاندانە پتەوە بن کە بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما لە ٢٠٠٩ خۆی لێ بوارد.

شتێک کە هەڵبژاردنەکە ئاشکرای کرد ئەوەیە کە ڕێبەری گەورە چیدیکە پشتگیری لە بووکەڵەی "ڕیفۆرمخواز" وەک سەرکۆماری پێشوو حەسەن ڕووحانی و وەزیرەی دەرەوە جەواد زەریف لەنێو ڕێژیمەکەیدا ناکا. ڕابردووی ڕەئیسی ئەوە دەردەخا کە ئەو کەسێکی گرینگە و دەوری کەسیی بۆ درێژەپێدانی کۆنترۆڵی بنەماڵەی خامنەیی بەسەر ئێرانەوە دەگێڕێ.
سەرکۆماری نوێ، دیکتاتۆرییەتی خۆی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ١٩٧٩ نیشان دا و زوو بوو بە کەسێکی ناسیاو لەنێو سیستەمی دادوەریی ئێران، پلەیەک کە ئەو بۆ سەرکوتی نەیاران بەکاری هێنا، لە ناویاندا لە کارەساتی سەرانسەریی ١٩٨٨ دژی بەندییە سیاسییەکان، و ئەوە بەشێک لەو پەروەندەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بەگوێرەی بڕیاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦، بۆ سەپاندنی ئابلۆقە بەسەریدا وەک کەسێکی نزیک لە ڕێبەری گەورە کەڵکی لێ وەرگرت. ڕەئیسی هەروەها سێ ساڵ وەک بەرپرسی "آستان قدس رضوی"، ڕێکخراوێک کە بە ڕواڵەت ناوەندێکی خێرخوازیی ئایینییە بەڵام بەکردەوە بەشێکە لە ڕایەڵەی لێڵی حەپەلووشکردنی دارایی کە سامانی بنەماڵەیی خامنەیی پێکدێنێ.

بۆیە ڕەئیسی لە پرسی پێکهاتەی پشتیوانیی خامنەیی هەموو نهێنییەکان دەزانێ و هەروەها لەگەڵ شێوەی سەرکوتی ئاپۆرای پەرەئەستێنی بەرهەڵستکاران شارەزایە، بۆیە ئەو کاندیدای دڵخوازە بۆ پێراگەیشتن بە نارەزایەتییەکانی کاتی دەستلەکارکێشانەوە یان مردنی خامنەیی. ئەوە بەو مانایە نییە کە بزانین کاتی دروستی ئەو ڕووداوە کەنگێیە، بەڵام شتێکی عەقڵانییە کە بڵێین ئەوە لە ماوەی چوارساڵی یەکەم یان دووهەمی سەرکۆماریی ڕەئیسیدا ڕوو دەدا. لە کاتێکدا کە ئامانجی کۆتایی سەرۆکی گەورە ئەوەیە کە کوڕە گەورەکەی، موجتەبا (ئەویش بە گوێرەی بڕیاری سەرکۆماریی ١٣٨٧٦ لە لیستەی ئابلۆقە دایە) جێگای بگرێتەوە، ڕەئیسی دەتوانێ مشورخۆرێکی ناوازە بێ بۆ دڵنیا بوون لەو جێگۆڕکێیە و پاراستنی سامانی بنەماڵەیی.

لە کاتێکدا کە ڕەوتی ڕووداوەکان بێگومان بە قازانجی خامنەیی دەچنە پێش، وێناچی لە لایەن خەڵکی ئێران، کە نیگەرانیی سەرەکیی ئەوان گەندەڵیی ڕێژیمە، قبووڵ بکرێ. ئەوان زۆر باش دەزانن لە کاتێکدا کە ئەوان بە هۆی ئابلۆقەی

نێونەتەوەییەوە ئازار و برسییەتیان چێشتووە، مەلا پلە باڵاکان و ژەنراڵەکان سامانە زەبەلاحەکانیان بە فرۆشتنی نایاسایی نەوت زیاتر کردووە، لە کاتێکدا کە ئەوان بچووکترین دەرفەتیان بۆ ئاڵوگۆڕی دیموکراتیک نەهێشتۆتەوە. هاوکات کە لایەنگرانی ڕێژیم بەشداریی گەلێک کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی لە ١٨ی جوون بە "بێ هەستی" ناو دەبەن، بەڵام وێناچێ هۆیەکەی بێهەستی بێ، چونکە دووهەم ڕێژەی دەنگ، دوای ڕەئیسی، دەنگی سپی یان دەنگی بەئانقەست پووچەڵ بووە. لە کاتێکدا کە ئێمە ڕێژە دروستەکەی نازانین، ئەو هەڵمەتی بایکۆتکردنە و ڕەتکردنەوەی سەرجەم کاندیداکان ڕەنگبێ تا ٪٧٥ دەنگەکانی لەگەڵ بووبێ. هەرچۆنێک بێ وێدەچێ خەڵکی ئێران هێندەش بێهەست نەبن.

جگە لەوە، ناڕەزایەتییەکان لەو حەوتووانەی دواییدا لە سەرانسەری ئێران بەڕێوە چوون، بەڵام، بە پێچەوانەی ناڕەزایەتییەکانی ٢٠٠٩، ئەو ناڕەزایەتییانە بە هۆی پرسی کۆمەڵایەتی، وەک ناڕەزایەتی لەنێو سەندیکای کرێکاران بە هۆی کەم بوونی مووچە و مەترسیدار بوونی مەرجەکانی کار، بە تایبەتی لەنێو کەرتی پیشەسازیی نەوت، بووە. ئەو خۆپیشاندانانە ئالنگارییەکی مەزنن بۆ ڕێژیم، لە کاتێکدا کە کوشتاری بێبەزەییانەی ئەو کرێکارانە دەتوانێ ببێتە هۆی مانگرتنی زیاتر و تەگەرە خستنە سەر بەرهەمهێنان لەو کەرتە هەستیارەدا کە ئابووری لاوازی ئێران بەرگەیان ناگرێ. جگە لەوە، ناڕەزایەتییەکانی پارێزگای خوزستان بە هۆی نەبوونی ئاو، وەک هاواری جەماوەریی دژی گەندەڵیی سیستەماتیک و ناکارامەیی تاران کە وڵاتێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامانی کردۆتە بیابانێکی وشک، لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاو بۆتەوە.

کاتێک لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕاستەخۆ پرسیار لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە کرا، وڵام دراوە کە ئەم وەزارەتە دۆخەکەی لەژێر "چاودێری" دایە، بەڵام زیاتر لە سێ حەوتووی خایاند تا لێدوانێکی فەرمی بدا، ئەویش تەنیا لە لایەن وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی، کە "داوای لە دەوڵەتی ئێران کرد ڕێگا بە هاووڵاتیان بدا تا مافی ئازادیی دەربڕینی بیروڕا و دەستڕاگەیشتنی ئازاد بە زانیاریی، لە ناویاندا بە ئینتەرنێت، بەکار بێنن." دیارە ناکرێ بڵێین ئەوە نیشانەی پشتگیریی بەهێز لە لایەن کاربەدەستە پلەبەرزەکانی واشینگتۆنە.

لەکاتێکدا کە ئەم حەوتوویە ڕەئیسی خەریکی خۆئامادەکردن بۆ سوێندخواردنە، ئاشکرا بووە کە ئێران بەرپرسی هێرش بۆ سەر پاپۆڕی مەرسەر ستریت (پاپۆڕێکی سیڤیلی بازرگانی کە پێوەندیی بە ئیسرائیلەوە هەیە) لە کەنداوی عەرەبییە کە بۆتە هۆی کوژرانی دوو کەس لە سەرنشینەکانی و ئەوە نیشانەیەکی ئاشکرای زیاتر بوونی دوژمنایەتی تاران دژی وڵاتە

یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانمانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی کردەوە ئاشتیخوازانە و پاشەکشەکانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن. بەڵام ئەگەر خۆپیشاندانەکان پەرە بستێنن، دەرفەتێکی کۆتایی دەبێ بۆ ڕێبەریی سیاسیی ئەمریکا، پێش ئەوەی ڕژێمی ئێران بۆ جیلێکی دیکە بناغەکانی پتەو بکا، تا ڕێچکە بگۆڕی و بە هێزی تەواوەوە لایەنگری لە خۆپیشاندەرەکان بکا و بەرهەڵستکارییەکی نێونەتەویی دژی ڕژێم دروست بکا کە ماوەیەکی گەلێک دوور و درێژە ئێرانییەکان سەرکوت دەکا.

هەر چۆنێک بێ، تاکتیکێکی ئەوتۆ یارمەتیی بە وڵاتە یەکگرتووەکان کرد تا شەڕی سارد بباتەوە: ئەمریکا بە کەڵکوەرگرتن لە دارایی دابینکراو لەلایەن پشتگیریی نەتەوەیی لە دێموکراسی، لە هەشتاکانی زایینی سەرکەوتووانە پشتگیریی لە جووڵانەوەی کرێکاریی لەهستان کرد و سەندیکا کرێکارییەکانی ئەمریکای هان دا تا پشتیوانی هاوکارە لەهستانییەکانیان بن. هاوپەیمانە ناوچەییەکانمان وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی، کە خاوەنی تەکنەلۆژیای فرە پێشکەوتووی دابینکردنی ئاون، دەتوانن بەئاشکرا پلان بۆ بەراوژووکردنەوەی کەمیی کارەساتباری ئاو لە ئێران داڕێژن. جگە لەوە کۆنگرە دەتوانێ هەنگاو بۆ ئینتەرنێتی ساتەلایتی ئازاد و بەخۆڕایی دابین بکا تا خۆپیشاندەران بتوانن خۆیان ڕێکبخەن و بەسەرهاتەکانیان بۆ دنیای دەرەوە بەرێ بکەن. ئەو هاوپشتییە ڕەنگبێ دروست ئەو شتە بێ کە خەڵکی ئێران بۆ داڕشتنەوەی چارەنووسی خۆیان پێویستیان بێ، بەڵام ئەگەر سەرکۆمار بایدن و بەڕێوەبەرایەتییەکەی درێژە بە ستراتیژی بێدەنگیی بدەن، ڕەنگبێ ئەو شتە جێبەجێ نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

# براوەکانی ئەفغانستان: قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران

ئورشەلیم پۆست - سێت جەی فرانتزمەن

براوەکانی کابول ئەو لایەنانە دەبن کە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە قازانج دەکەن. ئەوان هەر ئەو لایەنانەن کە بە سەرشۆڕیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەیفخۆش دەبن.

لەنێو ئەو "براوانەدا" دەکرێ ئاماژە بە قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران بکرێ. ئەوە دەکرێ بە چەند شێوە ببینرێ. زۆربەی ئەو وڵاتانە خانەخوێی تاڵیبان بوون یان بە شێوەی تاکتیکی پشتیوانییان لێ کردوون. هی دیکە وەک تورکیە هەوڵی داوە لە ئەفغانستانی دوای ئەمریکادا دەورێکی هەبێ.

میدیای ئێران پڕ لەو ڕاپۆرتانەن کە لەواندا دەلیل دێننەوە کە تاڵیبان بناژۆخوازی هەناردە ناکەن، یان هەڕەشە لە هیچ کەس ناکەن و ئێران هەمیشە یارمەتیی خەڵکی ئەفغانستانی کردووە. بۆ وێنە کاربەدەستی ئێرانی، عەلی شەمخانی، لێدوانێکی ئەرێنیی لەبارەی دەوری ئێران لە ئەفغانستان بڵاو کردۆتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەلجەزیرەی قەتەر، لەکاتی دەسبەسەرداگرتنی کۆشکی سەرۆک کۆماری لە لایەن تاڵیبانەوە لەوێ بوو. وێدەچێ قەتەر زانیاریی وردی لەبارەی پلانەکانی تاڵیبان هەبووبێ چونکە چەند ساڵە خانەخوێی ئەوانە.

قەتەر بنکەی سەربازیی مەزنی وڵاتە یەکگرتووەکانی لێیە بەڵام هەمیشە پشتیوانی بناژۆخوازانی ئایینی بووە، لە ناویاندا حەماس و ئیخوانولموسلمین و فەرشی سووری بۆ تاڵیبانان ڕاخستووە. ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ قەتەر و، لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کەڵک لەو شتە وەردەگرێ.

لە کاتێکدا کە قەتەر و تورکیە بۆیە لەو مەسەلەیە قازانج دەکەن چونکە پشتیوانی تاقمە ئیسلامییەکانن و بە شێوەی گشتی پشتگیریی لە جووڵانەوە فرە ڕاسترەوەکانی ئیسلامی دەکەن، ئێران بۆیە قازانج دەکا چونکە دەبینێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە جیرانەتی ئەو دەچێتە دەرەوە. ئێران هەر وەها دەخوازێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقیش جێهێڵێ و کەڵک لە بشێوی ئەفغانستان وەردەگرێ تا زەخت بخاتە سەری کە لە عێراقیش بچێتە دەر.

تورکیە، لە سوریيە لەگەڵ ئێران و ڕووسیە هاوکاری دەکا تا هەوڵ بدا ئەمریکا لەوێ بچێتە دەر. هەموو ئەو وڵاتانە هاوڕان کە دەیانەوێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە.

ڕووسیە و چین، هەردووکیان لەو ساڵ و مانگانەی دواییدا پێشوازییان لە وەفدی تاڵیبان کردووە. ئەوان دەیانەوێ کاناڵی کراوەیان لەگەڵ تاڵیبان هەبێ و بەتەمان ئەوان وەک دەوڵەتی نوێ بەفەرمی بناسن. ئەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گرینگە. بە پشتیوانیی ڕووسیە و چین، تاڵیبان دەتوانن دەسەڵاتی جیهانیی وەدەست بێنن کە پێویستیان پێیە و وردە وردە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە فەرمی بناسرێن.

کۆبوونەکانی نێوان تاڵیبان و نێردەی ڕوسیە لەم حەوتوویەدا، کە هەواڵەکانی بڵاو بۆتەوە، گرینگن. ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیە، تاس، ڕایگەیاند، "باڵوێزی ڕوسیە لە ئەفغانستان، دیمیتری ژیرنۆڤ، ڕۆژی سێ شەممە لەگەڵ ڕێکخەری ڕێبەریی جووڵانەوەی تاڵیبان [لە ڕووسیە یاساغە] بۆ باس لەسەر ئاسایشی باڵوێزخانەی ڕوسیە وتوویژ دەکا، نێردەی تایبەتیی سەرکۆمار لە ئەفغانستان زامیر کابولۆڤ لە وتوویژێکدا باسی ئەوەی کرد".

ئەو گوتی، "باڵوێزی ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێبەریی تاڵیبان لە پێوەندیدایە. هەر وەک ١٠ خولەک پێش ئێستا پێی گوتم، سبەینێ چاوی بە ڕێکخەری ڕێبەریی تاڵیبان دەکەوێ تا لە ئاسایشی، لە نێویاندا باڵوێزخانەکەمان، دڵنیا بێ".
کابالۆڤ گوتی، باڵوێزی ڕووسیە لەگەڵ نوێنەری تاڵیبان باسی وردەکارییەکانی پاراستنی دەرەکی بۆ نوێنەرایەتیی دیپلۆماتیکی ڕووسیەی فیدراڵ دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە ڕووسیە بەتەمایە لە داهاتوودا تاڵیبان بەفەرمی بناسێ. ڕووسیە دەتوانێ یارمەتی بە بەهێزتربوونی بڕوا بەخۆبوونی تاڵیبان بکا.

بەڵام ڕووسیە بۆخۆی خاوەنی پاشخانی خۆیەتی لە ئەفغانستان. ئەو دەزانێ کە دەوڵەتی پشتگیریکراو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە خێرا ڕووخاوە. ڕووسیە دەیهەوێ لە ناوەندی ئاسیا دڵنیا بێ، لەگەڵ بەرەی باشووری ئەوێ.

ئەوە بەو مانایەیە کە بشێوی دەبێ لە ئەفغانستاندا بڵاو بێتەوە. ئەو دەیهەوێ لەگەڵ چین، پاکستان، تورکیە و ئێران کار بکا تا دڵنیا بێ کە تاڵیبان کۆنترۆڵ بکرێن و بە شێوەیەکی سەقامگیر دەسەڵات بگرنە دەست.

هەموو ئەو وڵاتانە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەن. ئەوان دەیانهەوێ ئەمریکا لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە. دەیانهەوێ ئەمریکا سەرشۆڕ بکرێ. ئەوان هەروەها دەیانەوێ ئەو وزە و کانزایانەی کە لە ئەفغانستانەوە تێپەڕ دەبێ لەگەڵ یەکتر بەش

بکەن. ئامانجی ئەوان ئەوەیە کە یارمەتی بە خێراتر بوونی لاوازیی وڵاتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا بکەن.

ئەو وڵاتانە بەرنامەی ئایدیۆلۆژیکی جیاوازیان هەن. تورکیە، پاکستان و قەتەر، جیهانبینی فرە ڕاستی ئیسلامییان هەیە. ئەوان دەیانەویست لەگەڵ مالیزی و ئێران لەسەر بیرۆکەی سیستەمی بازرگانیی ئیسلامیی نوێ و بەرنامەی تەلەفزیۆنیی بۆ بەربەرەکانی لە "فۆبیای ئیسلامی" [ترس لە ئیسلام] کار بکەن.

تورکیە و قەتەر تەوەرێک پێکدێنن کە پشتگیریی لە ئیخوان ئەلموسلمین دەکا و، لەو دەلاقەوە، لە سووریە و لێواری غەززە بەهۆی سەرکەوتنی تاڵیبانەوە جێژنە گیراون. چین و ڕوسیە بیرۆکەی جیاوازیان لە بارەی چۆنیەتی قازانج وەرگرتن لەو ڕووداوە لە گۆڕەپانی جیهانیدا هەیە.

**ئێستا، هەرەسهێنانی ئەفغانستان نسکۆیەکی مەزنە بۆ ناوبانگی وڵاتە یەکگرتووەکان و سیستەمەکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئەو وڵاتەوە وا دەنوێنن کە بە لاوازیی و کاتیبوونی ئەو شیناوردەیە کە لە بەهاردا دەڕوێ و لە پاییزدا سیس دەبێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## کابینەی دەوڵەتی نوێی ئێران: تیمێک لە تێرۆریستە داواکراوەکان

کاتێک لەو مانگەدا سەرکۆماری نوێی ئێران بەربژێری وەزارەتی نێوخۆی ڕاگەیاند، کەسێک کە ئارژانتین بە هۆی گومانی دەستهەبوون لە کوشندەترین هێرشی تێرۆریستیی مێژووی ئەو وڵاتە داوای دەکا، بووە هۆی تووڕە بوونی بۆینێس ئایرێس. ئیبراهیم ڕەئیسی گوێی نەدایە ناڕەزایەتییەکە و ڕۆژی چوارشەممە کەسێکی دیکەی وەک جێگری سەرکۆمار ئاشکرا کرد، کە ئەویش لە پێوەندیی لەگەڵ هەمان هێرشە تێرۆریستییەدا داوا کراوە.

هەڵبژاردنی ئەحمەد وەحیدی، لەلایەن ڕەئیسی وەک وەزیری نێوخۆ و موحسین ڕەزایی، وەک جێگری سەرکۆمار بۆ پرسی ئابووری، تەنیا بەربژێرانی کێشەداری کابینە نین. لانیکەم هەشت دانەی دیکەش، لەناویاندا جێگری یەکەمی سەرکۆمار و بەرپرسی نوسینگەکەی، لە لیستەی ئابلۆقەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپادان، کە زۆربەی لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە.

ڕەئیسی بۆخۆی لە ٢٠١٩ لە لایەن دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، لە ناویاندا بە گومانی هەبوونی دەوری سەرەکی لە ئیعدامی بەکۆمەڵی بەرهەڵستکاران و هەروەها پێشێلکاریی نوێ لە کاتی دەسەڵاتداریی لە سیستەمی دادوەریی ڕێژیمدا، کەوتە نێو لیستەی ئابلۆقەوە.

وەحیدی و ڕەزایی و شەش ئێرانیی دیکە لەلایەن لێکۆڵەرەوانی ئارژانتینیەوە لە ٢٠٠٦ بەوە تاوانبار کران کە دەستیان لە هێرشی خۆکوژیی بارهەڵگرێک بۆ سەر کۆمەڵگەی جوولەکە لە بۆینێس ئایرێس لە ١٩٩٤ هەبووە، کە لەو ڕووداوەدا ٨٥ کەس کوژران و سەدان کەسی دیکەش بریندار بوون.

لێکۆڵینەوەکە بەو ئاکامە گەیشت کە سوپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، بەکرێگیراوی لوبنانیی خۆی، حیزبوڵڵای، ڕاسپاردبوو تا ئەو هێرشە کە بووە هۆی لەنێوچوونی بینای هاوکاریی دوولایەنەی ئارژەنتین-ئیسرائیل (ئامیا)، جێبەجێ بکا. ئارژەنتین داوای لە پۆلیسی نێونەتەوەیی (ئینتەرپۆل) کرد تا "ڕاگەیەندراوێکی سوور" بۆ ڕەخساندنی هەلی دەسبەسەر کردنی هەشت ئێرانی، لەگەڵ گومانلێکراوێکی نۆیەم کە شارۆمەندی لوبنان بوو، بڵاو بکاتەوە.

دوای ڕاوێژی یاسایی، ئینتەرپۆل خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیەنراوە بۆ بەناوبانگترین ئەندامانی ئەو تاقمە نۆ


سەرچاوە
Serchawe

کەسییە بوارد، واتە سەرکۆماری پێشوو هاشمی ڕەفسەنجانی، وەزیری کاروباری دەرەوەی پێشوو عەلی ئەکبەر ویلایەتی و باڵوێزی پێشووی ئێران لە ئارژانتین، هادی سولەیمانپور. بەڵام، ڕاگەیەندراو بۆ ئەوانی دیکە بڵاو کرایەوە، لە ناویاندا بۆ ڕەزایی، سەرۆکی پێشووی سوپای پاسداران و وەحیدی، فەرماندەی پێشووی سوپای قودس.

کاتێک سەرەتای ئەو مانگە، ڕەئیسی ناوی وەحیدی وەک ئەندامێکی کابینەکەی بڵاو کردەوە، دەوڵەتی ئارژانتین ناڕەزایەتیی دەربڕی و ئاماژەی بەوە کرد کە ناوبراو تاوانبارە کە "دەوری سەرەکی لە بڕیار و پلاندانانی" تەقاندنەوەی ئامیادا هەبووە. بە ئاماژە بە ڕاگەیەنراوی سووری ئینتەرپۆل، گوترا کە بەرزکردنەوەی پلەی وەحیدی لە تاران "سووکایەتییە بە دادوەریی ئارژانتین و قوربانیانی ئەو هێرشە تێرۆریستییە بێ بەزەییانە." ئارژانتین داوایەکەی لە ئێران دووپات کردەوە کە ڕێگا بدا گومانلێکراوانی ئەو هێرشە لە "دادگای لێهاتوو"دا دادگایی بکرێن.

پارلمانی ئێران، کە مەجلیسێکی ٢٩٠ کورسییە، ڕۆژی چوارشەممە دەنگی بە بەربژێرکرانی وەحیدی دا. ئەو ٢٦٦ دەنگی ئەرێنی وەرگرتن. هەر لەو ڕۆژەدا، ڕەئیسی ڕایگەیاند کە ناوبراو، ڕەزایی وەک جێگری سەرکۆمار بۆ پرسی ئابووری دەسنیشان کردووە. ئارژانتین جارێکی دیکە ناڕەزایەتیی نیشان دا. ئەو وەبیری هێنانەوە کە کاتێک وڵاتێکی ناو نەدرکاو، لە بارەی ئەگەری بانگهێشتکردنی ڕەزایی لە ٢٠١٤ی باس کرد، دەوڵەتی ئارژەنتین پێی ڕاگەیاند کە ئەگەر ناوبراو سەردانی ئەوێندەرێ بکا، ئەوان دەسبەجێ داوای تەحویل دانەوەی دەکەن. (وڵاتەکە کۆرەی باشوور بوو و وێدەچێ سەردانەکە قەت سەری نەگرتبێ.)

نەتەنیا وەحیدی و ڕەزایی ئازادن، بەڵکوو دوای هێرشە تێرۆریستییەکە هەردووکیان پلەی بەرزیان لەنێو ڕێژیمدا هەبووە. وەحیدی لە کابینەی مەحمود ئەحمەدینژاد دا لە ٢٠١٣-٢٠٠٩ وەزیری بەرگریی بووە و پاشان بۆتە ئەندامی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، پێکهاتەیەکی ڕێژیم کە ڕاوێژکاری ڕێبەری گەورەیە. ڕەزایی سکرتێری ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام بووە، چەند جار لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا بەربژێر بووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ئەو لە ٢٠١٨ چاوی بە ڕێبەری نەیشن ئاف ئیسلام، لوئیس فەرەخان کەوت.

## پێشێلکارانی ماڤەکانی مرۆڤ

ژمارەیەک لە بەربژێرانی کابینەی ڕەئیسی لە لیستەی ئابلۆقەی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دان. ئەوان ئەو کەسانەن:

بەشی: دووهەم

جێگری یەکەمی سەرکۆمار موحەممەد موخبیر، بەرپرسی یەکەی ئابووری زەبەلاحی ڕێژیم کە بە ستادی ئیجرایی فەرمانی ئیمام ناسراوە. وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ژانوییەی ڕابردوودا ناوبراوی خستە نێو لیستەی ئابلۆقەوە، دەڵێ ئەو یەکە ئابوورییە کە ناوبراو سەرۆکی بووە "بەشێکی بەرچاو لە ئابووری ئێران، لە ناویدا ئەو سامانەی کە هی دژبەرە سیاسییەکان و کەمینە ئایینییەکانە و دەستی بەسەردا گیراوە تا بە قازانجی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی و کاربەدەستە پلەبەرزەکانی دەوڵەتی ئێران کەڵکی لێ وەرگیرێ" کۆنترۆڵ دەکا.

بەرپرسی نوسینگە غولام حوسێن ئیسماعیلی، وتەبێژێکی پێشووی سیستەمی دادوەرییە کە پێشتر لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لە ۲۰۱۱ لەبەر تێوەگلان لە "دەسبەسەرکردنی بە کۆمەڵی بەشدارانی خۆپیشاندانی سیاسی و شاردنەوەی پێشێلکارییەکانی سیستەمی زیندان" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

محەممەد حوسینی، جێگری سەرکۆمار بۆ پرسی پارلمان، وەزیری کولتووری پێشوو و ئەفسەری سوپای پاسداران لە ۲۰۱۱ بەولاوە لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە بە هۆی تێوەگلان لە "سەرکوتی ڕۆژنامەوانان" ئابلۆقەی بەسەر دا سەپێنراوە.

محەممەد ڕەزا ئاشتیانی، وەزیری بەرگری، جێگری پێشووی سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، لە ۲۰۲۰ بەولاوە لەلایەن دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر تێوەگلان لە "چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی ڕێژیم" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنراوە.

ڕۆستەم قاسمی، وەزیری ڕێگا و دروستکردنی شار، ئەفسەری پێشووی سوپای قودس و وەزیری نەوت، لە ۲۰۱۹ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر بەرپرسایەتی ڕایەڵەی هەناردە کردنی نەوت و پشتگیریی دارایی سوپای قودس، ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

عیزەتوڵڵا زەرغامی، وەزیری میراتی کولتووری و پێشە دەستییەکان، بەرپرسی پێشووی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی، لە ۲۰۱۲ لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و لە ۲۰۱۳ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

ڕەزا ئەوجی، وەزیری نەوت، لە ۲۰۲۰ لەبەر ئەوە کە بەشێک لەو یەکەیە بووە کە بە گوێرەی وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان، "لە لایەن سەرۆکی گەورە عەلی خامنەیی بۆ خۆ دەوڵەمەند کردن، خەڵات کردنی هاوپەیمانانی سیاسی و زەخت خستنە سەر دوژمنانی ڕێژیم، کەڵکی لێ وەردەگیرێ" ئابلۆقەی بەسەردا سەپێنرا.

**بەشی: دووهەم**

**غولامحوسێن ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای دادوەری، وەزیری پێشووی هەواڵگریی و دادئەستێنی گشتی، لە ٢٠١٠ لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و لە ٢٠١١ لە لایەن یەکیەتیی ئورووپاوە لەبەر پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ کەوتە ناو لیستەی ئابلۆقەوە.**

**جگە لە وەحیدی و ڕەزایی، چوار گومانلێکراوی تەقاندنەوەی ئامیا کە لە سەر داوای ئارژەنتین لە ڕاگەیەندراوی سووری ئینتەرپۆل دا ناویان هاتووە ئەوانەن: وەزیری پێشووتری هەواڵگریی عەلی فەللاحیان، دوو کاربەدەستی باڵوێزخانەی ئێران لە بوێنێس ئایرێس، موحسین ڕەببانی و ئەحمەد ڕەزا ئەسغەری و سەرۆکی تێرۆریستی حیزبوڵڵای لوبنان عیماد موغنیە.**

**موغنیە، کە هەروەها لە لایەن ئێف بی ئای لە "داواکراوترین" تێرۆریستانە کە بە بەشداریی لە هێرشی دیکە لە ناویاندا هێرشی خۆکوژییانەی ١٩٨٣ بۆ سەر بنکەی هێزەکانی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەیروت تاوانبار کراوە، کە تیایدا ٢٤١ ئەمریکایی کوژران، لە ٢٠٠٨ لە تەقینەوەی بۆمبێکدا لە دیمەشق کوژرا.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢١**

# ئەفغانستان سەرهێشەیەکی گەورەترە لەوەی ئێران ئاشکرای دەکا

فارین پاڵیسی - کیڤین لیم

ئەو ڕۆژەی تاڵیبان کابولی گرتەوە، سەرکۆماری تازەی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی دڵخۆشی خۆی لە هەمبەر "شکستی سەربازی و کشانەوەی" وڵاتە یەکگرتووەکان دەربڕی. بەڵام ئەگەرچی ڕەنگبێ ئێران بەوە دڵخۆش بێ کە هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە سنووری باکووری خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە دەڕۆن، دووبارە دامەزرانەوەی ئیمارەتی ئیسلامیی ئەفغانستان ئالنگارییەکی نوێیە کە بڕیاردەرانی تاران لە باسکردنی ئاشکرای ئەو ئالنگارییە بەگومان بوون. ئەگەرچی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا پشگیریی تاڵیبانیان کردووە، بەڵام سیناریۆکانی جێگای نیگەرانیی تاران ئەوانەن: تاڵیبان دژی ئێران یان کەمینەی شیعەی ئەفغانستان بوستنەوە و هەروەها مۆتەکەی جیهادیزمی سوننی بەرەو خۆرئاوا [واتە ئێران. و.] تەشەنە بکا.

لە کۆتاییەکانی نەوەدەکانی زایینی، ئێران و تاڵیبان دوژمنانی سوێندخواردووی یەکتر بوون. کاتێک تاڵیبان کە زۆرینەیان پەشتونن، لە قۆناخە کۆتاییەکانی شەڕی نێوخۆیی ئەفغانستاندا، کە کێشەیەکی ئەتنیکی و هەروەها ئایینی بوو، دەسەڵاتیان گرتە دەست، نەتەنیا دژبەرانیان بەڵکوو کەمینەکانیش، وەک شیعەکانی هەزارەیان تێکشکاند؛ ئێران دەستی نا نێو دەستی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕوسیە و هیندوستان بۆ پشتیوانی لە هاوپەیمانیی باکوور دژی تاڵیبان.

لە ١٩٩٨، ئێران و ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان، دوای کوژرانی چەند دیپلۆماتی ئێرانی و هەواڵنێرێک لە مەزاری شەریف، نزیک بوو تووشی شەڕ لەگەڵ یەکتر بن. بەرپرسی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی نیزام دەنگی ئەرێنیی بە هەڵایساندنی شەڕ دابوو، بەڵام خامنەیی دەنگی پێچەوانەی دابوو. کاتێک وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠١ بە مەبەستی ڕووخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان و ئەلقاعیدە ئەفغانستانی داگیر کرد، ئێران بە شێوەی تاکتیکی هاوکاریی وڵاتە یەکگرتووەکانی کرد و زانیاریی بەرەی شەڕی دا بە سوپای ئەمریکا. تاران هەروەها بووە دەلاڵ تا دەوڵەتی دوای تاڵیبان لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بەفەرمی بناسرێ.

پێوەندیی ئێران لەگەڵ تاڵیبان بە تێپەڕبوونی کات گەرمتر بوو، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و لایەنگرە ئەفغانستانییەکانی، دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان لە ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ئێران دەستی کرد بە پشتگیری، یارمەتیی دارایی،


سەرچاوە
Serchawe

ڕاهێنان و چەکدارکردنی تاڵیبان دژی دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان و هەروەها هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و دەوڵەتی ئەفغانستان. ئەگەرچی تاڵیبان و دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان میلیشیای جیهادیی سوننین، بەڵام لەسەر ئامانجە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکان بەتوندی دژی یەکترن. دەوڵەتی ئیسلامیی خوراسان هەروەها سوودی لە تاڵیبە شەڕکەرە ناڕازییەکان وەرگرت و لەوانەیە ئەو کارە دووپات بکاتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرت، تاڵیبان بنکەیان لە ئێران هەبوون، لە ناویاندا لە زاهیدان و مەشهەد و بەشێکیان خانووبەرەیان لە ئێران کڕیبوو. جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، عەبباس عێراقچی، لە ٢٠٢٠ حاشای لە بوونی ئەنجومەنێکی تاڵیبان لە مەشهەد، وەک ئەنجومەنەکانی تاڵیبان لە شارەکانی پاکستان وەک کوێتە، پێشاوەر و میرانشا، کرد. لە ٢٠١٦، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕێبەری گەورەی ئەوکاتی تاڵیبان، مەلا ئەختەر موحەممەد مەنسووری کوشت کە لە ئێرانەوە دەگەڕایەوە بۆ پاکستان.

تاران کە بەتەمای دەستڕۆیشتوویی لە ئەفغانستان دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو، میوانداریی لە وەفدێکی نوێنەرانی تاڵیبان، پێکهاتوو لە بەشێک لە ئەندامانی نوێنەرایەتیی سیاسی ئەم گرووپە لە دۆحە، کە لە لایەن مەلا عەبدولغەنی بەرادەرەوە ڕێبەریی دەکرا و ئێستا یەکەم جێگری سەرۆکوەزیرانی ئەفغانستانە، کرد. ئێران هەروەها شوێنی وتووێژی تاڵیبان لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان بوو. وێدەچێ ڕێبەریی ئێران تاقمێکی پراگماتیست کە پێوەندیی بە باڵی سیاسیی تاڵیبانەوە هەیە، دیتبێتەوە. تەنانەت سەرەڕای ناتەبایی ئایدیۆلۆژی ئایینیی ئەوان، ئێران بۆ ڕیبەرە نوێیەکانی ئەفغانستان دەبێتە مودێلێک بۆ گواستنەوە لە جووڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیی نارێکوپێک، یان باشترە بڵێین دواکەوتوو، بەرەو بەڕێوەبەریی دامەزراوەی دەوڵەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەو مانگانەی دواییدا، تاڵیبان بوونە هۆی درکاندنی ڕوانگەی جیاواز لە لایەن نوخبەی دەسەڵاتداری ئێران. ئەندامێکی بەناوبانگی پارلمانی ئێران، ئەحمەد نادری ستایشی تاڵیبانی کرد، چونکە گوایە ئەوان دەست لە وەهابیزم، ئایدیۆلۆژییەک کە زۆرتر لە عەرەبستانی سعودی باوە، هەڵدەگرن. دامەزراوەی مێدیایی ئێرانیی سەر بە ڕێبەریی توندئاژۆ یان سوپای پاسداران، وەک کەیهان و جەوان، بە هەمان شێوە ل بەر ئەگەری گۆڕانیان، پەسەنی تاڵێبانیان داوە.
بەشێکی دیکە گەلێک ڕەخنەیان بەرانبەر تاڵیبان هەیە. ئایەتوڵڵای گەورە سافی گوڵپایەگانی، مەلایەکی پلەبەرزی شیعە، بەرانبەر بە "متمانەکردن بە میلیشیایەک کە پێشینەی بەدخوازی و کوشتنی هەیە" هۆشداریی دا. کەیهان (کە

سەرنووسەرەکەی پێوەندییەکی نزیکی دەگەڵ خامنەیی هەیە) بە بادانەوە لە هەڵوێستی پێشووی، هۆشداریی دا کە تاڵیبان بەتەمای دەسەڵاتی بێ ئەملاوئەولا و سەرکوتی توندوتیژانەی کەمینە ئەتنیکییەکانی ئەفغانستانن. سەرکۆماری پێشوو، مەحموود ئەحمەدینژاد ئیددیعای کرد کە تاڵیبان دەیانەوێ خوراسانی گەورە، واتە ناوچەی مێژوویی کە بەشێک لە ئەفغانستان و ناوەندی ئاسیا و هەروەها باکووری خۆرهەڵاتی ئێران دەگرێتەوە، کۆنترۆڵ بکەن.

لە بەرەبەری کەوتنی کابولدا، لێدوانەکانی کاربەدەستانی تاران لەنێوان هەڕەشە و دڵنیاکردنەوەدا لە هاتوچۆدا بوون. لە ٨ی جولای، تاڵیبان ئیسلامقەڵای (دەروازەیەکی سەر سنوور لە خۆرئاوای ئەفغانستان کە ئێران بە هەرات، شارێک کە لەژێر کاریگەریی قورسی ئێرانە دەبەستێتەوە) گرتەوە. چەند ڕۆژ دواتر، لە دوغارون لە دیوی ئێران، سەرۆکی سوپای ئێران عەبدولڕەحیم موسەوی دەرکەوت تا ئێرانییەکان دڵنیا بکاتەوە و ڕەنگبێ تاڵیبانیش وریا بکاتەوە کە سنوور پارێزراوە. لە ١ی ئاگوست، باڵوێزخانەی ئێران لە کابول داوای لە سەرجەم ئێرانییان کرد کە ئەفغانستان بەجێ بێڵن.

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی تاڵیبان، کەمترین ویستی ئێران پێوەندیی گەرموگوڕە. وەک لە عێراق، ئێران دەیهەوێ دەوڵەتی ناوەندی هێندە بەهێز بێ کە بتوانێ بە سەر جیهادیستەکاندا زاڵ بێ، بەڵام ئەوەند لاواز بێ تا بکرێ کایەی سیاسیی پێ بکا و نەبێتە هەڕەشەیەکی سەربازی. ڕێبەرانی ئێران دەزانن کە سەرەڕای دڵنیاکردنەوەکان، میلیشیا بناژۆخوازە سوننییەکان هێشتا دەتوانن دژی ئێرانی شیعە هەڵوێستیان بگۆڕن.

بۆ پێشگرتن بە شەڕێکی نێوخۆیی دیکە لە سەر سنوور (کە وێدەچێ ناتوانن هیوایان بە کۆنترۆڵکردنی تاڵیبان بێ)، ئێران درێژە بە جەختکردنەوە لەسەر پێکهێنانی دەوڵەتێکی گشتگیری ئەفغانستانی دەدا. ڕەنگبێ بۆ ئەوە درنگ بووبێ، دەوڵەتی تازە پێکهاتوو لە کابول هیچ ئەندامێکی لە کەمینە ئەتنیکەکان تێدا نییە، تەنیا پەشتونن، لە ناویاندا توندڕەوەکانیان. تا ئێستا، تاڵیبان تا ڕادەیەکی زۆر خۆیان لە ئازار و ئەزیەتی خەڵکی هەزارە بواردووە و بەپێچەوانەی دەسەڵاتی تاڵیبان پێش ٢٠٠١ ، تەنانەت ئیزنیان پێدان ڕێوڕەسمی عاشوورا بەڕێوە بەرن. بەڵام کاتێک تاڵیبان بازارەک، پێتەختی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لە دۆڵی پەنجشیری گرتەوە کە زۆربەی دانیشتووانی تاجیکن، تاران هەواڵی گرتنەوەی بازارەک لە لایەن تاڵیبانەوە بە هێزی سەربازی لەجیاتی وتووێژی سانسۆر کرد و بە دوای بڵاوبوونەوەی دەنگۆی یارمەتیی پاکستان لە شەڕی پەنجشیر، هۆشداریی دا بە هێزە دەرەکییەکان کە خۆ لە تێوەگلان لە هەڵمەتی سەربازیی تاڵیبان ببوێرن.

لە خراپترین دۆخدا، سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوخۆیی دەتوانێ دیسان سنوورەکانی خۆرهەڵاتی ئێران لە مەترسی هاوێ. شەڕ دەتوانێ بە هەمان شێوە پەنابەر و چەک و ماددەی سڕکەر بۆ ئەوبەری سنوور بنێرێ، باسی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

جیهادییانەش ناکەم کە سەر بە چەند تاقمی دووبارە زیندووبۆوەی میلیشیای توندئاژۆی سوننین کە هەرە یەکەو بەرنامەیەکی جیاوازی هەیە. تەنانەت ئەگەر ئاگری شەڕی نێوخۆیی لەسەر سنووریش نەبێ، هێشتا ڕوون نییە ئاخۆ تاڵیبان دەیهەوێ یان دەتوانێ چالاکییەکانی ئەو تاقمە جیهادییانە لەسەر سنوور کۆنترۆڵ بکا. هەڵمەتە خۆکوژییەکانی سەر فرۆکەخانەی نێونەتەوەیی کابول لە ٢٦ ئاگوست، لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامیی خۆراسان، بێگومان، ئاماجەکەی ئێران نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەمەڕ ئەوەی کە لەوانەیە لەبەر چاوی تاڵیبان چ شتێک بقەومێ، زەنگی مەترسیی لە تاران لێداوە. جگە لەوە، دەوڵەتی ئیسلامیی خۆراسان، کە ئەندامە سەرەکییەکانی لە لایەن هێزە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بە ٢٠٠٠ شەڕکەر مەزەندە کراون، دەتوانن خۆیان دەگەڵ تاڵیبان تێکەڵ بکەن و ناسینەوەیان تەنانەت بۆ تاڵیبانیش دژوارە.

تائێستا وێدەچێ گرەوی هاوکاریی بەپارێزەوە لەگەڵ تاڵیبان وەڵامدەر بووە. لەسەر داوای تاڵیبان، ئێران هەناردەکردنی نەوت و گازۆلی بۆ ئەفغانستان دەست پێ کردۆتەوە. ئاڵووێری ئێران دەگەڵ ئەفغانستان، کە ئێستا پێنجەمین بازاڕی کەلوپەلی هەناردە بێجگە لە نەوتە، بەگوێرەی ڕاپۆرت لە هەر سێ دەروازەی سنووری گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی. لەوەش زیاتر، تاڵیبان ئێرانی بۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی دەوڵەتی نوێ، لەگەڵ پاکستان، چین، ڕوسیە، تورکیە و قەتەر، بانگهێشت کردووە، ئەگەرچی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بەشداریی ئەو وڵاتەی بە کردەوەکانی تاڵیبانەوە گرێ داوە.

بەپێچەوانە، ئێران بە هۆی لەشکری فاتمیونەوە، یەکێک لە چەند یەکەی شەڕکەر کە هێزی قودسی سوپای پاسداران بۆ دەستێوەردان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە دروستی کردوون، کارتی هەڕەشەی لە بەرانبەر ئەفغانستان بەدەستەوەیە. ئەو لەشکرە لە هەزاران شەڕکەری شیعە پێکهاتووە و ئەندامەکانی زۆربەیان پەنابەری ئەفغانی لە ئێرانن کە بە بەڵێنی بوون بە شارۆمەندی ئێران و سوودی ئابووری، ئەگەرچی زۆرجار بە تۆبزی، لە نێویاندا بە هەڕەشەی دیپۆرت، بوونە ئەندام. لە ٢٨ی جولای، بەرپرسیکی فاتمیون ئەو ڕاپۆرتەی ڕەت کردەوە کە دەیگوت ئەوان دژی تاڵیبان لە ئەفغانستان جێگیر دەبن و لە جیاتان ئەمریکا و ئیسرائیلی بەوە تاوانبار کرد کە هەوڵ دەدەن لە نێوانیاندا ناکۆکی ساز بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەبەر چاو گرتنی ڕچەڵەکی لەشکری فاتمیون و ئەگەری ئەوە کە ئەندامەکانی ئێستا دەتوانن لە جیات شەڕ لە شوێنێکی دوور وەک سووریە، بۆ پرسی ڕاستەقینە و لە وڵاتی خۆیان شەڕ بکەن، ئەگەر پێویست بێ ئێران بەهاسانی دەتوانێ لە ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەرگرێ. بێجگە لەوە، لە کاتێکدا کە فەرماندەی هێزی قودس، ئیسماعیل

قائانی پەلەقاژەیەتی تا وەک فەرماندەی پێش خۆی قاسم سولەیمانی، میلیشیا شیعەکانی عێراق بێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەو ئەزموونی قووڵی لە بارەی ئەفغانستان و ئاسیای ناوەندی هەیە و ئامادەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ناسەقامگیری خۆرهەڵاتی ئێرانە. بەڵام، جارێ ئەوە سێناریۆیەکە کە ئێران دەخوازێ بەهەر نرخێک بێ خۆی لێ ببوێرێ. لە کۆبوونەوەیکی پشت دەرگای داخراو، بۆ زنیاریدان بە ئەندامانی پارلمان، قائانی ڕایگەیاند کە ئێران هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کایەوە تا خۆ لە شەڕ دەگەڵ "سوننییەکانی" ئەفغانستان -تۆ بڵێ تاڵیبان- ببوێرێ، کە بە گوتەی ناوبراو لە پێش هەموانەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدا بواری بۆ خۆش بکا.

بێجگە لەوە، ئەفغانستان گیروگرفتێکی فرە لایەنەیە کە پێویستی بە وەڵامی فرە لایەنەیە. ئەوە ڕەوایی ئێران بۆ بوون بە ئەندامی ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای بەهێز دەکا. بێجگە لە تورکمەنستانی بێلایەن، ئێران تاقە جیرانی ئەفغانستانە کە هێشتا نەبۆتە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە و تەنیا ئەندامی چاودێرە. ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە، لە ناویاندا تاجیکستان و بەتایبەتی چین، بەربەستیان خستۆتە سەر ڕێگای ئێران بۆ بوون بە ئەندام. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە، کە ڕەنگبێ گرینگترینیان بێ، ئەو تاقمە نایهەوێ وەک گرووپێکی بەئاشکرا دژی خۆرئاوا دەرکەوێ. (بە بوونی ڕوسیە و چین وەک ئەندامانی دامەزرێنەری ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای، ئەو ئاکامگیرییە هاسانە.)

بەڵام ئێستا، لە سەردەمی دوای کشانەوە لە ئەفغانستان جارێکی دیکە ئەرکی ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهایە کە بەربەرەکانی دەگەڵ تێرۆریزم، توندئاژۆیی و جیاییخوازیی و هەروەها پشتگیریی لە سەقامگیریی ناوچە بکا، کە دەردەکەوێ بە بێ بەشداریی ئێران کارێکی دژوار بێ. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە تەنیا چوار ڕۆژ پێش کەوتنی کابول، دەبیری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمخانی، باوەڕبەخۆیانە لە تویتێکدا نووسی کە "بەربەستە سیاسییەکانی بە ئەندامبوونی ئێران لە ڕێکخراوی هاریکاریی شانگهای لەنێو چوون و ئەندامەتیی تاران بەو زووانە جێبەجێ دەبێ".

دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی تاڵیبان دەبێتە خاڵی ئاڵوگۆڕی سیاسەتی ناوچە وەک دەستیوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠١، هەرەسهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ١٩٩١ و سەرهەڵدانی عەرەبی لە ٢٠١١. ئەو ڕووداوانەی پێشوو، ئێرانیان ناچار کرد خێرا لەگەڵ هەڕەشە و دەرفەتەکان هەڵسوکەوت بکا.

ئێران ئەو دووربینییەی هەبووە کە لەکاتی چاوەڕوانیدا بۆ کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێوەندییەکانی لەگەڵ تاڵیبان گەشە پێ بدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مەزنترین حکوومەتی ئایینیی دنیا ئێستا وێدەچێ خۆی بەڕەورووی حکوومەتێکی دیکەی

**بەشی: دووهەم**

**ئـایینی لە خـۆرهەڵات ببینێـتەوە کە نیـوەی ڕووبەری ئێـران و یەک ١/٣٤ی داهـاتی سـەرانەی سـاڵانەی هەیە و لە ڕوانـگەی سەربازییەوە وەک ئەو ناچی بەڵام سەلماندوویەتی کە پۆتانسیەلی ناسەقامگیر کردنی هەیە.**

**وڵاتە یەکگرووەکان لەوانەیە ئەفغانستانی دۆڕاندبێ، بەڵام گەلۆ ئەوە بە قازانجی ئێرانە؟ ئەوە هێشتا زۆر ناڕوونە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١**



سەرچاوە
Serchawe

## بێتوو بەڕێوەبەرایەتیی بایدن دژی ئێران نەوەستێتەوە، کۆنگرە دەبێ دژی بایدن بوەستێتەوە

سیاسەتی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بۆ ئێران خەریکی تێکرمانە و دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە کۆنگرە لە ئامرازێکی سەرەکی کە لە ٢٠١٥ دروست کرا، لە بڕیاری پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ئێران(INARA) ، کەڵک وەرگرێ. ماوەیەکی کورت دوای هاتنە سەرکاری سەرکۆمار بایدن، وڵاتە یەکگرتووەکان و پێنج زلهێزی دیکە، بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان، ڕووسیە و چین شەش جار لەگەڵ ئێران کۆبوونەوە تا ڕێککەوتنی ٢٠١٥، کە بە بەرجام ناسراوە، و بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ لە ٢٠١٨ بەجێی هێشت، چالاک بکەنەوە.

وتووێژەکانی مانگی جوون بەولاوە، ماوەیەکی کورت دوای دەسبەکاربوونی سەرکۆماری هەرە توندڕەوی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی، ڕاگیراون. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، وەک نیشانەیەکی ئاشکرای بێهیوایی بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، وێدەچی نزیک بێ پێشنیاری سووککردنی بەرچاوی ئابلۆقەکانی ئێران بدا کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی پەرەپێدانی چالاکییە بەدخوازانەکانی ڕێژیم.

بە چاوخشاندنێک بە لیستەی بەرپرسە توندئاژۆکانی کابینەی ڕەئیسی، لە ناویاندا جێگری وەزیری دەرەوە، "عەلی باقری کانی"، وێدەچێ تاران ئامادەی پانکردنەوەی دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان بێ. بەڕێوەبەرایەتیی بایدن کە تاکلایەنانە بەشێک لە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی سووک کردوون و بەگوێرەی ڕاپۆرت ڕەزامەندیی بۆ پاشەکشەی زیاتر لەوەی لە بڕیارەکانی بەرجامدا هاتوون دەربڕیوە، ئێستا وێدەچێ خولیای ناردنی لافاوی پارە بەرەو تاران، بە ئازادکردنی ٩٠ میلیارد دۆلار سامانی دەستبەسەرداگیراو، و هەڵگرتنی ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە تێرۆریزم، مووشەکی بالیستیکی و پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بێ کە هیچ پێوەندییەکیان بە بەرجامەوە نییە.

لەوەش زیاتر، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن پرسیارەکانی کۆنگرە لەمەڕ وردەکاریی ئەو شتانەی ڕەزامەندییان لەسەر داوە پاشگوێ دەخا. لە پشت شانۆ، وەزارەتی دەرەوەی بایدن، بە پاشگوێخستنی نامەکانی سێناتۆران و نوێنەران کە داوای وردەکاری و بەڵگەکانی سیاسەت بەرانبەر بە ئێران و ئەو ئابلۆقانەی کە قەرارە هەڵگیرێن دەکەن، بەربەستێکی قایم بۆ کۆنگرە دروست دەکا. داواکارییەکان یان بێ جواب ماونەوە یان بەڕێوەبەرایەتییەکە زانیارییەکی زۆر کەمی درکاندووە. کاربەدەستانێک کە لە لایەن حیزبەکانەوە دەسنیشان نەکراون، لە دانیشتنی نافەرمیدا دەڵێن کە بەڕێوەبەرایەتیی بایدن

نیگەرانییە نێوخۆییەکان و نارەزایەتییەکانیان پاشگوێ خستووە یان بێدەنگیان کردوون.

لە پێش و دوای دەسبەکاربوونی بایدن، ڕاوێژکارەکانی نارەزایەتییان بەرانبەر بە هەڵمەتی ئەوپەڕی زەختی ئابووریی ترامپ دەردەبڕی کە سەرکۆماری پێشوو دوای هاتنەدەر لە بەرجام سەپاندنی. تیمی بایدن هۆشداریی دەدا کە ئابلۆقە، ئاکارە بەدخوازانەکەی ئێران خراپتر دەکا و دەبێتە هۆی بەربڵاوتربوونی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. ئێستا، بەڕێوەبەرایەتییەکەی هەشت مانگی کات هەبووە تا هەڵوێستەکەی تاقی بکاتەوە: دیپلۆماسیی دڵخواز و فرەلایەن هاوشانی وەستاندنی سەپاندنی ئابلۆقە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تا ببێتە هۆی ماقووڵکردنی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی.

ئاکامەکە کارەساتبار بووە. تەنیا ئەو هاوینە، گەڕانەوەی دیپلۆماسی و ژێستی ئاشتیخوازانە بوتە هۆی بۆمب دانانەوە بۆ پاپۆری نەوتهەڵگری بیانی و هێرش بۆ سەر دامەزراوەی ئەمریکایی لە عێراق، لەگەڵ ئاشکرابوونی پیلانی بەبارمتە گرتن و ناردنەوەی بەرهەڵستکارێکی ناوداری ئێرانی-ئەمریکایی، مەسیح عەلینژاد، لە ماڵەکەی ڕا لە بروکلین، لەلایەن ڕێژیمی مەلایانەوە. لە سەرەتای ئەو مانگەدا وەزیری کاروباری دەرەوە، ئانتۆنی بلینکن، دانی پێدانا کە ڕێژیم هێشتا شارۆمەندی دیکەی ئەمریکا دەکاتە ئامانج، لە ناویاندا کاربەدەستانی هەنووکەیی و پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان.

چارەنووسی پرسی ئەتۆمییش، کە ئێران بە خۆکەڕکردن لە داواکارییەکان، زلهێزانی دنیای بێدەسکەوت کردووە، لەوە باشتر نەبووە. تاران ئاستی پیتاندنی بۆ ٪٦٠ بەرز کردۆتەوە و دەستی کردووە بە بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، کە هەنگاوی سەرەکیی بەرەو گەشەپێدانی چەکی ئەتۆمین. ئێران هەروەها ئاستی چاودێریکردنی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی کەم کردۆتەوە و پێشی بە لێکۆڵینەوەی ئاژانس لە پێگەی ئەتۆمی، کەرەستە و چالاکییە ڕانەگەیندراوەکانی گرتووە. تاران سەرکەوتووانە خۆی لە سزاکانی دەستەی بەڕێوەبەریی ئاژانس لەبەر پێشێلکارییەکانی بواردووە.

ئێران زۆر لە نیگەرانی دەربڕینەکانی ئەورووپا و ئەمریکای پاشگوێ خستوون، لە "نیگەرانیی قووڵ" تا "نیگەرانیی بەهێز"، لەبارەی چالاکییە ئەتۆمییە پەرەئەستێنەکان، بێ هیچ سزایەک لەلایەن پێتەختەکانی خۆرئاواوە. بلینکن هەموو هەوڵی خۆی دەدا تا وەک "پۆلیسی خراپ" دەرکەوێ، هەڕەشە دەکا کە دانووستانەکان ناتوانن تا هەتایە درێژەیان هەبێ، بەڵام بەڕێوەبەرایەتییەکەی وێدەچێ لەمەڕ هەنگاوی داهاتوودا دەستەوەستان بێ. لە هەمان کاتدا، ئامرازەکانی زەخت لەلایەن ئەمریکاوە لەکیس دەدرێن.



سەرچاوە
Serchawe

لە سەرەتای دەسبەکاربوونی بایدن، ئێران تووشی زەختێکی ئابووریی گەلێک قورس ببۆوە و تەنیا ٤ میلیارد دۆلار دراوی بیانیی لەبەر دەستدا بوو و قەرزی لەسەر کەڵەکە دەبوون و قەیرانی هەڵاوسانی نرخەکان، هاوکات لەگەڵ وەستانی ئابووری کە هۆیەکەی ئابلۆقەکانی ئەمریکا و گەندەڵیی خودی ڕێژیم و ناکارامەییەکەیەتی، قووڵتر دەبوو. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، ئاستی بازرگانیی ئێران لە نێوان ٢٠١٩ تا ٢٠٢٠، ٪٤٠ (١٨ میلیارد دۆلار) دابەزیوە. بەڵام بە هۆی وتووێژە نارێکوپێکەکانی ئا ئێستا، ئێران توانیویەتی بە ئاکامەکانی سووککرانی ئابلۆقەکان شاد بێ و داهاتی هەناردەکردنی نەوتی دوو هێندەی ٢٠٢٠ بەرز کردۆتەوە. ئەو بیزنسە نزیکەی ٧ میلیارد دۆلاری داهات گەیاندۆتە تاران و پێشی بە هەرەسهێنانی ئابووری گرتووە کە هەڕەشەیەک بوون بۆ سەر ڕێژیم و چالاکییە نایاساییەکانی. ئیتر بەسە. کۆنگرە دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانی پەسەند کراو بۆ جێبەجێکردنی بەرجام لە ٢٠١٥ (INARA) دژی سیاسەتی گەمژانەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن بەرانبەر بە ئێران، دەستێوەردان بکا. کۆنگرە دەبێ کەڵک لەو قانوونە وەرگرێ تا پێش ئەوەی واشینگتۆن لە بەرانبەر تاران پاشەکشەی زۆرتر بکا، پێش بە سووککردنی ئابلۆقەکانی ئێران بگرێ.

تا ئەمڕۆ، کۆنگرە جەختی لەسەر بەشی یەکەمی ئاو یاسایە کردۆتەوە، کە ئەو مافە بە کۆنگرە دەدا پێداچوونەوە بە هەر ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران بکا و پەسەندی بکا. بڕیارنامەکە دەسەڵاتی بەربڵاوی چاودێریکردن بە سەر هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی بۆ گەڕانەوە بۆ بەرجامی پێشوو یان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی نوێ، دەسکاریکراو یان ڕێککەوتنی دواتر داوە بە کۆنگرە INARA :دیاریکردووە کە لە ماوەی پێنج ڕۆژ دوای ئەوە کە لقی بەڕیوەبەریی بگاتە هەر جۆرە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ، سەرکۆمار دەبێ تەواوی وردەکارییەکان بداتە کۆنگرە تا ئەوان لە پرۆسەیەکی ٦٠ ڕۆژەدا پێیدا بچنەوە.

ئەو بەڕیوەبەرایەتییە ناتوانێ ئابلۆقەکانی سەپێنراو لە لایەن کۆنگرە دژی ئێران سووک بکا تا پرۆسەی پێداچوونەوەی کۆنگرە کۆتایی نەهاتووە. هەروەها کۆنگرە دەبێ پێداگر بێ کە هەر جۆرە مێکانیزم یان ڕێککەوتنێکی گەڕانەوەی هەموو لایەک بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنە ئەسڵییەکە دەبێ بەگوێرەی بڕیاراتی INARA بێ.

بەڵام لەو ماوەیەدا، کۆنگرە دەبێ مێکانیزمێکی دیکەی INARA بۆ چاودێریکردن کە بە گشتی پێی دەڵێن "گەڕانەوەی یاسایی بۆ دۆخی پێشوو" بەکار بێنێ. ئەو ئامرازە دەنگدان لە کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران، ئەگەر ڕێبەرانی زۆرینە و کەمینە کەڵک لەو مافەیان وەرگرن، بۆ پێشگرتن بە سووککردنی ئابلۆقەکانی سەپێنراو بەسەر ڕێژیمی ئێران مسۆگەر دەکا. دەرفەتی دەنگدانەکە دەتوانێ تەنیا لە ماوەی ئەو ٦٠ ڕۆژەدا بێ کە هەر ٩٠ ڕۆژ جارێک بە هۆی شکستی

بەرێوەبەرایەتیی بایدن لە سەلماندنی ئەوە کە ئێرانییەکان بەڵێنییەکانیان بەگوێرەی بەرجام جێبەجێ کردووە، دەرەخسێ. هەلی ئێستای گەڕانەوەی یاسایی بۆ دۆخی پێشوو لە ٢٢ی سێپتەمبەر تـا ٢١ی نۆڤەمبەرە. چونکە بەرێوەبەرایەتیی بایدن هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ بەرجام. ڕێبەرایەتیی کۆماریخوازی کۆنگرە دەبێ کەڵک لەو دەرفەتە بۆ گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو ەرگرێ. ڕێبەریی کۆنگرە دەبێ پێش ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن هەوڵ بدا گەڕانەوە بۆ بەرجام بکاتە ئەمری واقیع و ئیزن بە ڕێژیم بدا دەستی بە  سامانە سڕکراوەکانی ڕابگا، هەنگاو بنێ.

کۆنگرە و ئەنجومەنی پیران پێویستییان بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک بە زۆرینەی ساکارە تا پێش بە هەڵگیرانی ئابلۆقەکان بگرن، ئەگەر وانەبێ دەچێتە بەر دەستی سەرکۆمار و ئەویش بێگومان ڤیتۆی دەکا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە دێموکڕاتەکان زۆرینەی کۆنگرە و ئەنجومەنی پیرانیان بەدەستەوەیە و خۆیان ناچار دەبینن پشتگیری لە دەسپێشخەرییەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی بایدن بکەن، وێناچێ بیانەوێ ڤیتۆی سەرکۆمار پووچەڵ بکەنەوە کە دوو لە سەر سێی دەنگەکانی پێویستە. کۆنگرە لە ٢٠١٥ کە زۆرینەی بەدەست کۆماریخوازانەوە بوو، نەیتوانی دەنگی پێویست بۆ پێشگرتن بە بەرجام کۆ بکاتەوە، ئەگەرچی ٪٦١ی ئەندامان دژی ڕێککەوتنەکە بوون، لە ناویاندا ٢٥ ئەندامی دێموکڕاتی کۆنگرە و چوار ئەندامی ئەنجومەنی پیران کە سەر بە حیزبی دێموکڕات بوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەرانی کەمینە، بە لەبەرچاوگرتنی کەڵەکەبوونی نارەزایەتیی دێموکڕاتەکان لە سیاسەتی بایدن، دەتوانن بگەنە زۆرینەی دوو لە سەر سێ.

بە بێ لەبەر چاوگرتنی ئاکامەکە، دەنگدان لەسەر ئەو پرسە کە دەرخەری دژایەتی بەرچاوی کۆنگرەیە، دەتوانێ پەیامێکی بەهێز بێ بۆ تاران کە ئەگەر ئێران دەست لە چالاکییە بەدخوازەکانی هەڵنەگرێ سەرکۆماری کۆماریخوازی داهاتوو وێدەچێ ئابلۆقەکان بسەپێنێتەوە. دەنگدان بە هەمان شێوە مەترسییەکانی تێوەگلان لە ئابووری ئێران بە کۆمەڵگای بازرگانیی ناونەتەوەیی نیشان دەدا و تێیان دەگەیەنێ کە ڕەنگبێ ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بگەڕێنەوە. دەنگدانێکی سیمبۆلیک هەروەها نیشانی دەدا کە ئێران ناتوانێ بێ بەرپەرچدانەوە، قەڵسە بە وڵاتە یەکگرتووەکان بگیرێ و بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کەڵەگایەتی بکا.

بە هەمان شێوە، کۆنگرە دەتوانێ بە پرۆسەی پێداچوونە بە بەرجام بە کەڵکوەرگرتن لە INARA بۆ زەخت خستنە سەر بەرێوەبەرایەتیی بایدن وەرگرێ تا هەنگاوی هەستپێکراو و یەکلاکەرەوە دژی ئێران، بەهۆی بەئامانجگرتنی بەردەوامی شارۆمەندانی ئەمریکا و پرۆڤۆکاسیۆنی نێونەتەوەیی دیکە، هەڵگرێ. تا ئێستا، کۆنگرە کەم بڕیاری هەستپێکراوی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ چالاکییە بەدخوازانەکانی ئێران داون و لە دوای دەسبەکار بوونی بایدن، هیچ دەنگدانێکی بەرچاوی

بەشی: دووهەم

پێوەندیدار بە ئێران لە کۆنگرە یان لە ئەنجومەنی پیران بەڕێوە نەچووە. کۆنگرە ئاشکرای کردووە کە چەند کردەوەی سەرەتایی ئەو حەفتەیە دەست پێ دەکەن، لە ناویاندا چەند بڕیارێک لەژێر قانوونی ڕێگەپێدرانی بەرگریی نێشتمانی بۆ ئەرکدار کردنی بەڕێوەبەرایەتی تا سووککردنی ئابلۆقەکانی پێوەندیدار بە تێرۆریزم و گەشەکردنی سەربازیی تاران و هاوپەیمانیی لەگەڵ چین بە کۆنگرە ڕابگەیەنێ.

دەنگدان بە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو لە ژێر بڕیاری INARA دەبێتە هۆی پشتیوانییەکی سیاسیی گەلێک قایمتر، تەنانەت ئەگەر سیمبۆلیکیش بێ، دژی پاشەکشەی بەرچاوی دانوستانکارانی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە بەردەوام نیشانیان داوە ناتوانن مەتەرێزیان دژی کەڵەگایەتیی ئێران بپارێزن. کۆنگرە دەبێ ئێستا بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی خراپترین خولیا بیر لێ نەکراوەکانی سیاسەتی دەرەوە هەنگاو بنێ. بە دەسپێکی پرۆسەی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشووی ڕێگاپێدراو لە INARA ، کۆنگرە دەتوانێ چاودێریی بەسەر سیاسەتی بایدن بەرانبەر بە ئێران، کە گەلێک پێویستە، بگەڕێنێتەوە.

**دامەزراوەی داکۆکی لە دێموکراسیان – گابریەل نۆرۆنها، ئاندرێیا سترحکەر، مەتیو زوایگ**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## گەلۆ هاوپەیمانییەک لە نێوان ئێران و چین هەیە؟

**ئورشەلیم پۆست - جاناتان سپایەر**

ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبەری ڕابردوو، لە کۆبوونەوەی دوشەنبە لە تاجیکستان، ئەندامانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە دەنگدان ئەندامەتیی ئێرانیان لەو ڕێکخراوەدا پەسەند کرد.

ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، لە ٢٠٠١ لەلایەن چین و ڕوسیە وەک هاوپەیمانییەکی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی، دامەزرێندرا و هەنووکە هەشت وڵات تێیدا ئەندامن، چین، ڕووسیە، پاکستان، هیندوستان، قەزاقستان، قرقیزستان و تاجیکستان. بەیەکەوە، ئەو وڵاتانە ٢٠٪ی کۆی بەرهەمی نەتەوەیی جیهانیان بەدەستەوە و ٤٠٪ی حەشیمەتی دنیا پێک دێنن.

یەکەم هەوڵی ناسەرکەوتووانەی ئێران بۆ ئەندامەتیی تەواو لە ٢٠٠٨دا بوو. ئەوکاتی، داواکەی ئێران لەبەر دژایەتیی هێندێک وڵاتی ئەندام بەرانبەر بە ئەندامەتیی ئەو وڵاتە بەهۆی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێوەندیدار بە بەرنامە ناوەکییەکەی ئەو وڵاتە، بوو.

ساڵی ڕابردوو تاران جارێکی دیکە داوای کردەوە. هەوڵەکانی دیسان لەبەر دژایەتیی تاجیکستان شکستی هێنا. بەڵام ئەمجارەیان بەربەستەکان بەرەو ئەندامەتیی تەواو هەڵگیران، ئەگەرچی هێشتا هیچ بەروارێک بۆ بە ئەندامبوونی ئێران دەستنیشان نەکراوە.

### وەرگیرانی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، چەندە گرینگە؟

میدیای ئێرانی، لە وتارێکدا کە لە لایەن ئاژانسی فرانس پرێسەوە ئاماژەی پێ کراوە، بەو ڕووداوە شاگەشکە بوون.

کەیهان، بڵاڤۆکێکی خاوەن هەڵوێستی توندڕەوانە، نووسیی: "لێرە بەولاوە ئێران بۆخۆی سیاسەتی فرەلایەنی جێبەجێ دەکا، وردە وردە پشت لە ڕوانگەیەک دەکا کە پشتی تەنیا بە خۆراوا بەستبوو و ئاسەواری ئابلۆقەکانی خۆراوا کەم دەکاتەوە".

سەرکۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، لە وتارەکەیدا بەرەورووی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای، بە هەمان شێوە لە هەڵسەنگاندنی مانای ئەو ڕووداوە ناڕوون بوو. ڕەئیسی بە ڕێبەرانی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای گوت: "دنیا چۆتە نێو قۆناخێکی نوێوە. هێژمۆنیی و تاکلایەنی شکستی هێناوە، هاوسەنگیی نێونەتەوەیی لە ئێستاوە بۆ لای فرەلایەنی و دابەشینەوەی دەسەڵات بەرەو وڵاتانی سەربەخۆیە. ئابلۆقە تاکلایەنانەکان تەنیا تاکە وڵاتێک ناکەنە ئامانج. لەو ساڵانەی دواییدا، ئاشکرا بووە کە ئەوان زۆرتر کاریگەرییان لەسەر وڵاتانی سەربەخۆ هەیە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای".

هاوکات، لە سۆشیال میدیای فارسدا، محەممەد حەسەن دێهقان، کاربەدەستێکی پێکهاتەی "ئابووریی خۆڕاگری" کە سەر بە سوپای پاسدارانە لە تویتێکدا نووسی کە "ئەندامەتیی تەواو " لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای دەبێتە هۆی "سوودی بەرچاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی" بۆ ئێران.

کە وابوو، گەلۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئێرانییانە دروستە؟ دەکرێ ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای وەک هەنگاوێکی مەزن بەرەو سەرهەڵدانی بلۆکێکی ستراتیجیکی دژی خۆراوا بێ، کە ئێران دەبێتە ئەندامی؟

لە پێتەختەکانی خۆراوا باسی بەردەوام لە دەسپێکی شەڕێکی ساردی نوێ دەکرێ، کە دەبێتە هۆی بەربەرەکانیی وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانانی دژی چین و، ناوەندی ئەو شەڕە ناوچەی نێوان ئوقیانوسەکانی هیند و ئارام دەبێ.

کشانەوەی خێرای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئەفغانستان ڕەنگبێ هەنگاوێکی نابەجێ بۆ کشانەوە لە هێڵی سووری جەنگەکانی ۱۱ی سێپتەمبەر بێ، تا سەرنج و سامانەکان ئاراستەی پێداویستییەکانی ئەو کێبڕکێ و سەردەمە نوێیە بکرێ. ئەو چەشنە کێبڕکێ ستراتیجیکییە مێژووییانەی نێوان زلهێزانی جیهانی لە ناوچەیەکی جوگرافیایی دیاریکراودا قەتیس نامێننەوە. شەڕی ساردی ۱۹۹۱-۱۹۵۰ لە کێبڕکێی دوولایەنانەی سیستەمەکانی ژێر ڕێبەریی وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت پێکهاتبوو، کە کاریگەریی لەسەر هەموو ژینگە ستراتیجیکییە هەرێمییەکان هەبوو.

ڕاگەیاندنی هاوپەیمانیی ئاکوس لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان، ئوسترالیا و بریتانیا دەرخەری هێڵێکی زەق لە ناوچەی نێوان ئوقیانوسەکانی هیند و ئارامە، یەکگرتنی ئەو سێ وڵاتە ئینگلیزی زمانە هەوڵێکی ئاشکرایە بۆ سنووردا کردنی هەوڵەکانی چین بۆ پەرەگرتن لەو ناوچەیەدا.



سەرچاوە
Serchawe

کێبڕکێ جیهانییەکانی پێشوو، وەک هەوڵی دەسەڵاتە ئیمپراتورییەکانی ئەورووپا بۆ سنووردارکردنی سەرهەڵدانی ئاڵمان لە سەردەمی پێش ١٩١٤، بە هەمان شێوە گۆی زەوی گرتەوە (و لەو کێشەیەی کە ئەو هەوڵانە لە کۆتاییدا خوڵقاندی، دنیای گۆڕی).

ئاخۆ ئێمە شاهیدی یەکەم جووڵەکانی کێشانی هێڵی ئەوتۆ لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، بە دەرکەوتنی هێڵەکان لە نێوان بلۆکەکانی هاوتەریبانی ئەمریکا و هاوتەریبانی چین، لە ئاسۆین؟

**یەکەم**، چەند هۆشدارییەک پێویستن. ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هێشتا بە هیچ شێوەیەک لە هاوپەیمانییەکی ستراتیجیکیی بە ڕێبەرایەتیی چین دژی خۆراوا نزیک نییە. ئەندامەکانی هیندوستان دەگرێتە خۆ کە کێبڕکێکاری چین و هاوپەیمانی خۆراوایە. ڕێکخراوەکە دەگەڵ ئێرانیش، لە دڕدۆنگی بەرانبەر بە سیستەمی نێونەتەوەیی لە بەرنامە ئەتۆمییەکەیدا هاوتەریب نییە. لە جیاتان، ئابلۆقەکان نیگەرانییەکی سەرەکیی بۆ پێشگرتن بە ئەندامەتی تەواوی تاران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بوون.

تەنانەت هەنووکە، هێڵێکی کاتی بۆ بەئەندامبوونی تاران لە ڕێکخراوەکەدا هێشتا ڕانەگەیەنراوە. وەبەرهێنانی مەزن لە لایەن ڕووسیە، چین و هیندوستان لە ئێران بێگومان بە هەڕەشەی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان چاوترسێن دەکرێن. جێگای ئاماژەیە کە شێوەی وەبەرهێنانی چین لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگەڵ هاوپەیمانییەکی تۆخ دەگەڵ بلۆکێکی ناوچەیی یەک ناگرێتەوە. بەیژینگ کڕیارێکی مەزنی نەوتی عەرەبستانە و، بازرگانی بەربڵاوی دەگەڵ ئیسرائیل و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا و بە هەموو هۆشیارکردنەوەکان دژی ساکارکردنەوەی لە ڕادەبەدەر، ئاراستەیەکی گشتی بۆ ڕووداوەکان بەدی دەکرێ و ئەو ئاماژە بە هاوتەریبی لە نێوان بەیژینگ و تاران، لەسەر بناخەی بەرژەوەندییە هاوبەشە ڕەق و درێژمەوداکان دەکا. ئەندامەتی لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای هۆی پتەوکردنی ئەو پرۆسەیە نییە، ئەوە ڕێنیشاندەرێکی سەر ڕێگایەیە.
لە ٢٧ی مارسی ٢٠٢٠، تاران و بەیژینگ ڕێککەوتنێکی ستراتیجیکی ٢٥ ساڵەیان، بە وەبەرهێنانی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری لە لایەن چینەوە لە ئێران، ڕاگەیاند. ئەو ڕێککەوتنە زۆرتر نەخشە ڕێگایەکە بۆ داهاتوو، نەوەک ڕێککەوتنێک کە ئاسەوارەکەی دەسبەجێ دەردەکەون. ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕەت بکرێتەوە. بەرزبوونەوەی پلەی ئەندامەتیی ئێران لە

ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهایدا یەکەم ئاسەواری هەستپێکراوی ئەو ڕێککەوتنەیە.

ئێران بەشێکی سەرەکیی دەسپێشخەریی بەرزەفڕانەی پشتێند و جادەی (جادەی ئاوریشمی نوێ کە چین لە پشتیەتی. و.) چینە. دەسپێشخەریی پشتێند و جادە بەتەمایە ڕێگای بازرگانیی وشکانی و دەریایی لێکدانەبڕاوی هاوتەریبی چین، لەوێوە بۆ ئەوراسیا مسۆگەر بکا.

ئێران بۆ وڵاتانی ناوەندی ئاسیای ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای کە سنووری ئاوییان نییە، ڕێگای دەسڕاگەیشتن بە دەریای عەرەب و ڕێگا ئاوییەکانی نێونەتەوەیی دەستەبەر دەکا. گونجاندنی ئێران لە دەسپێشخەریی پشتێند و جادە یارمەتی بە هەوڵی چین بۆ بوون بە دەسەڵاتێکی خاوەن هێژمۆنی لە ئەوراسیا دەکا کە کۆنترۆڵی ڕێگا بازرگانییەکانی ئەو وەڵاتە لەگەڵ وڵاتانی هاوتەریبی خۆی بەدەستەوەیە.

لەو ڕوانگەیەوە، وێناچی چین بەرانبەر بەو ڕاستییە، کە هێشتا لە لایەن چاودێرە ساویلکەکانی خۆراواوە وەک پێویست لەبەر چاو ناگیرێ، بێ تەفاوەت بێ کە تاران دەسەڵاتی سەرجەم خاکی نێوان سنوورەکانی ئێران - عێراق و دەریای مەدیتەرانەی بەدەستەوە بێ کە لە سێ وڵاتی بەناو عێراق، سووریە و لوبناندا هەڵکەوتوون.

بۆ چین، ئێران وڵاتێکی بەهێز، سەقامگیر و بێ هەڕەشەیە (بۆ سەر چین. و.). هەڵوێستی دژە ئەمریکایی ئێران بەکەڵکی چین دێ تا دڵنیا بێ کە هیچ ئەگەرێک بۆ قوماری ئەو وڵاتە لە کێبڕکێ ستراتیجیکییەکەی نێوان واشینگتۆن و بەیژینگ ناکا. ئەوە سەرەڕای ئەو ڕاستییەیە کە چین، بێگومان، هاوڕای بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی دەسەڵاتداریی لە ئێران نییە. بەڵام لەو ڕوانگەیەوە، سروشتی شیعەی ئەو ئایدیۆلۆژییەیە بەو مانایەیە کە ئێران پوتانسیەلی بوون بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی، حەشیمەتە نەچەماوە موسڵمانەکەی، کە زۆرینەیان سوننین، نییە.

دەسپێکی پێوەندیی نزیکتر لە نێوان تاران و بەیژینگ هەر ئێستا ئاکامێکی بەرچاوی لێ کەوتۆتەوە. بەرخۆدانی لاسارانە و سەرکەوتووانەی ئێران دژی سیاسەتی "ئەوپەڕی زەخت" لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لەکاتی بەرێوەبەرایەتی ترامپ تا ڕادەیەک بەهۆی بوونی چین وەک جۆرێک "بیمە" بوو کە تاران پشتی پێ بەستبوو. کڕینی بەردەوامی نەوتی خاوی بە نایاسایی هەنارده کراوی ئێران لە لایەن چینەوە، بە تایبەتی، دەرفەتی وەدەستهێنانی داهاتی نەوت سەرەڕای ئابلۆقەی "ئێفلیجکەر"ی بۆ تاران دەستەبەر دەکا. سەردەمی ئەوپەڕی زەخت ئێستا کۆتایی هاتووە. تاران لە پەڕینەوە لە

**بەشی: دووهەم**

"بەربەستی" بوون بە دەسەڵاتێکی ئەتۆمیی نزیک دەبێتەوە (یان بە گوتەی هێندێک کەس، هەر ئێستا یەکێک لەوانە). بەیژینگ، بە بەرگریی لە تێکرمانی ئابووری ئێران، دەورێکی سەرەکیی لەو ڕوانگەیەوە هەبووە.

کەوابوو کێبڕکێیی جیهانیی کە خەریکە لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و چین دەست پێ بکا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ناوچەیەکی بێلایەن ناهێڵێتەوە و دەگەڵ پەرە ئەستاندنی ئەو دوو بەرەیە، تاران، لەبەر هۆی ژێئۆستراتیجیکی و سیاسی وێدەچێ زۆرتر لە بەیژینگ نزیک بێتەوە. ئەندامەتیی ئێران لە ڕێکخراوی هاوکاریی شانگهای بڕگەیەکی بەرچاو لەو ڕێگایەیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١**

## بێنێت وەڵامەکانی لە بارەی ئێران لە لایە، بەڵام کەس گوێ ڕادەگرێ؟

**ئورشەلیم پۆست - لەهاف هارکۆف**

سەرۆک وەزیران، نەفتالی بێنێت ئەو حەوتوویە لەبەر کۆنفرانسی گۆڕانی ئاووهەوا لە گلاسگۆ بوو و زۆر شتی لەسەر ئەو پرسە و لەبارەی داهێنانەکانی ئیسرائیل بۆ یارمەتی بە بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکانی سەر ژینگە و شتی دیکە پێ بوو. بەڵام لە ڕوانگەی دیپلۆماسییەوە، کۆبوونەوەکە دەرفەتێک بوو بۆ بێنێت تا پەیامی دیکەش لە چاوپێکەوتنە تاکییەکان لەگەڵ ڕێبەرانی سەرانسەری دنیادا بگەیێنێت.

جێگای سەرسوڕمان نییە، پرسی سەرەکی کە پێوەندیی بە ئاجێندای ئاووهەواوە نەبوو و ئەو لە هەموو دانیشتنە دوو لایەنەکانی ئەو حەوتوویەدا دەیهێنانە گۆڕێ، ئێران بوو.

ئەو وتووێژانە لە کاتێکی هەستیاردا دێنە بەر باس، چونکە تاران درێژە بە خۆبواردن لە وتووێژ دەدا و بە لێدوانە لێڵ و خۆ دزینەوە لە ئەرکداریی، لەبارەی کاتی گەڕانەوەی بۆ مێزی وتووێژ دنیای لە نادڵنیاییدا هێشتۆتەوە، لە کاتێکدا کە خێرا گەشە بە بەرنامەی ئاتۆمییەکەی بەرەو خاڵی بێگەڕانەوە دەدا.

پێشوەچوونەکانی ئێران لە پیتاندنی ئورانیۆم شتێکە کە زلهێزە خۆراواییەکانی بەشدار لە ڕێککەوتنی بەرجام لە ٢٠١٥ ددانیان پێدا ناوە، ڕێبەرانی وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتی ئورووپایی، واتە فەڕانسە، ئاڵمان و بریتانیا، ئەو شتەیان لە لێدوانەکەیاندا لە کۆبوونەوەی چەند ڕۆژ لەوەپێش لە G20 لە ڕۆم باس کرد.

ئەوان گوتیان: "لە کاتێکدا کە ئێران وتووێژەکانی بۆ گەڕانەوە بۆ نێو بەرجام کە لە مانگی جوون بەو لاوە بەڕێوە دەچوون، ڕاگرتوون، هەنگاوە ورووژێنەرە ئەتۆمییەکانی، وەک بەرهەمهێنانی ئورانیۆمی پیتێندراو لە ئاستێکی بەرزدا و بەرهەمهێنانی کانزای ئۆرانیۆم، خێراتر کردوون. ئێران هیچ پێویستییەکی ڕەوای مەدەنیی بە هیچکام لەو هەنگاوانە نین، بەڵام هەردووکیان بۆ بەرنامەی چەکی ئەتۆمیی گرینگن".
بێنێت لەو کاتە دژوارە، لە ڕوانگەی ستراتێژیکییەوە، هاتە سەردانی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا بوریس جانسۆن و

بەشی: دووهەم

سەرکۆماری فەڕانسە ئێمانوێل ماکرۆن، کاتێک کە ئەوان لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ وتووێژ ناسەرکەوتوو بوون، لە هەمان کاتدا ئێران هەنگاوەکانی بەرەو چەکی ئەتۆم خێراتر کردووە.

پەیامی بێنێت بۆ ئەوان و سەرجەم ئەو ڕێبەرانەی چاوی پێیان کەوت ئەوە بوو: زەختی زۆرتر بخەنە سەر ئێران و، هەڵوێستێکی سەخت دژی ئێران لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و پێوەندییە دوو لایەنەکانتاندا بگرن.

بێنێت گوتی گەڕانەوە بۆ بەرجامی ٢٠١٥ هەڵەیە و کاریگەریی پێچەوانەی ئەوە دەبێ کە ئێوە چاوەڕوانیتان لێی هەیە. ئەو بە ڕێبەرەکانی گوت لابردنی ئابلۆقەکان بەو مانایەیە کە ئێران دراوی زۆرتری دەست دەکەوێ تا بۆ شەڕانشۆییە ناوچەییەکانی کەڵکیان لێ وەرگرێت.

بێنێت هەروەها پێیانی گوت ئیسرائیل چەندین میلیارد شەکەلی لە بودجەی نوێی دەوڵەتدا بۆ بەرگریی تەرخان کردووە، بە جەختکردن لەسەر پلانی ئۆپەراسیۆنی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڕەشەی ئێران.

سەرچاوەیەکی دیپلۆماتیک، بە کەڵکوەرگرتن لە پەندێکی پێشینیانی هیلەل بۆ شیکردنەوەی ڕوانگەی بێنێت لەمەڕ ئامادەکردنی ئەگەری هەنگاوی سەربەخۆیانەی ئیسرائیل دژی ئێران گوتی، "بێتوو من بۆخۆم نەبم، کێ بۆ من دەبێ؟"

بەڵام لە هەمان کاتدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە بەڕوونی ڕایانگەیاند کە ئەوان دەست لە ڕێگاچارەی وتووێژ بۆ گەڕاندنەوەی ئێران بۆ بەرجام و پاشان دیپلۆماسی هەڵ ناگرن.

لە لێکدوانەکەدا هاتبوو، "ئێمە دڵنیاین دەکرێ خێرا بگەینە لێکتێگەشتن و جێبەجێ کردنی گەڕانەوە و مەلکەچ بوونی تەواو و دڵنیابوونی درێژخایەن کە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران تەنیا بۆ ئامانجە ئاشتییانەکان دەبێ. ئێمە داوا لە سەرکۆمار ڕەئیسی دەکەین تا کەڵک لە دەرفەت وەرگرێ و بگەڕێتەوە بۆ هەوڵێکی متمانە پێکراو بۆ بە ئەنجام گەیاندنی وتووێژەکان وەک پرسێکی بەپەلە. ئەوە تەنیا ڕێگای چێگای متمانە بۆ خۆ بواردن لە بەرزکردنەوەی مەترسیداری گرژییە، کە لە بەرژەوەندیی هیچ وڵاتێکدا نییە".

لە کاتێکدا کە ئێران درێژە بە پیتاندنی ئۆرانیۆم دەدا، وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتەکەی ئورووپایی هەوڵ دەدەن

بەشی: دووهەم

ستراتیژییەکی گێزەر و قامچی بیيننەوە تا تاران بگەڕێننەوە سەر مێزی وتوویژ. بەڵام تا ئێستا، ئەوان تەنیا لە ئێران پاڕاونەوە بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی وتوویژ. بێگومان، ئابلۆقەکانی ولاتە یەکگرتووەکان هەروا بەردەوامن، بەڵام ئەوان هێشتا ئێرانیان پێمل نەکردووە.

بێنێت پێی خۆشە قامچی زۆرتر بيينێ و ئەو گوتی ئەوەی بە هەموو ئەو کەسانە گوتووە کە چاوی پێکەوتوون. سەرچاوەیەکی سیاسی گوتی، خەڵک دەیانهەوێ هەڵوێستی بێنێت لە بارەی ئێران ببیستن، ئەوان ڕەزامەندییان بۆ درێژە پێدان بە گفتوگۆکان لە داهاتوودا دەربڕیوە.

**بەڵام گەلۆ ئەوان بەڕاستی گوێ ڕادەگرن؟ جارێ، وێدەچێ وڵاتە یەکگرتووەکان و سێ وڵاتە ئورووپاییەکە درێژە بە پلانی A بدەن، ئەگەرچی نیشانەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کاریگەر نییە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

# بۆچی عێراق دەبێ ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە؟

## واشینگتۆن پۆست - بابی گۆش

مستەفا ئەلکازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق شانسی هەبوو کە لە هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە بۆ سەر ماڵەکەی تەنیا بە برینێکی سووک ڕزگاری بووە، کە لە وتارەکەی سەر تەلەڤیزیۆن دوای هێرشەکە لە بانداژی مەچەکی چەپی ڕا دیار بوو. بەڵام سەرەڕای داوای لەسەرەخۆبوون و درێژە بە کارەکان بدەن وەک هیچ نەقەومابێ، کازمی ناتوانێ ئەو زبرە قورسە بشارێتەوە کە بەر جەستەی سیاسیی عێراق کەوتووە. ئەو نابێ هەوڵی ئەو کارەش بدا. هەوڵی ئاشکرای کوشتنی ناوبراو بیانوو دەداتە کازمی تا میلیشیاکان سەرکوت بکا، شتێک کە ماوەیەکی زۆری بەسەرەوە چووە. هیچ گومان لەوە دانییە کە هێرشەکە کاری یەکێک لە بەکرێگیراوانی ئێران بووە: لەنێو ڕێژەیەکی زۆر گرووپی چەکدار کە لە عێراق چالاکن، تەنیا ئەوان دەستیان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ڕادەگا، کە کۆماری ئیسلامی داویەتیە بەکرێگیراوانی لە سەرانسەری دنیای عەڕەب، لە لوبنانەوە تا یەمەن.

لە عێراق میلیشیای شێعە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی بۆ هێرش بۆ سەر بنکە سەربازی کە هێزی ئەمریکایی لێ جێگیر کراون وەرگرتووە. ئەوان بە هەمان شێوە لە خاکی عێراقەوە کەڵکیان لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ هێرش بۆ سەر قووڵایی خاکی عەڕەبستانی سعودیش وەرگرتووە. بەڵام سەرۆکوەزیران، لە ترسی تووڕە کردنی تاران، خۆی لە ئاشکرا کردنی تاقمەکانی بەرپرسی ئەو هێرشانە بواردووە و لەوەش کەمتر دابینکارانی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی مەحکوم کردووە.

بێتوو کازمی بوێری نیشان بدا و بکەرەکانی هێرشەکە و ئەو لایەنەی ئەوان کۆنترۆڵ دەکا ئاشکرا بکا، ئەو دەتوانێ حیساب لەسەر چەکێکی سیاسیی گەلێک بە هێز بکا کە تا ئێستا نەیبووە: پشتیوانیی هاووڵاتیانی.

عێراقییەکانی زۆر دەمێکە لە دەستێوەردانە بەدخوازانەکانی ئێران ماندوو بوون و داوایان لە ڕێبەرانی سیاسیی خۆیان کردووە کاردانەوەیان دژی بەکرێگیراوانی ئێران، تاقمەکانی کەتائیبی حیزبوڵڵا، عەسایبی ئەهل ئەلحەق و ڕێکخراوی بەدر هەبێ، کە بەردەوام هاووڵاتییان دەترسێنن، پارە بە زۆر لە بازرگانان دەستێنن و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ دەکوژن. شکستی کازمی لە سنووردارکردنی دەسەڵاتی ئەوان یارمەتیدەری پەرەئەستاندنی هەستی بێ هومێدی لەنێو خەڵکی

ئاسایی عێراق دروست کردووە کە بە بەشداریی کەمیان لە هەڵبژاردنی مانگی ڕابردوودا دیارە.

بێزارییەکیش لەنێو سوپای عێراقدا بەرچاو دەکەوێ، کە هەڕەشەی ئەوەیان لەسەرە میلیشیاکان جێگایان بگرنەوە. نیگەرانیی پەرەئەستێنیش لە پێتەختەکانی دیکەی وڵاتانی عەرەبییشدا دەبینرێ و هەروەها بێگومان لە واشینگتۆنیش، کە تاران کەڵک لەو تاقمانە وەردەگرێ تا لە بەغدا بڕیاری هەموو شتێکی بەدەست بێ.

سیاسەتوانێکی ژێر ڕەنگبێ بتوانێ کەڵک لەو بێهیوایی و بێزارییە بۆ هەنگاوی بەکردەوە دژی سەرچاوەکەیان وەرگرێ. وزەیەکی دیکەش بۆ کازمی لەئارادایە: هەوڵی کوشتنەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە میلیشیاکان چیدیکە لە ملکەچییەکەی ڕازی نین و دەیانهەوێ لەسەر ڕێگای خۆیانی لادەن.

دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردنەکان کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە، تاقمەکانی بەکرێگیراو لە لایەن ئێرانەوە هەوڵیان داوە بە کەڵەگایەتی دەسەڵات بگرنە دەست. ئەوان ڕەوایی دەنگەکانیان هێناوەتە ژێر پرسیار و لە دەروەی ناوچەی سەوزی بەغدا، لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکان تووشی پێکدادان بوون.

کازمی کە بۆخۆی لە هەڵبژاردنەوەدا بەربژێر نەبوو، هیوادارە بەهۆی ئەوە کە بەربژێرێکە کە لایەنەکان کەمترین دژایەتییان لەگەڵیدا هەیە، بتوانێ کارەکەی بپارێزێ. میلیشیاکان ئەوە دەزانن و، وێدەچێ حیساب لەسەر ئەو گریمانەیە بکەن کە بێتوو ئەوان ناوبراو لە هاوکێشەکە دەراوێژن شانسی باشتریان بۆ دانانی کەسێکی دڵخوازی خۆیان لە جێگای ئەو دەبێ.

لەبەر شکستەکەیان، ڕەنگبێ هێرشە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کاریگەریی بەراوەژووی هەبووبێ، بە بەهێزترکردنی ڕەوایی کازمی وەک بەربژێرێک کە دەکرێ لەسەری بسازێن. هیچ نەبێ، ئەگەر دژێوترین ڕێکخراوەکانی وڵات بڕیاری وەلانانی ئەویان دابێ، لایەنەکانی دیکە ڕەنگبێ ئەو ویستەیان لە لا بەهێز بووبێ تا پشگیریی لێ بکەن.

سەرۆکوەزیران یارمەتیی دەرەکیشی پێویستە. هەوڵی نێونەتەوەیی پێویستە تا زەخت بخرێتە سەر تاران بۆ ئەوە کە لەغاوی بەکرێگیراوە عێراقییەکانی ڕاکێشێ. ئەو ڕاستییە کە بەرپرسی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، عەلی شەمخانی، بەتەواوی بەرپرسیاریی هەوڵی کوشتنی سەرۆک وەزیرانی ڕەت کردەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەوە کە نوێنەرانی ڕێژیم لانی

کەم هەست بە هێندێک شەرمەزاری دەکەن، کە بیانوویەک دەداتە وڵاتانی دیکە کارێکی لەسەر بکەن.

کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە وتووێژەکانی ئەو دواییانە لەگەڵ دوژمنە نەریتییەکانی درێژە پێ بدا، کە بە هەڵکەوت لە لایەن کازمییەوە ڕێکخراون. عەرەبەکان ئێستا دەرفەتێکیان هەیە تا زەخت بخەنە سەر ئێرانییەکان تا لانی کەم، لە کاتێکدا کە سوپای عێراق خەریکی کاری خۆیەتی، پاشەکشە بە بەکرێگیراوەکانی بکا.

بێتوو سەرۆک وەزیران بەگوێرەی پێویست پشتگیری نێوخۆیی و نێونەتەوەی وەرگرێ، ئەگەری ئەوە هەیە کە بتوانێ بێ تەقەی تاکە گولەیەک، بە سەر میلیشیاکاندا زاڵ بێ. زۆر وێدەچێ خوێن بڕێژرێ: هەرچۆنێک بێ، میلیشیاکان چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ئێرانییانیان هەیە. بەڵام سوپای عێراقی توانایی زۆرتریان بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا هەیە، وەک چۆن لە شەڕی دژی داعش نیشانیان داوە. ئەوان بە هەمان شێوە چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی ڕۆژاواییان هەیە.

**بەریەککەوتن شتێکی حەتمییە. دەستی کازمی ڕەنگبێ قەت وەک کاتی بانداژکرانی بەهۆی هێرش بە مەبەستی کوشتنی بەهێزتر نەبێ.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

---

## وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە

بەرهەمهێنانی زانست شتێکە بە وتاردان و فەرمانی ڕێبەری هیچ وڵاتێک جێبەجێ نابێ. بۆ گەشەی زانستی هێندێک بەستێن پێویستن کە ئەگەر ئەو بەستێنانە لە ئارادا نەبن، گەشە و پێشکەوتنی زانستیی وڵات تەنیا تراویلکەیەکە کە ڕەنگبێ ڕێبەری خۆشخەیاڵ لە مێشکی خۆیدا ببینێ. بێجگە لەوە گەشەی زانست لە وڵاتێک، ئەگەر لە خەیاڵپڵاو تێپەڕ بێ و بەستێنی گونجاوی لە هەموو بوارێکدا بۆ دابین بکرێ، شتێکە و ئەوە کە زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە ببێتە زمانی زانست، شتێکی بەتەواوی جیاوازە کە لە توانایی زمانێکی وەک فارسی بەدەرە.

ڕێبەرانی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە کۆنەوە بێ وەئەوستۆگرتنی بەرپرسیاری و بێئەوەی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتەکانیان وەڵامدەر بزانن، دەستیان لە هەموو کاروباری وڵات وەرداوە، تەنانەت لەو بوارانەدا کە هیچ پسپۆڕییەکیان تیایدا نەبووە.
کولتووری دیکتاتۆرخولقێنی خۆرهەڵاتی، لوتکەی دەسەڵاتی لە وڵاتی ئێران، هەر وەک وڵاتانی دیکەی ئەو بەشەی دنیا، کردۆتە کەسێک کە خۆی بە سیمبولی ژیریی بێخەوش بزانێ، بۆیە زۆر جار شتی ئەوتۆیان لێ دەبیستی کە لە ڕوانگەی ئەقڵانییەوە سەیر و سەمەرە دێنە بەرچاو.

ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر، سەید عەلی خامنەیی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ "لاوانی نوخبە و خاوەن بەهرەی بەرزی زانستی"دا گوتی: "دەبێ بە شێوەیەک بجووڵێینەوە کە لە داهاتوویەکی ماقووڵدا، ئێران ببێتە سەرچاوەی زانستی جیهانی و هەموو کەس بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە نوێترین دەسکەوتە زانستییەکان، ناچار بێ فێری زمانی فارسی بێ و ..."(١) هەر لەو چاوپێکەوتنەدا خامنەیی گوتی: "دەبێ کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیا" پڕ بکرێتەوە و "شارستانییەتی نوێی ئیسلامی" دروست بکرێ.

لە ڕابردووشدا ڕێبەرێکی دیکەی ئێرانی باسی دروستکردنی شارستانییەتی دەکرد، ئەویش حەمە ڕەزا شا بوو کە گوێی خەڵکی بە "بردنی وڵات بەرەو دەروازەکانی شارستانییەتی مەزن" کەڕ کردبوو. ئەو کاتیش ئاکامەکەی بووە لاساییکردنەوەی ڕووکەشیانەی وڵاتانی پێشکەوتوو و لە باشترین دۆخدا، ئێران پیشەسازیی مۆنتاژی چەند بەرهەمی هاوردەی وڵات کرد.

بۆ گەشەکردنی زانستیی وڵاتێک بەرنامەیەکی درێژخایەن و هێندێک پێشمەرج پێویستن. وای دادەنێین کە بەرنامەیەکی



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

درێژخایەن و جیددی لە ئێران داڕێژراوە، با بزانین پێشمەرجەکان لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چەندە ئامادە کراون:

## ١- سیستمی پەروەردە و فێرکردن

بێگومان بێتوو وڵاتێک بیەوێ لە بواری زانستەوە گەشە بکا دەبێ قوتابخانە و زانکۆ بە چۆنایەتیی باش لە سەرانسەری وڵاتدا دروست بکا تا قوتابیان بتوانن تیایاندا پەروەردە ببن. لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا ئەو مەرجە گرینگە هەمیشە پاشگوێ خراوە، بە شێوەیەک کە بە گوتەی کاربەدەستانی خودی ئەو ڕێژیمە هەنووکە ٪٣٠ ی قوتابخانەکانی وڵات لە لایەن خەڵکی خێرخوازەوە دروست کراون.(٢) بێجگە لەوە ٪١٩،٥ لە قوتابخانەکانی وڵات پێویستە بڕۆخێندرێن و لەسەرڕا دروست بکرێنەوە.(٣) بە گوتەی وەزیری پێشووی پەروەردە و فێر کردن، عەلی ئەسغەر فانی، ئێران بەسەر ٧٥٠ ناوچەی فێرکاریدا دابەش کراوە کە لە لێکۆڵینەوەی خۆیاندا کاتێک بە لەبەرچاو گرتنی ١٤ پێناسەی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن هەڵیان سەنگاندوون، ١٥٠ ناوچە لە کۆتایی لیستە دان و لە ڕوانگەی فێرکردنەوە گیرۆدەی نەهامەتین.(٤) جا باسی ئەو هەموو بە ناو قوتابخانەش لەو ناوچە هەژارانەی کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان، ئیلام، ئەهواز، خوراسانی باکووری، کوردستان و ورمێ، واتە ناوچەکانی شوێنی کەمینە نەتەوەکانی ئێران هەڵکەوتوون ناکەین کە هێندێکیان کەپرن، بەشێکیان کانێکسن و هێندێکیش کەلاوەن کە ناوی قوتابخانەیان لێ ناون.

## ٢- حاملاندنی کۆڕی مامۆستایانی لێهاتوو و خۆشبژیو

بێگومان بۆ پەروەردەکردنی قوتابیان بێجگە لە شوێنی شیاو بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن، حاملاندنی چینی مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکانیش پێویستە. دیارە بێجگە لە حاملاندنی ئەو توێژە، ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە ژیانی خۆشبژیوانەی ئەوانیش دابین بکا. بەداخەوە ئەوەی ئێمە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شاهیدی بووین، پێچەوانەی ئەو چاوڕوانییانە بووە. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ناڕەزایەتی دەربڕینی چینی مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆتە دیاردەیەکی گەلێک باو و ڕۆژانە.(٥) سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا نە تەنیا نەبۆتە هۆی چوونە سەری ئاستی ئابووریی مامۆستایان، بەڵکوو ئەو پێگە و ڕێزەی کە ئەو چینە شیاویەتی لەجیاتی بەرز بوونەوە، دابەزیوە. گەلۆ ئەوە سووکایەتی بە چینی مامۆستا نییە کە کەسێک وەک بەربژێری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەناسێندرێ کە هیچ ڕابردوویەکی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتدا نەبووە؟(٧)

## ٣- پێگەیاندنی قوتابی کونجۆڵ و پرسیارکەر

پێگەیاندنی قوتابیی کونجۆڵ و پرسیارکەر و بوێر یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی گەشەی زانستیی هەر وڵاتێکە. بڵێی سیستەمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامی مەجالی گەشەی ئەو جۆرە قوتابییانە بڕەخسێنێ؟ ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە بەپێچەوانە بووە. قوتابییان لە سەرەتاوە فێر دەکرێن پرسیار نەکەن، کونجکۆڵ نەبن و هەستی بوێرییان بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکەن. بە گشتی لە شوێنێک کە سیستەمێکی ئایینی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، مرۆڤ نابێ گومانی لەبارەی زۆر شتدا هەبێ چونکە مەرجی ئیمان، پرسیار نەکردنە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مەرجی زانست ئەوەیە کە گومان لە هەموو شتێک بکەی، تاقی بکەیەوە و بەگوێرەی ئاکامی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان بگەیە ئەنجامگیری. سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکی لەڕادەبەدەر ناکاریگەرە و بوونی گەندەڵی، بەرتیلخۆری و تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە کورسییەکانی زانکۆکان بۆ بنەماڵەکانی کوژراوەکانی ڕێژیم و بە ناو جانبازان، بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر جار قوتابیی نەزان کورسییەکان پڕ بکەنەوە و ئەوانەی ژیر و لێهاتوون بەڵام لە چوارچێوەی تەسکی دیاریکراوی ڕێژیمدا جێگایان نابێتەوە، واز لە خوێندن بێنن. جێگای خۆیەتی ئاماژە بە لێدوانی وەزیری نوێی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، یوسف نوری بکەین کە ڕایگەیاندووە ئامانجی ناوبراو ئەوەیە کە قوتابخانەکان ببنە ناوەندی پێگەیاندنی "سولەیمانی"یەکان، کە مەبەست قاسم سولەیمانی گەورە تیرۆریستی ڕێژیمە کە لە هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکایی لە بەغدا کوژرا. تا جێیەک کە من بزانم ناوبراو بە هەموو شتێک ناوبانگی هەبووبێ بە زانستوانێکی سەرکەوتوو ناوبانگێکی نەبوو. لە وتەی ئەو وەزیرە تازەیە ئەوەش دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکیی قوتابخانان کوڕانن و کچان بە هەموو شێوەیەک پەراوێز دەخرێن.

## ٤- قەیرانی "پایاننامە"کان

دیاردەیەکی دیکە کە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر باوە و ڕەنگبێ پێوەندی ڕاستەخۆی بە شێوەی دەسەڵاتداریی کاربەدەستانەوە هەبێ، واتە گەندەڵی، بەرتیلخۆری و فێڵ کردن، کڕین و فرۆشتنی بەناو "پایان نامە"یە کە بە شێوەی بەربڵاو لە ئێران دەبیندرێ.(٧) باسی ئەوەش ناکەین کە زۆربەی دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی وڵات، بڕوانامەکانیان یان ساختەیە، یان بە شێوەی گوماناوی وەریانگرتوون. ئەو دوو دیاردەیە لانی کەم لە سەردەمی پاشایەتیدا شتێکی نەناسراو بوون. تۆ بڵێی کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیای پێشکەوتوو بە ساختەکاری و گەندەڵی پڕ بکرێتەوە؟

لە شوێنێک کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە و لە زەمانی دامەزرێنەری ئەو سیستەمە، واتە خومەینی، داکەوت کە ئەوەی گرینگە ئەرکدارییە (تعهد) نەوەک پسپۆڕیی (تخصص)، کەسانی پسپۆڕ ئەگەر بەرانبەر بە ڕێژیم ئەرکدار نەبوون نەتەنیا پاشگوێ خراون بەڵکو زۆر جاریش ڕاوەدوو نراون. نموونەی کەسانی زانا کە لە لایەن ڕێژیمەوە زیندانی کراون دەکرێ ئاماژە بە ئومید کەوکەبی، عەلی یونسی و ئەمیر حوسێن مورادی بکەین کە بێتوو ئەوانە لە وڵاتێکی دیکە بایەن، بێگومان باشترین بەستێنیان بۆ گەشە کردن و پێگەیشتنیان تەرخان دەکرا.(٨) کەم نین لاوی کورد کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە بەڵام لەبەر سیستەمی شێوە ئاپارتایدی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بڕوانامەی باڵا، ناچار کراون خەریکی کار لە بازاڕی ئازاد یان تەنانەت کۆڵبەری بن. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ئێستا تەنانەت پسپۆڕە ئەرکدارەکانیش بێتوو دەرفەتیان بۆ بگونجێ وڵات جێدەهێڵن. بەگوێرەی ئامار، هەنووکە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕاکردنی مێشکەکان گەلێک بەربڵاوە  و هەر کەس بۆی بلوێ هەول دەدا وڵات جێ بهێڵێ.(٩)

## ٥- گەلۆ زمانی فارسی دەتوانێ جێگای زمانی ئینگلیزی بگرێتەوە؟

هەنووکە زمانی ئینگلیزی پلەی یەکەمی وەک زمانی زانستیی دنیا بەدەستەوەیە و زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە زانستییەکانی دنیا بەو زمانە بڵاو دەبنەوە.(١٠) هەڵبەت ئەوە هەمیشە وا نەبووە، لە سەدەکانی نێوەڕاستدا زمانی لاتین زمانی زانست بووە، سەردەمێک زمانی یونانی و سەردەمێکیش زمانی عەرەبی. بەڵام هیچکام لەو زمانانە بە فەرمانی دەسەڵاتداری وڵاتێک ئەو پلەیان وەدەست نەهێناوە، بەڵکوو چەند فاکتەری جۆراجۆر کاریگەرییان هەبووە.

ئەوەی کە خامنەیی لە وتارەکەیدا باسی پێویستی فێربوونی زمانی فارسی لە لایەن خەڵکی دنیا لە داهاتوودا بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانستی سەردەم دەکا هیچ پێوەندییەکی بە لێکدانەوەیکی زانستییانە و بێ لایەنانەوە نییە و تەنیا دەرخەری بیری شۆڤێنیستی ناوبراوە، دەنا زمانێکی سەقەتی وەک فارسی کە پتر لە ٤٠٪ ی وشەی عەرەبین و بەشێکیشی وشەی قەرزکراوی زمانەکانی دیکەن، هەرگیز توانایی بنکۆڵکردنی پێگەی زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی زانستی نییە.

**چاوەڕوانی گەشەی زانستی لە سیستەمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا لە تراویلکە زیاتر نییە کە ئەویش ئاکامی وڕێنە بێ کۆتاییەکانی سەید عەلی خامنەییە.**

1- https://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=237956
2- https://www.dana.ir/1782732
3- https://www.dana.ir/1709214



سەرچاوە
Serchawe

4- http://www.asrislam.com/fa/news/22343
5- https://ara.tv/cq5qe
6- http://mehrnews.com/xVWvx
7- http://mshrgh.ir/1154815
8- https://www.radiofarda.com/a/amnesty-letter-unjustly-detained-students-harshly-beaten/31573898.html
9- https://ir.voanews.com/a/iran-brain-drain/6318453.html
10- https://www.theatlantic.com/science/archive/2015/08/english-universal-language-science-research/400919

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرانبەر بە ئێران پێویستی بە لاسایی‌کردنەوەی ڕەیگان هەیە

ئامۆتز ئاسایەل

لودویگ ئەرهارد، ڕاوێژکاری تازە هەڵبژێراوی ئاڵمان، دوای ڕێبەری‌کردنی موعجیزەی ئابووریی ئەڵمانی ڕۆژئاوا لە پەنجاکانی زایینیدا وەک وەزیری دارایی، بیرۆکەیەکی هەبوو کە بە مێشکی کەسی دیکەدا نەهاتبوو: کڕینی ئاڵمانی خۆرهەڵات.

ئەرهارد کە لە ئابووریزانییەوە ببوو بە سیاسەتوان، تێگەیشتبوو کە ٢٥ ملیارد دۆلار قەرز دراوێکی هێندە زۆرە کە یەکیەتیی سۆڤیەت، لەبەر ئەوە کە ئەوکاتی نەخۆشییە ئابوورییەکانی دەمێک بوو ئاشکرا ببوون، ناتوانێ ڕەتی بکاتەوە. ڕاستە، جێگای گومان بوو کە قەرزەکە بدرێتەوە، بەڵام ئەوە نرخێک بوو کە ئەو ڕێبەرەی ئاڵمان حازر بوو بۆ وەسەر یەک خستنەوەی وڵاتەکەی بیدا. پلانەکە، کە تا ماوەیەکی باش دوای جەنگی سارد بە نهێنی مایەوە (سەدری‌ئەعزەمی پێشووی ئاڵمان بەتەما بوو ئاڵمانی خۆرهەڵات بکڕیتەوە،" دێر شپیگێل، ٤ی ئۆکتۆبر، ٢٠١١)، پێشنیارەکەی پێشکەشی لیندۆن جانسۆن کرد، بەڵام ناوبراو ڕەتی کردەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی؟ وڵامەکەی، ئەگەرچی بەتەواوی ڕوون نییە، لەو سەردەمەدا و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە لە نێوان ئەمریکا، ئورووپا و ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ ئێران دەقەومێ، بۆ لێ فێربوون دەبێ.

لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە، ئەمریکاییەکان دەیانگوت ڕووسییەکان پلانەکە قبووڵ ناکەن. بەڵام لە نێوەرۆکدا، ئەوەی بەڕاستی لەو بەشەدا دەقەوما جیاوازیی پێشترییەتیدانە ستراتێژیکییەکان لەنێوان واشینگتۆن و بۆن بوون. ئەرهارد بیری لە نەتەوەی خۆی دەکردەوە. ئەو دەیهەویست وڵاتەکەی یەک بگرێتەوە. جانسۆن بیری لە هەموو جیهان دەکردەوە. ئەو دەیهەویست نسکۆی ئابووریی کۆمۆنیزم، کە هێشتا نەگەیبوو، بگات، بۆیە دانی دراو یارمەتیی بەو پرسە نەدەکرد.

وا دیارە باسی ئەو پلانە بۆ باقی وڵاتانی ئورووپا نەکراوە، بەڵام چوارچێوەی بیرۆکەکە دواتر ئاشکرا بوو، کاتێک ڕێبەرێکی دیکەی ئاڵمانی، ویلی برانت، بیرۆکەی سیاسەتی خۆرهەڵاتی داهێنا، ڕوانگەیەک کە نە نەتەوەیی بوو و نە جیهانی، بەڵکو ویشکارۆیی.

بەشی: دووهەم

لە ڕوانگەی لایەنگرانی سیاسەتی خۆرهەڵاتی، گرینگترین شت ئەوە نەبوو کە خۆرهەڵاتی ئورووپـا بگۆڕن، بەڵکوو پێش بە جەنگ بگرن. بۆیە کەسێک کە لە پەنای دیواری بەرلین وێستا و داوای ڕووخاندنی دیوارەکەی کرد ئورووپایی نەبـوو بەڵکوو ئەمریکایی بوو، ڕۆناڵد ڕەیگان.

ئێستا وەک سەردەمی ئەرهارد، ئیسرائیل نەتەوەیی بیر دەکاتەوە، لە کاتێکدا کە ئورووپـا جارێکی دیکە ویشکارۆیی بیر دەکاتەوە. ئەوە تەنیا شێوە بیرکردنەوەیەکە کە ئەو دوو لایەنە دەیزانن، بۆیە هیچ بژارەیەکی دیکەیان نییە. بەڵام، ئەمریکا تووشی دووڕییانێک بووە و دەبێ بڕیار بدا. ئامانجی ستراتێژیکیی ئیسرائیل ڕاستکردنەوەی ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکو پێوەندی لەگەڵ پارس بەو شێوەیە کە ئیسرائیل لە سەدەی ڕابردووەوە وەبیری دێ و وەک خەڵکی جوولەکە لە سەردەمی کەوناراوە وەبیریان دێ.

لە هەمان کاتدا، ئیسرائیل ئامانجێکی گشتیی هەیە و ئەویش پارێزگاریی لە خۆی لە لایەن خۆیەوەیە. ئەوە سیاسەتی ئیسرائیل بەرانبەر ئێران نییە، بەڵکوو سیاسەتی ئیسرائیل بۆ مانەوەیە. بۆیە لە هیچ ڕوانگەیەکی ئیسرائیلییەوە ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی بۆ لەگەڵدا هەڵکردن نابێ. بۆیە لێرە هیچ کەس دژی هەوڵە بەردەوامەکان بۆ تەگەرە خستنە سەر بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکان بۆ جێگیرکردنی میلیشیای دوژمنکار لە پەنای ئێمە نییە.

لەبەر ئەو هۆیە دووڕییانەکانی پێوەندیدار بە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل لەنێو ئێران ستراتێژیکی نین بەڵکوو تاکتیکین. یەکێک لە گرێپوچکە ستراتێژیکییەکانی هێرشێکی ئیسرائیلی ئەوەیە کە نابێ ببێتە هۆی سەرشۆڕیی خەڵکی بێتاوانی ئێران، وەک لە وتارێکی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە ("ئێران بۆمباران مەکە،" ٤ی نۆڤەمبەر، ٢٠١١.)

کەوابوو، ئەوە بیری ڕێنوێنیکەری نەتەوەیی ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ ستراتێژی بەرانبەر بە ئێرانە. ستراتێژی ئورووپا بەرانبەر بە ئێران شتێکی ساکارە. بروکسێل نایهەوێ بەهێزتر لەوە کە بەرەوڕووی یەکیەتیی سۆڤیەت بۆوە، دژی ڕابردووی ڕەوشتیی ئێران بوەستێتەوە. ئەوەی لە بروکسێل بیری لێ دەکەنەوە ئەوە نییە کە بۆ دادپەروەریی بجەنگێن، بەڵکوو چۆن بتوانن جەنگ بۆ دادپەروەری لە ئورووپا دوور بکەنەوە.

پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، پرەنسیپە ڕێکخەرەکانی یەکیەتیی ئورووپا ویشکارۆیین و لەو دەلاقە باریکەوە، مرۆڤ دەبێ ددانی پیادا بنێ کە کاریگەر بووە. دیپلۆماسی ئورووپا بەڕاستی لە خزمەت دیدی دووری دامەزرێنەرانیەتی، کە لەوەدا کورت کراوەتەوە کە "ئاشتی لە سەردەمی ئێمەدا و لە ویشکاری ئێمە".



سەرچاوە
Serchawe

دۆخی ئەمریکا بە تەواوی جیاوازە. ئەمریکا تووشی دووڕییانێک بووە. ئەو دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر میراتی چارلز لیندبەرگ، فڕۆکەوانە ئەفسووناوییەکە کە تەنانەت لە ئەگەری هێرشی نازیسمیشدا داوای تەریککەوتنەوەی دەکرد و، دەتوانێ ڕوو لە میراتی ڕۆناڵد ڕەیگان بکا، کە دژی قامچیی کۆمۆنیزم وێستا و نەتەنیا بە شێوەی دیپلۆماتیک و ئابووری بەرەوڕووی بۆوە، بەڵکوو بە شێوەی ڕەوشتیش.

دوو ساڵ دوای جەنگی جیهانیی دووهەم و سێ مانگ پێش هێرش بۆ سەر پرڵ هاربور، لیندبەرگ لە دێمۆین، ئایۆوا، قسەی کردن و لە وتارە بەناوبانگەکەیدا لەمەڕ بێلایەنی گوتی: "ئێمە ناتوانێن ڕێگا بە حەزە سرووشتییەکان و پێشداوەرییەکانی خەڵکی دیکە بدەین تا وڵاتی خۆمان بەرەو لەنێوچوون ببەین".

هەر وەک چۆن ئەو زۆر زوو تێگەیشت، هێزەکانی کە دەبوونە هۆی لەنێوچوونی وڵاتەکەی لەنێو ئەمریکادا نەبوون، بەڵکوو لە دەرەوەی و وێرانییەکانی کە هاندەریان بوون بە شێوەی سرووستی بێسنوور بوون و بۆیە پێویستییان بە ڕوبەڕوو بوونەوەیک هەبوو کە هێز و ڕەوشتیان تێکەڵ کرد، تێکەڵاوییەک کە تەنیا ئەمریکا خاوەنی بوو.

ئێستا هەمان شت لە پێوەندی لەگەڵ ئێران لەئارادایە، کە تاوانی سەرەکیی مەلاکانی، قامچیی ئەتۆمیی نییە بەڵکوو کردنەوەی دەرگای توندوتیژیی ئایینییە کە هەزاران کەسی لە نیویۆرک، بۆینۆس ئایرەس و بالی تا ڤۆلگۆگراد، پاریس و مادرید کوشتووە.

ئەگەرچی زۆر جار ئەو توندوتیژییانە بە دەست خەڵکی دیکەوە جێبەجێ کراون، هێرشی تێرۆریزمی ئیسلامی دژی شارستانیەت هاندەرەکەیان بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران لە لایەن ئایەتوڵلاکان و سزا نەدرانیان بە هۆی توندوتیژییەکانیان لە شوێنی دیکە بووە. ئەو جەنگە بە سەرهەڵدانی ئایەتوڵلاکان دەستی پێ کرد و کۆتایی نایە تا ئەوان لەنێو نەچن.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئاخاوتن لەگەڵیان لەبارەی بەرنامەی ئەتۆمییەکەیان وەک ئاخاوتن لەگەڵ هیتلەرە لەبارەی سودەتەنلەند. ئەوە ئامانجەکە ناپێکێ. لەجیاتان، دەبێ گفتوگۆ لەسەر سووککردنی ئابلۆقەکان بە داوای ئازادکردنی سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان، بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی ئازاد و ددانپێدانان بە مافی بوونی ئیسرائیل، وەک چۆن ئێستا زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی دەیکەن، دەست پێ بکات.

بەشی: دووهەم

بەڵێ، مەلاکان ئەو داوایە بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، وەک چۆن سۆڤییەت کاتێک ڕەیگان هاواری کرد "بەڕێز گۆرباچۆف، ئەو دیوارە بڕووخێنە،" ڕەتی کردەوە، بەڵام وەک چۆن خەڵکی بلۆکی خۆرهەڵات لە کاتی خۆیدا ئیلهامیان وەرگرت، خەلکی ئێرانیش ئیلهام وەر دەگرن.

وەک پێداهەڵگوتن بە ڕەیگان، هێلموت کۆل، ئەو سەدری‌ئەعزەمەی کە ئاڵمانی یەک خستەوە، لە کاتێکدا کە شان بە شانی ئەو ڕاوەستابوو و قسەی دەکرد، گوتی ڕەیگان "بەختێک بوو بۆ دنیا، بە تایبەتی بۆ ئورووپا." هەموو ڕاست و باشبێژیی بوو، بێجگە لەوە کە ئەوەی ڕەیگان نوێنەرایەتیی دەکرد بەخت نەبوو. ئەوە بیروباوەڕ بوو.

**ئەوە ئەو شتە بوو کە یەکێتی سۆڤییەتی بەچۆکدا هێنا و ئەو شتەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران شکست دەدا.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕەشەمەی ٢٧٢٣ی کوردی = مارچی ٢٠٢٤ی زایینی**

**نۆژەنکردنەوە: خەرمانانی ٢٧٣٦ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٦ی زایینی**

---



سەرچاوە Serchawe



# سپاس و پێزانین

**هاوڕێ کەماڵ حەسەن پوور بۆ وەرگێڕاوەکانی و ئامادەکردنی هەموو بابەتەکان.**

**دەستخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان**

**ڕەحمان بەقشی**

